# بیرەوەری

# 21

# ساڵی تێکۆشان

هەواڵنامەی کتێب

نایب عەبدوڵڵا

# بیرەوەری

# 21 ساڵی تێکۆشان

## نایب عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان.
نووسەر: نایب عەبدوڵڵا.
چاپی یەکەم: 1996سوێد.
پەخشخانەی نەورۆز
ISBN-91-972491-3-0

پێشکەشە:

* بەو تێکۆشەرە سەرسەختانەی کە ئەمڕۆ لە هەڵەبجەدا لە پێناوی نیشتیمانێکی ئازاد و میللەتێکی بەختیاردا خەبات دەکەن .

* بە گیانی پاکی شەهید هیوای جگەرگۆشەم کە لە هەڵەبجە لەدایکبوو بووە پێشمەرگەی بەتالیۆنی حەوتی هەڵەبجە و لەسەر خاکی پیرۆزی هەڵەبجەشدا شەهید کرا

* بە گیانی پاکی شەهیدان.



شەهید هیوای جگەرگۆشەم

## شەهید وامەزانە؟(*)

وامەزانە . یادت ناکەم
یان شانازییت پێوەناکەم
وەکو هاورێ، وەکو باوك
تۆی قارەمان لەیاد ناکەم

*****

وامەزانە کە بۆت ناگریم
لە ناخیشما هەر بۆت ناگریم
جگەرگۆشە شەهیدەکەم
وەك بێ ورە قەت بۆت ناگریم

*****

گریانی من فرمێسك نیە
چۆك دادان و هەنیسك نییە
خۆلادان و بێبڕوایی و
بیرکردنەوەی تەسك نییە

*****

گریانی من تێکۆشانە
بۆ سەربەستی و خۆشی ژیانە
بۆ نەمانی چەوساندنەوە و
بۆ سەندنی تۆڵەتانە.

(*) ئەم هەڵبەستەم لە ساڵی 1984 دا دانا، ئاوازی بۆ دانراو کرایە سروود، لە لایەن پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سلێمانیەوە لە بۆنەکاندا دەوترایەوە.

# پێشەکی

خوێنەری ئازیز: ئەمەی لەبەر دەستاندایە، کورتەی بەشێکی تێکۆشانمە لە ماوەی 21 ساڵدا، لە 1949وە تا 1970، لەگەڵ کورتەیەکیش لە ژیانم. لەم بەشەدا، باسی هەموو شتێکم نەکردووە، چونکە بە نیازی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی قووڵ نەمنوسیوە. بەڵکو وەکو ڕووداو و بەسەرهات بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها هەندێ شت هەیە کە ناکرێ لەم کاتەدا بڵاوبکرێتەوە، لەبەر پاراستن.

ڕەنگە حیزب یان هاوڕێیانی تر، گەر ویستیان مێژووی تێکۆشانی حیزب بنوسنەوە سوود لەم نوسینەی من وەربگرن. چونکە هەرچۆنێک بێت بەشێکە لە مێژووی تێکۆشانی حیزب.

بە نیازم ماوەیەکی تر پاشماوەی ساڵەکانی تری ژیان و تێکۆشانم بڵاوبکەمەوە بە شێوەیەکی فراوانتر و قووڵتر، ئەگەر ڕۆژگار یارمەتیم بدات.

لە سەرەتادا نیازم وابوو بەش بەش وەکو نامیلکە بڵاویان بکەمەوە، بۆ نمونە بەشی (دروستکردنی نەقابەکان) بە جیا و بەشی(هەڵەبجە) بە جیا. بەڵام پاش بیرکردنەوە و پێشنیازی هەندێ لە نوسەر و شارەزایانی دۆست و هاوڕێم، وا بە باش زانراکە هەر هەمووی پێکەوە وەک کتێبێک بڵاوبکرێتەوە.

بەڵام بە پێویستم زانی بە درێژی و بە قووڵی باسی ڕۆڵی ئافرەتان بکەم لە تێکۆشانی حیزبدا، چ لە بەشەکەی هەڵەبجەدا و چ باسی ئافرەتە شیوعیەکانی شاری سلێمانی، چونکە بە داخەوە تا ئێستاش وەک(سەربازی نەناسراو) ئەو هێزە گەورە بایەخدارە فەرامۆش کراوە و لە لایەن نوسەرانی ترەوە مافی خۆی پێ نەدراوە. تەنانەت لە لایەن ئافرەتە شیوعیەکانیشەوە .

بەو نیازەی کە هیچ نەبێ بتوانم دەروازەیەک بکەمەوە بۆ ئەوەی خەڵک و هاوڕێیانی تر و ئافرەتان خۆشیان زیاترلەسەری بدوێن و مافی خۆی بدەنێ.

هەروەها لە نوسینەکەمدا هەموو شتە باش و بەهادارەکانم بە زەقی دەرخستووە، بە

درێژی باسی لایەنە خراپ و چەوت و ناتەواوییەکانم نەکردووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دوور بووبێ لەو شتانە، وەک لە پێشدا باسم کردووە ، کتێبەکەم بۆ لێکۆڵینەوە و شتی وا نیە.

شتێکی ئاشکراشە، کە گەلێک هاوڕێی تر هاوبەشی تێکۆشانەکانم بوون و زۆرجار ڕۆڵی دیاری کراویان بووە، بەڵام ناویان نەهاتووە، هەندێکیانم بە دەستی ئەنقەست نەنوسیون، لەبەر پاراستن، چونکە بەری تێکۆشان دوور و درێژە و مەترسی گەڕانەوەی تیرهاب و زەبر و زۆر و داپڵۆسین ماوە. دووریش نیە هەندێکی تریانم لە یاد چووبێ. لەبەر ئەمە پێشەکی داوای لێبووردن لە هەموان دەکەم.

هەروەها دووریش نیە ، هەندێ شتی بایەخدارم لەبیرچووبێت، یان بە هەڵە نوسیبێتم. یان پاش وپێشی هەبێ لە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکاندا.. بۆیە ، زۆر سوپاسی ئەو هاوڕێ و برادەرانە دەکەم، کە بە نووسین هەڵەکانم بۆ ڕاست کەنەوە.

نوسەر

## کورتەیەک

## دەربارەی سەرەتای ژیان و تێکۆشانم

بە پێی وتەی باوک و دایکم، لە بەهاری ساڵی 1936دا ، لە شاری سلێمانی، لە گەڕەکی سەرشەقام لە ماڵە بچوکەکەی تەنیشت مزگەوتی(حاجی مەلا عەزیز) دا لە دایک بووم.

باوکم بەهۆی خزمێتکی زۆر نزیکی خۆیەوە کە ئەندازیار بوو، وە لە دایەرەی (ڕێگاوبان)ی سلێمانی کاربەدەستێکی گەورە بوو، لەو دایەرەیە بە چاودێری کرێکار دامەزراوە. ماوەیەکی زۆر لەسەر قەیاغەکانی سەر ئاوی دوکان و میرزا ڕۆستەم و سەنگەسەر کاری دەکرد، کە پیریش بوو (خانەنشین)کرا هەتا لە ساڵی 1967 دا کۆچی دوایی کرد.

دایکم هەر بە گەنجی لە ساڵی 1942 دوە تووشی ئیفلیجی بوو، ساڵی 1948 دا کۆچی دوایی کرد. (کە دایکم کۆچی دوایی کرد باوکم ژنی نەهێنایەوە، هەرچەندە من و ماجدی برام گەورە نەبووین ، بەڵام بە هۆی (فاتم)ی خوشکمانەوە کە لە ئێمە گەورەترە بێدایکیمان پێوە دیار نەبوو. ئەو بە دیارمانەوە دانیشت و شووی نەکرد تا ئێمە ژنمان هێنا ، لەبەر ئەوە بێ خزمەت نەبووین، هەروەها خوشکەکەم بە هۆی گرتن و ڕاونان و تێکۆشانی منەوە، وەک هەر دایک و خوشکێکی تر تووشی گەلێک خەم و خەفەت و نارەحەتی هات. هەمیشە بە ڕێگای بەندیخانە و گرتووخانەکانی پۆلیسەوە بوو بۆ سۆراخی من و یارمەتیدانم. جیا لەمەش، لە تێکۆشانیشمدا هاوکاری زۆری دەکردم و خزمەتی حیزبی دەکرد.

ساڵی 1943، کە تەمەنم حەوت ساڵ بوو، بە ئاستەم لە یادمە، نەخۆش بووم، برا بچوکەکەم ناوی فایەق بوو، مردبوو، لە حەوشەی ماڵەکەماندا دەیانشت. دایکم و خوشکەکانم بۆی دەگریان، منیش دەگریام و دەموت فایەق بۆ مرد، ئەوانیش بۆ

ئەوەی من خەفەت ئەخۆم دەیانووت ئەمردووە دەیشۆین. لە دوای چەند ساڵێک فاتمی خوشکم بۆی گێڕامەوە، کە من و فایەق تووشی گرانەتا بووین، ئەو مرد و منیش چاک بوومەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییەدا زمانم لەنگ بوو.
لە تەمەنی دە یانزە ساڵیدا نێردرامە بەر شاگردی خەیاتی، لای کاک تۆفیق محەممەد، برای کاک ئیبراهیم محەممەدی گۆرانیبێژ، ئەو کاتە کاک ئیبراهیمیش هەر لای تۆفیقی برای شاگرد بوو. هەر ئەو ساڵەش چوومە قوتابخانەی شەو، پێیان دەووت(قوتابخانەی زانستیی شەو) تا پۆلی شەشی سەرەتاییم خوێند، بەڵام زۆر بە داخەوە، بەهۆی چەند جارێک گرتن و ڕاوناگەوە، نەمتوانی زیاتر بخوێنم، پاش شۆڕشی 14ی تەموزیش، دیسان حەزم دەکرد بخوێنم، بەڵام ئیشکردنی حیزبی و نەقابی زۆر بوون و ڕێگاگر بوون بۆ زیاتر خوێندنم.

## یەکەم زەنگی خەبات

ساڵی 1949،کە تەمەنم 13 ساڵ بوو، لە گەڕەکەکەماندا، بە تایبەتی بەهۆی کوڕانی میرزا کەریمەوە: (غەفوور و قادر و عەزیز و جەلال) شیوعی زۆر بوون. کە فەهد و هاوڕێکانی لە سێدارە دران، دەنگێکی زۆری دایەوە و باسی فەهد و حیزبی شیوعی زۆر دەکرا، کە بۆ بەرژەوەندی چەوساوە و هەژاران خەبات دەکەن و فەهد و هاوڕێکانی لە پێناوی جەماوەری چەوساوەدا گیانی پاکیان بەخت کرد.
یەکەم کەس کاک (محەممەد فەتاح) کە قووتابی بوو، ، وە هاوتەمەنی خۆم بوو قسەی بۆ کردم کە بچمە حیزبەکەی فەهدەوە، بێ ئەوەی لە شیوعییەت بگەم، تەنیا بەهۆی ئازایەتی هاوڕێ فەهد و لەبەر ئەوەی بۆ هەژاران خەبات دەکەن ڕازی بووم و زۆریشم پێ خۆش بوو.
پاش ماوەیەک (جەلالی میرزا کەریم) کە ئەویش هاوتەمەنمان بوو، کرا بە ڕێکخەرمان و چەند جارێک کۆبوونەوەی بە کاک محەممەد فەتاح و من کرد.
لە پاشدا جەلال منی دایە دەستی کاک قادری برای کاک قادر پێی وتم:

ـ تۆ لەگەڵ چەند برادەرێکی کرێکار و کاسب دا لە شانەیەکدا دەبیت.
ڕۆژێکی هەینی بوو، قادر وتی:
ـ ئیمڕۆ سەعات دوو لە گردی شێخ محیدین کۆدەبینەوە.
هەردووکمان بە پیاسە کەوتینەڕێ، ئەوسا تەنیا تا (قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان) ماڵ هەبوو، ئیتر لەوێ بەدواوە تا گردەکە هەر دەشت و گیا بوو، کە گەیشتینە ئەوێ، برادەرانی تریش یەک لە دوای یەک هاتن کە ئەمانە بوون: سەلامی مەلا سابیری کانیسکانی، غەریب ڕەشید (ئەوسا پینەچی بوو)، مەلا جەمالی مۆرهەڵکەن.
کاک قادر چەند سەعاتێ قسەی بۆ کردین و ڕێگای تێکۆشان و کاری نهێنی زۆری نیشان داین و بۆی شی کردینەوە، ناوی نهێنی حیزبی بۆ هەر چوارمان دانا، ناوی من بە (شێرزاد) دانرا.
ماوەیەکی زۆر لای ئەو بووین، لە دواییدا، من لای ئەوان گۆڕدرام، درامە دەست شەهید (ئەورەحمانی حالحی خلە) کە ئەو زۆر لە من گەورەتر بوو، هەروەها کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی هەبوو لە گەڕەکەکەماندا. لەبەر ئەمە خۆم بە شتێکی گەورە دەزانی کە ئەو تێکۆشەرە ڕێکخەرم بوو،، بەڵام زۆر لای شەهید نەمامەوە، ئەو گیرا. شەهید (کەریمی سۆفی) لە ماڵی ئەورەحمان دا گیرا و کاک ئەورەحمانیشیان گرت. منیش بەهۆی کاک قادرەوە درامە دەست (حەمەسەعید دەرویش) ی خەیات، ئەو بوو بە ڕێکخەرم. پاش یەک دوو مانگ درامە دەست بەڕێز (مەحەمەد مەحموود عەلاف)، زۆریش لای ئەو نەمامەوە درامە دەست شەهید (ڕەوفی حاجی ئەورەحمان)ی کانیسکانی. وە حەمەسەعید دەرویش درایە دەستی من و من بووم بە ڕێکخەری ئەو. ماوەیەکی زۆر لای شەهید بووم و لەوەوە زۆر شت فێر بووم. خێزانەکەی ئافرەتێکی شیوعی ئازا بوو، ناوی فاتمەخان بوو، جارێکیان پۆلیس دەدەن بە سەر ماڵەکەیاندا بۆ پشکنین، بەیانات و نووسراوێکی

زۆری حیزبی لە ماڵیاندا دەبێ، خوشکە فاتم خێرا هەمووی دەخاتە بوخچەیەکەوە و لە ژێر سەریا وەک سەرین دایدەنێ و ڕادەکشێ و بەتانییەیەک بە خۆیدا دەدات، لە کاتی پشکنیندا معاونی پۆلیس، پێی دەڵێ هەڵسە، ئەویش دەڵێ ناتوانم نەخۆشم، هەرچەند دەکەن هەڵناسێ، دەیکات بە هاوار هاوار. پۆلیسەکان ناچار وازی لێدێنن و هەروا دەگەڕێنەوە.

ساڵی 1951 بوو، لای شەهید ڕەئوف گوێزرامەوە، چوومە لای کاک (عومەر ئیسماعیل) ی خەیات، من و سەعید گەوهەری چایچی و فەتاح فەرەج خەیات بووین بە شانەیەک و کاک عومەر ئیسماعیل ڕێکخەرمان بوو.

جا هەر چەندە کە کاک عومەر تێکۆشەرێکی ئازا و ئیشکەر و دڵسۆز بوو، بەڵام خوێندەوار نەبوو، تەنیا ناوی دەزانی، لەبەر ئەمە بە بڕیاری حیزب، هەفتەی جارێک، شەهید ئەحمەد مەحموود دەلاک و کاک کەمال فوئاد دەرس زانیاریان پێ دەوتین. لەو ماوەیەدا شانەکەی ئێمە ڕۆڵێکی گورج و گۆڵی حیزبی و جەماوەری زۆری هەبوو، هەر لە پەنجە مۆر کۆکردنەوە بۆ داخوازی جەماوەر، تا بەیانەت هەڵواسین و بڵاوکردنەوە و پیتاک کۆکردنەوە بۆ حیزب و ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ڕیزی حیزب.

هەر لەو ماوەیەدا، بە بڕیاری حیزب دەست کرا بە پێکهێنانی نەقابەکانی کرێکاران بە نهێنی، لەناو خەیاتەکاندا، منیان هەڵبژارد بۆ سەرۆکی نەقابە، لە پاشدا بەدرێژی باس هەموو نەقابە نهێنییەکان دەکەم.

ماوەیەک بوو، بۆ هاندانی ڕژێم، بازرگانە گەورەکان و عەلافە دەوڵەمەندەکان، دەستیان کردبوو بە کۆکردنەوەی گەنم و جۆ لە هەموو عێراقدا وبە زۆری لە کوردستاندا و دەیانارد بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمەش بووبووە هۆی گرانی لە شاری سلێمانیدا حیزب، بڕیاریدا خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ قەدەغەکردنی ناردنی گەنم و جۆ بۆ دەرەوەی وڵات بکرێت.

ڕۆژی 1951/6/13 لە کاتژمێری سێی دوای نیوەڕۆدا، لەبەر مەیدانەکەی شارەوانی ئەوسادا، خۆپیشاندان دەستی پێکرد. شەهید (ئەحمەد مەحموود دەلاک) وتارێکی جوانی شۆڕشگێڕانەی بە حەماسەوە بەناوی حیزبەوە لە سلێمانی خوێندەوە. دوای وتارەکە، خۆپیشاندەران بە ڕیز و بە هوتافکێشان، بە هەموو ناوبازاڕدا ڕۆیشتن تا بەردەم (گومرکە سوتاوو)، لەوێ چەند پۆلیسێک بە دارەوە ڕاوەستابوون بە بەرد و دار ڕاویان نان، هەر لەوێ بە هێمنی بڵاوەی لێکرا. خۆپیشاندەرەکان لە گەڕەکە تێکۆشەرەکەی سەرشەقام دا خۆیان حەشاردا هەتا شەو، ئەو ڕۆژە کەس نەگیرا.

بۆ ڕۆژی دوای ئەوە 1951/6/14 لە کاتژمێری نۆی سەرلەبەیانیدا، خۆپیشاندان لەبەر (گومرکە سووتاو)ەوە دەستی پێکرد. لە حیزبەوە ئاگادار کرام، کە لە کاتژمێری نۆی تەواودا من (چەپڵە لێبدەم و یەکەم هوتاف بکێشم، بڵێم نان و هەرزانیمان دەوێت بۆ میللەت).

کە ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ یەکەم جار درا بە سەر مندا، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو، لە کاتژمێری هەشت و نیوەوە خۆم ڕانەگرت و هەر لەو ناوە پیاسەم دەکرد و کاتم لێ نەدەڕۆیی. تاکە تاکە هاوڕێ ناسیاوەکانم دەدی. پێش سێ دەقیقە لەبەردەم دوکانی سەوزە فرۆشەکاندا دەستم بە چەپڵە لێدان کرد و هوتافەکەم کێشا. ئەوەی لە یادم ماوە ئەم هاوڕێیانە : عەلی حاجی عەبدوڵای بۆسکانی، سەعید گەوهەر، ئەورەحمانی لێفەدروو، بەکر ئەحمەدی خەیات، وەستا عارفی خەیات، سەعید خورشە نانەوا، عومەری نانەوا، ئیبراهیم عەبدوڵا جورج، عارف ڕەشید نانەوا، کەریمی عەتار، مەحەمەد دارتاش و هتد. خێرا لە دەورم کۆبوونەوە و هوتافەکەیان سەندەوە، وردە وردە زۆر بووین، ئینجا بەڕیز و هوتافکێشانەوە بەناو بازاڕدا سەرکەوتین، کاک سەعید گەوهەر چەکوشێکی گەورەی بە دەستەوە بەرز کردبووەوە و لە پێشەوەی خۆپیشاندەران هوتافی دەکێشا، لەبەر (حەوزەکە)ی ناو بازاڕدا

کۆمەڵێکی زۆر لە هاورێیان و دۆستان، لە سەرووی هەموویانەوە شەهید ئەحمەد مارفی نانەوا حەمەئەمینی ئاسنگەر و عوسمانی ئاسنگەر و حەمەسەعید نانەوا، هاتنە ناو خۆپیشاندەرەکانەوە.. لەولاترەوە خۆپیشاندەرەکان پێچیان کردەوە بەرەو (عەلافخانەکان)ی لای مزگەوتی خومخانەکان، لەوێ لۆری پڕ لە گەنم ئامادەکرابوو بڕوات بۆ بەغدا. چەند تێکۆشەرێک هەڵیان کوتایە سەر لۆرییەکە و بە چەقۆ فەردەکانیان دران و گەنمەکەیان هەڵڕشتە خوارەوە، عەلافەکە ویستی تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، برادەران تەلەفۆنەکەیان شکاند، لە پڕ دوو لۆری پۆلیس گەیشتنە ئەوێ، شەڕە دار و بەر دەستی پێکرد، سەری چەند تێکۆشەرێک و چەند پۆلیس شکا، بە دەم شەڕەوە بڵاوەی لێکرا. دوو پۆلیس دوای(ئەورەحمانی لێفە دروو کەوتن بۆ ئەوەی بیگرن، ئەویش هەر لەو گەڕەکەی نزیک عەلافخانەکە گەڕەکی(هۆڵێ) خۆی بە ماڵێکدا کرد، چووە سەر بان و لەوێوە چووە چەند سەربانێکی تر و بازی دایە ماڵێکەوە، بەڵام قاچێکی شکا.. خاوەن ماڵەکە و خەڵکی ئەو ناوچەیە یارمەتییان دا، شاردیانەوە نەیانهێشت بگیرێ و تیماریان کرد، بەڵام بە داخەوە قاچێکی هەر سەقەت بوو، لەو کاتەوە بوو بە ئەورەحمانە شەلی لێفەدروو.

ئەو ڕۆژە نزیکەی دە هاورێ گیران، ئەوەی لە یادم ماوە ئەمانە بوون: سەعید گەوهەر، ئیبراهیم عەبدوللا، عومەری نانەوا، سەعید مەولوود نانەوا، فەرەجی دارتاش. هەموویان نێردران بۆ بەندیخانە . حیزب بڕیاری دا (پەنجەمۆر) لەناو جەماوەردا کۆبکرێتەوە و بدرێ بە کاربەدەستان، بۆ دوو شتی سەرەکی:

1- قەدەغەکردنی گەنم و جۆ بۆ دەرەوەی وڵات.

2- بەربوونی هەموو گیراوەکان.

من و شەهید عەلی حاجی عەبدوللا بۆسکانی دانراین کە بە نیوە ئاشکرا لەناو بازاڕ و قەیسەرییەکاندا پەنجەمۆر کۆبکەینەوە، ئێمەش ڕۆژێک تا ئێوارێ بە نیوە

ئاشکرا نزیکەی 1600 پەنجەمۆرمان کۆکردەوە، ڕێکخراوی ئافرەتانی حیزبیش لە ماڵان ژمارەیەکی زۆریان کۆکردەوە. ئینجا (وەفدێک) ئامادەکرا بۆ ئەوەی پەنجەمۆرەکان ببات بۆ موتەسەریف و حاکمەکان.. وەفدەکەش شەش کەس بووین، ئەوەی لە یادم مابێ ئەمانە بوون: عەلی حاجی عەبدوڵڵای بۆسکانی، جەلالی خەیات، من، هتد.

سکالاکانمان برد بۆ موتەسەریف، لە ژوورەکەی خۆیدا گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، لە دواییدا ئەو توورە بوو، دەستی بە هەڕەشە کرد، وتی:

گیراوەکان و ئێوەش شیوعی و تاوانبار و گێرەشێوێنن و دەبێ سزا بدرێن.

- گیراوەکان و ئێمەش ڕۆڵەی ئەو میللەتەین و دەست لە مافی میللەت هەڵناگرین و لە سزاش ناسڵەمینەوە.

لە لای موتەسەریف هاتینە دەرێ، ویستمان بچین بۆ لای حاکم، پێش ئەوەی بچینە ژوورەکەی، پۆلیسێکی زۆر چواردەورییان داین و گرتیانین و بردیانین بۆ گرتووخانە، لە عەسردا. ڕەوانەی بەندیخانە کراین و چووینە لای هاوڕێکانمان، ژمارەشمان زۆر بوو، هەموومان لە قاوشێکی گەورەدا دەژیاین، هەموو ورە بەرز و بەختیار بووین کە لە پێناوی حیزب و میللەتدا گیرابووین. پاش دوو هەفتە بە پێشنیازی خۆمان و ڕەزامەندی حیزب بڕیارماندا لە نان خواردن مانبگرین تا مردن، یان ئازاد بوون.

سکالایەکمان بۆ کاربەدەستان نووسی، کە ئەگەر تا چوار ڕۆژی تر بەرمان نەدەن لە نانخواردن مان دەگرین تا مردن.. پاش ئەو ماوەیە هیچ دەنگ نەبوو، ئێمەش دەستمان بە مانگرتن کرد، بەلام چونکە شارەزا نەبووین و کەسیش ئاگاداری نەکردین، لە نان و چا و ئاویش مانمان گرت، واتە لە هەموو شتێک کە زۆر مەترسیدار.

چونکە من بە تەمەن لە هەموویان بچووکتر بووم و لاواز بووم، پاش سێ ڕۆژ یەکەم

کەوت، وردە وردە برادەرەکانی تریش پەرێشان بوون، هەموو رۆژێک پزیشک ئەهاتە سەرمان و بەڕێوەبەری بەندیخانە سەری لێ دەداین، بە سەرپەرشتی و هاندانی حیزب، هەموو رۆژێک بە کۆمەڵ ئافرەتان لە خزمان و لە هاوڕێیان دەچوونە سەر کاربەدەستان و داوای بەربوونی ئێمەیان دەکرد، هەروەها هەموو رۆژێک ژمارەیەکی زۆر پیاو و ئافرەت، کەس و کارەکانی خۆمان و خەڵکی تریش دەهاتنە بەر دەرگای بەندیخانە و دەیانکرد بە هەرا و هوتافکێشان، ئێمە گوێمان لە دەنگیان دەبوو.

حەوت رۆژمان تەواو کرد، لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەی تێیدا بووین هەر بەردەوام بووین لەسەر مانگرتن و لە دەرەوەش جەماوەری ئافرەتان و پیاوانیش زۆریان هێنابووە بەر کاربەدەستان و کۆبوونەوەی خەڵک و هوتافکێشانیان بەردەوام بوو، لە سەری هەشتەم رۆژدا کاربەدەستان ناچار بوون بە کەفالەت تا رۆژی دادگا ئازادمان کەن.

کە لە بەندیخانە هاتینە دەرێ، جەماوەرێکی زۆر لە ژنان و پیاوان راوەستابوون، کە ئێمەیان بینی دەستیان کرد بە هوتاف کێشان و چەپڵە لێدان. ئێمەیان خستە سەر شان و بە رێپێوان تا بەر خەستەخانەی سەرەوە رۆیشتین، لەوێ بە بڕیار بڵاوەی لێ کرا و هەر یەکەمان براینەوە بۆ ماڵەکانمان.. پاش ماوەیەک دراین بە دادگا، هەر یەکی دوو مانگ حوکم دراین.

## چالاکیم لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراقدا

ساڵی 1952، خرامە لیژنەی شاری سلێمانی(یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق)ەوە، کە بەڕێز کاک (نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا) رێکخەری ئەو لیژنەیە بوو. ئەو دڵسۆزانە و زۆر بایەخی بە من دەدا، زۆر جار شەو دەیبردمەوە بۆ ماڵی خۆیان، تا نیوەشەو شتی بەکەڵک و زانیاری سیاسی بۆ دەخوێندمەوەو بۆی شی دەکردمەوە، شەویش هەر لەوێ دەنووستم.

ئەوە بوو راپەڕینی تشرینی ساڵی 1952 بە سەرکردەی حیزبمان لە عێراقدا دەستی

پێ کرد، بە تایبەتی لە شاری بەغدا.. بەو هۆیەوە حوکمی عورفی دانرا و کەوتنە داپڵۆسینی هێزە دیمۆکراتیەکان، هەر لەو ماوەیەشدا زیندانە سیاسیەکانی بەندیخانەی (کووت) بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان(مان)یان گرت لە نانخواردن، کاربەدەستانیش بە گوللە وەڵامیان دانەوە و شەهید و بریندار زۆر بوو. حیزبیش بۆ پشتگیری لە زیندانیەکان جگە لە دەرکردنی بەیان لەسەریان، سکاڵایەکیان نووسی، بۆ ئەوەی پەنجەمۆری لەسەر کۆبکرێتەوە لە هەموو عێراقدا، لە دژی ئەو دەستدرێژیی و تاوانەی بەرامبەریان کرا و .. هتد.

لە سلێمانیش، من کۆپی سکاڵایەکەم وەرگرت، بۆ ئەوەی پەنجەمۆری لەسەر کۆبکەمەوە، ئەوسا غروری خۆپیشاندان و پەنجەمۆرکردنەکەی پێشوو بۆ قەدەغەکردنی ناردنی گەنم و جۆ لە کەللەی دابووم سەرکەشانە و بە هەڵەشەیی و نیوە ئاشکرا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی پەنجەمۆر، خۆم یەکەم کەس مۆرم کرد. چەند بەیانێکیشم دا بە دۆست و ناسیاوان.. کاتی نیوەڕۆ، لە دوکان دانیشتبووم، شاگردی(وەستا حەمەسەعیدی خەیات بووم)، دوکانەکەمان نزیک سەرا بوو لە جێگای(کتێبخانەی سلێمانی)ئێستادا، مفەوەزێک و دوو پۆلیس بەر دەرگای دوکانەکەیان گرت و هەواڵی منیان پرسی، یەکێک لە شاگردەکان دەستی بۆ من ڕاکێشا، مفەوەزەکە هاتە پێشەوە و وتی:

ـ فەرموو بۆ سەرا.

هەڵسام بچم بۆ ژوورەکەی ناوەوە، تا ئەو سکاڵایەوە و دوو بەیانەکەی لە ناو گیرفانمدا بوو ڕزگاریان بکەم، دەستم کرد بە گیرفانمدا تا دەری بهێنم، دەستیان گرتم، کردم بە هەرا هەتا بەرم بدەن، یەکێک لە پۆلیسەکان باوەشی پێدا کردم و هەڵی گرتم و تا ناو حەوشەی سەرا داینەنام، بردمیان بۆ لای حاکم، ئەو بە دەستی خۆی شتەکانی لە گیرفانمدا دەرهێنا. حاکم بە تووڕەبوونەوە پرسی:

– هەتیو ئەمانەت لە کوێ بوو؟

- هی من نییه.
- ئەی ئەوە نیە کە خۆت یەکەم کەس مۆرت کردووە.
- ئەوە مۆری منە، پێشتر ئەو سکالایە دراوە بە کاربەدەستان، ئێستا بۆ ئەوەی من تووش بکەن، ئەو سکالایەیان تێکەڵ بەو بەیانانە کردووە.
- ئەو قسانە پارە ناکات، عورفی لە ئارادایە، رزگاربوونت بۆ نییە.
نێردرامە لای معاونێک، پاش لێکۆڵینەوە و ئازاردان و هەڕەشەلێکردن، هەر لەسەر قسەی خۆم بووم، ئینجا نێردرامە زیندانی پۆلیسخانە، دوو شەویش لەوێ بووم، چەند جارێکی تریش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم هیچ سوودی نەبوو، هەر لەسەر قسەی خۆم بووم، ئینجا نێردرامە بەندیخانەی سەرەوە.
لەپاش دوو هەفتە ئاگاداریان کردم کە دەمنێرن بۆ بەغداد، رۆژێ پاشتر بردیانم بۆ سەرا، لای دەرگای جادەی خەستەخانەکەوە، پاسێک ڕاگیرابوو، بە کەلەبچەوە سواریان کردم لەگەڵ سێ پۆلیسدا کە یەکێکیان عەریف مەحەمەد بوو.
لەناو پاسەکەدا بووم، ماجدی برام و فاتمی خوشکم هاتن بۆ لام، پارە و جل وبەرگیان بۆ هێنام، ماجد بە ئیشارەت پێی وتم تەماشای ئەوبەر بکە، کە تەماشام کرد کاک (ئەژاد ئەحمەد ڕاوەستاوە، کە بینی تەماشای دەکەم، هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و ڕایوەشاند، منیش بە کەلەبچەکەوە بە هەمان شێوە وەڵامم دایەوە. هەردوکمان لە یەکتری تێگەیشتین، ئیتر ئەو ڕۆژە، پاسەکەی ئێمەش بەرەو کەرکوک کەوتە ڕێ.
لە ئێوارەدا گەیشتینە کەرکوک، یەکسەر چووین بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر. لە واگۆنێکدا جێگامان گرت، دەستێکی منیان کەلەبچەکرد و بەستیان بە زنجیرێکەوە، زنجیرەکەشیان بە کورسییەکەوە بەستەوە و پۆلیسەکانیش ئەملا و ئەولایان گرتبووم.
لەو واگۆنەدا، کوردی زۆر تێدابوو، پیاو و ئافرەت، کوڕێکی گەنجی تێدا بوو، وتی هەولێرییم و قوتابی دانیشتگام لە بەغدا، ئەو را دیار بوو شیوعییە، لە هەموو

وێستگاکاندا کە خەڵک دادەبەزین بۆ شت کڕین، ئەویش دادەبەزی و شتی بۆ من دەهێنا و پارەشی لێ وەرنەدەگرتمەوە، بەداخەوە ئێستاش نەمزانی ئەو برادەرە کێ بوو. خەڵکەکانی تریش سۆزیان پیشان دەدا و ئافرەتەکان دۆعای خێریان بۆ دەکردم، پۆلیسەکانیش بە تایبەتی عەریف مەحەممەد کە قاچی گوللەی لێ درابوو، شەل بووبوو پیاوی باش بوون و یارمەتییان دەدام و ڕێزیان لێ دەگرتم. کە گەیشتینە بەغدا، بۆ پشوودان و نانخواردن لە پێشدا چووینە میوانخانەیەک، لە دواییدا منیان برد بۆ (تحقیقاتی جینائی) ، ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بەزم و ڕەزمەی لەگەڵمدا کرا، هەر لەسەر قسەی خۆم بووم و حاشام لە بەیانەکان دەکرد، لە پاشدا نێردرام بۆ(معسکر رشید) چونکە دادگای عورفی لەوێ بوو.

زۆر لە برادەرانی تریش لەوێ بوون، بردمیانە ژوورێکەوە، چوار برادەری تێدا بوون، ئەمانە بوون: حەنا مارینی، ئەکرەم حوسێن خەیات(خەڵکی بەسرە بوو)، رجا، عەبدولرەزاق(خەڵکی بەسرە بوو)، عادل عباس خەیات (خەڵکی بەغداد)، لە ژوورەکانی تریش برادەری تری زۆری لێ بوو.

پاش ماوەیەک ، شەوێک دە دوانزە لە گیراوە سیاسییەکانی (کووت)یان هێنا، بۆ دادگاکردنی سەرلەنوێ بە بۆنەی مانگرتنەکەیانەوە. لە کوونی دەرگاکانەوە جاروبار قسەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. یەکێک لەوان لە منی پرسی لەسەر چی گیراوم، وەڵامم دایەوە:

- لەسەر ئێوە.

کە ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین، ئەوانیان دادگایی کرد و سەرو ساڵ و دوو ساڵی تریشیان بۆ حوکمەکەیان زیاد کرد.

نزیکی دوو مانگ لەوێ مامەوە، پێش ئەوەی بدرێتم بە دادگا حوکمی عورفی هەڵگیرا، نێردرامەوە بۆ سلێمانی.

لە بەندیخانەی سلێمانی بووم، برا و خوشک و خزمان و برادەران هاتن بۆ لام، دوو نامەیان بۆ هێنام. یەکێکیان هی لیژنەی شاری سلێمانی یەکێتی لاوان بوو. پیرۆزبایی گەڕانەوەیان لێ کردم و پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە هەڵوێستم لە گرتنەکەمدا. دووهەم نامە هی هاوڕێ(ئەحمەد دڵزار)ی شاعیر بوو مەسئولی حیزب لە سلێمانی، ئەویش تەقدیری زۆری کردبووم، هەروەها نووسیبووی کە بەربوویت(دەپاڵێورێیت بۆ ئەندامێتی حیزبی شیوعی). لە لایەک زۆر زۆرم پێ خۆش بوو، لە لایەکی تر سەرسام مابووم، کە چۆن تا ئەو کاتە نەبووبووم بە شیوعی لای خۆم وام دەزانی گەورەترین شیوعیم.!

پاش هەفتەیەک بە کەفالەت بەر بووم تا ڕۆژی دادگا، ئەو دەم ساڵی 1953 بوو، نیمچە دیمۆکراتییەک درابوو بە نەقابەکان و خەڵکی، هەندێ لە حیزبە نیشتیمانپەروەرەکان ڕێگایان پێدرا بوو بنکە بکەنەوە و کاری حیزبایەتی بکەن، نەقابەی پارێزەران، سەرکردەکانیان سەربە حیزب بوون، لیژنەی عەدالەتیان دانابوو، کە دیفاع لە گیراوی سیاسیی بکەن بە خۆڕایی.. ڕۆژی دادگاکردنم لە دادگای جەزای سلێمانی کاک ڕەئوف مستەفای پارێزەر دانرا بۆ داکۆکی کردن لە من. نزیکەی 20-25 کەس لە خزم و ناسیاو و هاوڕێیان هاتن بۆ سەیری دادگاکە. حاکم ڕێگەی پێدان هەموو بێنە ژووری دادگاوە. پاش داکۆکی کردنێکی جوان و بەهێزی کاک ڕەئوف، خۆشم دژی پۆلیس کە ئازاریان دابووم زۆر قسەم کرد، لە ئەنجامدا حاکم بڕیاری بەردان(افراج)ی دام دانیشتووەکان هەموو دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان.

بەڵام دایەرەی پۆلیس بەم دادگاییە قایل نەبوون، لەبەر ئەمە (استئناف) یان کرد، درام بە دادگای باڵا(المحكمه الكبرى) ی کرکوک. ڕۆژی دادگا لەگەڵ ماجدی برامدا چووم بۆ کەرکووک، حیزبیش هاوڕێیانی کەرکوکی ئاگادار کردبوو، لەویش دە پارێزەر بە سەرۆکایەتی ئەمر(مارف بەرزنجی) هاتنە دادگاوە بۆ داکۆکی کردن لە

من. هەر سێ حاکمەکە سەریان لەوە سوورما. لە پاش داکۆکی کردنێکی کورت و بەنرخ، دادگا بڕیاری دەرچوونی دام. سوپاسی دادگا و پارێزەرەکانم کرد و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

## شەرەفی ئەندامێتی حیزب

زۆری نەبرد لە حیزبەوە پێیان ڕاگەیەندام کە ڕۆژی هەینی کاتژمێر چواری عەسر بچم بۆ مالی وەستا عەرفی خەیات(عارفی مەلا عەزیز). کە چووم هاوڕێ دلزار و عومەر ئیسماعیلی خەیاتیش ئامادە بوون.

هاوڕێ دلزار دەستی بە قسەکردن کرد، سەبارەت بە حیزب و مرۆڤی تێکۆشەر و شیوعیەکان. ئینجا هاتە سەر پالاوتن بۆ ئەندامێتی حیزب. ئەوسا کۆمیتەی ناوەندی حیزب بڕیاری پالاوتن و بوون بە ئەندامی دەدا، ووتی:

– لەسەر پێشنیاری سلێمانی، بەهۆی گورج وگۆلیتانەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزب بڕیاری پالاوتنی هەرسێکتانی داوە. وتم:

– من لەمە تێناگەم، چۆن ئێستا دەپالێورێین بۆ حیزب، لە کاتێکدا سێ سالە لەناو ڕێکخراوی حیزبدام و دوو بازنەی دۆستم لە لایە و ئەندامی لیژنەی یەکێتی لاوانی شاری سلێمانیم و سەرۆکی نەقابەی نهێنی خەیاتەکانم، چۆن تا ئێستا شیوعی نەبووم. هاوڕێ دلزار دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

– حیزبی ئێمە وایە، بە خێرایی و ئاسانی کەس نابێ بە شیوعی، ئەوەتا هاوڕێ(عومەر) کە تا ئێستا ڕێکخەری تۆ بوو ئێستا لەگەل تۆدا دەپالێورێت.. بە تایبەتی تۆ کە ئێستا 17 سالێت، ئەگەر هەلوێستت لە گرتنەکەتا وا نەبووایە و ئەمەندە گورج و گۆل و دلسۆز نەبوویتایە وا زوو نەدەپالێورایت.

ئیتر منیش قسەم بۆ نەمایەوە و سەری ڕەزامەندی و پێخۆشحالی خۆم ڕاوەشاند، ئیدی هاوڕێ دلزار خۆی بوو بە ڕێکخەرمان، لە پاش شەش مانگی تەواو کۆبوونەوەیەکی تایبەتیمان کرد، هاوڕێ دلزار هەندێ شیرینی لەگەل خۆیدا هێنابوو،

لەپاش خوێندنەوە و شی کردنەوەی(وەرەقەی شەرەفی ئەندامێتی حیزبی شیوعی)یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵدا کردین و پیرۆزبایی لێ کردین و وەرەقەکانی دایە خۆمان و شیرینی دابەش کرد بەسەرماندا.
ئەو وەرەقەیەم تا 1963 پاراست، بە داخەوە لە دوای ئەوەوە فەوتا، لەگەڵ گەلێ شتی تردا . هەتا ئێستا و هەتا هاتەشە، شانازی بەو شەرەفە مەزنەوە دەکەم.
لە دوای ئەوەی کە بووم بە ئەندامی حیزب، خۆم بە کەسێکی مەزن و لێپرسراو دەزانی و هەڵس و کەوت و هەموو شتێکم گۆڕدرا، تا ماوەیەکیش غرورم زۆر پەیدا کرد.
هەر لەو ماوەیەدا کاک ئەژاد ڕۆیشت بۆ بەغدا، شاعیری ئەمر(حەمەساڵح دیلان) بوو بە ڕێکخەری یەکێتی لاوانی سلێمانی.. پاش ماوەیەکیش ئەو گوێزرایەوە بۆ شاری کەرکوک، من بووم بە ڕێکخەری لاوان.
بۆ ئەوەی حیزب بە باشی و ڕێک و پێکی سەرکردایەتی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان بکات، لیژنەیەک پێک هات، بەناوی لیژنەی سەرکردایەتی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان، لیژنەکەش ئەمانە بوون: خوشکی ئەمر زەکیە خۆشناو نوێنەری کۆمەڵی پاراستنی مافی ئافرەتان بوو، هۆگر عەبدوللا گۆران نوێنەری یەکێتی گشتی قوتابیان بوو، منیش نوێنەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی بووم. هاوڕێ دڵزار سەرکردایەتی ئەو لیژنەیەی دەکرد. هەفتەی جارێک بە ڕێک و پێکی و تێر و تەسەلی کۆدەبووینەوە. ماوەیەکی باش بەو جۆرە ئیش و کاری ڕێکخراوەکان سەرپەرشتی دەکرا و هەر هەموویان فراوان و بەهێز بوون.
لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوانە، لەو ساڵانەدا، پەرژینێکی پتەو بوون بۆ حیزب، هەروەها وەک قوتابخانەیەکیش وابوون، بۆ پەروەردەکردنی تێکۆشەران و ئامادەکردن و ڕاهێنانی کەسانی لێهاتوو بۆ هاتنە ناو حیزبەوە، کرابوو بە پیشە، کە هەر کەسێک لەناو یەکێک لەو ڕێکخراوانەدا یان کرێکارەکان لەناو ئەقابە نهێنییەکاندا

کاریان نەکردبایە و ماوەیەک تێکۆشانی دیاریکراوی نەبووایە، بۆ حیزب نەدەپاڵێوران.
ساڵی 1954، بەرەی یەکێتی نیشتیمانی لە عێراقدا پێک هات و حیزبیشمان هاوبەش بوو، حیزبە بۆرژوازییە عەرەبەکان، ڕێگایان نەدا بە پارتی دیموکراتی کوردستان بچنە ناو ئەو بەرەیەوە، لەبەر ئەمە حیزبمان لە کوردستاندا بە تەنیا لەگەڵ برادەرانی پارتیدا بەرەی دووقۆڵییان کردەوە. ئەوسا لە کوردستان تەنیا پارتی و شیوعی هەبوون و ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان کە هەموویان سەر بە حیزبمان بوون، (بزوتنەوەی ئاشتیخوازان)یش هەبوون و زۆریش بەهێز بوون، ئەوانیش دیسان لەلایەن حیزبمانەوە ڕابەرایەتی دەکران. لەو ساڵەدا هەڵبژاردنی (پەرلەمان) دەستی پێکرد، لە عێراقدا بەرە هاوبەشی کرد و نوێنەری خۆیان دانا بۆ هەڵبژاردن، لە سلێمانیش بەرە دوو نوێنەری خۆی پاڵاوت، شەهید مارف بەرزنجی هی حیزبی شیوعی و بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لیژنەی بەرە، لە سلێمانی کە بریتی بوون لە نوێنەری شیوعی و پارتی و ڕێکخراوە دیمۆکراتی و نەقابەکان، چەند جارێک کۆبوونەوەیان کرد، بۆ ئەوەی پێکەوە گورجوگۆڵی بنوێنن، بۆ سەرخستنی نوێنەرەکانیان بۆ پارلەمان.
یەکێک لە بڕیارەکانی بەرە ئەوەبوو، کە ڕۆژی 1954/6/14 لەسەر(دەبۆ کەی بەرامبەر حەمامی سوورەت) کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بکرێت و وتاری بەرە پێشکەش بکرێت، بڕیار درا کە وتاری بەرە لە لایەن حیزبی شیوعییەوە بنوسرێت و لە لایەن یەکێتی لاوانەوە بخوێنرێتەوە، ڕۆژی ناوبراو بە سەدان لە ڕۆڵەکانی پارتی و شیوعی و ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکان کۆبوونەوە، هاوڕێ غەفووری حاجی سەعیدی نانەوا کە ئەندامی حیزبمان و ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی لاوان بوو،وتاری بەرەی خوێندەوە.
لەپاش ئەو وتارە و چەند هوتافێک، بە هێمنی و لەسەرخۆ بڵاوەی لێ کرا، لە پاش

بلاوەلێکردن، ئینجا پۆلیس بە تێلاوە گەیشتنە جێگای کۆبوونەوەکە، بە خۆشی هەموو گەڕاینەوە، هەر کەسە بۆ ماڵی خۆی.
نیوەشەو لە شیرینی خەودا بووم، بە توندی لە دەرگای حەوشە درا، ئینجا دەرگای ژوورەکەمان، پۆلیس بە پەیژە هاتبوونە ناو حەوشەی ماڵەکەمانەوە، باوکە پیرەکەم دەرگای کردەوە، پۆلیسەکان داوای منیان کرد، بە پەلە جلەکانم لەبەر کرد و لەگەڵیا چوومە دەرەوە، خێرا سواری لۆرییەکیان کردم کە لەبەردەمی ماڵەکەماندا ڕاگیرابوو، کە سەرکەوتم هەشت، نۆ برادەری شیوعی و پارتی لەناو لۆرییەکەدا بوون، بۆ چەند ماڵێکی تریش بەو شێوەیە چووبوون و تێکۆشەرانێ دەگرت.
کە لۆرییەکە پڕ بوو، بردیانێ بۆ سەرا، لە حەوشەی ئەودیووی سەرادا، دیووی گرتووخانەکە، ئێمەیان بە شەق و زللە دابەزاند ، هەر لە دەرگای دەرەوە تا بەر دەرگای ژووری گرتووخانەکە دوو ڕیز پۆلیس بە تێلاوە بەرامبەری یەک ڕاوەستابوون، ئێمەیان بەناو ئەو دوو ڕیزەدا تێپەڕاند. کەوتنە لێدانمان تا گەیشتینە ژوورەوە. برادەری وا هەبوو دە جار زیاتر دەکەوت و هەڵدەستایەوە، هەموومان دەست و سەر و قاچمان شکا و بریندار بوو، برادەری وامان تێدا بوو، بە پێی پەتی و بە بیجامەوە هێنابوویان، دوای ئێمەش بەرە بەرە هەر تێکۆشەرانی تریان بە وێنەی ئێمە دەهێنا. لە بەرەبەیاندا ژمارەمان گەیشتە 25 تێکۆشەری شیوعی و پارتی، ئەوەی لە یادم ماوە ئەمانە بوون: حەمەی ئەحمەد تەها (کامەران) ، ئەحمەد مارف، غەفوور ڕەشید داراغا ، عەلی حاجی عەبدوڵلا بۆسکانی، ئەحمەد دەروێش دادی، عەزیز میرزا کەریم، قادر ڕەشید کۆڵەشێ، مەحموود چالاک، ئەورەحمان شیوعی، ئەورەحمان لێفەدروو، ئیبراهیم عەبدوڵلاجور، عومەر ئیسماعیل، سادق حەبیب، کەریم پاڵەوان، خۆم، بەداخەوە ناوی ئەوانی ترم لەیاد نەماوە. هەموومان لەش خوێناوی و سەرشکاو و هەندێک دەست و قاچ شکاو ، لە کاتژمێری چواری بەیانیدا هەموویان هێنانە دەرەوە، پاسێکی خراپی گەورەیان هێنا و ئێمەیان

سوارکرد و چەند پۆلیسێک لە خوارەوە و سەرەکەش پڕ کرا لە پۆلیسی تر. چەند برادەرێک کە پێلاویان لە پێدا نەبوو، بیجامەیان لەبەردا بوو، داوایان کرد، بە ماڵەوەیان بوترێ جلو پێلاویان بۆ بهێنن.

تۆفیق ڕەش کە مەفەوەزێکی دڕندە بوو، وە ئەو سەرکردەی ئەو هێرشی گرتن و لێدانە بوو، هاواری کرد:

- سەگبابینە، خۆ بۆ سەیران ناچن، جلوبەرگ و پێلاوی چیی؟

هەر کە پاسەکە جولا، لەبەر دەرگای سەراوە تا مشیرئاوا دەستمان کرد بە سروود وتن، ئازادیخوا، کوردین ئێمە، بەهێز و مێشک و بازوو.

لە نزیک چەمچەماڵ پۆلیسێکی سەر پاسەکە میزی بەردایە خوارەوە، لە درزەکانەوە هەمووی ڕژا بەسەر ئێمەدا، ئێمەو پۆلیسەکانی ناوەوەش دەستمان کرد بە جنێودان بەوەی ئەو کارە ناشیرینەی کردووە.. کە گەیشتینە کەرکوک، نێردراین بۆ گرتووخانەی پۆلیس، کە دابەزین، ئەو پۆلیسەیان نیشان داین کە میزەکەی کردبوو، ئێمەیان کردە ژوورەوە، پۆلیسەکانی سلێمانی هێشتا لەبەر دەرگای ژوورەکەدا بوون.

عەزیزی میرزا کەریم خێرا بە یەک دوو برادەری وت:

- وەرن لەم تەنەکەیەدا میز بکەن.

خێرا ئەو تەنەکەیەیان نیوە کرد. ئینجا عەزیز، لە پەنجەرە گەورەکەی گرتووخانەوە، بەو پۆلیسەی وت کە میزەکەی کردبوو:

- برا گیان، چاوەکەم، بەقوربان، خێرت دەگا ئیشێکم پێتە بۆ لای باوکم، وەرە پێت بلێم.

ئەویش بۆ ئەوەی کارە خراپەکەی خۆی بسڕێتەوە خێرا هاتە پێشەوە، عەزیزیش لە پەنجەرەکەوە هەموو میزەکەی کرد بە دەموچاویا. ئێمە و هەموو پۆلیسەکان دامانە قاقای پێکەنین. پۆلیسەکەش هەتا لەوێ بوو هەر جنێوی دەدا.

نزیکی مانگێک هەموو وەک برا بە خۆشی و بە ڕێک و پێکی پێکەوە دەژیاین، بە

گفتوگۆی سیاسی و بە شیعر و گۆرانی و نوکتە و قسەی خۆش کاتمان دەبردە سەر. کە هەڵبژاردن تەواو بوو، هەر لە کەرکووک بە یەک دوو بەش تیمەیان بەرەڵا کرد.
هەندێ لە برادەران بۆ پێکەنین دەیانووت :
- بەرنابێن، دەبێ بە حەپسی بمانێنرنەوە بۆ سلێمانی، وەک چۆن هێنایانین، ئاواش بمانبەنەوە.
شایانی باسە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی و قەزاو ناحیەکانیشدا، هەتا شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958، پارتی و شیوعی زۆر ڕێک و تەبا بوون و لە زۆربەی تێکۆشانە جەماوەریی و سیاسیەکاندا پێکەوە خەباتیان دەکرد و خزمەتی جەماوەریان دەکرد.. ئەگەر لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزیشەوە تا ئێستا هەر بەو گیانە یەکگرتووەوە تێکۆشانیان کردبایە، بێگومان ئێستا کوردستان لە بارودۆخێکی تردا دەبوو. خۆ ئێستاش نەچووە بچێ و ڕێگای تێکۆشانی بەرەیی و تەبایی ئاوەڵا و بەربلاوە.

## ڕێبازی تازەی حیزب

ساڵی 1954، هاوڕێ دڵزار گوێزرایەوە لەگەڵ مەحمود عەدۆ کە یارمەتی دەری هاوڕێ دڵزار بوو. لە جێگای ئەوان عوسمان خۆشناو و عومەر حاجی مەحەمەد (دیلان)، هاتن بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوی حیزب لە سلێمانی، ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا ڕێبازی تازەیان هێنابوو، کە ڕێبازی هەموو حیزب بوو، کە بریتی بوو لەوەی بە تێکۆشانی جەماوەریی یەک لەدوای یەک و بەردەوام، پەرە بە شێوەی تێکۆشان بدرێت، تا دەگاتە چەک، ئەوسا بە چەک وەڵامی دوژمن بدرێتەوە، تا سەرکەوتن.
عوسمان خۆشناو و عومەر دیلان، بە خێرایی کەوتنە کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڕێیان و شی کردنەوەی ڕێبازی تازە و هتد.
ئەوەی من دەمناسی و خۆشم، ئەو ڕێبازە تازەیەمان لا پەسەند بوو بێ ئەوەی لە ناوەرۆکەکەی تێبگەیەن وبزانین ئەنجامەکەی بەچی دەگات. پێمان خۆش بوو،

چەکمان هەبێ و بە چەک وەڵامی دوژمن بدەینەوە. وامان دەزانی بەو شێوەیە خێراتر سەردەکەوین.
ماڵی عومەر دیلان لە جولەکان بوو، بەرامبەر ماڵی (عارف قەرەچەتانی) ، کاک عارف دۆست و لایەنگری حیزب بوو، زۆر ئازا و لێهاتوو بوو، خێزانەکەشی لە خۆی زیاتر خزمەتی حیزبی دەکرد، پێش عومەر دیلانش ماڵی هاوڕێ دڵزار ماوەیەک لەوێدا بوو، گەورەترین خزمەتی ماڵی هاوڕێ دڵزاریان کردبوو، لە هەموو ڕوویەکەوە و بە هەموو شێوەیەک یارمەتی حیزبیان دەکرد. زۆر جار لە کاتی پشکنیندا ئەو ماڵەیان دەپارست، بۆ نموونە، جارێک پۆلیس چوون بۆ ئەو ماڵە بۆ پشکنین، ماڵی کاک عومەری تێدا بوو، خێزانەکەی کاک عارف، ژن و منداڵەکەی بردبووە ماڵی خۆیان و لە دیووی دەرەوە دەرگای حەوشەی قفڵ دا، بە پۆلیسەکانی وتبوو ئەم ماڵە ئێمە ئاگادارین دەمێکە چۆڵ کراوە، ئەوسا زەبروزەنگی پۆلیس وەک ئێستا نەبوو، ڕۆیشتبوونەوە.
لە یادم نیە چ ڕۆژ و مانگێک بوو، بەڵام زۆر باشم لە یادە کە هاوینی ساڵی 1954 بوو، چونکە ئەو دەمە خەڵک لەسەربان دەنووستن. لە حیزبەوە ئاگادارکرامەوە کە خۆپیشاندانی چەکداریی دەکرێ. هەمان شێوەش بەڕێز کەمالی حاجی مستەفا (حاکم کەمال) یش کە ئەوسا شیوعیەکی دڵسۆز بوو، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی یەکێتی قوتابیانی گشتی ئاگادار کرابووەوە کە بچینە ماڵی کاک عومەر دیلان بۆ ئەو مەبەستە.
کاتی نیوەڕۆ بوو، دوای نانخواردن، کاک عومەر بە منی ووت:
- تۆ هەر لەم ماڵەی ئێمە بە، ئەگەر دوای خۆپیشاندانەکە گەڕامەوە، ئەوە باشە.. ئەگەر نەگەڕامەوە و شتێکم بەسەر هاتبوو، بچۆرە فلانە ماڵ بۆ لای هاوڕێ عوسمان خۆشناو.
ئەوان پێکەوە ڕۆیشتن، بڕیار وابوو لە کاتژمێری چواری عەسردا خۆپیشاندان لەبەر

گومرکە سووتاوەکەوە دەستی پێ بکات، ئەوسا گومرکە سووتاو و گەڕەکی سەرشەقامیان ناو نابوو (مۆسکۆ)، چونکە زۆربەی خۆپیشاندانەکان و تێکۆشانەکانی حیزب لەوێوە دەست پێ دەکرا و کۆتایی پێ دەهات. دەرگای هەموو ماڵەکان بۆ خۆپیشاندەران و تێکۆشەران ئاوەڵا بوو.

لە پاش یەک سەعات، هاوڕێ کەمال هاتەوە ماڵێ و بە منی وت، هاوڕێ عومەر دەڵێ:

– تۆ لەماڵەوە بە، با نائیب بێت بۆ لام، بۆ ئێرە.

– لە کوێیە؟

– لەناو سەوزە گیاکانی دەوروپشتی دەباخانەکانن، زۆرن، کۆمەڵ، کۆمەڵ لەناو سەوزەگیاکە دانیشتوون.

زۆر زۆرم پێ خۆش بوو، کە چووم لە دوورەوە کەسم نەدی، کە نزیک بوومەوە، کاک عومەر هەڵسا، خۆی نیشاندام. برادەرانی زۆری لێ بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتبوون و ڕاکشابوون، چاوەڕێی کاتیان دەکرد، تا کاتژمێری سێ و نیوو بەرەو گومرکە سووتاوەکە بڕۆن. کاک عومەر وتی:

– ئیشی تۆ ئەوەیە، لە بەینی سەرکردەکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆپیشاندانەکاندا دەبی. من لە دەرەوەی خۆپیشاندانەکە دەبم و هاوڕێ فوئاد مەجید سەرکردەی ناوەوەیە. تۆ قسەی هەردوکمان دێنی و دەبەی، کە بڕیاری بڵاوە لێ کردنیش درا من یەکسەر دەچمە ماڵی ئەورەحمانی ساڵحی خلە، تۆش یەکسەر وەرە بۆ ئەوێ.

هەروەها لەوێ زانیم، کە زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی لەوێ بوون، لەگەڵ هاوڕێ عومەر، بە دەمانچە و چەقۆ و شتی وا چەکدار بوون. لە دڵی خۆمدا وای لێک دەدایەوە کە: هەر ئەمڕۆ دەست بەسەر سلێمانیدا دەگرین.

من لەگەڵ هاوڕێ فوئاد دا بووم، دەست کرا بە چەپڵە لێدان و هوتاف کێشان، خەڵکێکی زۆر ئامادە بوو بوو، دەستکرا بە وتار خوێندنەوە، پەیتا پەیتاش خەڵک

دەهاتنە ڕیزەوە، هاوڕێ فوئاد وتی:
- بچۆ بە هاوڕێ عومەر بڵێ وا ژمارەمان زۆر بوو، پاش وتارەکە دەست دەکەین بە ڕۆیشتن بۆ ناو بازاڕ.
کاک عومەر، لەسەر سوچی کۆڵانەکەی خوار حەمامی سوورەتەوە ڕاوەستابوو، قسەکەم پێ ڕاگەیاند. وتی:
- با بڕۆین، تۆش خێرا وەرە بۆ لام، من جارێ هەر لێرە دەبم.
خێرا گەڕامەوە، گەیشتمە سەر جادەکەی نزیک گومرکە سووتاو تەقە و هاوار دەستی پێکرد. ماڵی خوشکە مەلیحە هەر لەو سووچی کۆڵانەدا بوو، لەگەڵ چەند خوشکێکی تردا لەبەر دەرگا بوون، کە منیان بینی هاواریان لێ کردم:
- بۆ کوێ دەچی، هەمووی پۆلیسە و تەقە دەکەن، خۆپیشاندەرەکان بڵاوەیان لێ کرد.
لەبەر گومرکەسووتاو پۆلیسێکی پێکراو کەوتبوو، لە پۆلیس زیاتر کەسی لێ نەمابوو، تەقەش هەر دەکرا، بە خوشکە مەلیحەم وت.
- دەبێ بچم بۆ ماڵی کاک ئەورەحمان، چونکە میوانی لێیە چاوەڕوانی من دەکا.
- تۆ جارێ مەڕۆ، من لە سەربانەوە خوشکێک دەنێرم بزانم میوانەکە ماوە یان نا.
ماڵی کاک ئەورەحمان لەودیووی ماڵی ئەو خوشکەوە بوو، کە خوشکەکەی نارد و هاتەوە و وتی:
- خوشکە فاتمەی خوشکی ئەورەحمان وتی میوانەکە بەسەربانیدا دەرباز بوو چونکە کۆڵانەکەمان پڕ بوو بوو لە پۆلیس ترسی پشکنینمان هەبوو.
منیش ناچار لەوێ مامەوە، پاش کەمێک ژنێک هات وتی:
- عەریفی پۆلیس(سەعید ساقی) بریندار بووە و حەمە باخەوان شەهید بووەو، میرزا کەریم باوکی غەفوور و، حەمەقادری چایچی خاڵی نائیب گیران و بە لێدانێکی زۆر بردیانن بۆ سەرا و زۆر کەسی تریش گیراوە.

ویستم بڕۆم .. خوشکە مەلیحە وتی:
دەبێ ئەمشەو لێرە بیت، نابێ بچیتە دەرێ.
– ئاخر ئەمماڵەی ئێوە ناسراون و نزیکی ڕووداوەکەیە، دوور نییە پۆلیس بۆ ئێرەش بێن.
ماڵێکی باش نزیکمان بوون، چێشخی ئەوان نزیک بوو، هەموو لەسەریان دەنووستن،چوومە لای ئەوان تا نیوەشەو، کە دەنگێ نەبوو، ئیتر چووم لە دالانی ئەو ماڵە نووستم، تا بەرەبەیان، بە تاریک و ڕوون چوومە دەرەوە و بەرەو جولەکان کەوتمە ڕێ، لە ڕێگا تاکەتاکە هاوڕێیانم تووش دەبوو، کە لە ماڵاندا بوون و دەگەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان. چوومەوە بۆ ماڵی هاوڕێ عومەر، ئەویش وتی:
– هەر خەمی تۆم بوو.
ئەو هەواڵانەی بیستبووم ئەویش وتی ڕاستە، هەروەهاهەواڵی گیرانی زۆر برادەری تری دامێ ، باسی ئەوەی کرد کە لە [illegible] کەریم و حەمەقادری چایچی زۆر دراوە و براون بۆ خەستەخانە. چایخانەکەی خالم هەر لەبەر گومرکەسووتاودابوو، لەبەر ئەوە گرتبوویان کە لەو کاتەدا لەوێ بوو، بەڵام میرزا کەریمیان بەهۆی کوڕەکانیەوە گرتبوو.
دوای ئەو خۆپیشاندانە نەک ڕاپەڕین و شۆڕش، بەڵکو خۆپیشاندنێکی تری واش نەتوانرا بکرێتەوە، لە جیاتی ئەوە بڕیار درا، ڕۆژانی هەینی پاش بەتاڵبوونی نوێژی هەینی، لەبەر مزگەوتی گەورەدا یەک دوانێک دروشم بڵێن و هوتاف بکێشن، گوایە بۆ وریا کردنەوەی خەڵک و بڵاوکردنەوەی دروشمەکانی حیزبە، بەڵام کاربەدەستانی ڕژێم وایان بڵاودەکردەوە کە حیزبی شیوعی دوژمنی دینی ئیسلامە و دەیەوێت نوێژی هەینییان لێ تێک بدات. چونکە یەک دوو جار ئەوە کرا، نوێژکەرەکان لە ترسی ئەوەی تووشی گیروگرفت نەبن لە کاتی هوتاف کێشاندا ڕایان دەکرد و دەشڵەژان و سەریان لێ تێک دەچوو.
هەر لەو هاوینەدا عوسمانی مستەفا خۆشناو خەبەری بۆ ناردم(ئەو برادەرە تەتەرەی

كە دەمانناردِ بۆ چوارتا ) ئێستا لێرە نییە، نامە و بەیاننامان ئامادەیە و پێویستە بە نزیکترین کات بیانتێرین بۆ چوارتا، دەبێ تۆ بیبەیت.
هەرچەند چوارتام نەدیبوو، بەڵام ئەوسا لەناو حیزبدا(نەء) نەبوو، خێرا وەڵامم دایەوە کە ئامادەم. پێچراوەیەکی گەورەی دامێ و وتی:
- چوارتا بچووکە، هەر کە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیت هەواڵی دوکانی(عەبدوڵا چنگیانی) بپرسە، ئەو دوکاندارە باوکی هاورێ کەریمە، ڕێکخەری چوارتایە، ئەو شتانەی بدەرێ و چی هەبوو بیهێنە بۆم. وە لەبەر ئەوەی لای دوژمن ناسراویت لە گەراجەوە سوار مەبە، گەر کرا لە ڕێگاوە سوار بە.
لە سەرووی مزگەوتی گەورە ڕاوەستام، نزیک نیوەڕۆپاسێکی شەق و شڕ دەچوو بۆ چوارتا، بەتاڵ بوو، منیش سوار بووم، کوشنی بەردەم هی پشتی کورسیەکەی پێشەوە دڕابوو، بەیانەتەکانم خستە ناو کوشنەکەوە، هەرچەندە لە ڕێگا پشکنین نەبوو، بەڵام لە ترسی ڕێکەوتێک و ڕوودانی پشکنین. بە هەزار حاڵ و بە چەندان ڕاوەستان نزیک ئێوارە گەیشتینە چوارتا، کە دابەزیم یەکسەر ملی ڕێگای بەرەو بازاڕم گرتە بەر، بە ڕێکەوت تووشم بوو بە هاورێ عەلی بۆسکانییەوە، پاش سڵاو و چاک و چۆنی پرسی:
- خێرە؟
- دەچم بۆ دوکانی باوکی کەریم چنگیانی، دوکانەکەشی نازانم لە کوێیە.
ئیدی تێگەیشت و وتی:
- خەمت نەبێ من دوکان و ماڵەکەشیان دەزانم، جارێ وەرە ناو چادرەکەم چایێ بخۆرەوە، ئینجا خۆم دێم لەگەڵت.
ئەو چاوەدێری کرێکارانی دایەرەی ئیشغال بوو، ڕێگا و بانیان چاک دەکرد، چادرێکی هەڵدابوو، لەوێ دەژیا. پاش پشوودان و چا خواردنەوە، چووین بۆ دوکانی کاک عەبدوڵا ، دوکانەکەی داخرابوو، لە دراوسێکەیمان پرسی وتی:

- چووه بۆ مزگەوت بۆ نوێژی ئێواران.
چووینە ماڵیان، تەنها هاوسەرەکەی کاک کەریم لە ماڵ بوو، وتی:
کەریم چووە بۆ چنگیان بۆ سەر زەراعەت و باوکیشی لە مزگەوتە ئێستا دێتەوە، فەرموو دانیشن.
منیش شتەکانم دایە، وتم:
- هی هاوڕێ کەریمە، تا دێتەوە لە جێگایەک بیشارەوە. هەرچەند وتی:
- دەبێ دانیشن.
هاوڕێ عەلی وتی:
- ئەمە برا و برادەری منە، دەمێکە یەکتریان نەدیووە، دەبێ ئەمشەو لای خۆم بێت.
هەڵسایین چووینەوە بۆ ناو چادرەکە. بە قسەی خۆش و گفتوگۆی سیاسی شەومان درەنگ کرد، پێش نووستن، پێشنیارێکی کرد:
- بەیانی زوو سەعات شەش لۆرییەکی ئێمە دەڕوات بۆ ئەزمڕ، بەردمان بۆ دێنێ، لەگەڵ ئەودا بڕۆی باشە، هەم بەیانی زوو لێرە دەردەچیت و پۆلیس و جاسوس ناتبینن، هەمیش پارەی ئۆتۆمبێلەکە بۆ حیزب دەمێنێتەوە.
پێشنیارەکەیم پەسەند بوو، بەیانی زوو سواری لۆرییەکە بووم، پیاوێکی باڵا بەرزی تەمەن چل ساڵەش سوار بوو، من لە ئەزمڕ دابەزیم و لەسەر ڕێگاکە دانیشتم بۆ ئەوەی گەر ئۆتۆمبێلێک بەرەو سلێمانی تێپەڕی سوارم کات، کابراکەش لەولامەوە دانیشت و هەر تەماشای دەکردم، بە ڕاستی زۆر لێی ترسام، زۆر دانیشتم ئۆتۆمبیل هەر نەهات، بڕیارم دا بە پێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. کەمێ ڕۆیشتم، ئاوڕم دایەوە بینیم کابراش وردە وردە لە دوامەوە دێت. زۆرتر ترسام، ئینجا وەک سوکە ڕاکردنێک دەڕۆیشتم و ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتم کابرام لێ ون بوو، لە نیوەی ڕێگاش بەولاوە خەڵکی دێهاتیم پێ دەگەیشتن، میوەیان دەبرد بۆ شار، ئیتر دڵم ڕەحەت بوو، ترسم نەما. نزیک بوومەوە لە گەڕەکی شێخان، هەموو لەشم تۆزاوی بوو، بڕیارم دا لە

پێشدا بچم بۆ مزگەوتی گەورە، دەموچاوم بشۆم و جلەکانم بتەکێنم. کە چوومە ناو حەوشەی مزگەوتەکەوە، چەند پۆلیسێکم بەملا و بەولای حەوشەی مزگەوتەکەدا بینی ڕاوەستابوون، شکم بۆ هیچ نەچوو، چووم دەموچاو بشۆم، لە کاتی خۆتەکاندندا، دوو پۆلیس پەلیان گرتم و وتیان :

- وەرە بۆ لای جەنابی مفەوەز.

مفەوەزەکە لە دەرەوەی مزگەوت، لەناو پیکابێکدا دانیشتبوو، بێ پرس و ڕا، یەکسەر دامیانە بەر زللە و شەق و وتی:

- سەگباب، دوێنێ عالەمت شێوان، ئیمڕۆش هاتویتەوە بیشێوێنی؟

- چی بشێوێنم؟

خستمیانە ناو پیکابێکەوە و بردیانم بۆ سەرا، دووبارە لێیان دام، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا وتیان:

- دوێنێ، لە کاتی تەواوبوونی نوێژی هەینیدا وتارت خوێندوەتەوە و نوێژکەرەکانت نارەحەت کردووە و قسەت بە حکومەت وتووە، ئەمڕۆش هاتوویتەتەوە دووبارەی بکەیتەوە.

لە دڵی خۆمدا وتم: ( دیارە دوێنێ هاوڕێیان تەقاندویانەتەوە) ، من حاشام لەو شتە کرد، لە پاشدا ئیفادەکەی من و هی پۆلیسیان نارد بۆ لای حاکم، بۆ ئەوەی بڕیاری بەندم بدا. باش بوو حاکم بە ویژدان بوو، پێشتر خێرخوایەک هەواڵی دابوو بە پۆلیس و حاکم کە کوڕێکی باڵابەرز و چاوێکی خێل بووە کە بەو کارە هەڵساوە، حاکم وتی:

- ئەم نە چاوی کلی پێوەیە و نە باڵاشی بەرزە.

لەبەر ئەوە بڕیاری بەندکردنی نەدام و بەرەڵا کرام. کە چوومە لای هاوڕێیان، مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە، وتیان:

- ڕاستە، دوێنێ هاوڕێ عەزیزی تەنەکەچی، لەبەر مزگەوتی گەورەدا وتاری حیزبی

خوێندبووەوە، عەزیز چاوێکی نەختێ خێل بوو، باڵاشی بەرز بوو.
دوای ئەمەش و لە سەرەتای ساڵی 1955 دا دوو سێ جاری تر لەگەڵ شەهیدان ئەحمەد مارف و عەلی بۆسکانی و عەلی فەوتاو و برادەرانی تر بۆ ماوەی مانگ و دوو مانگ دەگیراین و ئازاد دەکراین.
ساڵی 1955 لە دژی بەستنی پەیمانی بەغدا لە زۆر شاری عێراقدا خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورە گەورە دەکرا، لە شاری سلێمانیشدا، خۆپیشاندانێکی گەورە کرا، لەناو بازاڕدا تەقە لە خۆپیشاندەران کرا. هاوڕێ بەکری ئەحمەدی خەیات شەهید کرا، بە دەیان هاوڕێتیش گیران. پۆلیس بۆ داپۆشینی ئەو تاوانە، شەهید ئەحمەد مارفیان تاوانبار کرد بە کوشتنی ئەو ڕۆڵە قارەمانەی حیزب، بەڵام لە دادگادا دەرکەوت کە ئەحمەد مارف تەقەی نەکردبوو، وە نەیانتوانی شاهیدی ڕێک و پێک دروست بکەن بۆ سەلماندنی ئەو تاوانە لەسەر ئەحمەد مارف.
ئیتر لە دوای ئەو خۆپیشاندانەوە، توانای خۆپیشاندانی تر نەما ئەو سیاسەتە تازەیەی حیزب گرتبوویە بەر، لە کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنفراسی دووهەمی حیزبدا ساڵی 1956، کە حیزب یەکی گرتەوە و (رایە الشغیلە و وحدە النظال) کە دوو ڕێکخراوی شیوشی کەرتکار بوون، خۆیان هەڵوەشاندەوە و هاتنەوە ڕیزی حیزب و سەرکردایەتی حیزب هەڵبژێردرا، شەهیدی نەمر هاوڕێ(سەلام عادل) بوو بە سکرتێری حیزب، ئەو سیاسەتە چەوتەش لابرا و ڕێگا و شوێنی ڕێبازی نوێ و ڕاست و دروست بۆ تێکۆشانی داهاتووی حیزب دانرا.

## بەرەو با چووم بۆ بۆنی گوڵ
## درک و داڵ چوقینەپێم!
## بەرەو وارشۆ هەنگاوم نا
## سجن و جیاییش هاتنە ڕێم!

ساڵی 1955 ، ساڵی فیستیڤاڵی جیهانی لاوان و قوتابیان بوو لە وارشۆ، پایتەختی پۆڵۆنیا . حیزبمان لە هەموو عێراقدا دەست بە کار بوو بۆ هاوبەشی کردن لەو فیستیڤاڵە. لە شاری سلێمانیشدا لیژنەی خۆئامادەکردن بۆ ئەو فیستیڤاڵە بە سەرپەرشتی حیزب پێک هات . ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و نەقابە نهێنییەکانی کرێکارانی سلێمانی، کەوتنە جموجوڵێکی زۆر باشەوە، بۆ کۆکردنەوەی جل و بەرگ و شتی دەستکردی کوردی و کۆکردنەوەی پارە، هەروەها بە دەیان کۆبوونەوەی فراوان لە ماڵاندا کرا بۆ ئەو مەبەستە، وە چوار کۆبوونەوەی فراوانی جەماوەریی لە (تانجەرۆ) و(دەباخانەکە) و(قلیاسان) و (سەرچنار) کرا و بە دەیان لاوانی تێدا بەشدار بوو، جگە لە وتار و شیعر و سرود و گۆرانی و هەڵپەرکێ.

لەو تێکۆشان و جموجوڵەدا من بە تاوانی ئەوەی کە دژ بە ڕژێمی پاشایەتی جموجۆڵم هەیە گیرام و درام بە دادگا، هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراویان نەبوو دژم، تەنیا ئەوە بوو کە جاسوسەکان سوێندیان خواردبوو کە شیوعیم و گێرەشێوێنم.!!

لەبەر ئەوەی لە پۆلیسەوە داواکرابوو ، حاکم حوکمی دام بە ساڵێک لەژێر چاودێری پۆلیسدا بووم. دەبوو هەموو ڕۆژێک سێ جار بچوومایە بۆ مەخفەری پۆلیسی سەرشەقام بۆ سەلماندنی هەبوونم لەوێدا، بەڵام ئەمە زۆر ڕێگای لە تێکۆشانم نەدەگرت و بەردەوام بووم، پاش ماوەیەک لە حیزبەوە ئاگادار کرامەوە کە

هاوڕێ(حسێن عارف)ی چیرۆکنووس ، نوێنەری قوتابیانە و منیش نوێنەری لاوان، دانراوین بە ناوی سلێمانییەوە بچین بۆ وارشۆ.
ڕۆژێک پێش ڕۆیشتن بۆ بەغدا، لەگەڵ هاوڕێ حسێن دا ڕێککەوتین، کە ئەو لە ئۆتۆمبێلدا جێگای دوو نەفەر بگرێت و بێت بۆ دوکان بە دوامدا، ئەو کاتە دوکانەکەمان نزیک بیناکەی میرزا تۆفیق بوو، لای قادرمەکانەوە، شاگردی مەدهۆش بووم. پێش نیوەڕۆ هاوڕێ حوسێن هات و وتی:
- ئۆتۆمبێلەکەمان لەولا ڕاگرتووە.
هەر لە دوکان جلە کوردییەکانم گۆڕی و ڕۆیشتین، ئەوسا لە ڕێگا پشکنین و لێپرسین نەبوو، لای ئێوارە گەیشتینە بەغدا و لە میوانخانەیەکی هەرزاندا جێگامان گرت، بۆ سبەینێ پەیوەندیمان بە حیزبەوە کرد، ئاگادار کراین کە دەبێ چاوەڕوان بین تا دوو پاسپۆرتمان بۆ پەیدا دەکەن تا پێی بگەینە سووریا. دوو هەفتە چاوەڕوان بووین، زۆریش دواکەوتبووین، فیستیڤاڵەکە نزیک ببووەوە، پاش دوو هەفتەکە شەهید (دکتور صفا حافظ) هات بۆ لامان و یەک پاسپۆرتی بۆ من هێنا و وتی:
- بە داخەوە ئەم دانەیەمان بەم پەلە پەلە پەیدا کرد، دەبێ هاوڕێ حسێن بگەڕێتەوە.
بە ڕاستی من لە هاوڕێ حسێن زیاترم پێ ناخۆش بوو، بەڵام دەسەڵات نەبوو. کاک حسێن لەگەڵ مندا مایەوە تا ئەو ڕۆژەی بۆ شام بەڕێیان کردم. بە پاس ڕۆیشتم ، ماوەکەی بیستوچوار سەعات بوو. بەڵام نە خۆم شارەزای سەفەر بووم و نە کەسیش ڕێگای پیشان دام، نە پارەی عێراقیم گۆڕییەوە و نە شتم کڕی بۆ ڕێگا. لە هەر چایخانە و لۆقنتەیەکی سووریی دادەبەزین هیچیان پێ نەدەفرۆشتم چونکە لیرەی سوورییم پێ نەبوو، ئەو ماوە دوور و درێژە هیچم نەخوارد. لە یەکێک لە چایخانەکاندا چاوم بە شەهید دکتۆر صفا کەوت لە قەمەرەیەکدا بوو لەگەڵ چەند برادەرێکی تردا، پێش من گەیشتبووە سووریا، بەڵام ئەو خۆی لێ تێنەگەیاندم و

منیش قسەم لەگەڵدا نەکرد. لە بەغدا نامەیەکی بچوکیان دامێ و پێیان وتم، هەر کە لە گەراج دابەزیت، تاکسی زۆرە ، داوا بکە بتبەن بۆ (مطعم بردا)، کە دابەزیم، بە تەکسییەکەم وت سەری ڕاوەشاند و ڕۆیی، بە دوانی تریشم وت هەر هەمان شت، ناچار بە ڕێگاکەدا هەر دەڕۆیشتم و دەستم لە تەکسی بەرز دەکردەوە، سێ چوار لاو لە نزیکمەوە دەڕۆیشتن و گفتوگۆیان دەکرد، گوێم لە ناوی خالد بەگداش بوو، لە دڵی خۆمدا وتم دیارە ئەمانە شیوعین، لە یەکێکیانم پرسی وتی: وەرە با بڕۆین لێرەوە زۆر نزیکە. پێنج دەقیقەی نەبرد، دەستی بۆ ئەوبەری جادەکە ڕاکێشا و وتی ئەوەتا، سەیری تابلۆکەم کرد خۆی بوو، سوپاسم کرد و چوومە ئەوێ، لە پێشدا بەشی دوو نەفەر نانم خوارد، زۆر زۆرم برسی بوو، لە پاشدا لە شاگردەکەم پرسی:

- عێراقی لێیە؟

دەستی بۆ تاقمێک درێژ کرد وتی:

- ئەوانە عێراقین.

خۆم پێ ناساندن، ئەوانیش بردیانم بۆ میوانخانەی(یبرود)، ژمارەیەکی زۆر زۆر عێراقی لێ بوو، برادەرێکی خەڵکی سلێمانیشی لێ بوو، ئەندامی پارتی دیموکرات بوو، لە ئێوارەدا برادەرێک بە ئۆتۆمبیل بردمی بۆ گازینۆیەکی هاوینی خۆش، چەند برادەرێکی لێ بوو ، پرسییان:

- نامەت پێیە؟

نامەکەم پیشان دان. ئینجا وتیان:

- بە داخەوە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

- بۆ؟

- پێری کەشتییەک هات، هەر برادەرێک لێرە بوو سواریان کرد و ڕۆیشتن. ئیتر کەشتی تر نایەت. وە ئێستاش نزیکەی 200 برادەر لێرەن، دەبێ هەموو بگەڕێنەوە، زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو.

پاش یەک دوو ڕۆژ، کۆمەڵ کۆمەڵ ڕێکیان خستین بۆ گەڕانەوە، من و شەش برادەری بەغدادی کە دوانیان کوردی فەیلی بوون، دانراین پێکەوە لە ڕێی حمص و حەما و حەلەبەوە بڕۆینەوە و بە شەمەندەفەر بڕۆین بۆ موسڵ.
ناوی میوانخانەیەکیان داینێ لە حەلەب کە سەر بە حیزب بوون،وتیان بچن بۆ ئەوێ، ئەوەک شتێ بێ و پێویست بکا تەلەفۆنتان بۆ بکەین، کە گەیشتینە حەلەب و چوینە میوانخانەکە، پاش سەعاتێ لە شامەوە تەلەفۆنیان کرد و وتیان:
- بە داخەوە ئێوە زوو ڕۆیشتن، هەر شەو دوای ئێوە کەشتییەکی تر هات و چی برادەر لێرە بوون ئاگادار کران و ڕۆیشتن.
دوو ئەوەندەی تر داخ چوو بە دڵماندا و تا نیوەشەو هەر لێکمان دەدایەوە.
لە حەلەب سواری شەمەندەفەر بووین بۆ موسڵ. لە نزیک سنووری سوریا- تورکیا، ئەفسەری سووری هاتن بۆ پشکنینی پاسپۆرتەکان، کە هاتە لای من لێی پرسیم:
- کەی هاتووی بۆ سووریا؟
- نزیکەی دوو هەفتەیە.
- ئەی بۆچی (دخولیە)ت نەداوە لە پاسپۆرتەکەت. ئیتر برادەران هاتن وتیان، نەخۆش بووە و یەکسەر چووەتە خەستەخانە و ناشارەزایە و یەکەم جارە هاتووە نەیزانیوە بیبات دخولیەی لێ بدات. پاش مشت و مڕێکی زۆر، هەر دەیگوت دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ شام، پاشان ڕازی کرا وازمان لێ بهێنێ. لە سنوور، شەمەندەفەرەکەمان گۆڕی و سواری شەمەندەفەری تورکی بووین، سەرچاوەی ئاوی دیجلەمان بینی، لە سنووری تورکیا. عێراقیش شەمەندەفەر گۆڕدرا بە هی عێراقی.
لە ڕێگا مفەوەزێکی عێراقی لە کاتی پشکنیندا زۆر لە خۆم و پاسپۆرتەکەم ورد بووەوە، پاسپۆرتەکە زۆر ئاشکرابوو، کە ساختەیە، بەڵام هیچ قسەی نەکرد، لە بەیانیدا، پاش دوو شەو و دوو ڕۆژی ڕێگا گەیشتینە موسڵ. ئەو ماوەیە زۆر کەم خەوتین و زۆر ماندوو ناڕەحەت بووین، هەر ئەو بەیانییە بە بێ پشوو، ئەوان بەرەو

بەغدا و منیش بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ، لە هەولێریش نەمامەوە، یەکسەر بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بۆ سلێمانی. لە ئێوارەوەختێکی درەنگدا گەیشتنە سلێمانی. چوومەوە ماڵی خزمان، خوشکم و براکەم پێیان وتم کە پۆلیس تەنگی پێ هەڵچنیبوون، هەر هاتوون و هەواڵی منیان پرسیوە.
هەر ئەو ئێوارەیە حیزبم ئاگادار کردەوە لە گەڕانەوەکەم، پاش نانخواردنی ئێوارە زۆر ماندوو بووم، خەوم لێ کەوت. پاش چەند سەعاتێک هاوڕێ(فوئادی مەجید بەگ) ، هات بۆ لام، لەگەڵ براکەمدا هاتبوون قسەم لەگەڵدا بکەن و هەڵم بستێنن، بەڵام من هۆشم نەبوو بوو، ئەوان پرسیاریان لێ کردبووم و منیش هەر بە عەرەبی وتبووم رفیق محمد، ئەوانیش پێکەنیبوون و وازیان لێ هێنابووم بۆ ئەوەی تهێنی ڕێگا بە عەرەبی باس نەکەم.
بۆ سبەینێ، هاوڕێ فوئاد هاتەوە بۆ لام و کردی بە بەزمێک نەبێتەوە، هەر لە ڕێگاوە وتی:
- ها رفیق محمد چۆنی؟
بەسەرهاتەکەم هەمووی بۆ گێڕایەوە و ئەویش بە حیزبی ڕاگەیاند. بۆ ماوەی دوو هەفتە خۆم لە ماڵی خزمان شاردەوە، بەڵام بە ڕۆژ لەناو ماڵدا ئۆقرەم نەدەگرت، هەر دەچوومە ناو بازاڕ و لای برادەران و چایخانە تایبەتییەکان کە برادەرانی لێ دادەنیشتن، لە پڕ لەبەر گومرکە سوتاوەکە گیرام، پاش لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەوەی بۆ لە چاودێری ڕام کردووە و لە کوێ بووم، درام بە دادگا، لەسەر ڕاکردنەکەم دوو مانگ حوکم درام و پاشان دەستبەسەرییەکەمیان گوێزایەوە بۆ ناحیەی(چبایش) لە پارێزگای ناسریە.

## ژیان لە مەنفای(چبایش)

پاش تەواوکردنی دوو مانگ حوکمەکەم ڕەوانەی گرتووخانەی پۆلیسی کەرکوک کرام، لەوێ چەند جارێک مفەوەزەکان ئەیاندامە بەر زللە، دەیانووت بۆ ڕات

کردووە، پاش دوو ڕۆژ بە شەمەندەفەر ڕەوانەی مەرکەزی پۆلیسی بەغدا کرام، دوای هەفتەیەک لەگەڵ چوار گیراوی تردا کە یەکێکیان خەڵکی سلێمانی بوو ناوی ئەحمەد ڕەمزی بوو ، بیست ساڵ لەسەر مەسەلەی کوشتن حوکم درابوو، ڕەوانەی ناسریە کراین. هەر لە بەغدا معاونی پۆلیس بەو پۆلیسانەی وت کە ئاگایان لە من بێت لە دەستیان ڕا نەکەم.

لە ناسریە، منیان نارد بۆ گرتووخانەی پۆلیس و ئەوانیان نارد بۆ زیندان، دوای چوار ڕۆژ ناردیانم بۆ قەزای(سوق الشیوخ) لە مەرکەزی پۆلیس پێیان وتم:

– دوو ژوورمان هەیە، یەکێکیان کۆمەڵێ ئاغا و پیاوی دەوڵەمەنی لێیە، ئەوی تریان یەکێکی شیوعی لێیە، لای کامیان داتنێین؟

– لای شیوعیەکە.

ئەو برادەرە ناوی(عدنان شمخی) بوو، چاوێکی کوێر بوو ،شیوعییەکی ئازاو دڵسۆز دیار بوو، ئەو چەند ڕۆژە خزمەتێکی زۆری کردم و باسی چاپیشی بۆ کردم و دەیوت ڕێکخراوی حیزبی تێدا بوو، بەڵام نەیدەزانی ماوە یان نا.

پاش ماوەیەک لەگەڵ دوو پۆلیس بە پێ بەناو شاردا بەرەو گەراج ڕۆیشتین، بۆ ئەوەی بچین بۆ ناحیەی(فهود) ، دەستێکم لە کەلەبچەدا بوو، زنجیرێکی درێژی پێوە بوو، سەرەکەی تریشی بە دەست پۆلیسەکانەوە بوو، نوێنەکانی خۆشم دابوو بە کۆڵما، پۆلیسەکە خێراتر دەڕۆیی، وەک سەگ ڕابکێشی وا بوو، لێی توڕە بووم و پۆلیسەکەی تریش یارمەتی دام زنجیر و کەلەبچەکەیان کردەوە، لەناو بازاڕدا، دوو سێ ژنی گەنج و پیر لە پۆلیسەکەیان پرسی:

ـ ئەو منداڵە کوردە بۆ گیراوە؟

پۆلیسە خراپییەکەیان یەکسەر وتی:

– حەرامییە(واتە دزە). قیژانم و وتم:

– حەرامی نیم و شیوعیم.

نیتر ژنەکان دەستیان کرد بە جنێودان بە پۆلیسەکە و بە حکومەتیش. خەڵکی ناو بازاڕ نەبوایە لە پۆلیسەکانیان دەدا هێندەیان ڕق هەڵسابوو، دیار بوو کەس و کاری شیوعی بوون، چونکە ئەوسا زۆر شیوعی لەو ناوچەیەدا هەبوو.
لە ناحیەی فهود نەیانهێشتمەوە، یەکسەر ناردیانم بۆ مەخفەری دێی (گەرمە بنی سعید)، شەوێک لەوێ مامەوە، بۆ سبەینێ لەگەڵ یەک پۆلیسدا سواری بەلەمێکیان کردین، من و پۆلیسەکە و بەلەمەوانەکە بووین، لە پێشدا بە سەوڵ لێدان، ئینجا کە هەوا هەڵی کرد، ئەو بەلەمە لە ئۆتۆمۆبیل خێراتر دەڕۆیی، لە دەریای پان و بەریندا، بە هەموو لایەکدا تا چاو بڕی دەکردهەر ئاو بوو، لای نیوەڕۆ گەیشتینە جێگایەک وەک دورگە وابوو، پارچە زەوییەکی بچووک بوو، مەخفەرێکی پۆلیسی لێ بوو بەس.
لەوێ لاماندا و نانمان خوارد و پاش سەعاتێ کەوتینەڕێ، تا ئێوارەیەکی درەنگ بەڕێوە بووین، ئینجا گەیشتینە هۆری حەمار، شەو لە مەخفەری پۆلیس مامەوە و بەیانی زۆر زوو کەوتینە ڕێ، پاش نزیکەی سەعات و نیوێک گەیشتینە ناحیەی چبایش.
لە بەلەمەکە دابەزین و بە چەند پێپلیکانەیەکدا گەیشتینە سەر جادەکە، پۆلیس وتی:
- هێشتا دەرگای پۆلیسخانە نەکراوەتەوە، زووە، با بچینە ئەو چایخانەی بەرامبەرمان و چا بخۆینەوە و پشوو بدەین.
چەند منداڵێک لەسەر جادەکە بوون، کە منیان بینی شەرواڵێکی کوردی و کراسێکم لەبەردابوو، بە عەجەمی، عەجەمی دوامان کەوتن، من زۆرم لا ناخۆش بوو، دانیشتوانی چایخانەکە منداڵەکانیان دوورخستەوە.
لە کاتی نانخواردندا بووین، یەکێ لە دانیشتوەکانی چایخانەکە لێی پرسیم:
- خەڵکی کوێیت و چ کارێکت دەکرد؟

– خەڵکی سلێمانیم و خەیاتم. کابرا پێکەنی و وتی:
– منیش خەیاتم و ئەوە دوکانەکەمە بە تەنیشت چایخانەکەوە. خەیاتی چیت؟
– چاکەت و پانتۆڵ.
– زۆرباشە ، وەرە لای من کار بکە.
– جا حکومەت ڕێگەم دەدات کار بکەم.
– بەڵێ. پار کوڕێکی کوردی سلێمانی لێرە بوو، لێفەدروو بوو ، ئەوساڵە هەر لێفەی دەدووری، ناوی ئەورەحمان بوو.
– کەمێک شەل بوو ؟
– ئا ، ئا بۆچی دەیناسی؟
– برادەرمە و لە گەڕەکێکین.
ئیتر دڵم خۆش بوو، وتم هەم وەختم لێ دەڕوا و هەمیش پارەیەک پەیدا دەکەم، بە کابرام وت:
– ئامادەم کار بکەم.
– با پێشەکی بچین بۆ دوکان بزانم کارەکەت چۆنە. چاکەتێکی دامێ ، وتی.
– قۆڵەکانی پێوە بنێ.
کە دووریم زۆری لا جوان بوو، ئینجا یەخەی چاکەتێکی دامێ، ئەویشم دووری، هەر لای باش بوو، ئینجا وتی:
– یاسای ئێرە وایە، تۆ لەم دوکانەی مندا کار بکەی، هەموو خەرجی دوکان و شتەکان لەسەر منە، ئەوەی تۆش پەیدای دەکەی دەبێ نیوەی بدەی بە من. منیش ڕازی بووم . پاش ئەم قسانە لەگەڵ پۆلیسەکەدا چووین بۆ سەرا، لەوێ پێیان وتم:
– دەبێ ڕۆژی سێ جار بێی بۆ ئەم ژوورە، لەم دەفتەرەدا ئیمزا بکەیت کە لێرەیت.
ئینجا کاتبەکە وتی:
– لەبەر ئەوەی کە هێشتا جێگات نیە، هەر لێرە لەسەریان لە نزیک پۆلیسەکانەوە

بنوو. پۆلیسێکی تر وتی:
- ئێمە سێ کەسین لێرە بە شەریکی پێکەوە نان دەخۆین تۆیش لەگەڵماندا بژی.
چارم نەبوو، قایل بووم. پێیان ڕاگەیاندم کە معاونی پۆلیسی ئەو شوێنە کە گەورەی هەموو پۆلیسەکانە کوردە و پیاوێکی زۆر باشە، ئەمەیانم زۆر پێ خۆش بوو، بردیانم بۆ لای معاون، بە کوردی قسەمان کرد و وتی:
- ئاگات لە خۆت بێت، جموجۆڵی زیاد مەکە با تووشی دەردیسەری نەبی.
خەڵکی هەولێر بوو، ژن و منداڵیشی لەگەڵدا بوو. لێم پرسی.
- دەتوانم لێرە خەیاتی بکەم؟
- خەیاتی؟
- بەڵێ.
- زۆر باش دەتوانی.
چرومەوە دوکانی خەیاتەکە و دەست بە کار بووم، هەر زوو نامەم بۆ ماجدی برام نووسی و داوام لێ کرد زوو بە زوو قالبی چاکەتبڕینم بۆ بنێرێ، لەسەر کاغەزی تەنک بیبڕێت، چونکە بڕینم چاک نەدەزانی.
ماوەیەک کارم کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەگەڵ پۆلیسی ناو سەرادا دەژیام و پێم خۆش نەبوو، هەرچەندە پیاوی هەژار و بەستەزمان بوون، بەڵام هەر لام گران بوو.
چبایش هەر ڕاستەجادەیەکی تێدا بوو، چەند ڕیزە دوکان و سەرای حکومەت و ماڵی موچە خۆر و کاربەدەستان و دەوڵەمەندەکانی لێ دروست کرابوو، ئیتر هەر چوار لای ئاو بوو، ماڵەکان لەناو ئاودا لە قامیش دروست کرابوون و بە بەلەم هاتوچۆی ماڵان و بازاڕیان دەکرد. دوو قوتابخانەی سەرەتایی کچان و کوڕانی لێ بوو، پۆستخانەی لێ بوو، بەڵام هەفتەی یەک ڕۆژ بە بەلەم لە ناسریەوە نامە و شتیان دەهێنا، تیمارخانەیەکی بچووکی تێدا بوو.
جگە لەو چەند دوکانە، خەڵکەکە بە ڕاوە ماسی و حەسیر دروستکردن و خورما

دەژیان. بەشێکی زۆر لە چەوساوەکان ڕاوەماسییان دەکرد و بە نرخێکی هەرزان دەیاندا بە بازرگانەکان، ئەوانیش بە کۆمەڵ و بە پارەیەکی زۆر زیاتر دەیاننارد بۆ قورنە و بەسرە، میللەتێکی هەژار و چەوساوەو دواکەوتووبوون. دەرەبەگەکان، دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری سەرەکی بوون و کوڕەکانیان کاربەدەست و موچەخۆری ڕژێم بوون.

لە مانگی حەوت و هەشتدا گەرما و مێشوولە تەنگ بە دانیشتوان هەڵدەچن، زۆر لە پیاوەکان، منداڵ و گەورە لە نیوەڕۆدا لە تاو گەرما بۆ چەند سەعاتێ دەبوو بچونایەتە ناو دەریاکەوە، ئافرەتانیش لە ماڵەوە دەچوونە ناو تەشت و شتی واوە، لە کاتی کار کردندا دەبوایە بە دەستێ باوەشێنی خۆمان کردبایە بە دەستێکیش کار.

پاش نزیکی مانگێک، ئێوارەیەک بێ تاقەت بووم لەسەر لێواری ئاوەکە پیاسەم دەکرد و تەماشای ڕاوچییەکانم دەکرد. کوڕێکی گەنج، لە خۆم گەورەتر بوو، هاتە لامەوە و وتی منیش خەیاتم و دوکانەکەم لەو خوارەوەیە، ئینجا وتی:

– لای ئەو پیاوە چۆن کار دەکەی؟

– بە نیوەیی.

– من ژنم نەهێناوە هەر خۆم لە ماڵەکەمدا دەژیم و خواردنیش خۆم دروستی دەکەم، بۆچی تۆش نایەیتە لای من، بۆ لە سەرا و لای پۆلیسدا دەژیت؟

– ئاخر لە ڕێوە هاتم ئەو کاری پێ دام، ئێستا پێم شەرمە بەجێی بهێڵم.

– من ناوم(هاشم چیچان) ە ، ئەخۆش بووم چوومە لوبنان، خەڵکی شیوعیم زۆر بینی، خۆشم دەوێن، لێرەش یەک دوو شیوعی هەن دێنە دوکانەکەم، بێیتە لای من باشترە و هەر بە نیوەیی کارم بۆ بکە.

زۆر بیرم کردەوە، ئەمەیان زۆر باشتر بوو بۆ من، بە تایبەتی مادەم شیوعیەکان دەناسێ، وتم :

– باشە قسە لەگەڵ ئەو خەیاتە دەکەم و دێم بۆ لات.

بۆ سبەینێ بە وەستاکەم وت:
- من زۆر نارەحەتم لە سەرای حکومەت بژیم، نابێ لای خۆت جێگەم بکەیتەوە.
بە ماتییەوە وتی:
- ماڵەکەم یەک سەعات بە بەلەم لێرەوە دوورە، ژن و مناڵێکی زۆرم هەیە و جێگای زیادم نییە.
- کەوایە دڵگران مەبە، دەچم لای هاشم کار دەکەم، چونکە ئەو جێگای هەیە و لای ئەویش دەژیم. زۆری لا ناخۆش بوو . بەڵام من هەقم بوو، وتی:
- باشە ، چۆنت پێ باشە وا بکە.
ڕۆژی دوای ئەوە چوومە ماڵ و دوکانی هاشم، هەر لەو ماوەیەشدا لە سلێمانییەوە قالبی چاکەتبڕینەکەم پێ گەیشت، خەڵکێکی زۆر زۆر ڕوویان تێ دەکردین، بە نیسبەت ئەوێوە باشترین چاکەت دروو بووم، ئەوەی چاکەتی بهێنایە ، کەواکەشی دەهێنا ، بەڵام کەواکەی هاشم دەیدووری، هاشم لە سێ لاوە قازانجی دەکرد، کە بەم جۆرە بوو: یەکەمیان نیوەی دەسکەوتی من، دووەم کەوای بۆ دەهات بۆ خۆی دەیدووری، سێهەمیان خەڵکێکی زۆر کاریان بۆ دەهێناین، کە بەردەوام 20-25 چاکەتمان لا بوو، خەڵکی وا هەبوو مریشکی ئاوی و خورمای تازەیان بە دیاری بۆ دەهێناین تا نەختێ پێشیان بخەین، هاشم دەوڵەمەند بوو، خێرا ژنی هێنا ، لەبەر ئەمە بەشەو لە دوکانەکەدا دەنووستم، بەڵام بۆ خواردنی سێ ژەمە هەر لە ماڵی ئەوان نانم دەخوارد. لە پاشدا دوکانێکم بەکرێ گرت هەر بۆ شەو نووستنم. کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆ بە دەستی ئەنقەست مەعاشەکەیان بۆ نەدەناردم کە حەوت دینار و نیو بوو، کە زۆر زۆر بوو، بە قەدەر مەعاشی پۆلیسێکی ئاسایی بوو. بەڵام بە پارەی خەیاتییەکەم دەژیام و لێشم زیاد بوو. پاش هەفتەیەک، کە چوومە لای هاشم، ڕۆژێک پیاوێکی 30 ساڵە هاتە دوکان ناوی(سەعید) بوو لە خزمانی دەرەبەگەکان بوو، بەڵام خۆی هەژار بوو، خوێندەوار و زانا بوو، هاشم وتی:

- ئەم برادەرە شیوعییە. پاش تەوقە و چاک وچۆنی وتم:
بەیان و شتی حیزبییەت لایە؟
- نەء.
- بۆ،ئەی شیوعی نیت و شتت بۆ نایە؟
- چەند مانگێک پێش ئێستا هاورێیەکی خەڵکی ناحیەی(مەدینە) لێرە مامۆستا بوو، ئەوسا هەموو شتمان هەبوو، کۆبوونەوەشمان هەبوو، کە ئەو گوێزرایەوە، ئیتر ئێمە چەند برادەرێکین بچراوین.
- ئەی لە مەدینە یان قرنە و بەسرە کەس ناناسن؟ یان کە ئەو برادەرە ڕۆیشت حیزبی ئاگادار نەکردەوە؟
- لە (مەدینە) چەند برادەرێک دەناسم.
- ئەی بۆ ناچی پەیوەندی بکەیت؟
- پارەم نییە بۆ هاتوچۆ.
- ئەگەر من پارەت بدەمێ دەچی؟
- بەسەر سەر دەچم.
نامەیەکم بە ناوی خۆمەوە بۆ مەسئولی حیزب لە بەسرە نووسی، داوای پەیوەندی حیزبییم کرد، ئەو برادەرە نامەکەی برد بۆ (مدینە) لەوێ مایەوە، نامەکە نێردرا بۆ بەسرە، پاش یەک هەفتە سەعید هاتەوە بە کۆمەڵێ بەیانات و نامیلکەیەک لەسەر مەسەلەی کورد. یەکێک لە بەیانەکان لەسەر راپەڕینی خەڵکی ئێران بوو لە شاری(سەردەشت ) ساڵی .1956 ئینجا دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی برادەرە پچراوەکان و ڕاکێشانی خەڵکی تر بۆ ڕیزی حیزب، شەو بە بەلەم دەهاتن بە دوامدا و دەرۆیشتین بۆ ماڵان، بۆ کۆبونەوە و هەندێ جاریش هەر بۆ میواندارێتی. خەڵکێکی باشمان لێ کۆبووەوە.. لەو ماوەیەدا لە سلێمانی و بەدرە و شوعەیبەوە لە لایەن خزمان و برادەرانەوە نامەمان بۆ یەکدی دەنارد، منیش بێ بیرکردنەوە،

هەرچی نامەیەکم بۆ دەهات هەڵم دەگرت، هەروەها جاروبار شیعرم لە دژی ڕژێم دەنوسی، هەموویم لە دوکانەکەم کە کردبووم بە ماڵ هەڵگرتبوو.

ڕۆژێک لای ئێوارە پاش کارکردن، بێ تاقەت بوم لە گوێی ئاوەکە پیاسەم دەکرد و تەماشای ماسیگرەکانم دەکرد، پۆلیسێک هات بۆ لام وتی:

- وەرە بۆ سەرا، معاون بانگت دەکا. لە دڵی خۆمدا وتم من پێش سەعاتێ لە سەرا بووم، دەبێ معاون منی بۆچی بێ؟ بەیانێک لە گیرفانمدا بوو بە بیانووی چوونە سەر ئاوەوە بە پۆلیسەکەم وت:

- تۆ بڕۆ وا دێم. بە دیارمەوە ڕاوەستا تا چوومە ژێر پردەکە، بەیانەکەم لە ئاوەکەدا گووشی و ورد ورد کرد و فڕێم دا. بەڵام لە دوکان نامیلکەکە و ئەو هەموو نامە و شیعرانەی لێ بوو، کە چووینە سەرا یەکسەر منیان خستە سجنەوە، پاش چارەکێ پۆلیس داوای کلیلی دوکانی لێ کردم،

- بۆ؟

- دەیپشکنین.

- دەبێ خۆشم بێم. یاسای پشکنین وایە. ڕۆیشت و پاش نیو سەعات هاتەوە و وتی:

- وەرە لەگەڵمان.

ئەو کاتە بوو بوو بە شەو ، لە دوکانیش کارەبام نەبوو، چرایەکی ئەوتیم دانابوو، کە هێنایانمە دەرێ، بەر دەرگای سەرا پڕ بوو بوو لە خەڵک، هەموو ئاسیاوەکانیشم هاتبوون، لەگەڵ دوو پۆلیسدا بەرەو دوکانەکەم ڕۆیشتین، خەڵکەکەش دوامان کەوتن، ئەوسا وەک خەڵکی ئەوێ دیشداشەیەکم لەبەردا بوو، پشتێنێکی قایشم بەستبووە پشتم، کە دەرگای دوکانەکەم کردەوە، تاریک بوو، پێش ئەوەی چراکە هەڵکەم نامیلکەکەم خستە باخەڵمەوە، کە چراکەم هەڵکرد، پۆلیسەکان مەشغوڵی پشکنین بوون، نامیلکەکەم دەرکرد و دستم درێژ کرد بۆ ناو خەڵکەکە، کەس لێی

وەرنەگـرتم، هاشـمـیش لەوێ بوو، قـەدەرێ ڕام گـرت هەر بۆ ئەوەی وەری بگرن، برادەرێکی تازەمان هەبوو کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند و عەشیرەتدار بوو، قوتابی ناوەندی بوو، قۆڵێکی بڕابووەوە، لە پشتەوە بوو، خۆی کێش کردە پێشەوە و لێی وەرگرتم و خۆی ون کرد، پۆلیسـەکان هەموو نامە و شیـعرەکـانیـان گرت، بەڵام بەیانات و شتی حیزبی تێدا نەبوو، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ سەرا، وتیان :

- ئەو نامانە چین؟

- هی برا و خزمەکانمە.

خـرامـەوە گـرتوو خـانەی پۆلیس، ئەو شـەوە لە داخی ئەو کـەمـزانیـیـەم خـەوم لێ نەکەوت، لە شیعرەکان دەترسام کە بیخوێننەوە و لەسەری تاوانبار بکرێم، هیچیان لێ نەپرسیم.

بۆ ڕۆژی دوایی هاشم هات بۆ لام ، یەک دیناری لام بوو، داوای لێ کـردم، منیش یەک فلسم پێ نەبوو، پێم وت:

- بڕوا بکە هیچم پێ نییە بۆ چا و جگەرەش، ها ئەوە سەعاتەکەم لەباتی دینارەکە هەڵی گرە.

شـەرمی کـرد، لێی وەرنەگـرتم، بەڵام هـیـچی نەدامێ بۆ ڕێـگا و وردەخـەرجی، لەو وابوو ئیتر ناگەڕێمەوە.

دیار بوو مـعاونەکە تاقەتی نەبوو نامە و شیعرەکان بخوێنێتەوە، ئەگینا بە خۆمی هەر دەووت کە شیعرەکان دژی حکومەتن، هەروەها هیچیش لێی نەپرسیم لەسەر چی گیراوم.

لە پاش دوو ڕۆژ بە بەلەم ڕەوانەی سوق الشیوخ یان کردم، لەوێشەوە بۆ ناسریە و پاش شـەوێکیش لەوێ بە شەمەندەفەر بەرەو بەسرە نێردرام. بێ ئەوەی بزانم چی ڕوویداوە و بۆچی منیـان بۆ بەسـرە ناردووە، بێ چایی و جگەرەییش نارەحـەتی کردبووم. لە دوای دوو ڕۆژ بە کەلەبچە کراوی لە گرتووخانەی پۆلیسەوە بردیانم بۆ

سەرا، بردیانە ژوورێک، گەنجێکی 30 ساڵەی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر لە پشتی مێزەکەوە دانیشتبوو، دوایی بۆم دەرکەوت کە مفەوەزی لێکۆڵینەوەی جینائیی بەسرەیە، کە دەکاتە مفەوەزی ئەمنی ئێستاکە. بە کوردی وتی :

- هەتیو خەڵکی کوێیت؟ هەرچەند شێوەی قسەکردنەکەیم پێ ناخۆش بوو، بەڵام چونکە کورد بوو زۆرم لا گران نەبوو، لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگبێ یارمەتیم بدات.

- خەڵکی سلێمانیم.

- کارت چییە؟

- خەیاتم.

- عومەر شەیدای خەیات دەناسی؟

- خزمێکی نزیکمەو براکەشم ئێستا لای ئەو شاگردە.

- کام شاگردیان؟

- ماجد

- عومەر وەک برام وایە ، برادەرێکی زۆر نزیک و خۆشەویستمە. حسێن عارف چۆن دەناسیت و بۆچی نامەت بۆ ناردووە.

- خەڵکی شار و گەڕەکێکین و برادەریشمە و نامەی چاکوچۆنی و هەواڵ پرسینم بۆ ناردووە.

- ئاخر ئەو شیوعییە و لە شعبیە سەربازە. ئەی ئەم هەموو نامانە چییە پێت گیراوە.

- هەموو نامەی برا و خزم و ناسیاوەکانمە، هیچی خراپی تێدا نییە.

سەیری هیچیانی نەکرد. ئینجا من وتم:

- پێنج مانگە لە چبایشم هێشتا مەعاشم وەرنەگرتووە، بەڵکو بێ زەحمەت تەلەفۆن بکەن پارەکەم بۆ بێت، قەرزارم و جگەرەیەکیش و هیچیشم نییە. بە توڕەییەوە وتی:

- چۆن بۆیان نەناردووی؟ دەبێ ئاگاداریان بکەم.
پۆلیسێکی بانگ کرد، نیو دیناری دایە کە پێنج پاکەت بکڕێ، کە هاتەوە پاکەتەکان و 250 فلسی دامێ، من لە پێشا وەرم نەگرت، وتی:
- برای خۆم من براتم، مادەم خزمی عومەری یانی برای منی، عەیب و عار نییە، جگە لەوەش کوردم، دەبێ وەریبگری. حەز دەکەی کە پارەکانت بۆ هات بمدەرەوە.
منیش ڕازی بووم و بە سوپاسەوە لێم وەرگرت.
ئینجا نامەکان و لاپەڕەیەکی پڕ کردەوە و دای بە پۆلیسێک و وتی:
- لەگەڵ ئەم کوردەدا بیبە بۆ حاکم. پۆلیسەکە چووە ژوورێ، حاکم منی لەبەر دەرگا دانا، پاش نیو سەعات حاکم کتابێک و هەمرو شتەکانی دایەوە بە پۆلیسەکە و وتی:
- تەبریە بووە.
منیان گێڕایەوە بۆ گرتوخانەی پۆلیس، وتیان دەگەڕێتەوە بۆ چبایش و نامەکانیش لەوێ وەری دەگرێتەوە.
لەوێ زانیم کە نامەی من لای حسێن عارف لە شعیبە گیراوە. ڕۆژی دوایی گەڕانیانەوە بۆ ناسریە و لەوێشەوە بۆ سوق الشیوخ. لەوێ پێیان وتم:
- معاونەکەی چبایش هاتووە بۆ مەعاشی ناحیەکە و دوو سبەی دەگەڕێتەوە بە ماتۆڕی ئاوی، وتوویەتی تۆیش لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ چبایش.
زۆرم پێ خۆش بوو لەباتی ئەوەی دوو ڕۆژ بە بەلەم، بە چەند سەعاتێک بە ماتۆڕی ئاوی دەگەینە جێگا.
ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتین، بردیانم بۆ لای معاون، ژنەکەشی لەگەڵدا بوو، زووتر چاکەتێکم بۆ ژنەکەی و قاتێ چاکەت و پانتۆڵم بۆ کوڕەکەی دووریبوو، زۆر زۆریان پێ خۆش بوو کە بە بێ سزا گەڕامەوە. یەکسەر معاونەکە وتی:
- مەعاشی هەر پێنج مانگەکەشت بۆ هاتووە. کە چووینەوە ئەوێ وەری دەگریت.

نیتر هەر بە جارێک گەشامەوە. کە گەڕامەوە، هاشم و برادەران و ناسیاوان هەموو هاتن بۆ لام و کردیان بە هەلایەک نەبێتەوە. هاشم بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی زۆر خۆشی ساز کرد، گۆرانی(هەچەع) و دوبەڵەک لێدان و شتی وەها.. پارەکانم هەموو وەرگرتەوە و هەموو نامە و شیعرەکانیش، هەر زوو هەموو نامەکانم سوتاند و شیعرەکانم شاردەوە و سوودم لە هەڵەی پێشووم وەرگرت بۆ شاردنەوە و ئاگاداری لەوەدوا.

برادەرە بێ قۆڵەکەش هاتە لام، پێی ڕاگەیاندم کە هەر یەکسەر دوای لێوەگرتنی نامیلکەکە بە بەلەم چووەتە دێیەکی دوور بۆ ماڵی خاڵی و شتەکەی شاردۆتەوە و خۆیشی تا چەند ڕۆژێ لەوێ ماوەتەوە، ئەوەکو پۆلیس پێی زانیبێ، بەڵام نەیانزانیبوو. لە پاشان نامیلکەکەی بۆ هێنامەوە.

بە ئازاد بوونم و وەرگرتنەوەی نامەکان و پارەکانیش خەڵکی تر زیاتر لێمان نزیک بوونەوە و دۆست و برادەری حیزبی زۆرتر بوون و ئیشی خەباتیشمان لە جاران زیاتر بوو.

ڕۆژێک لە جادەدا لەگەڵ یەک دوانێک پیاسەمان دەکرد، لەو کاتەدا ماتۆڕی ئاوی لە (مدینە)وە هات پڕ بوو لە نەفەر، یەکێک لە برادەرەکان وتی:

– لەناو ماتۆڕەکە، دوو کەسی تێدایە عەرەب نین، لەتۆ دەچن. دیارە بۆ لای تۆ هاتوون.

گاڵتەم لێ هات، چونکە کەس ئاگاداری نەکردبووم کە دێن بۆ لام. پاش کەمێ کە دابەزین، بەرەو ڕوومان هاتن سەیرم کرد ماجدی برامە، لەگەڵ برادەرێکی خۆیدا(تەهای حاجی مەحەممەدی کولەک). پاش ماچ و مووچ و تەوقە و باوەش کردن بە یەکدا، چووینەوە بۆ ماڵی هاشم، شەوێک پێکەوە ماینەوە، بەیانی زوو هەڵسان بڕۆن، نەمهێشت و پێم وتن:

– ئەم هەموو ڕێگەیاتان بڕیوە لە سلێمانیەوە بۆ چبایش بۆ تەنیا یەک شەو!

- نازانین چۆن تۆ لەم جەهەنەمە خۆت دەگریت؟
هەموو لەشیان بوو بە لیرک هێندە مێشولە پێوەی دابوون. پاش نانخواردنی بەیانی ڕۆیشتنەوە. بۆ هاتنەکەیان چەندم لاخۆش بوو ، بۆ ڕۆشتنەوەیان هێندەم پێ ناخۆش بوو ، وەک خەوێک وابوو.
هەموو شەوێک برادەران دەهاتن بۆ لام، یان من دەچووم بۆ لایان، جیا لە کۆبوونەوەی حیزبی، میوانداری و قسەی خۆشمان دەکرد. ماسی تازە و خورمای تازەیان زۆر بۆ دەهێنام. جارێک لە ماڵی برادەرێک بووم، باوکێکی زۆر پیری هەبوو، کە منی بینی هاتە پێشەوە و وتی:
- یابە ، انت هم كردي، هم سني، هم شيوعي، انت خطر علينا.
کوڕەکەی و برادەرانی تر زۆریان پێ ناخۆش بوو ، سەعاتێ قسەیان بۆ کرد کە ئەو قسانە هی دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانە و هیچی تر.
شایی و پرسەی چبایش ئەوسا زۆر سەیر بوو ، کە شایی دەکرا، زیاتر لە سەد بەلەمی پڕ لە خەڵک بە ئاوەکەدا دەڕۆیشتن و (ژنەکاولی) لەناو بەلەمەکاندا سەمایان دەکرد و دومبەلەکیان لێ دەدا و گۆرانییان دەوت، چەند سەعاتێ بەم جۆرە دەوامی دەکرد. ئینجا تا بەرەبەیان لە ماڵی زاوا گۆرانی و بەزم دەبوو.
پرسەش هەمان شت، مەیتەکەیان دەخستە بەلەمێکەوە، زیاتر لە 150یان زیاتر بەلەم سوار بە دوایەوە بە گریان و لەخۆدان و تەقەکردن بە ئاسماندا تا ماوەیەکی دوور لەگەڵیدا دەڕۆیشتن.
ئاوی خواردنەوەی پاکی نەبوو ، هی دەریاکەیان دەهێنا ، دەرمانیان تێ دەکرد و خڵتە و شتە سپییەکان دەنیشتنەوە، ئینجا دەیانخواردەوە، بەڵام هەر پیس و خراپ بوو ، زۆربەی زۆریان نەخۆش بوون.
ئەو کاتە خەڵکەکەی زۆر دواکەوتبوون، بۆ نموونە، من لە ماڵی هاشم سێ ژەمە نانم دەخوارد و دادەنیشتم، بەڵام ئێستاش دەمووچاوی ژنەکەیم نەدی، کە من یان

غەریبەیە بچوایەتە ماڵیان، عەبایەکی دەدا بە خۆیدا و پەچەیەکی دەگرتەوە، هەموو ئافرەتە گەنجەکانیان وابوون.
ساڵێکی تەواوم لەوێ بەسەربرد، پێش گەڕانەوەم سەرم لە هەموو ئاسیاوەکاندا و زۆریان دەعوەتیان بۆ کردم و ئاهەنگ و گۆرانیان ساز دەکرد بە بۆنەی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی. ئەوەی جێگای داخە بۆم نەلوا، سەرێکیان لێ بدەمەوە.
بە بەندی گێڕایانمەوە بۆ سلێمانی، بە کەفالەت بەرەڵا کرام. دوو مانگی بەسەرا تێپەڕ نەبوو دیسان لەگەڵ مامۆستا گۆران و ئەواندا گیرامەوە و سێ ساڵ حوکم درام و نێراین بۆ بەندیخانەی باقوبە.

## دیسان بەندیخانە

هێشتا دوو مانگ بەسەر گەڕانەوەمدا بۆ سلێمانی تێپەڕ نەبوو بوو، حوکمی عورفی دانرا بەهۆی خۆپیشاندانی جەماوەری عێراقەوە، بەسەرکردایەتی حیزبی شیوعی بۆ پشتگیری لە گەلی میسر، کە ئیستیعمارەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و دەوڵەتی ئیسرائیل هێرشیان بردبووە سەر. لە هەموو عێراقدا هێرشکردن و گرتن و داپڵۆسین دەستی پێ کرد. لە شاری سلێمانیشدا زیاد لە 63 تێکۆشەری پارتی و شیوعی گیراین، ئەوانەی لە یادم ماون: مامۆستا گۆران، حەمەساڵح دیلان، حەمەی ئەحمەدی تەها، غەفوور ڕەشید داراغا، غەفووری میرزا کەریم، ڕەشۆڵ، ئەحمەد مارف، ئەورەحمانی ساڵحی خلە، ئەحمەد ئازدار، ڕەشید ئەحمەد شانە، ئەحمەد دەرویش دادی، عومەر ئیسماعیل خەیات، کەریم ڕەشید خەیات، قادر عومەر، عوسمان عومەر، روشدی ئەحمەد بەگ، هتد...
پاش نزیکەی دوو مانگ لە گرتووخانەی پۆلیسی سلێمانیەوە، لە پاشدا، یەک یەک و دوو دوو نێردراین بۆ کەرکووک بۆ دادگای عورفی، دادگای چی، هەروەکو شانۆیەکی سەیر وابوو، هەر کەس دادگا بکرایە، ئەو جاسوسەی پێشتر

ئامادەکرابوو، دەهات دەستی بە قورئاندا دەدا و دەیووت ئەمە شیوعییە و گێرەشێوێنە و دژی پاشایەتییە. هیچ ڕێگا بە کەس نەدەدرا بەرگری لە خۆی بکات، یان پاریزەر بەرگری لێ بکات، تەنها حاکم دەیپرسی

- تۆ تاوانباری یان نا؟

لە دواییدا سەرۆکی دادگا دەیوت:

- قسەی ناوێ تۆ شیوعیت ، یان بەرائەت بکە و ئێستا بگەڕێرەوە بۆ ماڵی خۆت، یان حوکم دەدرێیت.

حوکمەکەش بەم جۆرە بوو، سێ ساڵ زیندان بوو، یان 500 دیناری حازر، ئەگەر لەو سێ ساڵەدا هیچی تری لێ ڕوو نەدایە، پارەکەیان دەدایەوە. یان دوو ساڵ زیندان و 300 دیناری حازر.

ڕۆژی 1957/1/1 من بە سێ ساڵ زیندان حوکم درام، بردیانم بۆ زیندانی کەرکوک، لە پاشدا کە دادگای هەموران کۆتایی هات، شەش کەس حوکم دراین و لە زیندانی کەرکووک یەکمان گرتەوە کە ئەمانە بوون: مامۆستا گۆران، ڕوشدی ئەحمەد بەگ، ئەحمەد مارف و من،و شەهید ئەورەحمانی ساڵحی خلە و کەریم ڕەشید یەکی دوو ساڵ حوکمدرابوون.

هەر شەشمان پێکەوە لە ژوورێکی گەورەدا دەژیاین، پاش هەفتەیەک سێ برادەریان لە کەرکووکەوە کە کرێکاری کۆمپانیای نەوت بوون ، یەکی سێ ساڵ حوکمدرابوون کە ئەمانە بوون: تۆفیق ئەحمەد، عەبدولخالق مەلا سەعید، مەحموود فەرەج، ئەوانیشیان هێنایە لای ئێمە و هەموو بە خۆشییەوە پێکەوە دەژیاین.

پاش بەڵێنێک لە ڕێکخەری حیزبی شیوعی لە کەرکووک، نامەیەکمان بۆ هات، نامەکە دوو شتی سەرەکی تێدا بوو، یەکەم: داوایان کردبوو کە لە ناو خۆماندا یەکێک هەڵبژێرین ببێتە ڕێکخەرمان، بۆ ئیش و کاری حیزبی.. دووهەمیش نووسیبووی: لەبەر ئەوەی حیزب پێویستی بە ئێوەیە، ئەگەر خۆتان ڕازین بەرائەت

بکەن و وەرنە دەرەوە. هەموو خاڵی دووهەممان لا سەیر بوو.
کۆبوونەوەبۆ لێکۆڵینەوە لە نامەکە:
یەکەم کەس مامۆستا گۆران قسەی کرد و وتی:
- من ئەم نامەیە بە هی حیزب نازانم، بەڵکو بە نامەی تاکەکەسی دەزانم، وە ئەگەر حیزبیش داوام لێ بکات من بەرائەت ناکەم و نەک سێ ساڵ ئامادەم هەموو ژیانم لە بەندیخانەدا بەسەر بەرم.
ئێمەش هەموومان بێ قسەلەسەرکردن وتمان:
- هەمان رامان هەیە.
نامەیەکی دوورودرێژمان بۆ حیزب نووسی و ڕا و بۆچوونی خۆمانمان لەو بارەیەوە پێشکەش بە حیزب کرد. بۆ خاڵی دووهەمیش بە کۆمەڵ مامۆستا گۆرانمان هەڵبژارد بە ڕێکخەری خۆمان. لە ڕاستیدا گۆرانی ئەمر ڕۆڵی ڕێکخەری خۆی لە بەندیخانەدا لە هەموو سەرێکەوە بینی و جێگای ڕەزامەندیمان بوو.
لەپاش چەند ڕۆژێک برادەرێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان هێنا، هەولێری بوو، ناوی مەلا عەبدوڵا بوو(مەلا ماتۆڕ)، ئەویش دوو ساڵ حوکم درابوو، یان 300 دیناری جازر.. ئەویشیان هێنایە لای ئێمە، زۆر بە خۆشی و ڕێک و پێکەوە دەژیاین، زۆرجار موناقەشەی سیاسیمان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام قەت یەکترمان بریندار نەدەکرد، هەموو ڕۆژێک یاری (دامە)مان دەکرد.. کە دەیدۆڕان تووڕە بوو، مامۆستا گۆرانیش زۆر حەزی لە تووڕەکردنی خەڵک دەکرد، ئێمە گەلەکۆمەکیمان لە مەلا عەبدوڵا دەکرد بۆ ئەوەی بیدۆڕێنێ و ئەختێ تووڕە بێ.
پاش چەند ڕۆژێک کەس و کاری شەهیدان ڕەشۆی ئەحمەد بەگ و ئەحمەدی مارف، پارەکانیان بۆ دان و ئازاد کران و گەڕانەوە بۆ سلێمانی. ئێمەشیان پاش چەند مانگێک نارد بۆ بەندیخانەی(باقووبە).
ئەوسا بەندیخانەی باقووبە پیسترین جێگا بوو، بۆ ئازاردانی تێکۆشەران.

بەشێکی گەورەیان لە زیندانە کۆنەکە، بۆ گیراوە سیاسییەکان دروست کردبوو، ئەو بەشە کرابوو بە چوار بەش. هەر بەشەی نزیکەی 15 ژووری بچووک لەسەر یەک ڕاڕەو دا. ئەوەی بنێردرایە بۆ باقووبە، لە پێشا دەبرایە لای مودیر(علی زین العابدین)، ئەفسەرێکی دڕندە بوو، ئەڵقە لە گوێی ناصر سعید بوو، ئەویش 3 - 4 مفەوەز و عەریفی دڕندەی لەگەڵدا بوو، هەموو زل و بەهێز و ناشیرین، ئەوەی بچوایە لە ڕێوە لێیان دەدا و داوای(بەرائەت)یان لێدەکرد. لە هەمووان زیاتر لە گۆرانی نەمر درا. مودیر لێی چووە پێشەوە، پێی وت:

- بەم پیرییە بۆ دانانیشی بەدەردی خۆتەوە بۆ بەرائەت ناکەیت و بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵت. ئەویش وتی:

- تۆ دەست لە ئازاردانی تێکۆشەران هەڵبگرە.

مودیر بەم قسەیە هەر شێت بوو. لەپاش لێدانێکی زۆر، هەر یەکەمان خراینە ژوورێکەوە بە تەنیا.ئەو ژوورانە هی بەشی یەکەم بوو، پەنجەرەی ژوورەکە گیرابوو، ڕووناکی و ئاسمان دیار نەبوو، شەو و ڕۆژ گڵۆپ داگیرسابوو، ئاودەست لەناو ژوورەکەدا بوو، لە دەرگای ژوورەکەدا دەرگایەکی بچوکی تێدابوو، نانی سێ ژەمیان لەو دەرگا بچووکەوە بۆ دەهانین و پاسەوانەکان لەو دەرگا بچووکەوە جار و بار چاودێرییان دەکردین ، هەر ژووری یەک کەسی تێدا بوو، هەر یەکەی تەنیا دوو بەتانی پێ درا. ئەو ژوورانە هی بەشی یەکەمی سیاسییەکان بوو، هەموو ڕۆژێک مودیر و جەلادەکانی تر دەچوونە سەر بەندییەکان و داوای بەرائەتیان لێ دەکردن و تێر و پڕ لێیان دەدان، هەندێ شەو کە جەنابی مودیر( لە یانە قوماری بکردایە و بیدۆڕاندایە) هەر ئەو شەوە دەچووە وێزەی بەندییەکانی بەشی یەکەم و داخی دڵی خۆی بەوان دەڕشت. ئێمە هیچمان ئاگامان لە یەکتر نەما، پاش ماوەیەک بردیانمە بەشی دووهەم، بەشی دووهەمیش هەر وەک بەشی یەکەم وا بوو، تەنیا دوو شتی باشی تێدا بوو، یەکەم دووان و سیان پێکەوە دەبووین، دووهەمیش لێدان و

ئیهانەی ئەختێ کەمتر بوو، ماوەیەکیش لەوێ بەسەر دەچوو، ئینجا بردیانە بەشی سێیەم، ئەم بەشە لەوانی پێشوو باشتر بوو، چونکە پەنجەرەکان نەگیرابوو، وە ڕۆژێ نیو سەعات دەیانبردینە بەر هەتاو. لە بەشی سێیەمدا بە ڕێکەوت لەگەڵ هاورێ جولەکەکاندا دایان نام، ئەوانیش ئیسحاق میر و یەعقوب میسری(باوکی سروود) و چەند هاورێیەکی تر بوون، زۆر هاورێی چاک و زانا و لێهاتوو بوون، ماوەیەکیش لەگەڵ هاورێیان جاسم حەلوایی و حەمیدی برای و جەلیل ئەسەدیدا بووم. سێ شیوعی ئازا و دلێری(کەربەلا) بوون، شەوێک لە تەقەی دەرگا و زرمەی پۆستاڵ و هەرا هەرا لەخەو خەبەرم بووەوە، کە هەڵسام و چاوم کردەوە، برادەرەکان بەپێوە بوون و مودیر و جەلادەکان هاتنە ژوورەوە، مودیر سەلامی کرد، منیش خەوالو بووم، دەستم هەڵبڕی و وەلامی سەلامەکەم سەندەوە، برادەرەکانی تر وەلامەکەیان سەندەوە، بەلام دەستیان هەڵنەبڕی، مودیر هاورێ جاسم حەلوایی دایە بەر زللە و وتی:

- بزانە ئەم چونکە بە ئەدەب و بە ئەخلاقە جوان سەلامەکەی سەندەوە، بەلام تۆ چونکە ئەخلاقت نیە ، دەستت هەڵنەبڕی.

ئەمەندەم پێ ناخۆش بوو، وەختە شێت بم.کە ئەوان ڕۆیشتن، بە هاورێ جاسمم وت:

- ببورە هۆشم نەبوو دەستم هەڵبڕی، بەهۆی منەوە لێیان دایت.

دەستی کردە ملم و وتی:

- هاورێ گیان لێبوردنی چی و تۆی چی، ئەوان بەتایبەتی هاتن لە من بدەن، بەلام تۆیان کرد بە بیانوو.

جارێکی تر مودیر هاتەوە، کە سەلامی کرد دەستم هەڵنەبڕی، دامیە بەر زللە و وتی:

- تۆش بێ ئەخلاق بوویت.

لە سەرەتای 1958 دا لەگەڵ چەند برادەرێکدا نێردراینە بەشی چوارەم، لە ڕاستیدا

وام دەزانی ئازاد بووم، چونکە دەرگای ژوورەکان لە بەیانی زووەوە تا سەعات 10ی شەو کراوە بوو، هەموو هاوڕێیان پێکەوە بوون. ڕۆژی چەند سەعاتێک دەیانبردینە بەر هەتاو، نان و چێشت، برادەران خۆیان دروستیان دەکرد، کۆبوونەوەی حیزبی و بەیانات و دەنگ و باسی ڕووداوەکانی جیهانیمان پێدەگەیشت.
کە چوومە بەشی چوارەم، ئینجا زانیم کە کاک کەریم ڕەشید و مەلا عەبدوڵلا کەس و کارەکانیان پارەیان بۆ دابوون و ئازاد کرابوون، وە شەهید ئەورەحمان دوو ساڵ حوکمەکەی تەواو کردبوو ئازاد کرا بوو، هەروەها لەوێ لەگەڵ مامۆستا گۆران و برادەرەکانی کەرکووک یەکمان گرتەوە. لەوێش جاروبار مودیری بەندیخانە بە تاقمەکەیەوە دەهاتە لامان، بەڵام بۆ لێدان نا، بۆ سنگ دەرپەڕاندن و خۆنواندن، جارێکیان لە ڕاڕەوەکەدا هەموومانیان ڕیز کرد، مودیر و پیرەکەی هاتن، دوای چەند قسەیەکی هیچ و پووچ، چووە بەردەمی هاوڕێ عەزیز مەحەممەدەوە و لێی پرسی:
- چەندت حوکم ماوە؟
- شتێکی وا نیە، هیچ نیە؟
- ئاخر چەندە؟ هاوڕێ بە هێواشییەوە وتی:
- دە ساڵ.
مودیر بە چەپۆک دای بەسەری خۆیدا و بە دەنگی بەرز وتی:
- دە ساڵی ماوە دەڵێ هیچ نیە، وەڵلا من دە ڕۆژ لە زیندانا ئارام ناگرم.
زۆر جار لەگەڵ مامۆستا گۆران و ئەحمەد حامید و باوکی حیکمەت و ئیسماعیل عارفدا دادەنیشتین و دەمانکردە ڕۆژی خۆمان و برادەرە کورد و عەرەبەکانیش لە دەورمان کۆدەبوونەوە. لە ڕاستییدا زۆر خۆشمان ڕابوارد، تا شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 لە زیندانا بووین.

## شۆڕشی 14ی تەمووز و بەندیخانەی باقووبە.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی 14ی تەمووز، دەرگاکانیان لێ نەکردینەوە وەکو ڕۆژانی تر، تەنها من و برادەرێکی عەرەب کە چایچی خزمان بووین هێنایانینە دەرەوە، پێیان وتبووین زوور بە زوور چا بەسەر برادەرەکانیتانا دابەش بکەن، کەسمان نەماندەزانی مەسەلە چییە؟

پاش سەعاتێک کە چامان برد بۆ هاوڕێی نەمر(زەکی خەیری) پێی وتین:

- بە هەموو هاوڕێیان ڕابگەیەنن، من دوور بە دوور گوێم لە دەنگی خەڵکە هوتاف دەکێشن و باسی هاتنی کۆمار دەکەن و شتی لەم بابەتە.

پێش نیوەڕۆ دەنگە دەنگ و هوتاف کێشان نزیک بووەوە لە بەندیخانە، خەڵکەکە لە ناو ئۆتۆمبێلدا بوون و هاواریان دەکرد بژی کۆماری عێراقی شۆڕشگێڕ ، بژی یەکێتی گەل و سوپا ، بەربوونی زیندانییە سیاسییەکانمان دەوێ و .. هتد.

هەمووومان گوێمان لەم دەنگانە بوو، بۆمان دەرکەوت کە شۆڕش کراوە، چەند پاسەوانێک خێرا چوونە سەربانی بەندیخانەکە و بەسەر خۆپیشاندەراندا بە ئاسماندا تەقەیان دەکرد، ئەوانیش دوور دەکەوتنەوە، ئینجا مودیر و کۆمەڵەکەی بە توورەیی و شپرزەییەوە هاتنە نێو ڕاڕاوەکەو مودیر وتی:

- کودەتا بووە، بەڵام شوکر نوری پاشا سەلامەتە، هاکا هەموو کودەتاچییەکانی لەناوبرد، ئێوەش بە دەردی خۆتانەوە دانیشن، ئەگەر نا هەمووتان ڕەمی دەکەم.

زۆر لەم قسانەی کرد و ڕۆیی، هەمووومان لە بارێکی نەفسی زۆر ناخۆشدا بووین، کەس بە تەمای خۆی نەبوو، بە تەواوییش هێشتا زانیاری تەواومان سەبارەت بە دەرەوە نەبوو. ئەو بڵندگۆ ڕادیۆییەی لە ڕاڕەوەکەدا دانرابوو، ئەو ڕۆژە ئەوەشیان بێ دەنگ کردبوو.

لە پاش دوو ڕۆژ هاوڕێیان توانییان حیزب ئاگادار بکەنەوە لەو بارودۆخەی تێیدا بووین و هەواڵی شۆڕش و شتی تریشمان بۆ هات. لە پاش سێ ڕۆژ لە سەعات 10

ی بەیانیدادەرگایان کردەوە و وتیان هەموو وەرنە ناو ڕاڕاوەکەوە، برادەرەکان زانییان کە چەند ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ دێن بۆ لامان، سێ ئەفسەری لاو هاتن بۆ لامان، شەهید حوسێن هەورامانی کە پێشتر ئامادەکرابوو، هوتافی کێشا و وتی:

- بژی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان.

هەموو بۆمان سەندەوە و دەستمان کرد بە چەپڵە لێدان، یەکێک لە ئەفسەرەکان هاتە پێشەوە و وتی:

- بژین ئێوەی ئازادیخواز.

ئینجا دەستی بە قسەکردن کرد سەبارەت بە شۆڕش و سەرکەوتنی بەسەر ڕژێمی پاشەیەتیدا، لە دواییشدا وتی:

- بەم نزیکانە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەردەچێ بۆ بەربوونی هەمووتان، تا ئەو کاتەی بەر دەبن زنجیری پێی ئەوانەی کە لە پێیاندایە دەشکێ، ڕادیۆ و ڕۆژنامەتان بۆ دێ، خواردنتان بۆ زیاد و باش دەکرێ، شەو و ڕۆژ دەرگا دەکرێتەوە و تا شەو لە گۆڕەپانی بەندیخانەکەدا دەبن و بە ئارەزووی خۆتان چاوتان بە هاوڕێ و خزم و کەس و کارتان دەکەوێ.

بۆ ڕۆژی دوایی ئەو شتانەی ئەو ئەفسەرە باسی کرد هەمووی جێبەجێ کرا، ئەوە بوو هەر لە زاخۆوە هەتا فاو کەس و کاری هاوڕێیان دەهاتن بۆ لامان، لەگەڵ ئەو هەموو شتانەشدا، ئێمە ئەو چەند ڕۆژەی هەتا بەربووین خۆمان بە زیندانی دەزانی و زۆرمان لا ناخۆش بوو. لە ڕادیۆ گوێمان لێ دەبوو کە لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا هاوڕێیانمان خۆپیشاندان دەکەن و جەماوەر هەمووی لە خۆشی و شادیدایە، کەچی ئێمەش هێشتا لە نێوانی چوار دیواردا بووین. زۆری نەبرد تاقم تاقم دەست کرا بە بەردانمان، لەگەڵ یەکەم دەستەدا کە ئازاد بوون مودیر لە کارەکەی دەرکرا و گیرا.

پاش بەربوونی چەن دەستەیەک شەوی 1958/7/28 ناوی هاوڕێ عومەر عەلی

شێخ و بەهادین نوری و عەزیز الحاج و مامۆستا گۆران و من و سێ هاورێ ی کەی کەرکوکی لە ڕادیۆ خوێندرایەوە کە بەردەبین. بۆ بەیانی زوو ئازاد کراین، بەڵام بە بڕیاری حیزب هەموومان چووین بۆ بەغدا و لە ماڵی عزیز الحاج بووینە میوان.
هەر ئەو ڕۆژە لە عەسردا، هاوڕێیەکی باڵابەرزی لاواز هات بۆ لامان، وتیان: جەمال حەیدەری یە، سلاوی کۆمیتەی حیزبی پێ ڕاگەیاندین و دەنگ و باسێکی زۆری بۆ باس کردین، لە ئێوارەدا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون ڕۆیشتین و بە ئێمەیان وت: لێرە دەمێننەوە تا ئێمە دێین بۆ لاتان، مامۆستا گۆران و من و سێ برادەرەکەی کەرکووک ماینەوە. لەو ماوەیەدا هەموو ڕۆژێک بە ڕابەری حیزب لە بەغدا خۆپیشاندانی جەماوەریی دەکرا. ئەو ڕۆژەی سەفیری سۆڤێتی چوو بوو وەزارەتی دیفاع بۆ لای عەبدولکەریم قاسم گەورەترین ڕێپێوان کرا، ڕێپێوەران بۆ ماوەیەکی زۆر سەفیریان بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە خستە سەر شان.
شایانی باسە، بەهۆی بەهێزبوونی حیزبەوە، برایەتی کورد و عەرەب زۆر بەهێز بوو لەو ڕێپێوانانەدا، هەر کەسێکیان بە جل و بەرگی کوردی بدیایە دەیانخستە سەر شان، ئەو ڕۆژە لەگەڵ مامۆستا گۆران و سێ برادەرەکەی کەرکووکدا چووینە دەرەوە لەسەر جادە تەماشای ڕێپێوانەکانمان دەکرد، چونکە من جلی کوردیم لەبەر بوو هەڵیان گرتم، تا ماوەیەک لەسەر شانی چەند کەسێک بووم کە یەکتریشمان نەدەناسی. هەر دوای من کوردێکی تریان خستە سەر شان، بە دیالێکتەکەیدا دیار بوو هەورامییە، بەستەزمانە گوونی کەوتبووە ژێر خۆی و ملی ئەو برادەرەی کە هەڵی گرتبوو، هاواری دەکرد(ئەی باوکەڕۆ گوونم تەقی) خەڵکەکەش وایان دەزانی هوتاف دەکێشێ ، دەیانووت:( بچی )، نەیاندەزانی بڵێن: بژی، تا لە ئێمەش دوور کەوتنەوە ئەو بەستەزمانە هەر هاواری دەکرد و ئەوانیش هەر دەیانووت (بچی)، نازانم چۆن خۆی دەرباز کرد.

پاش یەک دوو ڕۆژ لە حەوشەی ماڵی عزیز الحاج دانیشتبووین لەگەڵ هەموو دانیشتوانی ماڵەکەدا ، ژنێک ،وتیان دایکی هاوڕێ زەکی خەیری یە خۆی کرد بە ژووردا و وتی:

- کوڕەکەم ون بووە ، نەتاندۆزیوەتەوە؟

لە پێشا هەموو سەرسام ماین، ئینجا لێیان پرسی:

- کوڕی چی، کێت مەبەستە؟

- زەکی.

هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین، وتی:

- بۆچی پێدەکەنن، دە ساڵ زیاتر لە زیندان بوو، بەربوو، دوای شەوێک هاتن بردیان، ئەوە چەند ڕۆژێکە هەواڵیشی نازانم. پێیان وت:

- لای حیزبە و بە سەلامەتی دێتەوە.

پاش شەش حەوت ڕۆژ برادەران هاتنەوە، مامۆستا گۆران وبەها و من چووین بۆ ئێستگەی ڕادیۆی کوردی، بەها وتارێک و مامۆستا گۆران و منیش یەکی سەر و شیعرمان پێشکەش کرد.

ڕۆژی 1958/8/10 بەیانی زوو، مامۆستا گۆران و هاوڕێ عومەر و بەها و من و سێ برادەرەکەی کەرکووک بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتین، هێشتا لەناو شاری بەغدا دەرنەچووبووین یەک دوو ئۆتۆمبێل لە برادەرانی سلێمانی گەیشتنە لامان کە بەپیرمانەوە هاتبوون، هەر ماوەیەک دەڕۆیشتین و چەند ئۆتۆمبێلێک ڕایان دەگرتین، پاش ماچ و مووچ سوار دەبووینەوە، بەهۆی ئەم بەپیر هاتنە زۆرەوە لای نیوەڕۆ گەیشتینە کەرکووک، لە تەکیەی تاڵەبانی نان دروست کرابوو، بۆ ئێمەو هەموو بەپیرەوەهاتووانی کەرکووک و سلێمانی. پاش نانخواردن و چەند وتار و قسەیەکی خۆش و قەشەنگ، برادەرانی کەرکووک چوونەوە ماڵی خۆیان و ئێمەوە و ئەوانەی بەپیرمانەوە هاتبوون بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین.

لە عەسرێکی درەنگدا گەیشتین، لای قلیاسانەوە مامۆستا گۆران کە لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوو ئاوڕی دایەوە و بە منی وت:

- مردوت مری، دەموچاوە چلکنەکەت کە بە دوو قالب سابوون پاک نەدەبووەوە، هێندەیان ماچ کردیت پاکیان کردەوە.

منیش وتم:

- خۆ ئێوەشیان بەقەدەر من ماچ کرد، ئەی هی ئێوە بۆ پاک نەبۆتەوە، هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین و شۆفێرەکە وتی:

- بەشەرەفم ئەمە ڕاستە.

## پێشوازی خەڵکی شاری سلێمانی

کە گەیشتینە (مشیراوا) جێگای(ئامادەیی پیشەسازی ئێستا) جەماوەرێکی زۆر زۆر لە پیاوان و ئافرەتان، بە دروشمی تایبەتی خۆیانەوە ڕاوەستابوون و هوتافیان دەکێشا، بەڕێز(نوری مەلا مارف) ئامر حامیەی ئەوسا جێبێکی سەربەتاڵی سەربازی ڕازاندبووەوە، هەر چوارمانی سوار کرد. کچانی شەهید مستەفا خۆشناو (پرشنگ و شیرین) چوار چەپکە گوڵیان پێشکەش کردین و لەسەر بۆدیەی ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەمی ئێمەدا دانیشتن، دانیشتین هەموو بە ڕێز و هوتاف کێشان بەرەو جادەی مەولەوی، کاوە، ڕۆیشتین تا بەر گومرکە سووتاو، لە میوانخانەی(شەمیران) هەموو شت ئامادە کرابوو، ئێمەیان بەسەر شان بردە سەرەوە، لە پەرژینی بانێژەکەی سەرەوەوە، دەست کرا بە وتار و شیعر خوێندنەوە، لە پێشدا نوری مەلا مارف بە ناوی سوپاوە وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد و بەخێرهاتنەوەی ئێمەی کرد، دوای ئەو بەڕێز محەممەدی ئەحمەدی تەها(کامەران) بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وتارێکی جوانی پێشکەش کرد، ئینجا هاوڕێیان عومەر و بەها سەرو وتاریان خوێندەوە، لە پاشدا مامۆستا گۆران و من سەرو شیعرمان خوێندەوە و لە دواییدا هەر یەکەمان بەرەو ماڵی خۆی بەڕێ کراین.

# شۆڕشی 14ی تەمووز و
# دەستپێکردنی ژیان و تێکۆشانی تازەم

هەر دوای هەفتەیەک لەبەربووغان پەیوەندی حیزبیم پێوە کرا، بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بووم بە (ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی حیزب) لە پاشدا خرامە(لیژنەی کرێکاران)ەوە، ئەو ئەندامانەی لە یادم مابن ئەمانە بوون: مامۆستا حەمەسەعید ناکام(ئەوسا کرێکاری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بوو، وە سەرۆکی نەقابەکەش بوو)، قادر ڕەشید(سەرۆکی نەقابەی ئۆتۆمبێلچییەکان بوو)، من سەرۆکی نەقابەی بەرگدرووان بووم، عومەر عەلی قەساب(سەرۆکی نەقابەی بینا و پرۆژەی ئاوەدانی بوو)، شەهید ڕەئوف حاجی قادر، سکرتێری لیژنەکەمان بوو، ئەوسا هاوڕێ عومەر عەلی شێخ سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی بوو. لە پاشدا بە درێژی باسی نەقابەکان و یەکێتی نەقابەکان دەکەم.

پاش مانگێک لەبەربوونم کرامە سەرباز، دەبوو ساڵی 1956 سەربازیم بکردایە، چونکە بە ڕەسمی لە تەسکەرەدا لەدایکبووی ساڵی 1938 م، بەڵام ئەو کاتە لە چیایش دەست بەسەر بووم و دواییش حوکم درام، باش بوو تا کاتی سەربازی مەوالیدی من(بەدەل) مابوو، ئەوەی(100) دیناری بدایە بە حکومەت، لە باتی دوو ساڵ (سێ مانگ) سەربازی دەکرد، منیش بەهۆی برا و خزمانەوە و بە قەرزکردن سەد دینارەکەم پەیدا کرد، سێ مانگ سەربازیم کرد، جا بەهۆی ئەوەی ئەفسەر و عەریف و کاربەدەستەکانی سوپا، زۆریان شیوعی ناسیاوی خۆم بوون وەک: ڕەئیس موستەفا حاجی عەبدوڵلا و عەریف مەجید و ڕەئیس عورەفا حەمەساڵح و .. هتد.

هەموو ڕۆژێک لە سەعات شەشی بەیانییەوە تا سەعات نۆ مەشقم دەکرد و دەگەڕامەوە بۆ سەر ئیشەکەم ، کە خەیاتیم دەکرد. کە سەربازییەکەم تەواو کرد، نەقابەکانیش هەموو دامەزران و ئیش و کاری نەقابەکان زۆر بوون ، بوومە سەرۆکی نەقابەی خەیاتەکان و سەرۆکی یەکێتی هەموو نەقابەکانی پارێزگای

سلێمانی کە نزیکەی 30 نەقابە بوون. داوام لێ کرا خەیاتی نەکەم، بەڵکو ببمە کادری نەقابی موحتەریف، مانگی 12 دینارم لە یەکێتی نەقابەکان وەردەگرت و دەستم لە کاری خەیاتی هەڵگرت، شەو و ڕۆژ هەر خەریکی کاروباری نەقابەکان بووم.

لە ڕۆژی 1960/2/15 ژنم هێنا، کچی پوری خۆم بوو، لەبەر ئەوە ماڵی پوورم هیچ خەرجیان پێ نەکردم و زۆر یارمەتییان دام. هەر لەگەڵ ماڵی باوکمدا دەژیاین، ئەگینا ئەو 12 دینارە بەشی ژیانی نەدەکردین.

لە ئازاری 1960 دا شەهید ڕەئوفی حاجی قادر، کە ئەو کاتە سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمای بوو، ئاگاداری کردمم و وتی:

- ئەمڕۆ سەعات چوار چەند هاوڕێیەک دێنە ماڵی ئێوە.

کە هاتن خۆی و جەلالی میرزا کەریم و شێروان عەلی ئەمین و قادر ڕەشید بوون.

هاوڕێ ڕەئوف وتی:

ـ هەر چوارتان بوون بە پاڵێوراوی لیژنەی مەحەلی، لە پاش شەش مانگ، هەر چوارمان بووین بە ئەندامی لیژنەی مەحەلی سلێمانی.

*..*..*

# کورتەیەک لە سەرەتاکانی
# مێژووی تێکۆشانی نەقابەکانی کرێکاران
# لە پارێزگای سلێمانیدا

# و

# ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لەو تێکۆشانەدا
# 1963-1949

## سەرەتایەکی پێویست

ئاشکرا و ڕوونە کە داگیرکەر، هەر وڵاتێک داگیر بکات، لە پێناوی زیاتر هەڵلوشینی سامان و بەروبوومی ئەو وڵاتە و دەستگرتن بە سەر بازارەکەیدا، ڕێگا نادات سەرمایەی نیشتیمانی ئەو وڵاتە گەشە بکات و فراوان بێتەوە و، هەوڵی گەشەنەسەندن و ئەشوغانەکردنی دەدات. هەر بەو شێوەیەش فەرمانڕەوایانی عەرەب لە عێراقدا، بە گیانی شۆڤێنییانەوە دژ بە ئەتەوەکانی عێراق، نەیاندەهێشت دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد گەشە بکات و سەرمایەداری لە ناوچەی کوردستاندا سەرهەڵبدات. بە تایبەتی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە نۆکەری داگیرکەری بەریتانی بوون (کۆمپانیاکانی نەوت کاتێ لە ژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوون، هەمان شێوە پەیڕەوی سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان لەناو تەواوی کۆمپانیاکاندا لەوەدا دەکرد، بە هیچ جۆرێک نەیاندەهێشت کرێکارە عێراقییەکان فێری کاروباری پاڵاوتنی نەوت و کارکردنی دیکەی نەوت بن، چونکە لەبەرچاویان بوو ئەو نەوتە تا سەر لە دەستیان نابێت. بۆ ئەوەی ئەو کاتە پەکیان بکەوێت لە کاروبارەکانیاندا).
ئەوانەی پاش وەرگرتنی (بەناو سەربەخۆیی) لە عێراقدا جڵەوی حوکمیان گرتە دەست، بوونە جێگری ڕاستەوخۆی بەریتانیای داگیرکەر.
بەڵێ، گیانی شۆڤێنییانەی ئەو حوکمڕانانە بە کردەوە، نەیاندەهێشت پیشەسازی لە کوردستاندا دابمەزرێ، بگرە تەنانەت لەڕووی سیاسیشەوە لە نەخشەکانی میرییدا بۆ دانانی کارگەی جۆراوجۆر لە شارەکانی عێراقدا، شارەکانی کوردستان بێبەش دەکران. تەنیا هەندێ ڕێگای هاتوچۆ نەبێ کە ئەوانیش لە نەخشەی کاری سەربازییدا بوون، وەک ڕێگای هەولێر-ڕایات، و کۆمپانیای نەوتی کەرکووک و هێڵی شەمەندەفەری کەرکووک ـ هەولێر، کە هەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە هەبوون. تا چەند ساڵێکی پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958 بە دەگمەن کارگەیەک لە کوردستاندا بەدی دەکرا، هەر لەبەر ئەم هۆیەش چینی کرێکار

لە کوردستاندا زۆر درەنگ و بە کەمی هاتە کایەوە.

تا ساڵی 1956 کە هێشتا کارگەی جگەرە و تووتن و کارگەی چیمەنتۆ دانەمەزرابوون لە پارێزگای سلێمانیدا ئەوانەی بە کرێکار دەژمێردران لەم بەشانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوتن:

1- کرێکارانی خانوبەرە دروستکردن، بە کرێکارانی ئەو چەند کارگە بچوکانەشەوە کە خشتیان دروست دەکرد.

2- کرێکارانی ڕێگاوبان، کە بە دایەرەی کارپێکردن و نیشتەجێکردن(الاشغال والاسکان)ەوە بەسترابوونەوە.

3- کرێکارانی تووتن چاککردن و پاککردن(تنقیح) کە سەر بە دایەرەی ئینحیسار بوون، بەڵام زۆری نەخایاند میری دایخست.

4- کرێکارانی شارەوانی.

5- فەڕاش و بارهەڵگر(حمال)ی دایەرەکان.

6- شۆفێر و یارمەتیدەرانیان.

7- کرێکارانی پیشەی جۆربەجۆر، وەک شاگرد، نانەوا، پینەدۆز، بەرگدروو، دارتاش، سەرتاش، فیتەر، ئاسنگەر، چایچی و..هتد. ئەمانە لە دووکانەکاندا بە ڕۆژانە و مانگانە کاریان دەکرد.

8- خاوەن(دوکانی پیشەی جۆراوجۆر هەبوون کە خۆیان کاریان دەکرد و ئاستی ژیان و گوزارانیان و دەستکەوتیان زۆر لە کرێکارەکانی دیکە چاکتر نەبوو، ئەوانیش هەر خۆیان بە کرێکار دادەنا و بە کرێکار دەناسران.

لە ساڵەکانی 1949-1950 دا هەژاریی پەرەی سەند، هێنانی کەل و پەلی بێگانە بۆ ناو وڵات و بە هەرزان فرۆشتنی کارێکی ئێجگار خراپی کردە سەر بازاڕی خاوەن پیشەکان، بەرهەمەکانیان شکا و بووە مایەی زیان بۆیان، بە تایبەتی بەرگدروو، پینەچییەکان( ئەوەتا ئێستا بە دەگمەن پێڵاودروویەک دەبینرێت، ئەگەر

هەبێ کاری پینەچێتی دەکا، هەر بەو شێوەیەش ئەمڕۆ لێرە و لەوێ جلوبەرگی ئامادە دەگاتە ناو شارەکان بە تایبەتی (کۆنە) کاری کردۆتە سەر بەرگدرووەکان و ئەوانیش وردە وردە بەرەو کەم بوونەوە دەچن بۆیە ناچارن لە کارگەکانی دروومانندا خۆیان دابمەزرێنن).

لەو سەردەمەدا، تەواوی کرێکاران ڕۆژ تا ئێوارە کاریان دەکرد، واتە(10-12) سەعات، پشووی هەفتانەشیان نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کرێکار وەک کرێکارێک یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتی نەیدەگرتەوە، چونکە بە پێی یاسای ژمارە34ی ساڵی 1936ی ڕژێم هەر کارگە و پرۆژە و دوکانێک کەمتر لە 11 کرێکار کاری تێدا کردبا، بەر ئەو یاسایە نەدەکەوت، بگرە تەنانەت لە ڕووی یاساییشەوە بە کرێکار نەدەناسرا. بە کورتی ئەو کرێکارانە لە هەموو مافێکی ڕەوایان بێبەش کرابوون.

لەو سەردەمەدا، نە بە ئاشکرا و نە بە نهێنی سەندیکایەکی کرێکاری نەبوو تا بەرگریی لە مافی کرێکاران بکات. تاکە ڕووناکی کرێکاران و زەحمەتکێشانیش حیزبی شیوعی عێراقی بوو کە بەهۆی تێکۆشان و قوربانیدانییەوە لە پێناوی چەوسانەوە و هەژاراندا ناوبانگی مەزنیی و پیرۆزی دەرکردبوو. بە حیزبێکی بلیمەت و کۆڵنەدەر و ئازادیخواز ناسرابوو، دژ بە داگیرکەر و ڕژێمی پاشایەتی و دەرەبەگیی و گشت کۆنەپەرستان و لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری جەماوەری زەحمەتکێشدا کۆڕی خەباتی گەرم کردبوو.

بەهۆی خەباتی شۆڕشگێڕانە و نەپساوەی، حیزبمان لەناو کرێکاران و ڕەنجدەراندا، ڕەگ و ڕیشەی پتەوی داکوتا . لەناو هەموو بەشێکی کرێکاراندا چەندان شانە و بازنەی دامەزراند و کادری ئازا و زانا و بەجەرگی لە ڕیزی کرێکاراندا خوڵقاند و پێگەیاند. لەو سەردەمەدا تا دەهات نرخ و بایەخی حیزب لەناو کرێکاراندا پایەدارتر و بەهێزتر دەبوو.

## ڕۆڵی حیزبمان لە مانگرتنی کرێکاراندا

1- باری ژیان و کارکردنی کارگری تووتن چاککردن و پاککردن زۆر خراپ بوو، لە لایەک مووچەیان زۆر کەم بوو، بێبەش بوون لە زۆربەی مافە ڕەواکانیان لە لایەکی دیکەشەوە نەخۆشی پەرەی سەندبوو لەناویاندا و بایەخ بە تەندروستییان نەدەدرا.
هاوڕێیانی حیزبمان و لایەنگرانی حیزبی کە لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد، ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەبوو لە هوشیارکردنەوەی کرێکاران و یەکخستنیان و بەهێزکردنی برایەتییان. هەروەها ڕاپەڕینە مەزنەکەی کانوونی 1948 ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە هوشیارکردنەوەی کرێکاران و ڕاپەڕینیان بۆ سەندنی مافە ڕەواکانیان.
لە کۆتایی ساڵی 1948 و سەرەتای ساڵی 1949 دا بە کۆشش و هەوڵی هاوڕێیان و بە سەرپەرشتی و ئامۆژگاری بەردەوامی حیزبمان توانرا زۆربەی کرێکاران ڕابکێشن بۆ کۆڕی خەبات و کارکردن، کە 200 کرێکار بوون، لەوانە 150یان ئافرەت بوون و پەنجەمۆر و سکاڵا بە هەموویان نووسرا کە بدرێ بە کاربەدستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم داخوازییانەی خوارەوە:

1- پترکردنی مانگانە، هەر یەکەی(50 فلس).
2- دانانی دکتۆری تایبەتی بۆیان و بایەخدان بە تەندروستییان.
3- کردنەوەی دوکانۆچکە و چێشتخانە لەناو کارگەدا.
4- دەرنەکردنی کرێکاران بە ئارەزوو، ئازارنەدانیان.

لە هەمان سکاڵای مۆرکراودا نووسرابوو کە: ئەگەر تا یەک هەفتە داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێن، مان دەگرن لە کارکردن. هەفتەکە تەواو بوو بەڵام کاربەدەستانی کارگە بە هەموو جۆرێک هەوڵیان دا کرێکاران پەشیمان کەنەوە و هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکییان دەکرد لەناو کرێکارەکاندا. بەهۆی هوشیاری سەرکردەی مانگرتنەکەو یەکێتی کرێکارانەوە، هەموو هەوڵێکی کاربەدستان مایە پووچ دەرچوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی حەوتەمی سکاڵانوسینەکە. هەموو کرێکاران لە کارگە کۆبوونەوە، پێش دەستکردن بە کار هاوڕێیەکی حیزبمان کە یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی سەرکردایەتی مانگرتنەکە، دەستی کرد بە قسەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لە لایەن کاربەدەستانەوە مافە ڕەواکانیان پێشێل کراوە، و چار نیە جگە لەوەی مان بگرن و لەسەر داواکردنی مافەکەنیان سوور بن. کە ناوی مانگرتنی هێنا هەموو کرێکارەکان دەستیان کرد بە چەپڵە و هوتافکێشان. هەر هەموو بە کۆمەڵ و بە خۆپیشاندان لە کارگە چوونە دەرەوە، کە نزیکی باخی گشتی بوون، تا پێلیکانەکان (پردەکەی شەقامی مەولەوی )بە خۆپیشاندان ڕۆیشتن، لەوێ بڵاوەیان لێ کرد. مانگرتن چوار ڕۆژی خایاند، لە ئەنجامدا کاربەدەستان ناچار بوون هەموو داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن و کرێکاران بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە سەر ئیشەکانیان، بەڵام پاش چەند مانگێک میریی کارگەکەی بە تەواوەتی داخست.

2- دایەرەی جەنگەڵی سلێمانی لە هاوینی 1949 دا، 35 کرێکاری دامەزراند ڕۆژانەی هەر یەکەیان (150فلس) بوو. ئەم کرێکارانە هەموو بەیانییەک بە کۆڵ(بەڕوو)یان دەدانێ کە لە چیای گۆیژە بیبڕوێن و بگەڕێنەوە، ناویان نابوون کرێکاری بەڕووەکان. لە ناو کرێکارەکاندا شیوعییەک و چەند دۆستێکی حیزبمانی تێدا بوون، لە ماوەیەکی کەمدا تێیانگەیاندن کە چەند زوڵم لێکرا و وبەش خوراون، فێریان کردن کە چۆن یەک بگرن و داوای مافی ڕەوای خۆشیان بکەن. وردە وردە هەموویان ئامادەیی خۆیان پیشان دا کە بە مانگرتن هەڵسن و داوای هەندێک لە مافەکانیان بکەن.

لە پایزی 1949 دا لە کاتی ئیشکردندا لە چیای گۆیژە یەکێک لە کرێکارەکان لە لێپرسراوانی دایەرەکەچووە پێشەوە بە ئامادەبووانی وت: بە ناوی هەموو برادەرانمەوە داواتان لێ دەکەم کە ئەم داخوازییانەمان بۆ جێبەجێ بکەن، ئەگەر نەیکەن مان دەگرین لە کارکردن:

1- پترکردنی ڕۆژانەکەیان لە 150 فلسەوە بۆ 300 فلس.
2- بە ئۆتۆمبیلی میریی بچن بۆ کوێژە و بگەڕێنەوە.

کاربەدەستان لە پێشدا زۆر تووڕە بوون و هەڕەشەیان لێکردن، بەڵام بێ سوود بوو، پاش دوو ڕۆژ مانگرتن، داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ کرا. شایانی باسە ئەو جێگایەی بەڕوویان لێ دەرواند ئێستایش پێی دەوترێ(داربەرووەکان).

## چۆنێتی پێکهێنانی نەقابە و یەکێتییە نهێنییەکان

لە سەرەتای سالی 1952 دا و لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی کرێکاران تێیدا دەژیان، حیزب دەستی دایە لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی دامەزراندنی نەقابە پیشەییە نهێنییەکان بۆ کرێکاران. سەرەنجام ئەو هەوڵ و تەقەلایەی حیزب لە هاوینی 1952 دا بۆ یەکەم جار لە سلێمانی، نەقابەی نانەواکان و بەرگدرووەکان دامەزران، پاشان تا ئابی 1953، ئەم نەقابانەی خوارەوە دامەزران و کەوتنە کارکردن:

1- نەقابەی نانەواکان.
2- نەقابەی بەرگدرووەکان.
3- نەقابەی شۆفێر و یارمەتیدەرەکانیان.
4- نەقابەی ئاسنگەران.
5- نەقابەی دارتاشەکان.
6- نەقابەی پێلاودرووەکان.
7- نەقابەی سەرتاشەکان.
8- یەکێتی قەسابەکان.
9- یەکێتی بەقاڵەکان.

لە سەرەتادا حیزب و کاردرەکان، هەڵمەتێکی ڕێک و پێکی هوشیارکردنەوەیان کرد بۆ باسی نەقابە و سوودی نەقابە و شیکردنەوەی (تێکۆشانی نەقابی) . دوای ئەم

هەڵمەتە، کۆبوونەوەی فراوان کرا بۆ هەر بەشێکی کرێکاران، بۆ ئەندام و پاڵێوراو و دۆستەکانی ناو بازنەی ڕێکخستن لە پێناوی باسکردنی نەقابە و هەڵبژاردنی(3 - 5 ) کەس بۆ لیژنەی سەرکردایەتی نەقابە. پاش لێکۆڵینەوە و لێدووان، بە پێی پێویست و توانا، 3 - 5 کەسیان هەڵبژارد، ئەوانیش لە کەسانی ئازا و خۆشەویست بوون، ئەوانیش لەناو خۆیاندا سەرۆک و سکرتێر و ژمێریاریان دەستنیشان کرد. پاشان لیژنە و کەسانی لێهاتوویان دانا بۆ پەیوەندی کردن بە کرێکارانەوە و تێگەیاندنیان و ڕاکێشانیان بۆ ناو نەقابەکان. بۆ ئەم مەبەستەش لە ماڵان و چایخانەکان و هەندێ جێی دیکەدا(نەقابەی نانەواکان، حەمامێکیان لە پاش نیوەڕۆیەکەوە تا ئێوارە بەکرێ گرت، لەوێ کۆبوونەوەی فراوانی خۆیان کرد و لەوێش لیژنەی نەقابەکەیان هەڵبژارد، حەمامچییەکە پیاوی باش بوو.) کۆبوونەوەی فراوانیان پێکهێنا و کرێکارانیان بانگ کرد بۆ ئەو کۆبوونەوانە کە باسی نەقابە و تێکۆشانی نەقابی و یەکێتی کرێکاران لە عێراق و جیهاندا تێدا دەکرا.

## مەرجەکانی وەرگرتن لە نەقابەدا

چەند خاڵێک لەو سەردەمەدا نووسرابو، وەک پەیڕەوی ناوخۆیی نەقابە و یەکێتییەکان. لە هەموو کۆبوونەوەیەکیشدا باس دەکران کە کرێکارێک ئەم خاڵانەی خوارەوە بە ئەنجام بگەیەنێ و ئەم مەرجانەی تێدا بێتە دی، دەبێتە ئەندامی نەقابە:

1- هەموو مانگێک بە پێی دەستکەوت، ئابوونە بدات بە نەقابە ( نەقابەی نانەواکان لە جیاتی مانگانە، ڕۆژی دە فلسیان لە ئەندامان وەردەگرت و هەر ئەندامێک ڕۆژێک یان پتر ئیشی نەکردبا، ئەو دە فلسەشیان لێ وەرنەدەگرت).

2- هەر بڕیارێک لە لیژنەی نەقابەوە دەربچێت، جێبەجێی بکات.

3- له کۆبوونەوەی بازنەی نەقابە و کۆبوونەوە گشتییەکاندا ئامادە بێت.
4- سەر بە ڕژێم و دایەرە جاسوسیەکانی ڕژێم نەبێت.
5- خووڕەوشتی جوان بێت.

## چۆنێتی ڕێك و پێكی نەقابە و یەکێتییەکان

پاش دامەزراندنی لیژنەی نەقابە، بازنەکان دامەزرێندران، کە هەر بازنەیەک بریتی بوو لە 3 کەس. هەر ئەندامێکی لیژنەی نەقابە چەند بازنەیەکی بەڕێوە دەبرد. کۆبوونەوەی هەفتەیی و گشتییان پێدەکرا. لە هەندێ نەقابەدا ئەندامان بە پێی شوێنی کاریان دابەش دەکران، هەر بەشێک ئەندامێکی لیژنە بەڕێوەی دەبرد. بۆ نموونە شۆفێرەکان، گەراج گەراج دابەش کرابوون. بەرگدرووەکان هی چاکەت و پانتۆڵ دوورین بە جیا و هی جلوبەرگی کوردی بە جیا ڕێک خرابوون. هەر بەو شێوەیەش نانەواکان، گەڕەک گەڕەک و هی دیکەش هەبوون خۆیان چۆنیان بە باش زانیوە وایان کردووە.

## بەرنامەی نەقابە و یەکێتییەکان

هەر نەقابە و یەکێتییەک پرۆگرامێکی بۆ خۆی دانابوو کە بە پێی پێویستی مەبەستەکانیان تێیکۆشن. بۆیە دەتوانین بڵێین ناوەڕۆکی هەموویان بە گشتی لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کۆ دەکرێنەوە:

1- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێکاریی و یارمەتیدانی بێکارە نەقابییەکان بە پێی توانای نەقابە.
2- هەوڵدان بۆ ئەوەی پشووی هەفتانە بە ڕۆژانەوە دابین بکرێن.
3- یارمەتی ئەو کرێکارە نەقابییەی کە بەهۆی خەباتی نەقابییەوە یان سیاسییەوە دەگیرێت.

4- بە پێی توانا یارمەتی کرێکاری نەقابی بدرێت لە کاتی ژنهێنان، یان لێقەوماندا وەک : مردن، کارەسات و شتی دیکە.
5- تێکۆشان لە پێناوی پترکردنی ڕۆژانە و مانگانەی کرێکاران بە گشتی.
6- تێکۆشان لە پێناوی ئەوەی کرێکاران بە بێ هۆ دەرنەکرێن و ئازار نەدرێن لە لایەن خاوەن کارەکانەوە.
7- تێکۆشان بۆ ئەوەی یاسای کرێکارانی ژمارە:34ی ساڵی 1936 تێکڕای کرێکاران بگرێتەوە، با لە (11) کرێکار کەمتریش لە شوێنێکدا ئیش بکەن. واتە تێکۆشان بۆ لابردنی ئەو بەندی یاسای کرێکاران کە دەڵێت: لە 11 کرێکار کەمتر لە شوێنێکدا کار بکەن بە کرێکار ناژمێردرێن.
ئەمانە و چەند خاڵێکی دی کە هەر نەقابەیەک بۆ خۆی بە پێی توانا خەباتی بۆ کردووە. لە ئەنجامی تێکۆشان و کاری پڕ لە کۆششی بەردەوامی هەموو نەقابەکان و یەکێتییەکان، لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی نەقابەکان زۆر گەشەی کرد و ڕیزەکانیان فراوانتر بوون، بە تایبەتی نەقابەی نانەواکان کە توانی هەموو نانەواکان بە وەستا و شاگردەوە ڕابکێشێ بۆ ڕیزی نەقابە، جگە لە یەک دوو وەستای دەوڵەمەند نەبێ کە نەچوونە نەقابەوە.
شایانی باسە کە نەقابە، موڵکی کرێکار و وەستاکان بوو، بە بێ ڕەچاوکردنی بیر و باوری سیاسییان، بۆ نموونە هەندێک لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چوونە ناو نەقابەکانەوە، یەکێکیان ئەندامی لیژنەی نەقابەی نانەواکان بوو، هەروەها برادەرێکی دیکەشیان بوو بە ئەندامی لیژنەی نەقابەی شۆفێرەکان، تەنانەت زۆر لە وەستاکانیش چووبوونە ناو نەقابەکانەوە!
هەر لەو سەردەمەشدا ئەوە بۆ نەقابییەکان ڕوون کرابووەوە کە نەقابە سەنگەر و قەڵغانی کرێکاران و کێشەکانیانە دژ بە چەوسێنەرەکانیان، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت کە زۆر لە خاوەن دوکانەکان(وەستاکان) هەژار بوون

و ئاستی دەستکەوتیان لە هی کرێکارەکان بەرزتر نەبوو، بگرە زۆربەشیان ئەوەندی کرێکار کاریان دەکرد و خۆیان بە بەرژەوەندی کرێکارانەوە گرێ دابوو، زۆریان دەستپێشخەرییان دەکرد لە جێبەجێکردنی خواستی کرێکارەکان. وەک هەفتەی رۆژێک پشوودان و رۆژی 8 سەعات کارکردن . لە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی نەقابەدا دریغییان نەدەکرد هەر بە هۆی ئەم هەڵوێستەشەوە هەندێک لە وەستاکان گەیشتنە لیژنەی نەقابەکانەوە.

## گیانی یەکێتی و هاریکاری لە ناو نەقابەکاندا

لە رێی حیزبەوە و بەهۆی چالاکی سەرۆکی نەقابەکانەوە، گیانی هاریکاری و خەباتگێرانە و پەیوەندی لە نێوان نەقابەکاندا زۆر بەتین و گەشەدار بوو، بە پێی پێویست جاروبار تەواوی سەرۆکی نەقابە و یەکێتییەکان دوو،دوو یان پتر کۆبوونەوەیان دەکرد و لە گیروگرفتی نەقابەکانیان دەدوان و لە کاتی پێویستیشدا بە گەرمی یارمەتی یەکدیان دەدا و هەندێ جاریش هەڵدەستان بە کاری هاوبەش وەک: یادکردنەوەی جەژنی یەکی ئایار و لە بۆنە و یادەکانی دیکەشدا بە تایبەتی لە مانگرتنەکاندا یارمەتی یەکتریان دەدا و دەستی هاریکارییان بۆ یەکدی درێژ دەکرد، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی یەکێتی نەقابەکان هەبوو. ئەو ئەرکە گرنگانەی نەقابە و یەکێتییە نهێنییەکان پێی هەڵسان و ئەنجامیان دا. بە خەباتی ئەپساوە و هەوڵدانی بێ پشووی تەواوی نەقابە و یەکێتییەکان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، توانییان چەندین دەستکەوتی بەنرخ و سەرکەوتن وەدەست بێنن. لەوانەی کە ئێستاش لە یاد ناچنەوە و فەرامۆش ناکرێن و کرێکارانی ئەمرۆش سوودیان لێ وەردەگرن و بەردی بناغەی تەواویان دەستمایەی خەباتگێرانی ئەو رێکخراوە شۆڕشگێرە ئازایانەی ئەو کاتەی پارتیگای سلێمانی 1952-1953 بوو. لەو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی کە دیارن:

1- ژمارەیەکی زۆر کرێکار و خاوەن دوکانی هەژار، چوونە ڕیزی نەقابەکانەوە، بە کردەوەش ئازایانە بەشداری تێکۆشانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان کردووە. شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمە کە لە گۆڕەپانی خەباتدا بوون، بە تایبەتی حیزبی شیوعی عێراقمان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان و جوڵانەوەی ئاشتیخوازان.

( لە ساڵانی 1951-1952دا بە سەرپەرشتی و سەرکردایەتی حیزبی شیوعیمان لە پارێزگای سلێمانیشدا بزوتنەوەی ئاشتیخوازان و یەکێتی لاوان و یەکێتی گشتی قوتابیان و کۆمەڵی پاراستنی مافی ئافرەتان و (یەکێتی مەلا و فەقیە دێمۆکراتەکان) دامەزرابوون و لە کۆڕی خەباتدا بوون.).. هتد.

2- هەرچەندە ئەو نەقابە و یەکێتییانە نهێنی بوون. بەڵام بەهۆی پشتگیری کرێکاران و بەهۆی پشتگیری کرێکاران و بەهۆی ئازایەتی و دڵسۆزی و چالاکی سەرکردەکانیانەوە توانییان چاک خۆیان بچەسپێنن و لە لایەن دۆست و دوژمنەکانیانەوە بناسرێن و شوێنیان بۆ دیاری بکرێ و هەست بە بوونیان بکەن. بۆ نموونە دایەرەی بژێووی(اعاشە) کە دایەرەیەکی ڕژێم بوو، باش دەیزانی نەقابەی نانەواکان هەیە و هاوڕێیانی شەهید: ئەحمەد مارف و ئەوڕەحمانی سالحی خلە و هاوڕێیانی ناسراوی دیکە سەرکردایەتییان دەکەن. هەر ئەمەش دایەرەی بژێوی ناچار کرد بۆ چارەسەرکردنی هەر گیروگرفتێک پەنا بۆ ئەم هاوڕێیانە بیات. چونکە زۆر باش دەیزانی سەرکردە و خۆشەویستی هەموو نانەواکانن و قسەیان ڕەت ناکرێتەوە.

3- ئەم گەشەکردن و دەسەڵات پەیدا کردنە لە ماوەیەکی کەمدا، بوو بە مایەی چەندین دەستکەوت، وەکو بڕیاری ڕۆژێک پشوو لە هەفتەیەکدا بۆ تەواوی کرێکاران. بۆ نموونە نەقابەی سەرتاشەکان بڕیاریان دا ڕۆژانی سێ شەممە کار نەکەن و نانەواکان پرۆگرامێکیان دانا کە هەر نانەوایەک هەفتەی ڕۆژێک پشوو بدات(هەتا ئێستاش نانەواکان و سەرتاشەکان لەسەر هەمان بڕیار لەو ڕۆژەدا پشوو

دەدەن)کە بە جۆرێک ڕێکیان خستبوو، کاری نەدەکردە سەر بێنان بوونی کۆمەڵانی خەڵک، بەوەی کە هەر ڕۆژێک 5 - 6 نانەواخانە کاری نەدەکرد لە هەموو شارەکەدا. ئەوجا نەقابەکانی دیکەش ڕۆژی هەینییان کردە ڕۆژی پشوودانی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانەی ڕۆژی پشوودانیان درایە.

4- ڕۆژی 8 سەعات کارکردن چەسپا و دانی پێدانرا لە هەموو نەقابەکاندا، بە زۆری هێزی سەپاندنی ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێشخەری وەستا نەقابییەکان کە 8 سەعات پتر کاریان بە خۆیان و کرێکارەکان نەدەکرد.

5- بەم جۆرە کار گەیشتە ڕادەیەکی زۆر باش کە توانرا چارەسەری بێکاری بکەن، چ بە دۆزینەوەی کار بۆیان و چ بە یارمەتیدانیان بە پارەی نەقابە.

6- تا ڕادەیەک ڕۆژانە و مانگانەی کرێکاران زیاد کرا بە تایبەتی هی شۆفێر و نانەوا و بەرگدروو و پێڵاودرووەکان.

ئەمانەی سەرەوە کە باس کران، بە کورتی هەندێک دەستکەوتی سەرجەمی چالاکی و خەباتی نەقابە و یەکێتییەکان بوون کە لە ماوەیەکی کەمدا وەدەستیان هێنا و وا لە خوارەوەیش چەند نموونەیەکی زەق و دیاری دەخەینە بەرچاو، لە کاتی خۆیدا ناوبانگی گەورەیان دەرکرد و مایەی شانازی کرێکاران و جەماوەریش بوون.

## نەقابەی بەرگدرووەکان

ئەم نەقابەیە لە تەمەنی خۆیدا توانیویەتی بە گەلێک کاری گرنگ هەڵبستێ، لەوانە زۆربەی بەرگدروو، لێفەدروو، هەلاج، ئوتووچییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و گیانی هۆشمەندییان بزوێنێ و ئاستی هۆشیاری و شۆڕشگێڕییان بەرز بکاتەوە، لە بەکارهێنانی چەکی گەورەی کرێکاران(مانگرتن)بۆ سەندنی مافە ڕەواکانیان لە ڕیزی پێشەوەدا بن.

تا سەرەتای ساڵی 1953 هەموو بەرگدرووەکان(شاگردەکان) ڕۆژانی هەینییش

کاریان دەکرد، واتە پشووی هەفتانەیان نەبوو، بگرە زۆر جار وەستاکان خۆیان دەچوون بۆ سەیران و گەڕان و ڕۆژانی (هەینی) پشوویان دەدا و کرێکارەکانیش کاریان دەکرد. نەقابە بیری لەوە کردەوە هیچ نەبێ لە پێشدا تا نیوەڕۆ کار بکرێ و لە نیوەڕۆ بەولاوە پشو بدرێت، چونکە دەیانزانی یەکسەر داوای ڕۆژێک پشوو لە هەفتەیەکدا زۆرە و وەستاکان ڕازی نابن. ئەمە جگە لەوەی بێکاری هەبوو، بازاڕی بەرگدرووەکانیش کز بوو، زۆریان پێویست بە شاگرد نەبوو.

چاکترین کار لە لای نەقابە، ئەوە بە باش زاندرا سەرەتا کرێکارانی گەورەترین دوکانی بەرگدروو (چاکێت و پانتۆڵ) بەم کارە هەڵبستن کە 8 کرێکار بوون، نەقابە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کرێکاری ئەو دوکانە بەرگەی هەموو ئەنجامێکی خراپ دەگرن و سوور دەبن لەسەر تێکۆشان و داواکەیان تا سەرکەوتن و سەرکەوتنی ئەو دوکانەیش دەبێتە سەرکەوتن بۆ دوکانەکانی دیکە و لە ڕاستیدا ئەنجامەکەشی هەروا دەرچوو.

لە مانگی مارتی 1953 دا ئەو 8 کرێکارە سکالایەکیان نووسی و مۆریانکرد و دایان بە وەستاکەیان و ئەم داخوازییانەیان لێ داواکردن:

1- ڕۆژانی هەینی تا نیوەڕۆ کار بکەن.

2- زیادکردنی ڕۆژانەکەیان بە ڕێژەی 25٪.

بەڵام لە بری جێبەجێکردنی داخوازییەکەیان، وەستاکەیان یەکێکی لە کرێکارەکان دەرکرد، کە سکالاکەی مۆر کردبوو. چونکە باش لای ڕوون بوو کە ئەو کرێکارە سەرکردەی نەقابییانە. لە ئەنجامی ئەمەدا نەقابە بڕیاری دا بە پێی توانا کرێکارانی دوکانەکانی دیکە هەڵبستن بە هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو کرێکارانە. پاش دوو ڕۆژ کرێکاری 13 دوکانی بەرگدروو بە یەکەم دوکانەوە کە ژمارەیان گەیشتە 45 کرێکاری چاکەت و پانتۆڵ دروو، بە کۆمەڵ سکالایان بۆ هەموو وەستاکان مۆر کرد. داوایان کرد ئەگەر هەتا 3 ڕۆژ ئەم داخوازییانە جێبەجێ نەکەن هەموو مان دەگرن و

نیش ناکەن. ئەمانەش داخوازیەکان بوون:

1- زیادکردنی مانگانە بە ڕێژەی 25٪.

2- کرێکارە دەرکراوەکەش بگەڕێتەوە سەر ئیشەکەی و ڕۆژانەی ئەو چەند ڕۆژەشی بدرێتێ.

3- ڕۆژانی هەینی هەر لە بەیانییەوە کار نەکەن و پشوو بدەن و ڕۆژانەیان بدرێتێ.

4- چەند ڕۆژ مانگرتن بەردەوام بێت، دەبێ ڕۆژانەی کرێکاران بدرێت.

سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، وەڵام نەدرانەوە، ئینجا تەواوی کرێکاران لە ئیشکردن مانیان گرت، بۆ دووەم ڕۆژی مانگرتن کرێکارەکان ڕێپێوانێکی بێدەنگیان ڕێکخست. ( چەند کرێکارێکی ئازا و لێهاتوو، لە ئەندامینەقابەکانی دی، دوور و نزیک بە چواردەوریاندا پاسەوانییان لە برا بەرگدرووەکان دەکرد، نەوەک لە لایەن پۆلیسەوە هێرشیان بکرێتە سەر. ) لەبەردەم خەستەخانەی سەرەوەدا لە سەعات 9ی بەیانی کۆبوونەوە و بەرەو دەرگای سەرا بە ڕیز ڕۆیشتن، لەوێشەوە بە شەقامی کاوەدا بۆ شەقامی سەیوان، پاشان گەڕانەوە بەرەو باخی گشتی و سەرەوژوور بە شەقامی مەولەویدا لە بەردەم پێپلیکانەکاندا بڵاوەیان لێکرد. خەڵکێکی زۆریش دوایان کەوتبوون، چەند سیخوڕێکی میریی دوور بە دوور بە دوایانەوە بوون، بەڵام چونکە بێدەنگ دەرۆیشتن نەیاندەزانی چییە، هەر بۆیەش میریی پەلاماری نەدان.

پاشان وەستاکان لەناو خۆیاندا کەوتنە قسە و کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن، زۆر ڕێگایان گرتەبەر بێ سوود بوو، لە ئەنجامدا پاش 5 ڕۆژ مانگرتن وەستاکان ناچار بوون کە بنێرن بە دوای نوێنەری کرێکارەکاندا و پێیان گوتن کە داخوازییەکانیتان بە تەواوەتی بۆ جێبەجێ دەکەین. (تەنیا یەک وەستا ڕازی نەبوو داخوازی کرێکارەکانی جێبەجێ بکات کە دوو کرێکاری لا بوو، یەکێکیان بە قەرز و بە یارمەتی خزمانی دوکانێکی بچوکی دانا و شاگردەکەشی بردە لای خۆی، ئەو دوکانەیش بووە بنکەی

نەقابەکان و کرێکارە شیوعیەکان و تێکۆشانی پیرۆزیان.). کرێکارەکان سەرکەوتووانە چوونەوە سەر کارەکانیان، ئەم سەرکەوتنە کاری کردە سەر دوکانەکانی دیکەش، ڕۆژانی هەینی پشوویان دەدا و نەقابەش تا دەهات لای جەماوەری کرێکاران خۆشەویست دەبوون و هەستیان بە بوون و نرخی خۆیان دەکرد. هەروەها ئەو سەرکەوتنە هاندەرێکی باش بوو بۆ هەموو کرێکارە نەقابیەکانی دیکەی شاری سلێمانی.

## نەقابەی نانەواکان

لە ساڵی 1953دا دایەرەی بژێوی هەبوو، نانەواکانیش زۆربەیان نانی ئیعاشەیان دەکرد، ئەو کاتەی کە نەقابەشیان دامەزراند چالاکی و تێکۆشانی نانەواکان تەنیا ڕوخساری پیشەیی وەرنەگرت بەڵکە شێوە و خەباتی چینایەتی وەرگرت، بەوەی زۆربەی نانەواکان بە وەستا و شاگردەوە وەک (کارگەیەک) ڕووبەڕووی چەوسێنەرەکانیان بوونەوە و پێویستیشە بگوترێ چەوسێنەری ڕاستەوخۆیان دایەرەی بژێوی بوو. لەم ڕووانەوە دەستدرێژی و ئازاردان لێرەوە ئاراستەی کرێکارانی نانەواخانەکان دەکرا. نانەواکان زۆر چالاک و ئازا بوون، نەقابەکەیان بەهێز و توانا بوو، ڕۆڵی باشی هەبوو لە خزمەتگوزاری ئەندامەکانیدا. لەو کارانەی نەقابە کە لەبەرچاو بن و دیار بن ئەمانەن:

1- نەقابە توانی دەستەڵات لە دانانی ڕۆژانەی کرێکاران بگرێتە دەست و هەروەها گۆڕینی شاگرد لە دوکانێکەوە بۆ دوکانێکی تر، لە شێوە و جۆری پشوودانەدا.

2- هەر غەدرێک لە کرێکاران بکرابایە و ئەو گیروگرفتانەی لە نێوان نانەواکان و دایەرەی بژێویدا ڕووی دەدا، نەقابە نوێنەری خۆی دەنارد و چارەسەری بۆ بەرژەوەندی نانەواکان دەدۆزییەوە.

3- نەقابە توانی لە ناو نانەواکاندا بێکاریی نەهێڵێ.

4- بەکارهێنانی چەکی کاریگەر کە (مانگرتنە) بۆ سەرپێشۆڕکردنی چەوسێنەران لە لایەن نەقابەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1953 دا لە نێوان نانەواکان و دایەرەی بژێویدا گیروگرفتێک رووی دا چارەسەر نەدەکرا، ئەویش هۆی ئەوە بوو کە دایەرەی ئیعاشە بۆ هەر گونیەیەک ئارد 200 فلسی لە نانەواکان وەردەگرت، لە کاتێکدا لە بازاڕ بە 75 فلس بوو. زۆر جار داوا دەکرابۆیان بکرێت بە 100 فلس بەلام دایەرەی بژێوی داواکەی دەخستە پشتگوێ و لەو نرخەی خۆی داینابوو نەهاتە خوارەوە بۆیە نەقابە پەنای بردە بەر مانگرتن و لە 50 دوکانی نانەوایی 49یان دایەرەی بژێوییان ئاگادارکرد کە تا ئەم داخوازییانەیان بۆ جێبەجێ نەکەن، ئیش ناکەن و مان دەگرن و داخوازییەکانیش ئەمانە بوون:

1- کەم کردنی نرخی هەر گونیەیەک ئارد بۆ 100 فلس.

2- پترکردنی دەسەند(حیسە)ی ئارد.

دیارە زۆرکردنی دەسەندی ئارد بۆ نانەواکان لە بەرژەوەندی خەڵک و نانەواخانەکاندا بوو، نان زۆر دەبوو، دەستکەوتی نانەواکان زۆرتر دەبوو، بێکاریش بنبڕ دەکرا.

شەوی مانگرتن، نانی لۆقنتە و کەبابخانەکانیان کرد و هەر شەو بۆیان ناردن، نەوەک زۆر کار لە جەماوەر بکات، بۆ بەیانی تەنیا یەک نانەوا دوکانی کردەوە، ئەویش پاش ئەوەی نوێنەرانی نەقابە چوونە سەری و دوکانەکەیان پێ داخست. لە نیوەڕۆدا میریی هێزێکی گەورەی پۆلیسی ناردە سەر نانەواکان کە لای گومرگە سوتاوەکە کۆببونەوە، بۆ ئەوەی بە زۆر دوکانەکانیان پێ بکەنەوە. بەلام کرێکارەکان بە توندی بەرەنگاری پۆلیس بوونەوە و شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا روویدا، لە ئەنجامدا 4 پۆلیس بە دار و بە چەقۆ بریندار بوون و بە شکستی و سەرشۆڕییەوە هەڵهاتن و گەڕانەوە. (لە کاتی شەڕی نانەواکان و پۆلیسدا، کرێکارەکانی

نەقابەکانی دیکە و هەندێ لە جەماوەر یارمەتی نانەواکانیان دەدا.)
هەروها بە ئامۆژگاری حیزب و نەقابەکانی دی پەیتا پەیتا خەڵکی بە کۆمەڵ بە ناو گەڕەکەکان و کەبابخانەکان و چایخانەکان و چێشتخانەکانەوە دەچوونە سەر دایەرەی بڕێوی و داوای نانیان لێدەکردن. پاشان دایەرەی بڕێوی ناچار بوو نانەواکانی ئاگادار کردەوە کە داواکانیان جێبەجێ دەکرێ، بۆ ڕۆژی دوای ئەوە نانەواکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە سەر کاری خۆیان. بەڵام کاربەدەستانی ڕژێم لەسەر پۆلیسە سەرشکاوەکان چوار کرێکاریان گرت و هەر یەکەی 3 مانگ حوکم دران( نەقابە یارمەتی خێزانی گیراوەکانی دا هەتاکو بەربوون)

## نەقابەی شۆفێر و یاریدەدەرەکانیان

ئەم نەقابەیە دیاریان هەبوو لە خزمەتگوزاری کرێکاران و هوشیارکردنەوەیان و دوورخستنەوەی زۆریان لە ڕێگەی چەوت، لەولایشەوە بەهۆی پیشەکەیانەوە توانییان خزمەتێکی زۆری هێزە نیشتیمانییەکان و کۆمەڵانی زەحمەتکێش بکەن. هەروەها نەقابە توانی تا ڕادەیەک سنوور بۆ دەستدرێژی و زوڵمکردن لە کرێکارەکان دابنێ. بەهۆی چەوساندنەوەی زۆر و زەوتکردنی ماف و ئازاردانی شۆفێرەکانی ڕێگای پێنجوێن و ڕانیە و قەڵادزێ، لە پاییزی ساڵی 1953 دا لە لایەن خاوەن گەراجەکانەوە، نەقابە چەندین ڕێگەی وتووێژی گرتەبەر بۆ لابردنی ئەو زوڵمە لەسەر کرێکاران، بەڵام سوودی نەبوو، لە ئەنجامدا نەقابە چەندین ڕێگەی وتووێژی گرتەبەر بۆ لانردنی ئەو زوڵمە لەسەر کرێکاران، بەڵام سوودی نەبوو، لە ئەنجامدا نەقابە بڕیاری مانگرتنی دەرکرد، خاوەن گەراج و خاوەن ئۆتۆمبیلە دەوڵەمەندەکانی ئەو ڕێگایانە ئاگادار کران ئەگەر دەست هەڵنەگرن لەو کردارانە و باری ژیانی کرێکاران چاک نەکرێ، مان دەگرن. بەڵام ئەوان گوێیان نەدایە خواستی کرێکاران و گاڵتەیان پێدەهات.
لە کۆتایی پاییزی ساڵی 1953 دا هەموو شۆفێر و یارمەتیدەرانیان لە ڕێگەی

پێنجوێن و ڕانیە و قەڵادزێ، مانیان گرت لە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم داخوازییانە:

1- پترکردنی مانگانە بە ڕێژەی 25٪.

2- دەرنەکردنی کرێکاران بە ئارەزوو.

3- ڕاگرتنی هەموو دەستدرێژی و ئازاردانێک لەسەر شۆفێر و یارمەتیدەرانیان.

خاوەن گەراجەکان، ویستیان بەهۆی پیاوانی ڕژێم و پیاوە سووک و شەڕفرۆشەکانی خۆیانەوە سەر بە کرێکارە مانگرتووەکان نەوی بکەن، بۆیە دەستەیەک بەکرێگیراویان بە یارمەتی پیاوانی ڕژێمەوە بۆ لێدانی مانگرتووەکان و سەرکردەکانیان نارد، کە سەرکردەکانیان باش دەناسین، بەڵام بە چەکی یەکێتی کرێکاران و بە هاوکاری و یارمەتی(یەکێتی قەسابەکان) ( یەکێتی قەسابەکان هێزێکی دەستوەشێنی ئازایان نارد بۆ یارمەتی برا شۆفێرەکانیان لەو کاتەدا کە پۆلیس و پیاوخراپان هێرشیان بردە سەریان، ئەوە بوو پۆلیس و پیاوخراپان بەسەری شکاوەوە گەڕانەوە.) بە سەرشۆڕی گەڕانەوە و سەری بەکرێگیراوان و ئاغاکانیان شۆڕ کرد. لە ئەنجامدا کە نەیانتوانی بە شەڕ و هەڕەشە هیچ بە هیچ بکەن، ناچار بوون تەواوی داخوازییەکان جێبەجێ بکەن و کرێکارەکانیش سەربەرزانە و سەرکەوتووانە گەڕانەوە سەر کارەکانیان. پیاوانی ڕژێم و خاوەن ئۆتۆمبێل و گەراجەکان توانییان سەرکردەی نەقابە و چەند تێکۆشەرێکی دیکە بدەن بە گرتن، بەڵام بە پشتگیریی کرێکارانی دیکە و یارمەتی و هاوکاری نەقابەی پارێزەران ئەوشیان سەری نەگرت و گیراوەکان ئازادکران، شایانی باسە چەند پارێزەرێکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر خۆیان ئامادەکرد و بەرگرییان لە گیراوەکان کرد.

## یەکێتی قەسابەکان

لەو ساڵانەدا بە زۆری ، قەسابەکان بەهۆی پیشەکەیانەوە بە هێزێکی شەڕکەر و دەستوەشێن و ئازا. لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسرابوون. جا بە هۆی یەکێتییەکەیان

و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕییەوە توانرا ئەو هێزە لێدەرە ئازایە ڕابکێشرێ و بدرێتە پاڵ جەماوەری کرێکارانەوە دژ بە چەوسێنەران و ڕژێمی کۆنەپەرست. لە هەموو پێکداداندا چینایەتی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا داکۆکی لەگەڵ بکەن و لایەنی چینی چەوساوەکان بگرن و لە مانگرتنەکانی کرێکاراندا ئازایانە یارمەتی ئەقابەکان بدەن.

جەردەکانی ناو شار و ئەوانەی کە هەمیشە بەدوای مشەخۆریی و بەپەلە دەوڵەمەند بووندا دەکەوتن، کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ئەزانی ئەو سەردەمەیش لە ژیانێکی ناخۆش و کولەمەرگیدا دەژیان و ئاتاجی سەری تێکردبوون. ئەو جەردانە ئەمەیان بە هەل دەقۆستەوە و زۆرجار دەچوون گۆشتی ئاژەڵی مردوویان دەخستە ناو بازاڕەوە و دەیان فرۆشت، ئەمە دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەمەجۆر. یەکێتی قەسابەکان بایەخیان دایە ئەوەی هەرچۆنێک بێت سنوورێک بۆ ئەمە دابنرێت و بە ڕاستیش توانییان بەسەریدا زاڵ بن و ئەو کارە ناپەسەندە لەناو بەرن و چیدی ڕێگە نەدەنە هەلپەرستان بۆ ئەو جۆرە کارانە.

جگە لەمەیش ، لە لایەکی ترەوە هەندێ پارەدار و دەوڵەمەند هەبوون دەستیان بەسەر کڕینی ئاژەڵدا گرتبوو. بە هەزاران ئاژەڵیان دەکڕی و پاشان بە گران دەیانفرۆشتەوە بە قەسابە دەستکورتەکان. بەڵام یەکێتییەکەیان دیسان توانی ئەو شێوازە ناشیرینەش لەناو بەرێت و بووە هۆی ئەوەی نە خاوەن ئاژەڵ زۆر زیانبەخش بێت و نە کۆمەڵانی خەڵک گۆشت بە گران بکڕن. بۆ ئەم مەبەستەش نرخیان بۆ کڕینی ئاژەڵ و گۆشت فرۆشتن دانا.

هەروەها یەکێتی قەسابەکان بە هەموو جۆرێ هەوڵیان دەدا و داوایان لە شارەوانی دەکرد کە قەسابخانەکانیان بۆ بگۆڕێ بە قەسابخانەیەکی گەورەتر و چاکتر بایەخ بە پاکوخاوێنی بدرێت. هەروەها دژی کاربەدەستانی شارەوانی دەوەستان کە بیانوویان پێدەگرتن بۆ ئازاردانی قەسابەکان و باجی زیاتریان لێ دەسەندن. هەمیشە

قەسابەکانیان فێری بەربەرەکانێی زوڵم و زۆرداری دەکرد و بە کردەوەش ڕابەرایەتییان دەکرد، هەروەها یەکێتی قەسابەکان خزمەتگوزار بوون و یارمەتی بێکارانی خۆیانیان دەدا و لە کاری ناڕەوا و زیانبەخش دووری دەخستنەوە و ڕێگەی ڕاست و پاکیان نیشان دەدان( ئەم گیانی یارمەتیدان و هاریکارییەی قەسابەکان لەناو ڕیزی قەسەبەکاندا خولقابوو، تا ڕۆژە ڕەشەکانی کودەتای 8 ی شوباتی 1963 و پاشان قەدەغەکردنی هاتوچۆ(منع تەجەولەکەی 1963/6/9 مابوو، قەسابەکان ئەوپەڕی خزمەتیان بە کۆمەڵانی خەڵک گەیاند لەو قات و قڕەدا تەنیا ئەوان گۆشتیان گران نەکرد و گۆشتی باشیان لە بازاڕ زۆر کرد. ئەوەیش دیارە ئەنجامی کۆششی پیرۆزی یەکێتییەکەیان بوو).

## یەکێتی بەقاڵەکان

بە هەمان شێوە بەقاڵە هەژار و کەم دەرامەتەکانیش وەک بەشێکی دیکەی کۆمەڵانی خەڵکی ناو شار و شوێنەکانی دیکەی وڵات، لێرە و لەوێ دەکەوتنە بەر چەوساندنەوە و بە تایبەتی لە لایەن دەوڵەمەندە پارەدارەکانەوە. دەستڕۆیشتووەکان هەرچی میوە و سەوزە و شتی پێویست هاتبا بۆ بازاڕ بە کۆمەڵ و هەرزان دەیانکڕی و خۆیان بە دووقات دەیانفرۆشتەوە بە بەقاڵەکانی دیکە . بۆیە یەکێتی بەقاڵەکانیش وەک تەواوی نەقابە و یەکێتییەکان ، هەڵسان بە ڕێگە گرتن لە چەوساندنەوە و هەلپەرستی و گیرفان پڕکردنی ئەوان، بە هەڵسانیان بەم هەنگاوانە:

1- لیژنەیەکیان پێکهێنا، بە سەرۆکایەتی(ڕەئوفی حاجی ئەورەحمانی بەقاڵ)بۆ کڕینی تەواوی میوە و سەوزە و شتی دیکە، پاشان دابەشیان دەکردەوە بەسەر بەقاڵەکاندا بە نرخی خۆی، ئەم کارەش لە لایەکەوە سوودی بۆ هەموو بەقاڵەکان هەبوو، نەک چەند بەقاڵێک، لە لایەکی تریشەوە قازانجی زۆر نەدەخرایە سەر

میوه و سەوزە و کۆمەڵانی خەڵک بە هەرزانتر دەستیان دەکەوت.
2- بەو شێوەیەی سەرەوە، بەهۆی کۆششی بەردەوامی یەکێتی بەقاڵەکانەوە دڵسۆزانە توانییان ئاو بکەن بە ئاگردا و ئاژاوە و شەڕ و ناخۆشی نێوانیان نەهێڵن کە لەسەر شت کڕین ڕووی دەدا. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی نەک هەر شەڕ ڕووی نەدەدا بەڵکو گیانی هاوکاری و کۆمەک لە نێوانیاندا فرە بەهێز بوو. هەروەها یەکێتی بەقاڵەکان گیانی شۆڕشگێڕی و خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانی لەناو بەقاڵەکاندا زۆر بەتین کرد. لە زۆربەی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا لە سلێمانی، هاوبەشی تەواویان کرد و یەکێک لە سەرکردەکانیان گیانی پاکی بەخت کرد لە ڕێگای مافی ڕەوای گەل دا و شان بە شانی نەقابە و یەکێتییەکانی دیکە خزمەتی بزوتنەوەی چینایەتی و نیشتیمانییان دەکرد.

## نەقابە گشتییەکان

ئەمانەی باسمان کردن، بەشێکی کەمن لە چالاکی و خزمەتگوزاری کۆمەڵانی خەڵک، کە نەقابە و یەکێتییەکان پێی هەڵدەستان. هەردەم مایەی خۆشبەختی و کاری گرنگ و بایەخدار بووە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و دڵسۆزەوە. تەواوی یەکێتی و نەقابەکان، هەر کامێکیان بگریت بە گوێرەی توانا و دەسەڵاتی خۆی هەڵساوە بە کاری سوودبەخش و خزمەتی تەواوی جەماوەرەکەی خۆی کردووە، نەک تەنیا ئەندامانی بەڵکو تەواوی خەڵکی هەژار و چەوساوە.
ئەو نەقابە و یەکێتییانە ببوونە قوتابخانەیەکی شۆڕشگێڕی و پەروەردەکردنی ئەندامان و جەماوەری چەوساوە و بە گیانی نیشتیمانپەروەری و ڕاستەقینە و گیانی چینایەتی و دوورخستنەوەیان لە خراپەکاری دژ بە مرۆڤ ببوونە هێزێکی چینایەتی دروست دژ بە چەوسێنەر و مشەخۆران کە بە ڕژێمەوە گرێ درابوون. پاشان گیانی بەربەرەکانێی ڕژێم و نۆکەرانی داگیرکەران لە ناویاندا بزووت و تێیان گەیاندن چەوسانەوەی ئەوان لە کام لاوە دێ و لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ.

# مانگرتنی کرێکارانی مەلاریا

چەند ساڵێک بوو میریی دایەرەی مەلاریای دانابوو بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشی مەلاریا کە لە هەموو ناوچەکاندا و بە تایبەتی لە گووندەکاندا بڵاوبووبووەوە. هەموو ساڵێک لە هاویندا کرێکاریان دەگرت و دەرمانیان دەدانێ و دەیان ناردن بۆ قەزا و ناحیەکان و گووندەکان.

ئەم کارە زۆر قورس و گران بوو، کرێکاران لەو ماوەیەدا دەبوو ماڵیان بەجێهێشتبا و بە پێ و بە ئۆتۆمبیل بەو دەرمانانەوە گووند بە گووند ڕۆیشتبان و ماڵەکانیان دەرمان ڕشێن کردبا، هەروەها ڕۆژانەکەشیان کەم بوو، لە 500 فلس پتر نەبوو. بەڵام بەهۆی هەژاری و بێکارییەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێ دەکرد و بە تایبەتی قوتابییە هەژارەکان لە پشووی سەری ساڵدا. لەبەر ئەوەی ئەم کرێکارانە کاتیی بوون، حیزبمان بیری لە دانانی نەقابە نەدەکردەوە بۆیان، بەڵام هاوڕێ و دۆستانی هاندەدا لەو کارە بکەن و بچنە ناو کرێکارانەوە( حیزبی شیوعیمان، تەنیا بۆ فێربوونی تێکۆشان، بە شیوعیەکانی نەدەگووت بچن بە کرێکاری مەلاریا. بەڵکە بۆ ئەوەیش کە ئەو کرێکارانە، بیرو باوەڕ و دروشم و ڕۆژنامە و بەیاننامەی حیزب(ئازادی و دەنگی داس و ترکەی جوتیار) کە لیژنەی لقی کوردستان و سەرکردایەتی ڕێکخراوی (وارماوا) دەریان دەکرد ببرێن بۆ گووندەکان و جوتیارەکان هوشیار بکەنەوە و باسی زۆرداری دەرەنەگەکانیان بۆ بکەن. زۆر لە شیوعیەکان توانیان لە هەندێ گونددا بنکەی حیزبی دابمەزرێنن و بیروباوەڕی حیزبی بڵاوبکەنەوە.) بۆیە شیوعیەکانیش بە زۆری دەبوون بە کرێکاری مەلاریا.

لە ساڵی 1955 دا، لە لایەکەوە باری ژیانی ئەم کرێکارانە زۆر خراپ بوو، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی بوونی شیوعییەکان هوشیار ببوون و هەستیان بە زوڵم و زۆر دەکرد بۆیە ئامادە بوون یەک بگرن و ڕاپەڕن بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان.

لە مانگی ئابی 1955 دا پتر لە 100 کرێکاری بەشی(قەرەداغ و ڕانیە و

قـەلادزێ) یەکـیـان گـرت و سـکالایەکـیـان دا بە دایەرەی مـەلاریا، بۆ ئەوەی ئەم داخوازییانەی خوارەوەیان بۆ جێبەجێ بکات:

1- پترکردنی مانگانەکانیان بە ڕێژەی 20٪.

2- تەرخانکردنی موخوسەسات بۆ ئەو کرێکارانەی شەوان لە گوندەکاندا دەمێننەوە.

3- بەدلەی کارکردن و پێلاوی لاستیک بە خۆڕایی بدرێت بە کرێکاران.

4- وەرگرتنی مانگانەکانیان لە کاتی خۆیدا.

دایەرەی مـەلاریا، بە قـسـەی خـۆش و بە هەڕەشەکـردنیش هەوڵی دا کە کـرێکاران سکالاکەیان بگێڕنەوە و دەست لە مانگرتن هەڵگرن. سوودی نەبوو، پاش ماوەی دەستنیشانکراو مانگرتن دەستی پێکرد، پاش چوار ڕۆژ دایەرەی مەلاریا داخوازییەکانی جێبەجێ کرد، کرێکاران گەڕانەوە بۆ سەر ئیشەکەیان. ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کـە کـرێکارەکـانی جـێگاکـانی دیکەش هوشـیـار ببنەوە و داوای مافەکانیان بکەن و سەریش بکەون.

## ڕۆڵی نەقابە و یەکێتییە نهێنییەکان لە ڕووی سیاسییەوە

کە بە کورتی دەربارەی نەقابە و یەکێتییەکان شتێکمان دەربڕی. واتە یەکێک لە ڕووخسارە هەرە ڕووناک و مەزنەکانی حیزبی شیوعیمان باسکرد. کە هەردەم باری گونجاویان خوڵقاندووە و لە گۆڕەپانی کار هەڵنەهاتوون و سڵیان لە قوربانیدان نەکردۆتەوە و بە تایبەتی کە حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی کارگەران و چەوساوەکانە، بۆیە شتێکی سەیر نییە شیوعییەکان هەمیشە ئامادەی خزمەتکردنی چینی کرێکاران بن و لە ڕێگەی نەقابە و یەکێتییەکان لە پارێزگای سلێمانیدا بە دەستیان هێناوە، سەرۆکەکانیان شیوعی یاخود لایەنگری حیزبی شیوعی بوون. بە گیانی شۆڕشگێڕانەی ڕاست و دروست جەماوەریان پەروەردە کردووە، گیانی نیشتیمانپەروەری و چینایەتییان لە قوڵایی دڵ و دەروونیدا خوڵقاندووە، لە پاڵ

تێکۆشانی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا نەقابە و یەکێتییەکان شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان هاتبوونە گۆڕەپانی خەباتی سیاسییشەوە.
لە تەواوی ئەو تێکۆشان و ڕاپەڕینانەدا کە لەو سەردەمانەدا دەکران، کرێکارەکان و چەوساوەکان بە سەرکردایەتی نەقابە و یەکێتییەکانەوە بەشدارییان تێدا کردووە و قوربانییان داوە، بۆ ڕاستی باسەکەمان ئەم نموونانە باس دەکەین:
1- لە سالی 1952 دا بە ڕەزامەندی ڕژێم، عەلافە دەوڵەمەندەکان گەنم و جۆی گوندەکانیان بە هەرزان دەکڕی و بە لۆری باریان دەکرد بۆ بەغدا و لەوێشەوە دەنێردرایە دەرەوەی وڵات. ئەم کارە ببوە هۆی گرانی گەنم و جۆ و پەرەسەندنی برسێتی لە ناو کۆمەڵانی خەلکدا. جا بۆ ئەوەی فرۆشتنی گەنم و جۆ بۆ دەرەوەی وڵات قەدەغە بکرێت، بە پێشڕەوی حیزبی شیوعیمان دوو خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە لە سلێمانی لە ڕۆژانی 13 و 14 ی 1962/6 دا ڕێکخرا، لە دوو ڕۆژدا خۆپیشاندەران بە چەقۆ هێرشیان بردە سەر ئەو لۆرییەی کە ڕەوانەی بەغدا دەکرا و لە بەردەم عەلافخانەی لای مزگەوتی خومخانەکانەوە لە گەنم بار کرابوون. هەموو بارەکانیان هەڵڕشت، پاشان پۆلیس هات و شەڕێکی گەرم ڕوویدا، سەری زۆر پۆلیس و خۆپیشاندەر شکا و چەند کەسێکیش لە خۆپیشاندەوان گیران. ژمارەیەکی گەورەی کرێکارە نەقابییەکان بەشدارییان کرد و چەند کەسێکیان گیران.
2- لە سالی 1953 پیاوکوژانی ڕژێم، بەندییەکانی بەندیخانەی (کووت)یان گوللەباران کرد و زۆریان لێ شەهید و بریندار کردن، ئەو بەندییانەش شیوعی بوون. لە مانگی ئەیلوولی 1953 دا دژیدژی ئەو تاوانانەی ڕژێم لە شاری سلێمانیدا خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بەرپا کرا، لە بەردەم (حەوزەکەی ناو بازاڕ)ەوە دەستی پێکرد، لەبەر شارەوانی ئەوسادا بلاوەی لێکرا، لەمەیشدا زۆر لە نەقابەکان بەشدارییان کرد.
3- لە سالی 1953 دا بۆ یەکەم جار میریی لە سلێمانیدا بڕیاری داهەڵبژاردن بۆ

چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی بکرێت. چەند پارێزەرێکی نیشتیمانپەروەر و ئاشتیخواز ، بە ئامۆژگاری و ڕەزامەندی حیزبی شیوعیمان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان خۆیان هەڵبژارد. کاربەدەستانی ڕژێم کە زانییان ئەو نوێنەرانە دەردەچن، دەستی کرد بە فرت و فێڵ و ساختەچێتی بۆیە جەماوەری سلێمانی هەڵسان بە خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ ماوەی هەفتەیەک.

لەبەر ئەوەی کاربەدەستان توانای بەرگریکردنیان نەبوو لەبەردەم جەماوەری ڕاپەڕیوودا، 400 پۆلیسی هێزی گەڕۆکیان لە بەغداوە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی جەماوەر هێنا. لێرەدا نەقابەی نانەواکان ڕۆڵی پیرۆزی خۆیان بینی، بە مانگرتن لە نانکردن بۆ ئەو پۆلیسانە، بۆیە ڕژێم ناچار بو داوا لە سوپا بکات سەموون بدا بەو پۆلیسانە. سەرجەمی نەقابەکانی دیکەش ڕۆڵی خۆیان بینی بە بەشداری کردن لەو خۆپیشاندان و مانگرتنەدا.

4- لە ساڵی 1953 لە (چلەی ستالین)دا، یەکێتی و نەقابەکانکۆبوونەوەیەکی فراوانیان چێ کرد، بە ناوی سەیرانەوە بە 10 لۆری و چەند ئۆتۆمۆبێلێکی دیکەوە 500 کەس چوون بۆ پشتی گووندی(چەرمەگا ) ، نەقابەی نانەواکان ئەرکی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی کۆبوونەوەکەیان گرتە ئەستۆ و نەقابەی شۆفێرەکانیش لۆری و ئۆتۆمۆبێلەکانیان ئامادە کرد، شایانی باسە کە چەند کەسێک لە شاری کەرکوکەوە هاتبوون. هەروەها چەند تێکۆشەرێکی برادەرانی پارتی هاوبەشییان تێدا کرد کە نانەوا بوون.

کاربەدەستانی ڕژێمبە هەموو توانایەکەوە نەیانتوانی بزانن ئەو گشت خەڵک و لۆرییانە بۆ کوێ دەچن، لە گەڕانەوەدا بە هاوار و هوتاف و خۆپیشاندانەوە خۆیان کرد بە ناو شاردا لەبەر زۆری خەڵک ڕژێم نەیتوانی پەلاماری خۆپیشاندەران بدات، بەڵام لە دواییدا چەند کەسێکیان گرت.

5- لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیابی ساڵی 1954 دا تەواوی نەقابە و

یەکێتییەکان شان بە شانی حیزبی شیوعیمان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری تەواویان کرد، واتە هیچ درێغییان لە ڕووی جەماوەرییەوە نەکرد، لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بۆ پشتگیری کردن لە بەرەی نیشتیمانی و سەرخستنیان بەشداری تەواویان کرد و لە ئەنجامدا زۆر لە تێکۆشەرە نەقابی و سەرکردەکانیان گیران.

6- لە هاوینی 1954 دا، خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان کرا لە شاری سلێمانیدا. کە حیزبمان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێی هەڵسابوون لە دژی پەرلەمانە داتاشراوەکەی ڕژێم. هەموو ئەندامانی نەقابە و یەکێتییەکان بەشدارییان تێدا کرد، ڕەوفی حاجی ئەورەحمانی بەقاڵ گیرا و لێدانێکی زۆریان لێدا، هەر بەو لێدانە لە پاشدا شەهید بوو، کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بەقاڵەکان بوو، کادرێکی پێشکەوتووی حیزبمان بوو.

7- لە خۆپیشاندانە جەماوەرییە گەورەکەی سلێمانیدا کە حیزبی شیوعیمان سازی کرد دژ بە(بەستنی پەیمانی بەغدا) لە ڕۆژی 1955/5/21، ئەندامانی نەقابە و یەکێتییەکان زۆر باش بەشدارییان کرد و ڕۆڵیان تێدا بینی، لە ئەنجامی پەلاماری درندانەی پۆلیس و چەکدارەکانی ڕژێم بۆ سەر خۆپیشاندەرەکان لە مەیدانی ماست فرۆشەکان دا نزیک شارەوانی ئەو سەردەمە، شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا و هاوڕێ(بەکر ئەحمەد) کە بە (بەکرە سووری خەیات)ناسرابوو، ئەندامی حیزب و ئەندامی لیژنەی نەقابەی بەرگدرووەکان بوو، شەهید کرا و زۆر لە سەرکردەو ئەندامانی نەقابەکان گیران و ئازار دران و لە سەرووی هەموویانەوە هاوڕێ(ئەحمەد مارف) بوو کە ئەو سەردەمە سەرۆکی نەقابەی نانەواکان بوو((14) شایانی باسە، میریی بە توندی بەربەرەکانی لە نەقابە و سەرکردەکانیان دەکرد، چونکە سوور دەیزانی ئەو نەقابە و سەرکردانە سەر بە حیزبی شیوعی عێراقن و بە ئامۆژگاری و سەرپەرشتی ئەوەوە بەڕێوە دەچن.)

ئەمانەی باسمان کردن و زۆر لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و جموجوڵی شۆڕشگێڕی دیکەدا، سەرجەمی نەقابە و یەکێتییەکان شانبەشانی هێزە نیشتیمانییە پێشکەوتنخوازەکان و ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان هاوبەشی تەواویان کردووە لە دژی داگیرکەر و ڕژێمی پاشایەتی کۆنەپەرست و گەلێک قوربانی بەنرخیان داوە( لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجاوە تا 1958 هیچ کرێکار و قوتابی و لاوێک نەدەپاڵێورا بۆ ئەندامێتی حیزبی شیوعی . ئەگەر لە نەقابە و یەکێتییەکان و یەکێک لە ڕێکخراوە پیشەیی و دیمۆکراتیەکانی سەر بە حیزبدا کاری نەکردبایە و ڕۆڵی دیاریکراوی نەبووایە و لە خۆپیشاندانەکاندا هاوبەشی تەواوی نەکردبا). لە ڕاستیدا، ئەم نەقابە و یەکێتییانە، چقڵی چاوی ڕژێم و مشەخۆرە ورگ و گیرفان پڕەکان بوون و لەتەک ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکانی دیکەدا قەڵایەکی پۆڵایین بوون لە دەوری ڕێکخراوەکانی حیزبماندا.

## نەقابە و یەکێتییە نهێنییەکان و شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958

لە ئەنجامی شاڵاوی داپڵۆسین و ڕاونان و گرتن لە لایەن ڕژێمی کۆنەپەرستەوە، زۆر لە تێکۆشەران گیران و خزانە کونجی بەندیخانەکانەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی نەقابی لە هێندێ نەقابە و یەکێتییەکاندا وردە وردە لە کارکردن بکەون و هێندێکی دیکەیان لاواز بوون، بەڵام کەم کەم و جار جار لەم یان لەو نەقابەیەوە، نیشکردن و بزووتن دەرکەوت و سەری هەڵدەدا. ئەوەشمان بیر نەچێت کە هێندێک نەقابە مانەوە و بەرگەیان گرت و ناو بەناو ئامۆژگارییان دەردەکرد تا تەقینەوەی شۆڕشی 14ی تەمووزی پیرۆز.

***

ئەمە پێش شۆڕش، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشەوە زۆربەی سەرکردە و ئەندامانی نەقابەکان لە کۆبوونەوە و ڕاکێشانی جەماوەردا درێغییان نەدەکرد، لە خۆپیشاندانەکاندا

بۆ پشتگیری ڕژێمی کۆماری نوێ شان بە شانی حیزبەکان و ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکان ڕۆڵی چاکیان گێڕا و هەر کە سەربەستی نەقابەکان بڕیاری لەسەر درا، لە بەغدا نەقابەی مەرکەزی دامەزرێنرا، تێکۆشەر و سەرکردە نەقابییەکانی سەردەمی نهێنی دەستیان کردە چالاکی نواندن بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری کرێکاران. پاش ڕێگەدان بە نەقابەی مەرکەزی، لقی شارەکانیش ڕێگەیان پێ درا بۆ کردنەوەی بارەگای لقەکانیان و لە سلێمانییش لقی سەرەکی دامەزرێنرا. لە ماوەیەکی کەمدا 32 نەقابە و لیژنەی نەقابی لە شاری سلێمانی و دەربەندیخان و هەڵەبجە و دوکان و ڕانیە و قەڵادزێ دامەزران و هەڵبژاردنی سەربەخۆ و سەربەست دەستی پێکرد، ئەمانەش ناوی نەقابەکانن:

1- نەقابەی کرێکارانی چیمەنتۆ.

2- نەقابەی کرێکارانی جگەرە.

3- نەقابەی کرێکارانی خانووبەرە و پرۆژەی ئاوەدانی.

4- نەقابەی بەرگدروو لیفەدرووەکان.

5- نەقابەی نانەواکان.

6- نەقابەی شۆفێر و یارمەتیدەرەکانیان.

7- نەقابەی پێڵاودرووەکان.

8- نەقابەی ئاسنگەران.

9- نەقابەی دارتاشەکان.

10- نەقابەی سەرتاشەکان.

11- نەقابەی قەسابەکان.

13- نەقابەی بۆیەچییەکان.

14- نەقابەی فیتەران.

15- نەقابەی کرێکارانی پەروەردە.

16- نەقابەی کرێکارانی پیشەی تەندروستی.
17- نەقابەی کرێکارانی ئاودێری دەربەندیخان.
18- نەقابەی کرێکارانی ئاودێری دوکان.
19- نەقابەی کرێکارانی کشتوکاڵ.
20- نەقابەی کرێکارانی شارەوانی.
21- نەقابەی کرێکارانی ئاودێری سلێمانی.
22- نەقابەی کرێکارانی ئاو و کارەبا.
23- نەقابەی کرێکارانی پۆست.
24- نەقابەی کرێکارانی ڕێگا و پرد.
25- نەقابەی کرێکارانی لۆقنتە و ئوتێلەکان.
26- نەقابەی کرێکارانی سینەما.
27- لیژنەی نەقابەی نەوت.
28- لیژنەی نەقابەی چاپەمەنی.
29- لیژنەی نەقابەی خانووبەرە لە هەڵەبجە.
30- لیژنەی نەقابی نەقابەی بەرگدرووەکان لە هەڵەبجە.
31- لیژنەی نەقابی نەقابەی خانووبەرە لە دەربەندیخان.
32- لیژنەی نەقابی نەقابەی خانووبەرە لە قەڵادزێ
33- لیژنەی نەقابی خانووبەرە لە ڕانیە.

بێگومان کەسانی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر هەمیشە لای جەماوەری چینە زەحمەتکێشەکەیان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، هەر بەهۆی ئەمەشە سەرکردە نەقابییەکانی کاتی نهێنی و سەردەمی گۆڕکراوی ڕژێمی پاشایەتی، لای جەماوەر ڕێزیان هەبوو بۆیە لە تەواوی هەڵبژاردنەکاندا زۆربەی دەنگیان وەرگرت و چوونە ناو دەستەی بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتی نەقابەکانیان وەرگرت. بە پێی پەیڕەوی

ناوخۆی نەقابەکانی عێراق، دەبوو لە پاڵ پێکهێنانی(یەکێتی نەقابەکانی کۆماری عێراق) لە هەموو شارەکاندا لە سەرۆک یان نوێنەری هەر نەقابەیەک (یەکێتی نەقابەکانی) هەموو پارێزگایەکیش هەبێت، ئەوانیش لەناو خۆیاندا(نووسینگەی جێبەجێکردن) و سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێرو ژمێریار، بۆ یەکێتی نەقابەکانی پارێزگا هەڵبژێرن. لە پارێزگای سلێمانییش دا ئەم کارە ئەنجام درا و سەرکردایەتی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگاش بە تێکۆشەرانی نهێنی سپێردرا. بە هەزاران کرێکار و زەحمەتکێش لە دەوری نەقابەکانی کۆبوونەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەقابەکان بەهێزتر و فراوانتر دەبوون.

تا ئەو کاتەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و کارگەی جگەرە و توتن و کارگەی خەیاتی(تریکۆ) و هەندێ کارگەی گچکەی دیکەش لە سلێمانیدا دامەزرێنرا بوون. شێوە و ژمارەی زانیاری و توانای کرێکاران گەلێک پێشکەوتبوو. بۆیە نەقابەکان و یەکێتی نەقابەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و پیرۆزیان دەبینی لە هەموو ڕوویەکەوە. لە سەرەتادا بۆ ماوەیەک دامەزراندنی کرێکاران بە دەست یەکێتی نەقابەکانەوە بوو، بۆیە نەقابەکان و یەکێتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی و خزمەتێکی فرەی کرێکاران و ڕەنجدەران و چەوساوەکانیان کرد و هەمیشە ، بێ پشوودان لە کارکردن و خەباتدا بوون لە پێناوی خۆشکردنی ژیانی کرێکاران. هەر لەو ماوەیەشدا گەلێک مافی ڕەوای زەوتکراوی کرێکاران بەهۆی نەقابەکانیانەوە وەرگیرایەوە ، کە تا ئێستاش مایەی شانازییە بۆ نەقابەکانی ئەو سەردەمە. وەک پتر بوونی مانگانە و وەرگرتنی پارەی سەعاتی کارکردن و وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی و ساڵانە و دانانی چێشتخانە لە کارگەکاندا و دەرنەکردنی بە ئارەزووی کرێکار و ئیهانە پێ نەکردنی و .. هتد.

زۆر لە نەقابەکان لەگەڵ چەند دکتۆرێکی نیشتیمانپەروەردا ڕێککەوتن کە فەحسی ئەندامانی نەقابەکانیان و خێزان و منداڵەکانیان بکرێت بە نیوەی نرخی ئاسایی، لە پارەی نەقابە و لە پیتاکی تایبەتی دەستی دەیان کرێکاری هەژاریان گرت. لە

لێقەومان و شین و شاییدا.

لە پاش سەرەتای شۆڕشی 14ی تەمووز، کە دێمۆکراسی پیادە دەکرا و ڕێبازی ڕژێمی قاسم هێشتا پشتی بە حیزب و هێزە نیشتیمانیەکان دەبەست و گیانی خۆخۆیی و حیزبایەتی تەسک لەناولایەنە سیاسیەکان دا نەبوو. کاری گشت لایەنەکان و سەرجەمی بزوتنەوەی ڕێکخراوە دێمۆکراتی و نەقابەکان بە ڕێک و پێکی بە ڕێوە دەچوو، جەماوەری گەلەکەمان لەوپەڕی هێمنی و خۆشبەختیدا بوون. گیروگرفت بە ئاسان چارەسەر دەکرا.( تەنیا شۆفێرەکان و فیتەرەکانی سەر بە برادەرانی پارتی، لەگەڵ نەقابەی شۆفێرەکاندا ڕێک نەدەکەوتن و جیابوونەوە و بارەگایان کردەوە بەناوی(نەقابەی شۆفێر و فیتەرەکانی کوردستان لە سلێمانی) ، بەڵام چونکە ڕەسمی نەبوون، بارەگەکەیان زوو داخرا ، لەگەڵ ئەوەشدا نەهاتنەوە بۆ ناو نەقابەکەیان.)

لە ڕاستیدا تا ناوەڕاستی ساڵی 1960 باری وڵات سەربەستییە دێمۆکراتیەکان و برایەتی هێزە نیشتیمانیەکان باش بوو، بۆیە نەقابەکانی سلێمانیش تا ئەو کاتە سەرکەوتووانە کاریان دەکرد و خزمەتی کرێکاران و گەل و نیشتیمانیان دەکرد، وەک هێزێکی پتەوی یەکگرتوو لە گۆڕەپانی خەباتدا بوون لە پێناوی وەرگرتنەوەی مافی ڕەوای کرێکاران و لە دژی پیلان و هەوڵی ئیمپریالیست و نۆکەرانی.

ئاشکرایە هەر لە سەرەتای شۆڕشی 14ی تەمووزەوە، ئیمپریالیزم و نۆکەرانی و هەموو دەستە و تاقمە کۆنەپەرستەکان خۆیان کۆکردەوە و بە هەموو جۆرێک هەوڵیان دەدا کۆماری نوێ لەنا بەرن یان ڕێبازی دێمۆکراتیانە و پێشکەوتنخوازانە لابدەن، ئەوە بوو هەر لە سەرەتای ساڵی 1960ەوە دیکتاتۆرییەتی قاسم یارمەتیدەر بوو بۆ دەسیسە و پیلانەکانی دوژمنان. وردە وردە باری وڵات تێکچوو، دەست کرا بە لەناوبردنی ئازادییە دێمۆکراتیەکان و هێرش بردن بۆ سەر نەقابەکانی کرێکاران و سەرکردە تێکۆشەرەکانیان. ئەم شاڵاوی تیرۆر و ئازاردانە سلێمانیشی گرتەوە، یەکەم نێچیر سەرکردە نەقابیەکان بوون، ئەوە بوو لە ڕۆژی 1960/6/25 دا دوو

سەرکردەی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی نەقابەی بەرگدرووەکان و نەقابەی شۆفێرەکان بوون بە بیانووی (پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوە) گیران و خزێنرانە بەندیخانەوە. یەکەم نەقابە کە کۆنەپەرستانی ناو ڕژێم و دوژمنەکانی چینی کرێکاران پیلانی بۆ ساز کردن و دایخست، نەقابەی بەرگدرووەکان بوو.

ورده ورده لە نەقابەکانی دیکەیش درا و لە هەڵبژاردنەکاندا ساختە و فروفێڵ و هەڕەشەکردن بەکار هێنرا بە مەبەستی ئەوەی سەرکردە ڕاستەقینە و دڵسۆزەکان لا ببرێن و کەسانی نۆکەر و ناپاک بخەنە جێگایان بۆ سەرکردایەتی نەقابەکان. لەگەڵ ئەم بارە ناهەمواریشدا شیوعیەکان نەبەزین و خۆیان ڕاگرت و لە سەرکردایەتی هەندێ لە نەقابەکاندا هەر مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانیدان. تا لە 8ی شوباتی ساڵی 1963 کە کودەتا فاشیستانەکەی بەعس کرا و لە هەموو هێز و حیزب و ڕێکخراوە دیمۆکراتیە شۆڕشگێڕەکان و لە هەموو بزووتنەوە ی نەقابی سەرتاپای عێراق درا و هەرچی ڕوخسارێکی دیموکراتی و مرۆڤایەتی بوو نەیانهێشت.

هەڵسەنگاندن و لێدوانی تەواوەتی سەبارەت بە تێکۆشانی نەقابەکان لە پاش شۆڕشی 14ی تەمووزەوە تا ئەمڕۆ کاری یەک کەس نیە و ئاسان نیە، بە هیوایان کە هەڵمان بۆ بڕەخسێ و بە یارمەتی هەموو تێکۆشەران و دڵسۆزان بتوانین بەم کارە پیرۆزە هەڵبستین. بەم بۆنەوە تکام لە هەموو ئەو هاورێ تێکۆشەرانە ئەوەیە لە ناوچەکانی کوردستاندا هەر یەکە و لای خۆیەوە هەوڵبدات لە دوارۆژێکی نزیکدا چی دەربارەی تێکۆشانی نەقابەکان دەزانێ بینووسن، تا لە دوارۆژدا بتوانین بە هەوڵی هەمووان مێژووی تێکۆشانی نەقابەی کرێکاران لە کوردستاندا و ڕۆڵی حیزبی شیوعی لەو تێکۆشانەدا بنوسرێتەوە کە بەشێکی مەزنی مێژووی خەباتی نەقابی هەموو عێراقە.

## کوردستانی فیدرال و
## بزوتنەوەی نەقابەی کرێکاران

ئەمڕۆ لە سایەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە کرێکاران و ڕەنجدەران، ڕۆڵی بەرچاویان تیا بینی، بەشێکی زۆری نیشتیمانەکەمان ڕزگار کرا و لەم خاکە ڕزگارکراوەیشدا پارلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکومەتی هەرێم دامەزرا و فیدرالیزم ڕاگەیەندرا کە بە شێوەیەکی گشتی و سەرکەوتووانە هاتنە بەرهەم و ڕووی گەش و عادیلانەی کێشەی کوردستان و تامەزرۆیی گەلەکەمان بۆ ئازادی و ڕزگاری و دیموکراسی دەربڕی.
هەروەها ڕوون و ئاشکرایە ئەم پرۆسەیە لە دوو لایەنی یەکدی تەواوکەر پێکدێ: لایەنی ڕزگاری نیشتیمانی و لایەنی دیموکراسی. کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیش هەم لە خەباتی نیشتیمانی و هەمیش لە خەباتی دیموکراسی و کۆمەڵایەتیدا هەمیشە ڕۆڵی مەزن و حاشا هەڵنەگرتوویان بینیووە. ئەمڕۆش لە سایەی ئەم بارودۆخە دیموکراتیەدا کە وڵاتەکەمانی پێدا دەڕوا، پێویستە بە خێرایی و بە جۆرێکی گونجاو ڕوو بکرێتە دامەزراندنی نەقابەی کرێکارانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم نەقابەیە سەرەڕای ئەرکە نیشتیمانیەکانی بتوانێ دەمڕاستی داخوازییە پیشەییەکانی کارگەران و ڕەنجدەران و داکۆکیکەری بەرژەوەندییەکانیان بێت. بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە بێکارییەکی زۆر تەشەنەی کردووە و گرانییەکی بێ سنوور لە ئارادایە و ڕاستەوخۆیش هەڕەشە لە گوزەرانی خەڵکی کەم دەرامەت دەکات، بەر لە هەموانیش تەنگ بە کرێکاران و ڕەنجدەران هەڵدەچنێ.
لە لایەکی دیکەشەوە هەموو دەزانین کە کوردستان خاپوور کراوە و ئەو دام و دەزگا و پرۆژە پیشەسازی و بەرهەمهێنەرانەشمان کە لە کوردستاندا هەن، یان لە کار کەوتوون، یانیش نیوەچڵ کار دەکەن، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش لە ئارادایە.. هەموو ئەم کارانەیش وا دەخوازن چینی کرێکاران و ڕەنجدەران کە

قورساییە مەیدانییەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، بازووی ئەوان ئەم کارە ئەنجام دەدات، لە گشت ڕوویەکەوە ئامادە بکرێن. یەکێک لەو کارانەی کە هەم بۆ داکۆکی کردن لە ماف و بەرژەوەندی ڕەنجدەران و بلاوکردنەوەی هۆشمەندی نەقابی و چینایەتی لەناویاندا و، هەمیش بۆ پترسازدانەوەیان بۆ بنیاتنانەوەی کوردستان، پێویست ئەوەیە کە ڕێکخراوی پیشەیی و نەقابی کرێکاران دابمەزرێت.

کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، لە کۆن و نوێدا خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دەولەمەندی خەباتی نەقابیین، دەیان و سەدان کادر و تێکۆشەری ئەم مەیدانە هەن کە پێویستە لێک کۆ ببنەوە و ئەم ئەرکە چینایەتی و پیشەییە نیشتیمانییەی خۆیان ئەنجام بدەن و لە هەمان کاتدا حکومەتی کوردستان و حیزب و هێزە سیاسیەکانیش کۆمەک و پشتیوانییان بکەن و تەواوی ئەو بارەگا و بینا و کەلوپەلانەی نەقابە کارتۆنییەکانی جارانی سەر بە دەولەتی عێراق بخرێتە بەردەستی نەقابەکانی کرێکارانی کوردستان.

## بەرەو دامەزراندنی نەقابەکانی کرێکاران دوور لە حیزبایەتی تەسک

نەک هەر لە عێراق و کوردستاندا ، بەلکو لە زۆربەی ولاتانی جیهانی سێیەمدا، هەر لە بنچینەوە بزوتنەوەی نەقابەی کرێکاران بە شێوەیەکی ئاسایی و زانستییانە و دوور لە بیری تەسکی حیزبایەتی و دەست تێوەردانی حیزبە حوکمڕانەکان و نیمچە حوکمڕانەکانەوە دانەمەزراوە و نەچووە بە ڕێوە. بەشی هەرە زۆری حیزبە دەسەلاتدارەکان، بە هەموو توانایانەوە هەولی ئەوەیان داوە کە دەست بەسەر نەقابەکاندا بگرن و بیانکەن بە پاشکۆی خۆیان. خۆ ئەگەر ئامانجی ئەو حیزبانە خزمەتی بەرژەوەندی گشت کرێکاران بێت، بێ جیاوازی لە دژی حیزبەکانی دیکەدا نەبێ و کار نەکاتە سەر ڕەوتی ڕاستەقینەی نەقابەکان، هیچ شتێکی خراپ نیە و جێگای لۆمە و گازەندە نیە، بەلام تا ئێستا ئەوەی لە کوردستان و لە عێراقدا رووی

داوه و بە زەقی دیارە ، بە داخەوە وا نەبووە. بێگومان دەست تێوەردانی حیزبەکان لە نەقابەکاندا، ئەرکە پیرۆزەکانیان لە بیر سەرکردە نەقابیەکان بردۆتەوە وهەموویانی سەرقاڵی ناکۆکییەکانی بەینی حیزبەکان کردووە کە دەیانهێنایە ناو نەقابەکانیشەوە و نەقابەکانیان کردبووە هۆ بۆ جێبەجێکردنی مەرامە حیزبییەکانیان. هەر بەم هۆیەشە هەر کات ئەو حیزبە بەر هێرشی داپڵۆسین بکەوتایە یەکسەر نەقابەکانیشی دەگرتەوە. لێرەدا تەنیا جەماوەری زۆری کرێکاران و زەحمەتکێشانی چەوساوە دەبوونە کۆچی قوربانی ئەم رێبازە چەوتە. نەک هەر دەسکەوتە نەقابیەکانیان لە کیس دەچوو بەڵکە نەقابەکەشیان لە کیس دەچوو، زەرەر و زیان و ئازاردانیان لەولاوە بوەستێ.

ئەگەر بە وردی بروانینە مێژووی نەقابەکانی کوردستان، بە باشی و ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا چەند جارێک نەقابەکان ئەم دەست و ئەو دەستی پێکراوە و بە ئاسانی هەڵدەوەشانەوە و دروست دەکرانەوە بە بێ(ئارەزوو یان ئاگاداری کرێکاران) کە بە ناویش نەقابە هی ئەوان بووە و هی ئەوانە. بۆ نموونە: لە ساڵی 1958 تا ساڵی 1961 نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی، سەرکردەکانیان شیوعی بوون. لە ساڵی 1961-1963 هەندێ نەقابە بە دەستی شیوعیەکانەوە مایەوە و بەشێکی دیکەیان کەوتە دەستی برادەرانی پارتییەوە، هەندێکی دیکەشی کەوتە دەستی کەسانی سەر بە ڕژێم. بەڵام کودەتای ساڵی 1963 سەرکەوت و نەقابەکان هەموویان لێدران و سەرلەنوێ لە کەسانی سەر بە خۆیان هەندێ نەقابە دروست کرانەوە. ساڵی 1970 کە بەیاننامەی 11ی ئازار مۆر کرا، نەقابەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەستی برادەرانی پارتییەوە( ساڵی 1971 کە نەقابەی کرێکاران بە دەستی برادەرانی پارتییەوە بوون، لە سلێمانی حیزبمان و پارتی ڕێککەوتن کە لە نەقابەکاندا شیوعی بەشداری بکەن، بۆ ئەم مەبەستە حیزبمان منیان نارده بارەگای لیژنەی ناوچەی سلێمانی بۆ لای

کاک(ئیسماعیل عارف) کە ئەودەم سەرپەرشتی نەقابەکانی کرێکارانی سەر بە پارتی بوو. نزیکەی سەعاتێ کۆ بووینەوە و لە ئەنجامدا بڕیارماندا لە هەر نەقابەیەک دوو ئەندام یان لایەنگرێکی حیزبمان بخەنە ناو دەستەی بەڕێوەبەرەوە. لە پاشاندا بە ڕەزامەندی لیژنەی کرێکارانی حیزبمان لە سلێمانی و مەکتەبی مەحەلی سلێمانی لە هەر نەقابەیەک ناوی دوو هاوڕێم دا بە کاک ئیسماعیل، بەڵام کەسیشیان نەخستە ناو لیژنەکانی نەقابەکانەوە). لە ساڵی 1974 دا شەڕ دەستی پێ کردەوە لە کوردستاندا دیسان نەقابەکان پێچرانەوە و دووبارە حیزبی بەعس لە کەسانی سەر بە خۆیان دروستیان کردەوە. کرێکاران و گشت مافە ڕەواکانیانیشیان بوون بە قوربانی ئەو ئاڵوگۆڕانە. بەڵام ئەو نەقابانەی لێرە و لەوێ کە لە بنەڕەتدا لەسەر شێوەی ئاسایی و ڕاست و دروست و دوور لە دەستتێوەردانی حیزبەکانەوە دروست بوون، باری ڕامیاری وڵات هەرچۆن بووبێ کاری لەوان نەکردووە و تێکنەچوون، بە تایبەتی نەقابەکانی سوودان و لوبنان و بەشێک لە نەقابەکانی میسر و .. هتد. هەروەها نەقابەکانی کرێکارانی ئەورووپا ، بە تایبەتی لە سوێد کە ئامانجی سەرەکییان خزمەتکردنی بەرژەوەندی کرێکارانە و دوورن لە دەستتێوەردانی ئەم یان ئەو حیزبەوە.

هەروەها باری ڕامیاری وڵات هەرچۆنێ بێ و حکومەتەکان بگۆڕدرێن، بەڵام نەقابەکان هەر لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون و دەیان هەزار کرێکاریان لە پشتەوەیە و هێزێکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕی پتەون بەرامبەر بە چەوسێنەرەکانیان و ڕۆژ بە ڕۆژ دەستکەوتی تازە دەستی کرێکاران دەخەن. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە گوایە بڵێم نەقابەکانی عێراق و کوردستان سوودیان نەبووە و نییە و دەستکەوتیان قودەست نەهێناوە. نەخێر بەڵکە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر نەقابەکان دوور بوونایە لە حیزبایەتی تەسک و دەستتێوەردان گەلێک پتر دەستکەوتی بەنرخیان بە دەست دەهێنا و ئاوایش بە ئاسانی هەڵنەدەوەشانەوە و دروست نەدەکرانەوە بە بێ ئارەزوو

ئاگاداری کرێکاران خۆیان. هەروەها دەمەوێ بڵێم: پێویستە لەسەر سەرکردە نەقابییەکانی ئەمڕۆی کوردستان کە کەڵک لە هەڵە و کەم و کورپییەکانی ڕابردوو وەرگرن و دووبارەی نەکەنەوە، ئامانجیان خزمەتی کرێکاران بێت. هەروەها سوود لە توانا و شارەزایی گشت کرێکاران وەربگرن بێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسییان و لە کام حیزبدا بن و لە هیچ حیزبێکدا نەبن. هەر ئەندامێکی نەقابە ئامادە و توانای خزمەتکردنی هەبوو ، ڕێگای لێ نەگیرێ و فەرامۆش نەکرێ. بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە. با ئامانجی گشتمان خزمەتی بەرژەوەندی چەوساوەکانی کوردستان و کێشەی نیشتیمانی گەلەکەمان بێت.

*..*..*

## گیرانم له دەربەندیخان

سالی 1961 ، کە نەقابەی بەرگدرووان لە لایەن ڕژێمەوە داخرا و لە سەرۆکایەتی یەکێتی نەقابەکانیش کەوتم، حیزب کارێکی تری پێ سپاردم، ئەویش سکرتێری لیژنەی چاودێری پارێزگای سلێمانی بوو. پاش سەردانی هەموو لیژنە و شانەکانی ناو شاری سلێمانی.. نێردرام بۆ دەربەندیخان، بۆ ئیشرافی ڕێکخراوەکان ، کە ئەودەم لیژنەی دەربەندیخان کە لیژنەیەکی کرێکاریی بوو، هەندێ گیروگرفت لەناو خودی ئەندامانی لیژنەکەدا هەبوو، ملحس بڕیاری دا، کە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بە نهێنی بچم بۆ ئەوێ، چونکە سەرەتای پاشەکشێی ڕژێمی قاسم و هێرش بردن بوو بۆ سەر حیزبمان، منیش تازە بەر بووبووم، چاودێری پۆلیس و جاسوسم لەسەر بوو.

ئەو دەم هاوڕێ عومەرەسووری ئانەوا شۆفێر بوو لە نێوانی سلێمانی و دەربەندیخاندا هاتوچۆی دەکرد. ڕۆژێک لەگەڵ ئەودا چووم بۆ دەربەندیخان، بە نهێنی بردمی بۆ مالی کەمالی گەچ کە هاوڕێیەکی ئازا و دلسۆز و گورج و گۆلی ڕێکخراوی دەربەندیخان و کەیکاری کارگە بوو، تێکۆشەرێکی نەقابیش بوو.

ئەو کاتە منداڵێک، یان دووانی بچووکی هەبوو، هاوسەرەکەی(خوشکە ئاسکۆڵ) یش تێکۆشەرێکی ئازا و زیرەک بوو، ئەو خێزانە خزمەتێکی زۆری حیزبیان دەکرد. خوشکە ئاسکۆڵ هەر لە ماڵەکەی خۆیاندا لە ژوورێک پەنایەکی نهێنی دروست کردبوو، ئەگەر لە ناکاو میوان بهاتایە، منیان نەدەدی، دە ڕۆژ لەو ماڵەدا بووم، شەوان دەردەچووم بۆ کۆبوونەوە، یان دوای کۆبوونەوە، یان بۆ بەیانی زۆر زوو دەگەڕامەوە، بە ڕۆژ هەر لەوێ بووم، لەو شارۆ گەڕەکە بچوکەدا هەموو شەوێ دەردەچووم و هاتوچۆم دەکرد و کەسیش پێی نەزانیم.

دووجار لەگەڵ لیژنەی سەرەکی نەوتدا و زیاد لە حەوت شانە و لیژنەی تردا کۆبوومەوە. ئەندامانی لیژنەکە، هەموو ئازا و دڵسۆز بوون، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە تێکۆشانی حیزبدا، جەماوەرێکی زۆری کرێکارانیان لەگەڵدا بوو، ئەوەی ڕاستی بێت هیچ گیروگرفتێکی مەبدەئی و سەرەکییان لە نێواندا نەبوو، تەنیا ئەوە بوو لەگەڵ هەموو ئازایەتی و دڵسۆزی و ماندووبوونیاندا بۆ بەرژەوەندی حیزب زۆربان میزاجیان تووڕە بوو، بە تایبەتی: حەمەی میرزا سەعید و جەلال ئەبوشوارب و عەلی ئەحمەد خورشید، کە هەر شتێک بە دڵی ئەوان نەبوایە یەکسەر تێکدەچوون و دەبوو بە هەرایان. زۆرجار کە هێمن دەبوونەوە جنێویان بە خۆیان دەدا کە بۆ هێندە بێ ئارامن، زۆریش دڵپاک بوون.

لە پاش دە ڕۆژ، ڕاپۆرتێکی دوور و درێژم لەسەر هەموو ڕێکخراوەکە و هاوڕێیان نووسی و ڕاوبۆچوونی خۆشمم بۆ نووسین، بە تەتەری تایبەتی ڕێکخراوەکەدا ناردم بۆ ملمس، بۆشم نووسین کە سبەینێ هاوڕێ عومەری شۆفێر بنێرنە لای کارگەکەی دەربەندیخان لە سەعات 9 ی بەیانی، تا لەگەڵیدا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی.

لە ماڵی هاوڕێ کەمالەوە بۆ لای کارگەکە هەموو پێچ و پەنا و سەرگرد بوو، من شارەزا نەبووم، چوونکە بەڕۆژ نەهاتبوومە دەرێ و لەوەپێشیش نەچووبوومە ئەو کارگەیە، خوشکە ئاسکۆڵ خۆی لەگەڵما هات. زۆر دوور بوو، کە گەیشتینە بەردەم کارگەکە، چاوم لێ بوو ئۆتۆمبێلە سوورەکەی عومەرە سوور هات، بەڵام پیکابێکی سپی لە پێشیەوە دەهات، پیکابەکە وردە وردە هاتە لامانەوە، کە سەیرم کرد مەفەوەزێک و پۆلیسێک بوون، دابەزین و هاتنە لامانەوە، کە هاوڕێ عومەر مەفەوەزەکەی بینی خێرا پێچی کرد و گەڕایەوە، مەفەوەزەکە کوردێکی دلسۆز و باش بوو، کاک(عوسمانی مەلا) بوو، هەردوکمانی دەناسی، پرسی :

- کاک نایب لێرە چی دەکەی؟

- خۆت دەزانی تازە بەربووم، لە نەقابەکانیش نەماوم، هاتووم لەم کارگەیە

دەبەزرتم.

دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

– تۆ دەتەوێ لێرە کار بکەی؟ چەند رۆژە لێرەی؟

– ئەم بەیانییە هاتووم.

خوشکە ئاسکۆڵ وتی:

– من لە بازاڕ بووم، لە ئۆتۆمبێل دابەزی هەواڵی ئەم کارگەیەی پرسی. منیش لەگەڵیا هاتم پیشانم دا.

کاک عوسمان بە منی وت:

– فەرموو سوار بە بۆ مەرکەز.

خوشکە ئاسکۆڵ کردی بە هەرا و وتی:

– کاک عوسمان مەرکەزی چی ئەو ئێستا هاتووە، بۆ ئەوەی کار بدۆزێتەوە و ماڵ و منداڵی بژێنێ. کاک عوسمان دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

– ئاسکۆڵ خان تۆ بڕۆ حەقت نەبێ. ئاسکۆڵ خان هەر وازی نەدەهێنا ، ئینجا کاک عوسمان وتی:

– ئاسکۆڵ پێت دەڵێم بڕۆ باشە، دەنا بۆ تۆش خراپە.

منیش ئیشارەتم پێ دا کە بڕواتەوە، بە هەزار شەڕە شەق ئینجا بەرۆکی کاک عوسمانی بەردا، کە چووینە مەرکەز زۆر ڕێزی لێ گرتم، بە پۆلیسەکەی وت بمپشکنێ، هیچم پێ نەبوو، ئینجا تەلەفۆنی کرد بۆ(حسێن شێروان) مودیری ئەمنی سلێمانی.. قسەکانی منی بۆ گێڕایەوە و پێی ڕاگەیاند کە پشکنیویانم و هیچیان پێتم نەگرتووە، ئەویش پێی وتبوو هەر یەکسەر خۆی لەگەڵم بڕوات بۆ گەراج و بمنێرێتەوە بۆ سلێمانی ، وتبووی تا ئاژاوە لە ناو کرێکاراندا نەنێمەوە.

کاک عوسمان لەگەڵما هات بۆ گەراج، لە ئۆتۆمبێلێکدا جێگای نەفەرێک هەبوو، سوار بووم، ئینجا کاک عوسمان بە شۆفێرەکەی وت:

- نابێ لە ڕێگا دابەزێت.

کە گەیشتینە جێگای پشکنینی لای گردی سەیوان، پۆلیسێکی مرور، هات لە منی پرسی:

- تۆیت نایب عەبدوللا؟

- بەڵێ.

ناوی نووسیم و فەرمووی لێ کردین بڕۆین. تا ئەو کاتە وام دەزانی لەوێ دەمگرن و دەمبەن بۆ لای حوسێن شێروانی . لە گەراجی سلێمانی دابەزیم و یەکسەر چووم بۆ کتێبخانەی (بیری نوێ) کە بنکەیەکی نیمچە ئاشکرای حیزب بوو، شەهید ڕەئوفی حاجی قادر سکرتێری مەحەلی سلێمانی لەوێ بوو، کە منی بینی سەری سووڕ ما و وتی:

- خۆ وتیان گیراوی؟

- کێ وتی؟

- عومەرە سوور.

ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش پێی ڕاگەیاندم کە دوو سێ ڕۆژ خۆم دەرنەخەم، چونکە بڕیار بوو خۆم نەدەم بە دەستەوە. بەڵام نەیانگرتم و لێشیان نەپرسیمەوە.

*..*..*

# تێکۆشانم لە هەڵەبجە
# 1968-1961

## دەربارەی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی عێراق
## لە هەڵەبجە

ڕێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق، لە چلەکانەوە لە هەڵەبجە دامەزراوە و، لە لە پەنجاکاندا قەزای هەڵەبجە بە گشتی و شارە خنجیلانەکەی هەڵەبجە بۆتە مەڵبەندی تێکۆشەرانی حیزبی شیوعی و بزوتنەوەی چینایەتی و ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی. دیارە هەر لەو کاتەشەوە، تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە خەباتدا بوون.

ڕێکخراوەکانی حیزبمان لە هەڵەبجە، هەروەک زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکانی حیزب لە عێراق و لە کوردستاندا، لەگەڵ شالاوی زەبر و زەنگ و داپڵۆسین لە لایەن دوژمنەکانیەوە، نەشونمای کردووە و پەروەردە بووە و پێگەیشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە، زەبروزەنگ نەیترساندوون و قاڵبووی گرتن و کوشتن و ڕاونان و دەربەدەریین.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیەوە، دوژمنانی حیزب لە دوو لاوە ڕوبەڕووی ڕێکخراوەکان و هاوڕێیان و جەماوەری چەوساوەی سەر بە حیزب بوونەتەوە، کە ئەمانە بوون:

1- دام و دەزگاکانی ڕژێم کە بە هەموو توانایانەوە هێرشی دڕندانە و داپڵۆسێنەرانەیان دەکردنە سەر، لە ڕووی فیکری و ڕامیارییشەوە بە پروپاگەندەی بۆگەن دژی ڕێکخراوەکانی حیزب دەوەستان.

2- ئاغا و دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان و دەستوپێوەندەکانیان، کە لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجەدا ڕۆڵێکی دەسەڵاتدارانەی فراوانیان هەبوو، بە هەموو شێوەیەک دژی حیزب و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، دڕندانە ڕەفتاریان دەکرد. چونکە حیزبی شیوعی لە دژی زۆرداری و چەوساندنەوەدا تاکە حیزب و هێزێک بوو لە ناوچەکەدا کە داوای داکرد زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێت و هەمیشەش پێشڕەوی تێکۆشانی جوتیاران بوو.

زۆر جاریش دوژمنانی حیزب، لەژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، بەربەرەکانێیان دەکرد و پڕوپاگەندەی ناڕەوایان لە دژی حیزب و هاوڕێیانیان بڵاودەکردەوە. بەڵام چونکە ڕێکخراوەکانی حیزب ئاکار و ڕەفتاریان چاک بوو ، هیچ ڕەفتارێکی ناشایستەیان بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام نەدەنواند، دەیان کەسی ناوداری وەکو : مەلا مەحەممەدی سۆڵێ ، حاجی ئەوکەی شەکرالی، مەلا فەرەج، حاجی سۆفی مەحمود، سەید مەحەممەدی عەبابەیلێ، حاجی مەلا حەسەنی بازرگان، حاجی تایەری بازرگان، عوسمانی سۆفی عەلی عەنەب و دەیان کەسایەتی ئایینی تر کە ئەندام و لایەنگری ڕاستی حیزب بوون و هەمیشە لە مزگەوت و ناوبازاڕ و دیوەخانی دێهاتەکاندا بەرگریان لە حیزب دەکرد، دژایەتی حیزب بە ناوی ئیسلامەوە سەری نەدەگرت و بەردەوام نەبوو.

هەروەها شتێکی گرنگی تر کە لەناو ڕێکخراوەکانی هەڵەبجەدا سەرنجڕاکێشە و لەناوچەکانی تری کوردستاندا زۆر کەم بەدی دەکرا، ئەوەبوو کە زۆربەی هەرەزۆری دایک و باوک و خوشک و برا و خزمی نزیکی کادر و ئەندامانی حیزب، هەموو سەر بە حیزب بوون و، ئەگەر ئەندامیش نەبوونایە لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەکی حیزب و هاوڕێیانیان دەکرد.

هەروەها گەلێک پیاوی بەناوبانگ و کەسایەتی خۆشەویست و هەندێک سەرەک عەشیرەتی ناوچەکە، ئەندام و دۆستی ڕاستی حیزب بوون، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو، لە تێکۆشانەکانی حیزبدا.. بۆ نمونە ئەم کەسایەتییانە: کاکە حەمەبۆری باوەکۆچەک و کوڕ و براکەی، کاکە حەمەعەزیزی باوەکۆچەک، هاوڕێ ئیسماعیل خەسرەوی کوڵکنی سەرەک عەشیرەتی سەدانی، کاک میرزا حسێنی سەرەک عەشیرەتی ئەوڕۆڵی، کاک عەلی حاجی فەرەج، هاوڕێ سالح هەژاری شاعیر، هاوڕێ حەمەلاوبەگی هەرامی و دەیانی تری وەک ئەمانە لە مزگەوت و دیوەخانەکانی دێهاتەکان و لە هەموو جێگایەکدا پشتیوانی حیزبیان دەکرد و

یارمەتی حیزب و هاوڕێیانیان دەدا. هەروەها دەیان ئافرەتی خۆشەویست و ئازا و دڵسۆزی وەک: دایکی هاوڕێ حەمە شەل، فاتمەی مەلا ئەمین، ئامین تەیارەی شیرەمەڕ، شەمسەخانی پادشای نەخشین، دایکی مەلا عەلی، دایکی ئیبراهیمی سۆفی مەحموود، ئامین باریک، ئامین والی و گەلێکی تر کە لەهەموو جێگایەکدا، لە هەموو کاتێکدا یارمەتیدەری حیزب بوون و لەسەر مێرد و کوڕ و براکانیان بە قوڕگی دوژمنانی حیزبدا دەچوون و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان و تێکۆشانە جەماوەرییەکانی تری حیزب بوون و لە شایی و شیندا هاوخەباتی خۆیان بۆ هاوڕێیان پیشان دەدا و پارێزگارییان لێ دەکردن، لە ڕۆژە دژوارەکان و لە ئاستەنگییەکاندا، دەیان کادری حیزبیان دەشاردەوە و بەخێو دەکرد. ئەمانەی کە باسم کردن، سەرجەمی هێز و توانای ڕێکخراوەکانی حیزب بوون و وزەیان دەخستە بەر حیزب و هاوڕێیانی. جێی شانازی و شایانی یادکردنەوەشە کە ڕۆشنایی ڕێگای تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوەیە و تەواوی حیزبیش خوێنی پاکی ئەو شەهیدانەیە کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب و لە پێناوی بەختەوەری و ئازادی و سەرفرازی جەماوەری چەوساوە و جووتیاراندا. لە مەیدانی خەباتدا گیانیان بەخشی.

ئا ئەم قارەمانانە و گشت شەهیدانی تری حیزب هەرگیز نامرن و لە بیرەوەریماندا زیندوون: ئەحمەدی حاجی ڕەحیم، وەستا ئیسماعیلی مزگەر،عوسمانی حاجی حەمەئەمین،بورهانی خواجەحوسێن، سەید تۆفیق و دڵزاری کوڕی، ناهیدە نووری قەساب و عەلی برای، مەناف هەورامی،قەدحە عەلی چاوگ، عومەری عەلیحەمەئەمینی حاجی قادر و هێرشی برای، بایزی سەید باقی،مەردان عەلی، عەبدوڵلا عینایەت، جەبار کزێی، حەمەکوڵەباڵ،حەمە هاوڕێ، عەلی کلاشینکۆف، والی ئیسماعیلی خەسرەو، تۆفیقی حاجی، جەمیلی والی، نەجیب سەید فەرەج، عەزیز حامید عەلی، عومەر ڕەشید، سۆران عوسمان حەمەساڵح و

دەیان شەهیدی تری وەک ئەمانە.. بەڵێ.. ئەم خوێنانەی کە ڕژان هەمیشە پاڵپێوەنەری تێکۆشەرانی هەڵەبجە بوون بۆ سوور بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانی دان، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە شەهیدەکان گیانی خۆیانیان لە پێناویدا بەخت کرد.

وەفاداری بەرامبەر ئەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و بەرامبەر هەر کەس و ماڵێکیش کە چەند ڕۆژێکیش خزمەتی حیزبیان کردبێ لە لایەن ڕۆڵەکانی ئێستای هەڵەبجەوە پێویستە و شایانی فەرامۆش نەکردنە.

خوێنەری خۆشەویست: من لەم بیرەوەرییەدا، بە درێژی و تێروتەسەلی و بە تەواوەتی مەسەلە فیکرییەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان و هەڵە و کەم و کوڕییەکانم تۆمار نەکردووە، چونکە بەشی زۆری شتە سەرەکییەکان لە هەڵسەنگاندنەکان و کۆنگرە و کۆنفرانسە حیزبییەکاندا نووسراون و باسکردن و لێکۆڵینەوەیانم بە دووبارەکردنەوە دەزانی .

هەروەها ژمارەی هاوڕێ و دۆستی ئازا و لێهاتوو و پیاوماقوڵان و ئافرەتە خەباتگێڕە بەجەرگەکان و شەهیدەکانی حیزب لە هەڵەبجە، زۆر لەوە زیاترن کە ناوم هێناون، یەکەم لەبەر پاراستنی ناوی هەندێکیانم نەبردوون، چونکە هێشتا هێشتا ڕێی تێکۆشان دوور و درێژ و مەترسیدارە و دوژمنانی حیزبیش هەر ماون، وە لەبەر زۆری ژمارەش ناوی هەندێکی ترم نەنووسیوە، کە پێشەکی داوای لێبووردنیان لێ دەکەم.

گومانیشی تیا نیە کە لە نووسینەوەیەکی وادا ڕەنگبێ کەم وکوڕی و هەڵە و پاش و پێش کەوتنی هەندێ ڕووداو بەرچاو بکەون، بۆیە پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و خوشک و برایانە دەکەم، کە دەستی یارمەتی درێژ دەکەن و هەڵە و ناتەواوییەکان دەستنیشان دەکەن.

هەروەها ڕووداوەکانی نێوان حیزبمان و حیزبەکانی تر لەو سەردەمەدا، بۆ

کولاندنەوەی برینەکان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی مێژوویی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان فەرزی دەکەن، هیوادارێشم ڕووداوە ناخۆشەکان دووبارە و سێبارە نەبنەوە.

## یەکەم سەردانم بۆ هەڵەبجە

ساڵی 1953، ئەودەمە ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی ، یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراقی بووم، کە سەر بە حیزبی شیوعی بوو. مامۆستای ئەمر(حەمەساڵح دیلان) ئەو کاتە لێپرسراوی یەکێتی لاوانی سلێمانی بوو، بە کارێک ناردمی بۆ هەڵەبجە. نامەیەکی دامێ بۆ بەڕێز(مەحموودی حاجی ڕەحیم). ناوبراوم دۆزییەوە و نامەکەم دایێ. بۆ نانخواردنی ئێواری بردمییەوە بۆ ماڵی خۆیان و شەو تا درەنگ پێکەوە بووین و ، بۆ نووستن بردمییە میوانخانەیەک، کە خاوەنەکەی سەر بە حیزب بوو. بۆ سبەینێ، پاش تەواوکردنی کارەکەمان و گەڕانێک بەناو بازاڕ و قەیسەرییەکان و بەناو باخە قەشەنگەکەی (میر) ، نزیکی ئێواری گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

## دووەم سەردانم بۆ هەڵەبجە

لە سەرەتای ساڵی 1959دا، کە ئەوکاتە سەرۆکی نەقابەی بەرگدرووانی سلێمانی و، سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی بووم، بەناوی ئەم دوو ڕێکخراوەوە چووم بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی لیژنەی نەقابەی بەرگدرووانی هەڵەبجە و سەردانی لقی نەقابەی بینا و پرۆژەی ئاوەدانی هەڵەبجە. هەردوو نەقابەکە جەمەیان دەهات لە کرێکار و بە دەگمەن کرێکار هەبوون نەبووبێتنە ئەندامی نەقابە. لەناو بەرگدرووواندا هەڵبژاردنێکی دیموکراتی کرا و دەستەی بەڕێوەبەر بە زۆربەی دەنگ دەرچوون، کە ئەمانە بوون: عوسمانی حاجی حەمەئەمین، عوسمانی ڕەنگان، عومەری ئەحمەد خورشید و چەند برادەرێکی تر کە

بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە. لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەر و هەموو کرێکارەکانیشدا کۆبوونەوەم کرد.ئینجا چوومە سەردانی نیقابەی بەناو پڕۆژەی ئاوەدانی، ژمارەی ئەمان زۆرتر بوو. شەوانە کۆبوونەوەی فراوان دەکرا، پێشتر هەڵبژاردن کرابوو. ئەم تێکۆشەرانەدەوری سەرکردایەتیان هەبوو: تەهای شێخ عابید ، وەستا ئەحمەدی مەنیج، ئەحمەدی لالۆ و لە پاشدا، ئیبراهیم سۆفی مەحموود و کەریمی حاجی و چەند برادەرێکی تر. لەگەڵ ئەمانیشدا و هەروەها لەگەڵ کرێکارەکانیشدا چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد و لە پاشدا گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

## سێیەم سەردانم بۆ هەڵەبجە

لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی (1958)ەوە،کە ڕژێمی پاشایەتی و دەرەبەگی گۆڕکرا،کۆنەپەرستان و ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان؛یەکیان گرت و بە گەموو توانایەکیانەوە کەوتنە جموجوڵی ئاژاوەچییانە و درندانە لەژێر گەلێ پەردە و پەڵپ و بیانوودا لە دژی حیزبمان و ڕێکخراو و ئەندام و لایەنگرانی. ئەوەبوو کەوتنە دەستدرێژی بۆ سەر جووتیارە هوشیارەکان ، هەر لە خەرمان سووتاندن و کێڵگە تێکدان و دار و باخ بڕینەوە، تا دەربەدەرکردن و ئازاردان و تەقەلێکردن و کوشتنی دەیان جووتیاری تێکۆشەری حیزبی شیوعی لە سەرانسەری کوردستاندا.
لەناوچەی هەڵەبجەشدا، گەلێ هێرشی درندانە کرایە سەر شیوعیە کۆڵنەدەرەکان لە شارو دێهاتەکاندا، وەک شەهیدکردنی وەستا ئیسماعیلی مزگەر لە عەبابەیلێ و ، تەقەکردن لە ماڵی عیزەتی کەشەنە و، لێدانی بەڕێز(مەولوود ڕەسول) سکرتێری لیژنەی قەزای هەڵەبجە لەناوەڕاستی شاردا و، گەلێکی تر.
لە ساڵی 1961 ، لەناو بازاڕی هەڵەبجەدا، چەند پیاوێکی کاسەلێسی دەرەبەگەکان، بە یارمەتی پیاوەکانی ڕژێم، پەلاماری چەند شیوعییەکیان دا. ڕۆڵە دلێرەکانی حیزب، بە تایبەتی شەهید عوسمانی حاجی حەمەئەمین و چەند هاوڕێیەکی تر بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕێکی گەورە بەرپا بوو، توانییان سەر بە

شەڕفرۆشان ئەوی بکەن. بەڵام کاریەدەستانی ڕژێم، پەلاماری هاوڕێ ناسراوەکانی حیزبیان دا و، هەندێکیان لێ گرتن و ویستیشیان هاوڕێ فەرەجی مەلا ئەمین بگرن، کە ئەوسا سکرتێری لیژنەی قەزای هەڵەبجە بوو، بەڵام بۆیان دەستگیرنەکرا.
هەر لەو کاتەدا ڕژێمی قاسم دەستی بە پاشەکشێ کردبوو لە سیاسەتە دیمۆکراتییەکەی و پەلاماری نەقابەکانی کرێکاران و سەرۆکەکانی دابوو لە هەموو عێراقدا. لە شاری سلێمانیشدا، یەکەم جار هێرش کرایە سەرنەقابەی بەرگدرووان و دایان خستن. منیان بۆ ماوەی دوو مانگ بەند کرد. پاش بەربوونم نیتر لە سەرۆکایەتی یەکێتی نیقابەکانیش نەمام.. حیزب کارێکی تری پێ سپاردم، ئەویش (سکرتێری لیژنەی چاودێری پارێزگای سلێمانی حیزب بوو. جا کە ئەو شەڕە لە هەڵەبجەدا هەڵگیرسا و چەند هاوڕێیەک گیران و گیروگرفت پەیدا بوو، مەکتەبی لیژنەی مەحەلی سلێمانی (ملمس) بڕیاری دا ماوەی مانگێک بچم بۆ هەڵەبجە، بۆ سەرپەرشتی ڕێکخراوەکان و بۆ یارمەتی هاوڕێیانیش لەو بارودۆخە ئاڵۆزەیاندا.
لە هاوینی ساڵی 1961 دا بەڕێز(کەمالی عەلی جگەرەچی) کە سکرتێری لیژنەی شاری هەڵەبجە بوو، هات بۆ سلێمانی، بۆ ئەوەی پێکەوە بچین بۆ هەڵەبجە.
لەناو ئۆتۆمبێلی هاوڕێیەکی خۆماندا کە هاتوچۆی هەڵەبجەی دەکرد، دوو جێگای گرت و من بە پێ چوومە پشتی گردی سەیوان، ئەودیووی سەیتەرەی پشکنین، لە کات و شوێنی دیاریکراودا گەیشتن و منیان سوارکرد.. تا نزیک(حەمەوغان) پێش سەیتەرەی پشکنینی هەڵەبجە، لەوێ دابەزین و بە کۆڵانەکانی گەڕەکی(پیرمەحەمەد)دا چووین بۆ گەڕەکی (کانی ئاشقان) بۆ ماڵی خوالێخۆشبوو(عەلی حاجی فەرەج) برای هاوڕێ عارف.
ئەو کاتە هاوڕێ عارف گیرا بوو، بەڵام ئەو خێزانە دڵسۆزە زۆر بە جوانی پێشوازییان لێکردین و خزمەتیان کردین.. کاک کەمال ڕۆیشت و پاش نان خواردنی ئێوارێ هاتەوەبە دوامدا و پێکەوە چووین بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی قەزا. ئەوەی

لەیادم ماوە ئەم هاوڕێیانە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون:

* فەرەجی مەلا ئەمین.. سکرتێری لیژنەی قەزا.
* کەمال عەلی جگەرەچی.. سکرتێری لیژنەی شاری هەڵەبجە.
* حەمە شەل .. سکرتێری لیژنەی ناحیەی مەرکەز .
* سەید تۆفیق..سکرتێری لیژنەی خورماڵ.
* مامۆستا محێدین.. سکرتێری لیژنەی تەوێڵە.
* هاوڕێیەک.. سکرتێری لیژنەی سەید سادق، بە داخەوە ناوەکەیم بیرنەماوە.

هەروەها هاوڕێیان عارف و تەها عابید، ئەندامی لیژنەی قەزا بوون، بەلام گیرا بوون.

کۆبوونەوە بە ڕێک و پێکی دەستی پێکرد، هاوڕێیان هەموو ورەبەرز و لەسەرخۆ بوون. بە گوێرەی قسەی ئەوان، هاوڕێیانی ڕێکخراوەکانیش ورەبەرز بوون. ئەو شەڕ و هەڵا و گرتن و ڕاونانانە، کاری سلبی نەکردبووە سەریان. هەموو شتێ بە تێر و تەسەلی باسکرا و لێی کۆڵدرایەوە و چارە بۆ هەندێ گیروگرفت دانرا. بەرنامە بۆ چالاکی حیزبی داهاتوو دانرا، کە لە شێوەیەکی نهێنیدا کار بکرێ و زیاتر بچنە ناو جەماوەرەوە و .. هتد.

لە سەعات دووی دوای نیوەشەودا، کۆبوونەوەکە کۆتایی هات بڕیار وابوو لە سەعات چواردا ، کە مەلا بانگ دەدات و کاتی چوونی خەلک بۆ مزگەوت و بازاڕ، بلاوەی لێ بکەین، بەهۆی قسە خۆشەکانی هاوڕێ حەمەشەلەوە، کەسمان خەومان لێ نەکەوت، لەکاتی مەلابانگداندا یەک یەک و ، دوو دوو، بە هێمنی بلاوەمان لێ کرد، منیان بردە ماڵی خوالێخۆشبوو(مەلا فەرەج) باوکی هاوڕێ عەبدوڵای مەلافەرەج(مەلاعەلی) چونکە هاوڕێ مەلا عەلی لە هەڵەبجە نەبوو، لە جێگایەکی تر کاری حیزبی پێسپێردرابوو. ماڵەکە شکی لەسەر نەبوو، لە کاتی نیوەڕۆدا نامەیەکم بۆ(ملس) دەربارەی کۆبوونەوەکەمان نووسی و بار و دۆخی ئەو

کاته و هەندێ بیر و بۆچوونی خۆشم بۆ نووسین. نامەکەم پێچایەوە و لێم نووسی (ملمس) دام بە خوالێخۆشبوو مەلا فەرەج، وتم زەحمەت نەبێ بیدە بە هاوڕێ سەید باقی ، هاوڕێ سەید ئەو کاتە مەسئولی موراسەلات بوو ، تەماشایەکی نای (ملمس)ی کرد و وتی:

- هەڵی دەبچڕم.

- بۆچی.

- دەیخوێنمەوە..

- چۆن دەبێ ئەوە بۆ حیزبە.

- شتێک نەزانم چیە نایهێنم و نایبەم. ڕەنگم تێکچوو، خەریک بوو تێی بگەیەنم، پێکەنی و وتی:

- گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم.

هەڵسا و وتی وا دەچم بۆ ماڵی سەید باقی، کە دەچێتە ماڵیان هەر لە دەرەوە هاوار دەکات:

- مەرحەبا (ملمس). هاوڕێ سەید باقی ئەحەپەسێ و دەڵێت

- مامۆستا ئەوە چییە؟

- سەید گیان چیی چییە، ناوت ملمس نیە، سەیدیش دەڵێ

- مامۆستا ئەوە حیزبە کەی منم. خەریک دەبێ بۆی شی بکاتەوە، دەڵێ :

- بیبڕەوە گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم. دەزانم هی حیزبە و حیزبیش دوانی وەک تۆ و عەبە...ی کورمە.

بە ڕاستی مەلا فەرەج زۆر قسەخۆش و نوکتەچی بوو، تا بڵێی حیزبیش خۆشی دەویست، دایک و باوکی مەلا عەلی زۆر خزمەتی حیزبیان دەکرد.

لەپاش دوو ڕۆژ بردمیانە ماڵی(سۆفی مەحموود) باوکی هاوڕێ ئیبراهیم.. لەو کاتەدا نە هاوڕێ ئیبراهیم و نە ئەحمەدی برای لەوێ بوون. تەنها شیرین خانی

دایکی ئیبراهیم و سۆفی مەحموود لەماڵ بوون، ماڵەکەیان بێ شک بوو، وەک کوڕی خۆیان خزمەتیان دەکردم و بەردەوامیش خزمەتی حیزب و هاوڕێیانیان لە زۆر ڕووەوە دەکرد.

دوای دوو ڕۆژ مانەوەم لەوێ، چووم بۆ لای هاوڕێ (فەرەج) لە ماڵی (کاکە حەمەی برایدا بوو). کاکە حەمە و هاوسەرەکەی و کچ و کوڕەکانی، وەک هەموو خێزانێکی شیوعی ئازا و دڵسۆز یارمەتی هاوڕێ فەرەج و حیزب و هاوڕێیانیان دەدا. بە تایبەتی هاوڕێ (فاتیمە)ی خوشکی کە ئەندامێکی لێهاتوو و گورج و گۆڵی (لیژنەی ئافرەتان) بوو.

هەر لەو ماوەیەدا، لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی گەڕەکەکان و لیژنەی شار و ئافرەتاندا هاوبەشیم کرد و چووشم بۆ دێی (باوەکۆچەک) بۆ هاوبەشی لە کۆبوونەوەی لیژنەی ناحیەی مەرکەزدا و لەو دێیەش چاوم بە چەند دۆست و هاوڕێیەکی حیزب کەوت.

دووبارە چوومەوە بۆ لای هاوڕێ فەرەج، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و گەیاندنی بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیازی ئەو هاوڕێیانەی دیبوونم، تا گەلاڵەی هەموو شتەکان بە ڕێک و پێکی بگەیەنم بە هاوڕێیانی (ملمس).

پاش نزیکی مانگێک ویستم بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بە ڕێکەوت لە نزیک هەڵەبجە و دەربەندیخان تەقە دەستی پێکرد، چەکدارانی کوردستان پەلاماری هێزەکانی ڕژێمیان دا و بەو هۆیەوە ڕێگای ترۆمبیلی بەینی هەڵەبجە و سلێمانی گیرا و منیش لە هەڵەبجە مامەوە.

لەو ماوەیەدا کە لە هەڵەبجە مامەوە، شەوێک لەگەڵ سکرتێری ناحیەی مەرکەزدا چووم بۆ دێی (عەبابەیلێ) بۆ هاوبەشی لە کۆبوونەوەی فراوانی ئەوێدا، چووینە ماڵی بەڕێز (عیزەتی کەشەنە) کە ڕێکخەری دێیەکە بوو. پێش چوونی ئێمە بە دوو شەو لە لایەن پیاوەکانی دەرەبەگی دێیەکەوە تەقە لە ماڵەکەیان کرابوو، ئەویش دلێرانە لێیان هاتبووە دەست و تەقەی لێ کردبوونەوە و ڕاوی نابوون، جگە لە

خێزانەکەی ، دایک و خوشکێکی لەگەڵیدا دەژیان، ئەو ئافرەتانەش زۆر ئازا و دڵسۆز بوون، بە تایبەتی دایکی.. ئەو تەقەڵێکردن و پەلاماردانە نەیترساندن و زیاتر لە جاران خزمەتی حیزبیان دەکرد و لە دژی دەرەبەگ دەجولانەوە.

لەناو دێیشدا زۆر هاوڕێی ئازا و دڵسۆزی تری لێ بوو بە تایبەتی هاوڕێ(سەید عەلی) کە هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنان بوون و خۆی و خێزانەکەی و ماڵەکەشیان هەمیشە لە خزمەتی حیزبدا بوون هەر لە عەبابەیلێوە. لەپاش کۆبوونەوەکانمان، چووین بۆ دێی (عەنەب) چووینە ماڵی کاک (عوسمانی سۆفی عەلی) بێجگە لە ئەندامی لیژنەی ناحیە و لێپرسراوی عەنەب و بیاوێڵە ، کوێخای دێ و دەمڕاستی ناوچەکە و خۆشەویستی گەلێ کەس بوو. تێکۆشەرێکی ئازا و دڵسۆز بوو . لەوێش لە چەند کۆبوونەوەیەکی شانەی فراواندا بەشداریم کرد، لەو دێیەش هاوڕێ و دۆستێکی زۆرمان هەبوو. دوای ئەویش، بۆ جاری دووەم چووینەوە (باوەکۆچەک) چووینە ماڵی هاوڕێ(ڕەشەی فاتە) کە هاوڕێیەکی ئازا و قسەخۆش و نوکتەچی بوو. لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی ناوچەی(باوەکۆچەک و چاوگ و حەسەن ئاوا)دا بەشداریم کرد. هاوڕێ(حەمەحسەین) لێپرسراوی لیژنەکە بوو، بە ڕاستی هاوڕێیەکی زیرەک و قسەزان بوو، نیووەی کۆبوونەوەکانیان بە نوکتە و قسەی خۆش تەواوکرد. دوای کۆبوونەوەکانیش چووینە سەردانی دۆستە دڵسۆزە ڕاستەقینەکانی حیزب هەر لەو دێیەدا ئەوانیش کاکە حەمەبۆری کۆکۆیی و کاکە حەمەعەزیز بوون.. لە قسەکردندا سەبارەت بە بار و دۆخی ناوچەکە، گەلێ پێشنیاری بەکەڵک و سوودبەخشیان پێشکەش کردین.

لە پاشدا گەڕاینەوە بۆ ناو شاری هەڵەبجە، چوومە لای هاوڕێ فەرەج، لەبەر خۆپاراستن لە ماڵی براکەی نەمابوو، چووبووە ماڵی هاوڕێیەک کە بە تەنیا لە خانوویەکدا دەژیا ، هێشتا ژنی نەهێنابوو، دوکانی(عەتاری) هەبوو، کە بەڕۆژ دەچوو بۆ دوکان، لەدیووی دەرەوە دەرگاکەی(قفل)دەدا.. بەڵام کلیلێکی دابووە

هاوڕێ سـەید باقی، بۆ ئەوەی هەر کـات ئیشی پێی هەبووایە، یان نامـە و شت هەبووایە بۆی دەبرد، کلیلێکیشی دابووە برازایەکی هاوڕێ فەرەج، هەندێ ئیوەڕوان نان و شتی بۆ دەبرد.

یەک دوو ڕۆژ لە لای مامەوە، مُوناقەشەمان لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و ڕێبازی حیـزب و گەلێ شـتی تر زۆر دەکـرد، هاوڕێ فـەرەج، شـارەزایییـەکی باشی حیـزبیی هەبوو، لە ڕووی ڕامیـاری و فـیکرییـەوە، بۆچوونەکانی زۆری ڕاست بوون، زۆر ئازا و دڵسـۆزیش بوو. ڕۆژێکیش پاش ئیوەڕۆ بوو، لە گەرمەی موناقەشەدا بووین، لە پڕ هەرا لەناو حەوشـەی مـاڵـەکەیاندا پەیدا بوو، هاوڕێ فـەرەج، لە درزی دەرگـای ژوورەوە، تەماشای حەوشەکەی کرد، زۆر تێکچوو، بە ماتی و بێدەنگ دانیشتەوە، لێم پرسی.

- ئەوە چییە؟

- ئەوە(حەمەسالح بانەیبە) باوکی هاوڕێیەکمانە، لە لای میریی کەفیلی منە، کە هەر کات منیان ویست، ئەو لێپرسراو بێ کە ڕانەکەم. ئێستا پۆلیس داوای منی لێ دەکەن و پێیان وتووە ئەگەر فەرەج نەیەت لە جیاتی ئەو تۆ دەگرین.

لەو قسانەدا بووین، کاک حەمەسالح بە دەنگی بەرز هاواری کرد وتی.

- ئا ئەوەتا ئەوا سـەید ناباقیش هات، بەخـوا ئەم مـاڵە بنکەتانە و فـەرەجیش لێرەیە، هەمووتان ئەدەم بەگرت!

ناچار هاوڕێ فەرەج چوو بۆ لای.. لەگەڵ هاوڕێ سەید زۆر قسەیان لەگەڵ کرد، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، زیاتر دەنگی هەڵدەبڕیی..لەگەڵ هاوڕێ فەرەج ڕێککوتین، کە لەگەڵیا بڕوات بۆ ماڵی خۆیان بۆ لای کوڕەکەی، کە مادەم هاوڕێی خۆمانە بەڵکو ئەو ڕازی بکات و واز بهـێنێ، ئەوان ڕۆیشتن ، برازاکـەی هاوڕێ فـەرەج بۆی گێڕامەوە وتی:

- لەکاتی هاتنمدا بۆ ئێرە کە نانم بۆ هێنان، وریا نەبووم، نەمزانی کاک حەمەسالح

دوام کەوتووە، کە قفڵەکەم کردەوە و پێم خستە ناو حەوشەکەوە ئەویش خێرا هاتە ژوورەوە و ئەو کەتنەی نایەوە.لەپاشدا بە هاوڕێ سەید باقیم وت :

- دەبێ ئێمەش ئێستا بڕۆین، بەڵکو هەر لەم گەڕەکە ماڵێک پەیدا بکەی بۆ من، تەنها تا ئێوارێ، یان تا بەیانی زوو.. وتی:

- ماڵێک لێرەوە زۆر نزیکە، پیاوەکە هیچ نییە، بەڵام خێزانەکەی زۆر باشە، خوشکی هاوڕێ عوسمانی حاجی حەمە ئەمینە.

- باشە بچۆ بۆ لایان و پێیان بڵێ. ڕۆیشت و پاش کەمێ هاتەوە و وتی:

- پیاوەکە منجە منجی کرد، بەڵام خێزانەکەی وتی بەخێر بێ بەسەرچاو وەک عوسمانی برام وایە.

بە کۆڵانەکاندا دوور و نزیک لەدوای هاوڕێ سەیدەوە ڕۆیشتم، چووینە ماڵەکە، زۆر بە باشی و بە ڕووی خۆشەوە پێشوازییان کردین، پاش کەمێ سەید ڕۆیشت، وامان دانا کە سبەینێ زوو سەعات چوار بێتەوە بە دواما. ئەوانیش منیان بردە ژوورێکی پەناوە، کە جێگای میوان نەبوو، تا درەنگانێکی شەو پیاوەکەم لەلا بوو، کاتی نووستن ئەو ڕۆیشت و منیش ڕاکشام، شەودەوری سەعات یەک ڕاست بوومەوە ویستم بچم بۆ حەوشە بۆ ناودەست، کەچی دەرگای ژوورەکەم لەدیووی دەرەوە لەسەر داخرابوو، زۆرم لا ناخۆش بوو، لە داخا خەوم لێ نەکەوتەوە، دەستم کرد بە جگەرەکێشان، نزیکی مەلابانگدان، لە دەرگای حەوشە درا، پاش چەند جارێک خاوەن ماڵ دەرگای کردەوە، هاوڕێ سەید بوو. پاشان هات دەرگای ژوورەکەشی کردەوە یەکسەر بە ناڕەحەتییەوە وتم:

- ئەرێ برا بۆچی ئەمشەو منت زیندانی کردبوو؟ لە پێشا حەپەسا ئینجا وتی:

- براکیان خۆ من تۆ ناناسم.

- خۆ سەید باقی دەناسیت. بێدەنگ بوو. وتم:

- دەفەرموو تەماشای ژوورەکەت بکە بزانە هیچت نەدزراوە.. زۆر ناڕەحەت بوو،

دەستی لە مل کردم و وتی:

- بە خوا مەبەستم ئەوە نیە، منالم وردە،لە سەگ و گورگەکان دەترسێم. خێزانەکەی کە گوێی لەم قسانە بوو، هات و لە مێردەکەی توورە بوو، داوای لێبووردنی لێ کردم، منیش بە پێکەنینەوە، داوای لێبوردنم کرد و ڕۆیشتین.

لەگەڵ هاوڕێ سەید دا چووینە مالی هاوڕێ حەمەشەل، ماوەیەک لەوێ مامەوە و چاوپشم بە هاوڕێ سالح هەژار و هاوڕێ تایەر و چەند دۆست و هاوڕێیەکی تر کەوت و گەلێ پێشنیاری جوان و بەکەلکیان هەبوو، بۆ حیزب سەبارەت بەو بار و دۆخەی تێیدا بووین و .. هتد.

لەو ماوەیەدا، شەڕی نێوان چەکداران و ڕژێم بۆ ماوەیەک ڕاوەستا و ڕێگای هاتووچۆ کرایەوە، پاش کۆبوونەوەیەکی بچووک لەگەڵ ئەندامانی قەزا، لەناو شاردا، گەڕامەوە بۆ سلێمانی و ڕاپۆرتێکی دوور و درێژم پێشکەش بە (ملمس) کرد و بە دەمیش زیاتر شتەکانم بۆ شیکردنەوە و هەندێ پێشنیازم پێشکەش کردن.

## چوارەم سەردانم بۆ هەڵەبجە بەماڵەوە

لەسەر بڕیاری ملمس و ڕەزامەندی لیژنەی ئیقلیمی کوردستان، لە شوباتی 1962دا بە ماڵەوە بارمان کرد بۆ هەڵەبجە، ئەوسا گەلاوێژی کچم دوو مانگان بوو، باوکم و خوشکیشم لەگەڵمان هاتن، لە ماڵی ئەنکی شۆڕشی مەلا عەلی دوو ژوورمان بەکرێ گرت و ناوی خۆم نا مەحموود و دەست بەکار بووم. (ئەفێ)خانی ئەنکی شۆڕش و (بەهێ) خانی دایکی، دڵسۆزانە و بە باشی یارمەتی ئێمەیان باش دەپاراست.

باوکم و خوشکم و هەر زوو گەڕانەوە بۆ سلێمانی، چونکە نەدەبوو باوکم بچێتە بازاڕ و چایخانە بۆ ئەوەی ئێمە ئاشکرا نەبین، ئەویش تەحەمولی نەدەکرد هەر لەماڵەوە بێت.

پاش کۆبوونەوەی لیژنەی قەزا و دابەشکردنی ئیش و دانانی نەخشەی کارکردن لە شار و دێهاتەکاندا، بە تایبەتی، کە شەڕی خوێناوی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دەستی پێکردبوو، شۆڕشی ئەیلوول هەلگیرسابوو. نەخشەمان بۆ ئەوە دانا بۆ ئەوەی سەربدەم لە لیژنەکانی خوار لیژنەی قەزا و هەموو لیژنەکانی ناوشار. لەگەڵ سکرتێری لیژنەی شاردا، کە مامۆستایەکی تر بوو، کەمال عەلی جگەرەچی لە هەڵەبجە نەمابوو، چووم بۆ سەرپەرشتی لیژنەی شار و هەر چوار لیژنەی گەڕەکەکان. هەروەها لیژنەی ئافرەتان کە ئەندامێکی لیژنەی شار هاوڕێ(مەحموود شەفە هەلاج) لێپرسراویان بوو.. لە نزیکەوە زانیاری سەرەتاییم لە هاوڕێیانی ئەو لیژنانە وەرگرت و شارەزای چۆنێتی کارکردن و هەندێ هەڵس و کەوتیان بووم و کەمێک شارەزای سلبیات و ئیجابیاتەکانیان بووم.

لەپاشدا بە پێشنیازی لیژنەی شار، لیژنەی قەزا ڕازی بوو، بە پێشخستنی چەند هاوڕێیەکی لێهاتوو بۆ لیژنەی شار و چەند هاوڕێیەکی تریش بۆ لیژنەی گەڕەکەکان هەندێ ئاڵوگۆڕیش کرا بۆ پتەوبوونی ڕێکخراوەکان و چاککردنی شێوەی کارکردنیان.

لیژنەی ئافرەتان، شتێکی کەمتر نەبوو لە لیژنەی شار، هەموو ئەندامانی لیژنەکە خوشکانی ئیشکەر و زانا و لێهاتوو خۆشەویست بوون. بە تایبەتی: خوشکە ناهیدە و نەجیێ خان و فاتمەی مەلا ئەمینو ئافتاوی حاجی فەرەج، سکرتێرەکەیان(مەحموود ئەفەندی) تا بڵێی هاوڕێیەکی ئازا و دڵسۆز و خۆشەویست بوو، بەلام چوونکە تەمەنی زۆر لەوان گەورەتر بوو و خزمایەتیشی لەگەڵ زۆربەیان و ناسیاوی لەگەڵیاندا هەبوو، بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکردن کە شێوەیەکی ڕاست و دروستی حیزبی نەبوو، بۆ نموونە هەموو جارێک لە کۆبوونەوەکاندا دارێکی درێژی لە لای خۆیەوە دادەنا، هەر خوشکێک باش گوێی نەگرتایە، یان لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ یەکتری چرپەچرپی بکردایە، یان پێکەنینیان بهاتایە، دارەکەی لێ بەرز

دەکردنەوە و بێدەنگی دەکردن. زۆر ڕەق و وشک بوو لەگەڵیاندا، لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕێزیان لێ دەنا، لێیشی بێزار بوون. لەولاوە حیزبیان ئاگادارکردبوو کە هاوڕێ (مەحموود) بەو جۆرە لەگەڵیان دەجولێتەوە، برادەرانی قەزا و شاریش دەیانزانی، وا دیاربوو ئەوانیش پێیان خۆش بوو کە هاوڕێ مەحموود بەو جۆرە لەگەڵ خوشکاندا بجولێتەوە.

ئەو جارەی من چووم بۆ سەرپەرشتییان، دارەکەی نەهێنابوو، منیش وتم:

- هاوڕێ ئەی دارەکەت کوا؟ هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.. ئینجا خوشکان یەک یەکە کەوتنە ڕەخنەگرتن لە هاوڕێ.. هاوڕێ مەحموودیش وتی:

- بەخوا هاوڕێ ئەمانە بە دار نەبێ لە کۆبوونەوەدا بێدەنگ نابن، لە ڕاستییدا من تاقەتی ئەمانەم نەماوە، ئیشێکی ترم بدەنێ بەسەرچاو دەیکەم. هەر هەموویان پێیان خۆش بوو، هاوڕێیەکی تر لە لیژنەی شارەوە کرا بە لێپرسراویان، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێکخراوەیە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و یەک دوو خوشکی تر سەرخران بۆ لیژنەکەیان.

هەروەها لەگەڵ سکرتێری لیژنەی ناحیەکاندا، سەری تەوێڵە و سەید سادق و خورماڵ و لیژنەی ناحیەی مەرکەزماندا و لە کۆبوونەوەکانیاندا و لە کۆبوونەوەی فراوانی دێهاتەکاندا بەشداریمان کرد، تا ڕادەیەک ئاگاداری ئیجابیەتەکان و سلبیاتەکانیان بووم، ئەوەی پێویست بوو، بۆ نەهێشتنی سەلبیاتەکان کردمان و ئەوەی لە توانادا بوو بۆ پێشخستنی ڕێکخراوەکان کردمان.

ئەوەی شایانی باسە، لەو کاتەدا ڕێکخراوەکانی هەموو ناوچەکە بەهێز و فراوان بوون، بەڵام لە هەموو ڕێکخراوەکانی دێهاتەکاندا بە تایبەتی کەم بوونی کادری خوێندەوار و زانا گەورەترین گیروگرفت بوو. بۆ ئەمەش پۆلێکی تەسقیفیمان بۆ کادری لادێ کردەوە، تا ڕادەیەک سوودمەند بوو، بەڵام چارەسەری ئەو گیروگرفتە گەورەیەی نەدەکرد، لەبەر ئەمە سکرتێری لیژنەی ناحیەکان هەر خۆیان، پاش

کۆبوونەوەی لیژنەی ناحیە، کۆبوونەوەی فراوان بۆ هەموو هاوڕێیان دەکرد و، باروودۆخی ڕامیاری ناوچەکەی بۆ شی دەکردنەوە و، چاویشیان بە زۆر بەی دۆستان دەکەوت. هەرچەند ئەرکێکی زۆر گران بوو، بەڵام لەو کاتەدا هیچ چارێکی تر نەبوو.

## جەژنی نەورۆزی
## 1962

ئەوە بوو لەو کاتەدا، ڕێکخراوەکانی حیزبمان لە هەموو قەزاکەدا بەهێز و فراوان بوون و جەماوەرێکی زۆریش لە دەوری حیزب کۆبوونەوە.. پاش لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لە لیژنەی قەزادا، بڕیار درا، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە نزیک شاردا ئاهەنگ بگێڕدرێ و بریتی بێ، لە وتاری سیاسی و هەڵبەست و گۆرانی و هەڵپەرکێ.

ڕۆژی نەورۆز هەموو هاوڕێیان و لایەنگرانی حیزب، لەناو شار و دێهاتەکانی دەوروپشتی شار لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا، لە دەشتە پان و بەرینەکەی نێوان(شار و دێی بامۆک)دا ئامادە بوون، بە سەدان و هەزاران لە پیاوان و ئافرەتان، بە جل و بەرگی جوان و بەو پەڕی خۆشییەوە ئامادە بوون، لە سەعات دووەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ و وتار و هەڵبەست خوێندنەوە و گۆرانی و هەڵپەرکێ و ڕەشبەڵەک بەردەوام بوو، بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و بێ ڕووداوی هیچ شتێکی ناخۆش. لەبەر زۆری بەشدار بووان، پۆلیس نەیتوانی هێرشیان بباتە سەر و لێیان تێک بدات. لای ئێوارەکەی بە سەدان خەڵکی تری بێ لایەن چوونە ناویانەوە و هاوبەشییان کردن. ئەو ئاهەنگە گەورە ڕێک و پێکە دەنگێکی زۆری دایەوە و ئەوژمێکی تری دا بە ڕێکخراوەکان و جەماوەریش زیاتر لە دەوری حیزب کۆبوونەوە. ئەوەی شایانی باسە زۆر کەسایەتی ناودار و پیاوماقوڵانی ناو شار و دێهاتەکانی نزیک شار بە خۆشییەوە هاوبەشییان کرد، بە وتەی هاوڕێیان و جەماوەرەکەش، ئەوە

یەکەم جار بوو کۆبوونەوەی جەماوەریی وا گەورە و فراوان بە ئاشکرا لە هەڵەبجەدا بکرێت.

## پەرەسەندنی شەڕی کوردستان و بارە فیکریی ڕێکخراوەکان

شۆڕشی کوردستان لە ئەیلولی 1961 دا دەستی پێکرد، بەڵام لەپاش نەورۆزی 1962 ەوە شەڕ و وێرانکاری و پەلاماردانی خوێناوی بە زۆری گەیشتە ناوچەی هەڵەبجە. ئەوە بوو ، هێزە دڕندە تاوانبارەکەی (زەعیم سدیق) لە ناوچەی گەرمیانەوە لە کەرکوکەوە پەیدا هات تا دەربەندیخان و نزیک عەربەت، بە دەیان دێهاتی سوتاند و کاول کرد، شەڕو پێکدادانی خوێناوی بەرپا کرا.

لەو کاتەدا ڕێکخراوەکانی حیزبمان، لە کوردستاندا بەرەو ڕووی دوو مەسەلەی گرنگی سیاسی و فیکریی بووبوونەوە، یەکەم: شۆڕشی کوردستان . دووەمیشیان. ڕژێمی قاسم پاشەکشێی لە سیاسەتە دیموکراتیەکەی دەست پێکردبوو.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم: شۆڕشی کوردستان، بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد هەڵگیرسابوو، کەس نکۆڵی لێ نەدەکرد و دژی نەبوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێ لە سەرکردەکانی شۆڕش لەو کاتەدا، لە دەرەبەگ و ئاغا زۆردارەکان پێکهاتبوون، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە، هەڕەشەیان لە جووتیاران بە گشتی و لە جووتیارە شیوعیەکان بە تایبەتی دەکرد و هەوڵی لێسەندنەوەی زەوی و زارەکانیان دەدا، کە پێشتر بە گوێرەی یاسای کشتوکاڵ دابەش کرابوون بەسەر جوتیاراندا.. و هتد. خاڵی دووهەمیش، شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958، کە شۆڕشێکی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازانە بوو، دژی ڕژێمی پاشایەتی و دەرەبەگی و ئیستیعمار و پیلانەکانی بوو، بەم هۆیەوە حیزبمان و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق پشتگیریان لێ دەکرد، بەڵام ماوەیەک بوو وردە وردە پاشەکشەی دەکرد و ڕێبازە دیموکراتیەکان و نەقابەکانی دەسڕیەوە، و هەروەها دژایەتی حیزبمان و هێزە دیموکراتیەکان و پێشکەوتنخوازەکانی دەکرد و کەوتبووە، کاولکردنی کوردستان و

وەڵامی مافی گەلی کوردی بە کوشتن و وێرانکردن دەدایەوە.
ئەم دوو ڕووداوە گرنگ و جیاواز و دژانە، مقۆمقۆیەکی فیکریی قووڵی لەناو ڕێکخراوەکاندا پەیدا کردبوو، ئێمە لە هەڵەبجە هەرچەندمان دەکرد نەماندەتوانی زاڵ بین بەسەر ئەو بارودۆخەدا و زۆربەی هاوڕێیان و دۆستانی سەریان لێ تێکچووبوو.
شایانی باسە، بەرزکردنەوەی دروشمی (چارەسەری مەسەلەی کورد بە ئاشتی) تا ڕادەیەکی زۆر ناوی کرد بە ئاگرەکەدا و زۆربەی هەرەزۆری هاوڕێیان و ڕێکخراوەکان و جەماوەری سەر بە حیزب و، ئەو دروشمەیان پەسەند کرد و بە ڕاست و گونجاویان دەزانی.

## دروشمی - چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی

حیزبمان، یەکەم هێز بوو کە ئەم دروشمەی بەرز کردەوە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو بە هەموو توانایشیەوە، بۆی تێکۆشا و دەیان قوربانی بەنرخی لە پێناودا پێشکەش کرد، هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب لە عێراقدا، کەوتنە تێکۆشانێکی بەرفراوانی گەرم و گوڕی بێ وەستان لە پێناوی ئەم دروشمەدا.
بە هەزاران پەنجەمۆر لە هەموو عێراقدا کۆکرایەوە و درا بە کاربەدەستان و لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاوکرایەوە کە داوای شەڕ ڕاگرتن و چارەسەری کێشەی کوردستانیان بە ئاشتی دەکرد.. بە هەزاران دروشم دەنووسران و بلاوکرانەوە و لە جێگا گشتییەکاندا هەڵدەواسران، هەر بۆ ئەم مەبەستە، بە دەیان وەفد نێردرانە لای کاربەدەستان و بە ناوی جەماوەرەوە داوای چارەسەری کێشەی کوردستانیان بە ئاشتی دەکرد، بە دەیان خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە گەورە، لە بەغدا، بەسرە، موسڵ ، دیوانیە، عەمارە، ناسریە، کەربەلا، نەجەف، حلە ، کووت، و لە هەموو کوردستاندا کرا، بە سەدان لە هاوڕێیان و هێزە پێشکەوتنخوازەکان و نەقابەکان هەر

لەم پێناوەدا تووشی گرتن و ئەشکەنجەدان و ئازاردان بوون .

لە هەڵەبجەش بۆ ماوەی مانگێک زیاتر، هەموو ڕۆژێک بەردەوام دروشمەکانی حیزب، لەناو بازاڕ و بەر دەرگای قەیسەرییەکان و بە جێگا گشتییەکانەوە هەڵدەواسران و لەپاشدا پۆلیس دەیان دڕاند.. هەروەها هەموو شەوێکیش بەردەوام ، هەر شەوەی 5-4 هاوڕێی ئازا و لێهاتوو، ئەو دروشمانەیان بە ستوونی کارەباکانی ناو شار و ناو بازەڕەوە هەڵدەواسی ، کارتۆنەکانیان بە پەتێکەوە دەبەست و بەردێکیان بە سەرەکەی تری پەتەکەوە دەبەستەوە، بە وریایی و شارەزاییەوە، بەردەکەیان هەڵدەدا بۆ تەلی ستوونەکان ، هەر یەکەی 4-3 جار بە دەوری تەلەکەدا پێچیان دەخواردەوە. بۆ سبەینێ کۆمەڵێکی زۆر پۆلیس بە لۆری و بە پەیژەوە تا ئێوارە خەریک دەبوون نەیاندەتوانی نیوەی کارتۆنەکان دابگرن. دەنگێکی زۆری دەدایەوە و دەبوو بە هەرا، پیاوی وا هەبوو سوێند و تەلاقی دەخوارد کە ئەو کارانەی شەو بە 50 کەس کەمتر نەکراون. هەروەها بە هەزاران پەنجەمۆر کۆکرانەوە و بە دەیان وەفدی هەمەجۆر نێرانە سەر کاربەدەستان، لە ئاخریبدا خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریی کرا.

ڕۆژی 1963/1/23 لە ناوەڕاستی بازاڕدا، لەبەردەم چایخانەکەی هاوڕێ عارف دا لە سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ، خۆپیشان دەستی پێکرد. بە سەدان کەس لە پیاو و ئافرەت، لە کاسبکار و جوتیار و ڕەنجدەر و قوتابی و ڕۆشنبیر و مەلای ئایینی بەشدارییان تێداکرد. شاعیری شیوعی خۆشەویست و ئاشتیخواز سالح هەژار و شاعیری جوتیاران سالح شارەزووری و گەلێ کەسایەتی تر بەشدارییان تێداکرد.

پاش خوێندنەوەی وتاری لیژنەی قەزا، لە لایەن ئەندامێکی لیژنەی قەزای حیزبەوە خۆپیشاندەران، بە ڕیز و بە ڕێک و پێکی و بە هوتاف کێشان ، بەرەو سەرا بەڕێ کەوتن. هەنگاو بە هەنگاوخەڵکی بەشەرەفی شاری هەڵەبجە و دێهاتەکانی دەور و بەری و چەند دێهاتێکی دووریش، هاتنە ڕیزی

خۆپیشاندەرانەوە. لە لای کارەباکە پێچیان کردەوە بۆ گەڕەکی (کانی قوولکە) پاش ماوەیەکی زۆر هەر لەو گەڕەکەدا بە بڕیار بڵاوەیان پێ کرا. لەبەر زۆری جەماوەرەکە، هێزی پۆلیس نەیانتوانی ڕێگایان پێ بگرن و بڵاوەیان پێ بکەن بەڵام وەک پیشەی هەموو جارێکیان دوای بڵاوەکردنی جەماوەر، پۆلیس و پیاوەکانی ڕژێم، هەر ئەو ڕۆژە کەوتنە گرتنی شیوعییە ناسراوەکان و دۆستەکانیان، و بۆ شەویش 24 تێکۆشەریان گرت، کە یەکێکیان ئافرەت بوو، ئەوەی لەیادم مابێ ئەو تێکۆشەرانە ئەمانە بوون: خوشکە ئافتاوی حاجی فەرەج، حەمە شەل، عوسمانی حاجی حەمەئەمین، سەید باقی، حەمەی خواجە حوسێن، بورهان خواجە حوسێن، سەعدون عەلی قەساب، شێخ سلێمان، سەعید حەمە ئەمین بارام، حاجی ئاغای نانەوا، ئەحمەدی حاجی چایچی، حەمەی حەسەن جەلیلەیی، عوسمانی ئازادی، عیزەتی کەشەنە، کەریمی حاجی مەحموود،عوسمانی ڕەنگان، حەمەلەی کەبابچی، حەمەی ڕەشە بابە، عەلی شەفە هەلاج، سەید غەریب و.. هتد.

شایانی باسە ئەو خۆپیشاندانە گەورەیە، دەنگێکی زۆری دایەوە،دوژمنانی حیزبی هەژاند و ورە و توانای ڕێکخراوەکانی گەلێک بەرز کردەوە. هەروەها ئەو گرتنەی هاوڕێیان و دۆستانمان لە لایەن ڕژێمەوە ، کاری سەلبی نەکردە سەر ڕێکخراوەکان و هاوڕێیان، بە پێچەوانەوە، هاوڕێیان گەرمتر و گورج و گۆڵتر بوون و زیاتر یارمەتی حیزبیان دەدا، هەروەها هەندێ لە خێزانی گیراوەکان، لە سەرووی هەموویانەوە خێزانی هاوڕێ سەید باقی، زۆر زیاتر لە جاران یارمەتی هاوڕێیانیان دەدا و ماڵەکەشیان کرایە بنکەی نیشکردنی مەکتەبی لیژنەی قەزا. ملقهـ. چونکە بە گرتنی سەید شک لەسەر ئەو ماڵە نەما. جێگای شانازییە کە ئەو خێزانە دڵسۆزە، ئەو هەموو خزمەتەیان دەکرد بێ ئەوەی داوای پوڵ و پاداشتێک لە حیزب بکەن.

ئا لەو کاتەدا، ڕژێمی قاسم، بڕیارێکی نامرۆڤانەی دەرکرد، ئەویش ئەوە بوو کە (دەبێ هەموو مامۆستاکانی ناوچەی کوردستان بروسکەی پیرۆزبایی و

پشتگیریی بۆ قاسم لێبدەن و دژی بارزانی و شۆڕش بدوێن) هەروەها بڕیاریان دا کە ئەوەی ئەو بروسکەیە لێ نەدات لە کار دەردەکرێت..!
حیزبمان یەکسەر دژی ئەو کارە وەستا و داوای لە گشت هاوڕێیان و دۆستان کرد، کە ئەو کارە نەکەن، وە هاوڕێیانی حیزبی ئاگادار کردەوە کە هەر هاوڕێیەک ئەو کارە بکات لە حیزب دەردەکرێت. بەڵام بە داخەوە مامۆستایانی سەر بە برادەرانی پارتی، یەکسەر بروسکەکەیان لێدا، زۆر لە هاوڕێیان و دۆستانی حیزبیش بروسکەیان لێدا، کەم کەس مایەوە کە ئەو کارەیان نەکرد. ئەوەی خۆی شاردەوە، ڕزگاری بوو. ئەوەشی خۆی نەشاردەوە گیرا . لە سلێمانی مامۆستایەکی شیوعی عەرەبی لێ بوو، وابزانم ناوی(زهێر زبێدی شاعیر) بوو، بروسکەی نەکرد و گیرا و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا و ناردیانە بەغدا.
ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ مامۆستاکانمان لە حیزب دەرکران، بەم هۆیەوە لە هەڵەبجە بۆشاییەکی زۆر کەوتە ناو ڕێکخراوەکانمانەوە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخەری لیژنە و شانەکانی شار و لادێ مامۆستا بوون. بە هیچ شێوەیەک ئەو بۆشاییانەمان بۆ پڕ نەدەکرایەوە، هەرچەندە لە (ملمس)ەوە دوو ئەندامی قەزایان بۆ ناردین، بەڵام هەر زاڵ نەبووین بەسەر گیروگرفتەکاندا لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، وای لێ هاتبوو لەناچاریدا هاوڕێی وامان هەبوو، دوو لیژنە یان دوو شانەیان بەڕێوە دەبرد، ماڵی وا هەبوو لە بێ جێگاییدا، لە ڕۆژێکدا لە 2 تا 3 ژووردا کۆبوونەوەی حیزبی تێدا دەکرا، لەبارودۆخێکی زۆر نالەبار و سەختدا کارمان دەکرد.

## بڕیارێکی هەڵە

هەر لەو کاتەشدا سەرکردەکانی ئەوسای شۆڕش لە هەڵەبجە، بڕیارێکی زۆر ناڕەوایان دەرکرد، ئەویش ئەوە بوو کە (دەبێ هەموو ماڵێک لە دێهاتەکاندا ئابوونە بدەن بە شۆڕش) و ئەوەی نەیدات زیان دەکات. پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خستە سەر

ڕێکخراوەکان و هاوڕێیانمان. برادەرانمان لە دێهاتەکاندا زۆر گفتوگۆیان لەگەڵ کاردرەکانی پارتیدا دەکرد و پێیان دەوتن: کە ئەو بڕیارە هەڵەیە و نابوونە بۆ ئەندامانە.. هیچ نەبێ ناوی بنێن پیتاک، بەڵام بێ سوود بوو وە هەر سوور بوون لەسەر بڕیارەکەیان و بە زۆر و ئازاردان لە دێهاتەکاندا پارەیان لە خەڵک دەسەند.
دێهاتەکانی (شیرەمەڕ، چاوگ، کامێشی تەپە و شەکرالی) هەموویان سەر بە حیزبمان بوون، یەک دانە پارتییان تێدا نەبوو، ئەوان کێشەی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی نابوونە نەدەن، برادەرانی پارتی چەند جارێک هەڕەشەیان بۆ ناردن کە دەبێ لە قسەی شۆڕش و پارتی دەرنەچن.. لە ئاخریدا هێزێکی زۆر گەورە، بە سەرۆکایەتی (عەلی عەسکەری) چواردەوری دێی چاوگیان دا و دەستیان کرد بە تەقەکردن! چەند هاوڕێیەکمان چەکیان هەبوو سەنگەریان گرت و بەرەنگاریان بوونەوە، هەر لە بەیانییەوە تا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ تەقە بەردەوام بوو، ئەو چەند برادەرە بەرامبەر بەو لەشکرە گەورەیە خۆیان ڕاگرت، لەئەنجامی تەقەکردندا، لەناو دێیەکەدا دوو هاوڕێی بێچەکمان شەهید کران ،(خوشکە قەدحە عەلی و عەبدوولڵا عینایەت)، وە چەند ماڵێکی شیوعی ناسراویان سوتاند، خەڵکی بێلایەن و ڕیش سپی دێیەکە چوونە لای هاوڕێکانمان و داوایان لێ کردن کە تەقە بوەستێنن تا خەڵکی دێ زیاتر نەکوژرێن و ماڵی تر نەسووتێ، پێشتر چووبوونە لای عەلی عەسکەری بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ، ئەو داوای کردبوو کە دەبێ شیوعیەکان خۆیان بدەن بە دەستەوە، ئەگینا هەموو دێیەکە دەسوتێنێ! هاوڕێیانیش گوللەیان زۆر کەم پێ مابوو ، ناچار تەقەیان ڕاوەستاند، بەڵام خۆیان نەدا بە دەستەوە، بەڵکو بە یارمەتی خەڵکی ناو دێ دەرچوون، ئەوانیش کەوتنە ناو دێکە و هەرچی شیوعی ناسراوی لێ بوو گرتیان و لێیاندان، لەپاشدا چەند هاوڕێیەکیان برد بۆ بیارە و زۆر ماڵی تریان ئاگر تێبەردا. ئیتر لە هەموو ناوچەکەدا دەستیان کرد بە شالاوی گرتن و ئازاردانی شیوعیەکان و لایەنگرانی حیزب.

## چۆن هەندێ کەس بوون بە جاش

شتێکی ئاشکرا و ڕوونە کە لەناو هەموو گەل و نەتەوەیەکدا کەسانی هەلپەرست و خراپەکار و دز و کاسە لیس و خۆفرۆش پەیدا دەبن . بەلام لەو سەردەمەدا هەر بە تەنها لەو جۆرە کەسانە نەبوون بە جاش، بەلکە بەداخەوە، هۆی زەبروزەنگی هەندێ لە سەرکردەکانی ئەوسای هەلەبجەوە بۆ سەر جەماوەر و هەندێک سەرەک عەشیرەت و کەسایەتی ناسراو کە سەر بەئەوان نەبوون و پیاوی نیشتیمانپەروەری سەر بە حیزبمان بوون، بەزۆر پالیان پێوەنرا کە بچن چەک لە ڕژێم وەربگرن و ببن بە جاش، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژی و کەرامەتشکاندن ڕزگاریان بێ.

لە هەلەبجەدا هیچ کەس نیە کە حاجی ڕەئوفی ئەورۆلی و کوێخاعەلی چاوگی نەناسن، کە دوو پیاوی ناسراو بوون و قەت بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ببن بە جاش، ئەگەر پالەپەستۆ و شەڕفرۆشتنی هەندێک لە سەرکردەکانی شۆڕش نەبووایە لە دژی خۆیان و عەشیرەتەکانیان. بۆ نموونە وەک هێرش بردنە سەر دێی چاوگ و سوتاندنی دێیەکە و کوشتن و بریندارکردنی گەلێ کەسی ئەو دێیە و .. هتد. کە چەکیشیان هەلگرت ئازاری پێشمەرگە و لایەنگرانی پارتیان نەدا و خراپەیان بەرامبەر هیچ کەس و هێزێ نەکرد وەک جاشەکانی تر، بەلکە وردە وردە خزمەتی جەماوەر و شۆڕشی کوردستانیان دەکرد. ئەو چەند برادەر و دۆستەی کە، ئەوانیش لەبەر شالاوی زۆرداریا چەکیان بۆ ڕژێم هەلگرتبوو، بە هەموو شێوەیەک خزمەتی جەماوەری ناوچەکەیان دەکرد. بە گیان و بە دڵ کەرامەت و ماڵ و گیانی خەلکیان دەپاراست.

## کودەتای 8ی شووباتی 1963ی شووم و

ڕۆلی ئەبەردانەی شیوعیەکانی هەلەبجە:

یەکەم ڕۆژی کودەتا ، لەپاش نیوەڕۆوە، هێزی پێشمەرگە و لێپرسراوانی پارتی لە دێهاتەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری شاری هەلەبجەدا دامەزران و ئامادەبوون. لە

ئێوارەدا هەموو هاتنە ناو شارەوە و جێگا بڵند و گرنگەکان و سەر ڕێگاکانیان گرت و لەناو شاردا بە زۆری بڵاوبوونەوە و یەکسەر لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەستیان بە وتاردان کرد، یەکەم قسەیان ئەوە بوو وتیان ئەی جەماوەری هەڵەبجە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ساڵەهایە خوێنی لەپێناودا دەڕێژین .. نابێ هیچ کەس و هێزێک جموجوڵ بکات، ئەوەی بجوڵێتەوە جووڵەی دەبڕین.. و گەلێ قسەی تری لەم بابەتە. بۆ ڕۆژی دوای ئەوە شان بە شانی پۆلیس بەناو شاردا کەوتنە گەڕان، گوایە بۆ پاراستنی ئاشتی ناو شار، وایان دەردەخست کە خۆیان قاسمیان ڕووخاندووە و حوکمیان گرتۆتە دەست.

ئێمە کەوتینە بارودۆخێکی ناهەموارەوە، نەمانتوانی هیچ جوڵانەوەیەک لە دژی کودەتا بکەین، چونکە یەکسەر برادەرانی پارتی لێمان ڕاست دەبوونەوە و خراپیان پێ دەکردین. کۆبوونەوەیەکی فراوانی کتوپڕمان کردبۆ ئەندامانی قەزا و هەندێ هاوڕێی لیژنەکانی خوار قەزا کە لەناو شاردا بوون، بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە لەمەولاچۆن کاروباری حیزبی بکەین و لە تێکۆشان بەردەوام بین و لە جەماوەر دانەپچڕێین. تێکرابڕیارمان دا کە دروست نیە هیچ جوڵانەوەیەک دژی ڕژێمی تازە بە ئاشکرا وەکو خۆپیشاندان و شتی لەو جۆرە بکەین، چونکە بمانویستایە و نەمانویستایە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی برادەرانی پارتی دەبووینەوە، کە لەو زەماندا نەبوو.

هەروەها ئەم بڕیارانەی خوارەوەمان دا و وەک ئامۆژگاریش بەسەر لیژنەکانی خوار قەزا و کادرەکاندا بڵاومان کردەوە:

1- خۆشاردنەوەی هەندێ لە کادرەکان و ، شاردنەوەی چەکەکان و نووسراو و شتی حیزبی.

2- کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی لیژنە و شانەکان و کەمکردنەوەی کۆبوونەوەکانیان.

3- بەهێزکردنی پەیوەندی ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیان و دۆستاندا و گۆڕینەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان و .. هتد. هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندی بە هاوڕێیانی(ملمس)ەوە.

4- بایەخدانی تەواو بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ، بۆ هەڵسوڕاندنی هەندێ کار و فەرمان لە لایەن ئەوانەوە.

5- پەیوەندی کردنی بەردەوام، بە لێپرسراوانی پارتییەوە، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانە و ناسیاویانە بەو پارتییانەی کە هەر لە زووەوە هاوکاری و برادەرێتییان هەبوو لەگەڵ حیزبماندا.

ئەمانە و چەند ئامۆژگارییەکی ترمان دەرکرد و، خۆشمان، ئەندامانی (ملقم) چووین بۆ چاودێری کۆبوونەوە تایبەتییەکانی لیژنەکانی خوار لیژنەی قەزا بۆ شیکردنەوەی ئامۆژگاری و بڕیارەکان و بارودۆخی تازە و .. هتد. هەروەها هەندێ ماڵ و جێگای ئیشکردنمان گۆڕی و بە پەلە دوو ژێرزەمین(شاراوگە)مان دروستکرد بۆ کاتی پێویستی.

هەر لەو ماوەیەدا ، یەک دوو جار نوێنەرمان ناردە لای لێپرسراوانی برادەرانی پارتی، بەرەو ڕووی هاوڕێیانمان قسەی باش و جوانیان دەکرد. بەڵام دەمانبیستەوە لە پاشدا گاڵتەیان پێکردوون.. برادەرەکەمان دەیوت کە باسی ئەوەم کرد کە حوکمڕانی حیزبی بەعس جێگای بڕوا نیە و دڵسۆزی گەلی کورد نین و ئێستا کە بێدەنگن، چاوەڕێی ئەوە دەکەن خۆیان بچەسپێنن، لەپاشدا هەر دێنە وێزەی گەلەکەمان و هێرش دەهێننە سەر کوردستان و کارێکی خراپمان پێ دەکەن. کەچی گاڵتەیان بە قسەکەم دەهات و دەیان وت کەس ناتوانێ جارێکی تر هێرش بهێنێتەوە سەر کوردستان.

پاش ماوەیەک تەتەری خۆمان نارد بۆ سلێمانی و هەرچی ڕووداو و بەسەرهاتی هەڵەبجە هەبوو ، لەگەڵ ئامۆژگاری و بڕیارە تازەکانماندا ناردمان بۆ (ملمس) ، پاش چەند ڕۆژێک تەتەرەکەمان هاتەوە و نامە و شتی حیزبی بۆ هێنایین . جەوهەری

نامـەکـانی ملمس ئەوە بوو کـە بەشی زۆری سـەرکـردەکـانی حـیـزب لە بەغـدا و کـەرکـووک و شـارەکـانی ترەوە ڕۆشـتـوون بۆ ناوچەکـانی ژێر دەسـەڵاتی بـارزانی و شـۆڕش لە ناوچەی دەرگـەلە و ڕەواندوز و.. هـتـد. وە بە یارمـەتی بـارزانی بنکەی چەکداریشـیان کردۆتەوە. بە ڕاستی ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆشی کردین، وتمان ئیتر لەو ناوچەیەش لەجـیـاتی زەبروزەنگ، هاوڕێیـەتی و برایەتی دەسـتـپـێـدەکـات. هەواڵەکەمان گەیاندە هەموو ڕێکخراوەکان و دۆستانی حیزب.

دوای مـاوەیەکی تریش هەواڵێکی ترمـان پێگەیشت، ئەویش دامـەزراندنی بنکەی چەکـداری حـیـزب بوو لە (بەمـۆ) ، ئەمـیـش زیاتر وزەی دا بە گـشـت هاوڕێـیـان وجەماوەری سەر بە حیزب.

ئەم ڕووداوانە هانیـانداین کـە بە شـێـوەیەکی ئاشکرا بە کـارێکی جـەمـاوەری هەڵسـین، بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی سـاڵی 1963 لە لایەکەوە بۆ ئەوەی زیاتر وورەی برادەران و دۆسـتـانمان بەرزکـەینەوە و لە لایەکی تریشەوە بەو نیـازەی زیاتر و باشتر لە برادەرانی پارتی نزیک بینەوە.

## جەژنی نەورۆزی سـاڵی 1963

لە کـۆبوونەوەی مـەکـتـەب و لیـژنەی قـەزادا، لێکـۆڵینەوە و گـفـتـوگـۆی زۆرمـان کرد لەسـەر ئەوەی کـە پێـویسـتـە لەم یادە نەتەوەییـەدا شـتێ بکـەین بۆ جـوڵاندنی ڕێکخراوەکان و هاوڕێیان و بەرزبوونەوەی ورەیان، بۆ نزیکبوونەوەش لە برادەرانی پارتی.. لە کۆتاییدا ئەم بڕیارەمان دا کە بەم کارانە هەڵسین:

*لەنـاو چەند کـیلۆ چکلێت دا، چەند دروشـمـێک دابنێین و بە شـێـوەی ئاشکرا لە لایەن چەند هاوڕێیەکی ناسراو و ئازاوە بەسەر جەماوەردا دابەش بکرێت.

دروشـمـەکـان ئەوەی لەیادم مـاون ئەمـانە بوون: بژی یادی جـەژنی نەورۆز، جـەژنی نەتەوایەتی گـەلی کـورد، با لـەیادی جەژنی نەورۆزدا یەکـێـتی تێکۆشانی پارتی و شیـوعی یەکخەین، بژی تێکۆشانی پارتی و شیوعی بۆ گـەیشتن بە ئامـانجـەکانی

گەلی کورد، حیزبی بەعسی خوێنڕێژ دڵسۆزی گەلی کورد نییە، بژی تێکۆشانی گەلی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و وەرگرتنی مافی ڕەوای گەلی کورد..
ئەمانە و چەند دروشمێکی تریش بوون بە سەدانیان لەسەر نووسرایەوە و خرانە ناو چکلێتەوە.
چەند هاوڕێیەکی ئازا و ناسراوی هەڵەبجەمان ئامادەکرد و ڕۆژی نەورۆز لە کاتژمێری 10ی سەرلەبەیانی دەستیان بە دابەشکردنی چکلێتەکان کرد، لەناو بازاڕ و قەیسەرییەکان و چایخانەکاندا دەنگێکی زۆری دایەوە.. لە سەعات 12ی نیوەڕۆدا دوو پەل پێشمەرگە کەوتنە ناو بازاڕەوە، هەر شیوعیەکی ناسراویان بەردەست بکەوتایە بە شەق و بە زللە و لێدان دەیانبرد بۆ بنکەکەیان، لە ماوەی یەک دوو کاتژمێردا 14 هاوڕێی ناسراویان گرت و پاش لێدان و جنێوپێدان زیندانیان کردن.
ڕێکخراوی ئافرەتانمان، هەموو ڕۆژێک کۆمەڵێ ئافرەتیان لە هاوڕێیانی ئازا و قسەزان و کەس و کاری گیراوەکان دەنارده سەر کاربەدەستانی پارتی بۆ بەردانی گیراوەکان و دەیانکردە هەرا. بەڵام بێهودە دەگەڕانەوە و گیراوەکانیان ئازاد نەدەکرد.
لە ڕێگای چەند برادەرێکی پارتییەوە، ئەوانەی دژی ئەو دژایەتییە بوون کە بەرامبەر بە حیزبمان دەکرا، ئاگادار کراینەوە کە لە لەو ڕۆژانەدا چەند لێپرسراوێکی مەکتەبی سیاسی پارتی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال دێن بۆ هەڵەبجە.
ئێمەش هەر زوو وەفدێکمان لە هاوڕێی ئازا و قسەزان و لە خێزانی گیراوەکان بە سەرۆکایەتی خوشکە ناهیدە نوری قەساب ئامادە کرد ، کە هەر مام جەلال و ئەوان گەیشتنە هەڵەبجە، ئەمانیش بچنە لایان و بەرۆکیان بەرنەدەن و.. هتد.
کە برادەرانی پارتی هاتن، وەفدەکەمان چوونە لایان و بوو بە گفتوگۆ و هەراو هورریایەک نەبێتەوە، نەگەڕانەوە تا هەموو گیراوەکانیان ئازاد کرد و لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە.

شایانی وتنە، ڕێکخراوی ئافرەتان لەو ڕۆژە ڕەش و دژوارەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی پڕ لە ئازایەتی و تێکۆشانی جۆربەجۆریان دەبینی و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن، هەروەها خوشکە ناهیدە نووری قەساب، کە یاریدەدەری سکرتێری لیژنەی ئافرەتان بوو، ڕۆڵی سکرتێری بە باشی دەبینی و خۆیشی لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، نەچووبووە قوتابخانە، بەڵام بە کۆششی خۆی و یارمەتی یەک دوو هاوڕێ خۆی فێری خوێندەواری کرد و نامەی بە باشی دەنووسی و دەخوێندەوە.هەروەها گیانی لێبووردنیشی زۆر بوو، کە لەو سەردەمە لە هەڵەبجە وێنەی کەم بوو. بۆ نموونە: لەو ڕۆژە ڕەشانەدا، ماوەیەکی زۆر 2 - 3 کادری لە ماڵی خۆیان و دوو خزمی دەشاردەوە و بەخێودەکرد، کە پێمان دەوت، با پارەت بدەینێ بۆ خەرجی ئەو هاوڕێیانە، دەیووت ماڵی باوکم باری ئابوورییان باشە و پێویستییان بە پارە نییە، کەچی لە ڕاستیشدا وا نەبوو، بەڵکو هەموو شەوێک تا نیوەشەو چەفتەی دەبەست و دروومانی دەکرد، بەو پارەیە خزمەتی حیزب و هاوڕێیانی دەکرد.

هەر لەو سەردەمەدا لیژنەی قەزا بیری لەوە کردەوە کە لیژنەی ئافرەتان خۆیان لەناو خۆیاندا سکرتێر هەڵبژێرن. یەکەم خوشکە ناهیدە بە باشی بەم کارە هەڵدەستا و دووهەمیش ژمارەی ئەندامانی شار و قەزا کەم بوون، لەژێر چاودێری(ملقە)دا لیژنەی ئافرەتان کۆبوونەوە و بە کۆمەڵ خوشکە ناهیدەیان هەڵبژارد. لە پاشیشدا لە سەر داوای لیژنەی قەزا و ڕەزامەندی لیژنەی مەحەلی سلێمانی بەرزکرایەوە بۆ ئەندامێتی لیژنەی قەزا ، بەمەش گوڕ و گۆڵی و دڵسۆزی و لێبووردنی زۆر زیاتر بوو لە جاران. هەر لەو کاتەشدا چەند خوشکێکی تر هەڵکەوتن و هاتنە کۆڕی تێکۆشانەوە و بەرزکرانەوە بۆ لیژنەی ئافرەتان. بە ڕاستی لە ساڵی 1963 ی خوێناویدا بە نیسبەت حیزبمانەوە، ئافرەتە شیوعیەکانی هەڵەبجە وەک گەلێ هاوڕێی تری هەڵەبجە سەری حیزبیان بەرزکردەوە و ئاڵای حیزبیان بڵندتر ڕاگرت.

## دامەزراندنی بنکەی چەکداری حیزب لە وەڵەسمت و داگیرکردنی لە لایەن پارتییەوە

لە هاوینی 1963دا، لە (ملمس)ەوە بە نامەیەک ئاگادارکراین، کە وەک ناوچەکانی هەولێر و بەمۆ، بنکەیەکی چەکداری لە هەڵەبجەش بکەینەوە، نووسیبووشیان کە بەم نزیکانە ئەندامێکی(ملمس) بۆ ئەم مەبەستە دەگاتە هەڵەبجە . . وە داوایان لێکردین پێشەکی تا ئەو هاوڕێیە دەگاتە لامان ئەم شتانە ئامادە بکەین و بیریان لێ بکەینەوە:

1- هەڵبژاردنی جێگایەک بۆ دامەزراندنی بنکەکە.

2- دەستنیشانکردنی ئەندامێکی (ملقە) یان لیژنەی قەزا بۆ لێپرسراوی بنکەکە.

3- کۆکردنەوەی هەرچی چەکی گەورە و بچووکی حیزبی و تایبەتییە و ئامادەکردنی بۆ بنکە.

4- دەستنیشانکردنی ئەو هاوڕێ و دۆستانەی دەبنە پێشمەرگە.

5- هەڵسان بە شەپۆلی پیتاک کۆکردنەوە، لە پارە و خواردەمەنی و کەل و پەلی پێویست بۆ بنکە.

ئێمەش کۆبوونەوەی کتوپڕمان بۆ لیژنەی قەزا و شار و ئافرەتان و لیژنەی گەڕەکەکان کرد و ئەو هەواڵە خۆشە گرنگەمان باس کرد و ئەو خاڵانەی سەرەوەمان شی کردەوە و کردمانە بڕیار بەسەر هەموو ڕێکخراوەکان و هاوڕێیانەوە. هەر هەمووان ئەو بڕیارە حیزبییەیان پەسەند کرد و پێیان خۆش بوو. وتمان ئیتر لەمەولا نەک هەر زۆرداری و پاڵەپەستۆی برادەرانی پارتی و پێشمەرگەمان لەسەر نامێنێ و بەس، بەڵکە دەچینە بارودۆخێکی نوێوە و دەکەوینە تێکۆشانی هاوبەشی لەگەڵ برادەرانی پارتیدا و لە یەک سەنگەردا خەبات دەکەین و.. هتد.

لەپاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکانمان و ئاگادارکردنی هەموو ڕێکخراوەکانی دێهاتەکان، نامەی پێخۆشحاڵی خۆمان و ئامادەبوونی تەواوەتیمان بۆ(ملمس) دیاری کرد و دێی(وەڵەسمت)مان هەڵبژارد بۆ کردنەوەی بنکەکەمان و نووسیمان کە

هەموو ئەو شتانەی داواتان کردبوو بە زیادەوە ئامادەیە.
لە کات و جێگای دیاریکراودا نوێنەری ملمس هات و لە دێی وەڵەسمت لە پێشا لیژنەی بنکە بە سەرۆکایەتی شەهید سەید تۆفیق نوێنەری ملمس و من بە جیا کۆبووینەوە. پاش ئێمەش لەگەڵ هەموو پێشمەرگە تازەکاندا کە بە هەمووان نزیکەی 30 هاوڕێ دەبووین کۆبووینەوە، پاش پێکهێنانی لیژنەی ئیدارە و لق و پەل و شتی وا ، بڵاوەمان لێ کرد.
ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بنکە زیادی دەکرد، کوڕە ئازاکانی حیزب، لەناو شاری هەڵەبجە، عەبابەیلێ، چاووگ ، باوەکۆچەک، شیرەمەڕ، گامێش تەپە، تەپەڕەش و هەورامان بنکەکەیان دروست کرد و دامەزراند و کەوتنە تێکۆشانەوە. ئافرەتانیش بەردەوام نوێن و جل و بەرگ و زەخیرە و کەل و پەلی چا و چێشتلێنان و نانکردن و شتی وایان بە زۆری کۆدەکردەوە و دەیانئارد بۆ براکانیان بۆ بنکە.
دامەزراندنی ئەو بنکەیە لە ناوچەکەدا دەنگێکی زۆری دایەوە و ورەی هاوڕێیان و دۆستانی گەلێک پێ بەرز بووەوە. لە ڕاستیشدا ئیتر ئێمە نەک هەر بە تەمای ئەوە نەبووین کە برادەرانی پارتی و پێشمەرگە لێمان بدەن، بەڵکە چاوەڕوانی ئەوە بووین کە گیانی تەبایی و هاوکاری و یەکێتی تێکۆشانی هەردوو حیزب، باڵ بکێشێ بەسەر هەموو ناوچەکەدا و هتد. بەڵام بە داخەوەپێچەوانەی ئەمە ڕوویدا، برادەرانی پارتی بە هیچ شێوەیەک پێیان خۆش نەبوو کە بنکەمان کردەوە، زۆر جار لەو برادەرە پارتییانەی کە لەگەڵ هاوکاری و تەباییدا بوون لەگەڵ حزبدا، بە دزییەوە نامەیان و خەبەریان بۆ دەناردین کە ئاگامان لە خۆمان بێت و ئەوەیان دەردەخست کە هەندێ لە سەرکردەکانی پێشمەرگە خەریکی پیلان و ئاژاوە نانەوەن لە دژی حیزب و بنکەکەمان. بەڵام چونکە لە حیزبەوە ئاگادارکرابووینەوە کە بە ڕەزامەندی بارزانی و شۆڕش بنکە دەکەینەوە و لەسەرەوە هاوکاری و تەبایی لە نێوانماندا هەیە، ئێمە پێمان وا نەبوو کە لێمان دەدەن! و هێرش دەکەنە سەر بنکەکەمان. زۆری نەبرد لە

حیزبەوە هەواڵمان بۆ هات کە هێزێکی گەورەی پارتی بە سەرۆکایەتی (عەلی عەسکەری) پەلاماری بنکەی بەمۆیان داوە و پاش شەڕێکی زۆری نابەرابەری و پاش چەند ڕۆژ شەڕ بنکەکەیان گرتووە و چەند هاوڕێیەک شەهید بووە و چەندێک بریندار بوون و پێنج کادری پێشکەوتووی حیزب گیران و بە دیلی کوشتویانن.

هەروەها چەند هاوڕێیەکیشیان گرت و ڕەوانەی بەندیخانەی (ماوەت)یان کرد کە یەکێکیان شەهید (عەبدولرەحمانی سالحی خلە) بوو ئەندامی لیژنەی مەحەلی سلێمانی ، هەندێ برادەری تریش کە ڕاویان دەنێن و دەیانەوێ لە ناوی سیروان بپەڕنەوە و ڕزگاریان بێ، دەخنکێن، یەکێکیان (بەکری حاجی ئەحمەد ئەمەلی) دەبێ و هەندێکیان دەپەڕنەوە و ڕزگاریان دەبێ، کۆمەڵێکی تریش لە کوڕە ئازاکانی هۆرین و شێخان، بە سەرکردایەتی (عەلەڕەش) دەرباز دەبن و لە کەژەکانی ئەو ناوە خۆیان دەشارنەوە. بە ڕاستی ئەم ڕووداوە خوێناوییە ئازاری زۆری داین و خەمی ئەوەشمان لێهات کە دوور نییە لە بنکەکەی (وەڵەسمت)یش بدەن، بەڵام نە ئێمە و نە (ملمس) و نە هەرێمی کوردستانیش بیرمان لەوە نەکردەوە کە چی بکەین و بەو زوورییە بەتەمای لێدان نەبووین.

هەروەها لە (ملمس)ەوە ئاگادارکراینەوە کە برادەرێکی ئازا و شارەزا بنێرین بۆ ناوچەی دەربەندیخان و کەژەکانی دەوروبەری، بۆ پەیوەندی بەو هاوڕێ چەکدارانەوە کە لە بنکەی بەمۆ دەرباز بوون، بۆ ئەوەی بیانهێنین بۆ بنکەی وەڵەسمت. ئێمەش هاوڕێ (مەلا...) ئەندامی (ملقە)مان نارد، بە نامەیەکی ملمس و نامەیەکی خۆشمانەوە بۆ عەلەڕەش کە لەگەڵ هەڵگری نامەکەدا بێن بۆ ئەمبەر بۆ وەڵەسمت.

هەر لەو ڕۆژانەدا، بەڕێز (میرزا حوسێن) سەرەک عەشیرەتی ئەوڕۆڵی کە دۆستێکی زۆر خۆشەویستی حیزبمان بوو کە لە ناوچەی خورماڵ لەگەڵ عەشیرەتەکەیدا لە دێی (خێڵی حەمە)دا دەژیا ، نامەیەکی بۆ ناردین، لە نامەکەیدا ئەوەی پیشاندابوو، کە برادەرانی پێشمەرگەی پارتی زۆریان بۆ خۆی و عەشیرەتەکەی

هێناوه و ئیهانەیان دەکەن، بۆ ئەوەی بێن بە پارتی و بێ ئاگاداری ئەوان جوولە نەکەن، وە داوای کردبوو یەکێکمان بچین بۆ لای، بۆ گفتوگۆکردن ، چونکە دەیەوێت خۆی و چەند چەکدارێکی بچن بۆ بنکەی وەڵەسمت.

ئێمەش بەپیر نامەکەیەوە چووین، من چووم بۆ لای، هەر لەوێشەوە ناردمان بە دوای هاوڕێ ئیسماعیلی خەسرەو (سەرەک عەشیرەتی سەدانی) دا و لە ئەنجامی قسە و گفتوگۆیەکی زۆردا گەیشتنە ئەوەی کە ئەوان بچن بۆ وەڵەسمت. هەر ئەو ئێوارەیە هەموومان هاتینە دێیەکەی هاوڕێ ئیسماعیل خەسرەو بۆ (کولکنی) .

پاش نانخواردنی ئێواری، خەریکی خۆکۆکردنەوە و خۆئامادەکردن بووین بۆ سەفەر بەرەو وەڵەسمت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری شێرەمەردا، لەپڕ برادەرێکی شێرەمەڕیی هاتە لامان و وتی:

– خەبەرمان بۆ هاتووە کە دوو هێزی گەورەی پارتی لە پێنجوێن و بیارەوە هاتوون پەلاماری بنکەکەیان داوە و گرتوویانە و شەهید بریندار و دیلیش هەیە.. هەموو حەپەساین، هەرچەند دوودڵ بووین بەڵام هەموو شڵەژاین و پاش ماوەیەک بیرکردنەوە زوو هاتینەوە سەر خۆمان و دەستمان کرد بە قسەکردن کە ئەگەر ڕاست بوو ئەو شتە ڕوویدابوو چی بکەین؟.

پاش سەعاتێ برادەرێکی تر لە دێی(دەرەشیش)ەوە بە پرتاو هات و وتی:

– ئێستا چەن هاوڕێیەکی چاووگی کە لە وەڵەسمت بوون، بە چەکەکانیانەوە هاتنە دەرەشیش و وتیان: دوو هێزی گەورەی پێشمەرگەی پارتی چواردەوریان گرتین و شەڕێکی کەم خایەن کرا و دوو هاوڕێ شەهید کرا و برینداریش هەیە و سەید تۆفیق عەلی ڕەشی تەپەڕەشی و چەند پێشمەرگەیەکی تریش بەدیل گیراون و دەستیان بەسەر بنکەکەدا گرتووە، ئێمەش لە جێگایەکی باشدا بووین، کە زانیمان شەڕەکە نابەرابەرییەو ئەو زیانەشمان بەهۆی شەڕەوە لێ کەوت پاشەکشەمان کرد و دەچینەوە بۆ دووروبەری چاوگ.

بە تەواوی نارەحەت بووین، وتمان: ئەگەر ئەم هێزەی ئێستا و هێزەکەی بەمۆ کە لەوبەرن زووتر بگەیشتینایەتە وەڵەسمت، وا بە ئاسانی نەدەگیرا. میرزا حوسێن و هاورێ ئیسماعیل و من و چەند کادرێکی تر کۆبووینەوە ، بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین؟

هەموومان گەیشتینە ئەوەی کە چەکدارانی پارتی لە پاش وەڵەسمت دەکەونە دێهاتەکانەوە و دەست دەکەن بە گرتن و ئازاردانی شیوعی و لایەنگرانیان و چەککردنیان.. بۆیە پێویستە هاورێ و دۆستە ئاسراوەکان خۆیان ون بکەن و چەکەکانیان بشارنەوە، بە نیسبەت میرزا حوسێن و چەکدارەکانیەوە، لەسەر داوای میرزا خۆی بڕیار درا بچن بۆ ناوچەی ئەورۆڵی بۆ لای خزمەکانیان، کە لەوێ سەلامەت دەبن.

بڕیار درا هەر ئەو شەوە بەرەو (هانە سووره) بکەونە ڕێ، هەرچەندە ڕێگای هانەسووره زۆر دوور و مەترسیدار بوو، بەڵام چونکە پیاوی ئازا و شارەزایان لەگەڵدا بوو ترسیان نەبوو.

بە هاورێ ئیسماعیل و ئەوانم وت. پێویستە منیش بگەمەوە هەڵەبجە، بۆ ئەوەی هاورێیانی ناو شار و حیزبیش ئاگادار بکەم، پێویستە ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن. هاورێ ئیسماعیل وتی:

– مادەم وایە، بۆ هەر لەگەڵ ئەماندا ناچیتە هانەسووره و لەوێشەوە بۆ هەڵەبجە ئاسانتر و نزیکترە. لە پێشا میرزا حوسێن بە دڵی نەبوو، وتی:

– خزمەکانم دژی شیوعین، پێت بزانن بۆ منیش و بۆ تۆیش خراپە. لەپاشدا هەر خۆی بیری لێ کردەوە و وتی:

– ماڵێکی لێیە سەر بە حیزبن، ئەگەر لەو ماڵەدا بیت و خۆت دەرنەخەی تا دەڕۆی بۆ هەڵەبجە خراپ نییە.

– شتی چاکە .

کەوتینە ڕێ، نزیکەی بیست کەسێک دەبووین، هەندێکیان چەکدار بوون، دوو ئەسپیان زین کرد بۆ میرزا و بۆ من، هەرچەند وتم: - من سواری نازانم و حەزم لە سواری نیە، بە تایبەتی بە شەو. هەموو زۆریان لێکردم سوار بم، لەبەر دڵی ئەوان چارەکەسەعاتێک سوار بووم و دابەزیم. و وتم:

- نە سواری دەزانم و نە پێم خۆشە سوار بم.. بەهەموو لاڕێدا، بە ڕێگا کەم مەترسیەکاندا دەڕۆیشتین. بەرەبەیان بە سەلامەتی گەیشتینە دێی هانەسوورە.

یەکسەر چووینە مزگەوت، کاتی نوێژی بەیانی خەڵکی دێ و مامۆستاکانی هاتن، نانی بەیانیشمان لەگەڵ مامۆستاکاندا هەر لە مزگەوت خوارد، پێش نیوەڕۆ بەڕێز میرزا حوسێن منی بە کاکەحەمە ناوێک ناساند، ئەویش لە هەڵێکدا منی بردە ماڵی خۆیان، دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە خزمەتێکی زۆر زۆریان کردم. کاکە حەمە دۆستی حیزبی هاوڕێیەکی خۆمان بوو لە شاری هەڵەبجە، خزمی شیوعیشی هەبوو لە هەڵەبجە. پاش دوو ڕۆژ کاکە حەمە وتی:

- خەبەرم بۆ هاتووە کە هاوڕێ چەکدارەکانی چاووگ کە لە وەڵەسمت دەرباز بوون وان لە ماڵە سوتێنراوەکانی خۆیاندا لە چاووگ.

هەر لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیانەوە کە دیواری نەبوو، بە گونیە و قامیشی گیرابوو ڕێگایەکی پیشاندام، وتی:

- ڕاست بەو ڕێگایەدا بڕۆ تا دەگەیتە دووڕییانێک، ڕێگای دەستەچەپ دەچێ بۆ هەڵەبجە. ڕێگای دەستەڕاست ڕێک دەتباتە ناو دێی چاووگەوە.

لە کاتی نوێژی عەسردا، هێواش هێواش لەماڵ دەرچووم. کەسم نەدی، ملی ڕێگام گرت، کە گەیشتمە دووڕییانەکە، لەسەر ڕێگای دەستەچەپ، بەڵام لەدوور کەپرێک کرابوو، یەک دوو چەکدار دیاربوون دەهاتن و دەچوون، بەڵام چوونکە من لێیان دوور بووم و چەکم پێ نەبوو، هەستیان پێ نەکردم و قسەیان نەکرد. ماوەیەک بە ڕێگاکەی ترا ڕۆیشتم دێی چاوگم لێ دەرکەوت، هێشتا مابوو بگەمە ناو دێ

چەکدارێک لە ماڵە سووتاوەکان هاتە دەرەوە و بەرەو رووم هات، دڵنیا بووم کە هاوڕێی خۆمانە، کە زۆر نزیک بوومەوە ناسیمەوە، هاوڕێ(جەمیل)بوو، دەستمان کردە ملی یەک و بردمی بۆ لای هاوڕێیانی تر، ئەوەی لەیادم مابێ ئەم هاوڕێیانە بوون: مام هەیدەر، نووری عارف، حەمە کوڵەباڵ، مەجید مەلا حامید، ئەحمەد و ئەوانی ترم بە داخەوە لەیاد نەماوە. وتیان:

– بە دووربین سەیری ڕێگاکەمان کرد کە دەرکەوتی، بە باڵ ڕاوەشاندنەکەتا یەکسەر ناسیمانیتەوە، بەڵام سەیرمان لێهات لەکوێوە پەیدا بوویت.

من بەسەرهاتەکەی خۆمم بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش بە درێژی باسی رووداوە دڵتەزێنەکەی وەڵەسمتیان بۆ گێڕامەوە. پاش گفتوگۆی تر و باسی خۆیان و ژیانیان و پاراستنیان، نزیکی ئێوارە وتیان:

– ناو شاری هەڵەبجە و ڕێگای دێهاتەکان لە ئێواراندا چۆڵ و هۆڵە، پێشمەرگە ترسیان نیە و بێ خەمن، ئێوارێ زوو لە ماڵان دابەش دەبن، پاش نانخواردنیش هەڵناستن، تا درەنگ لە ماڵان دەمێننەوە. منیش وتم:

– مادەم وایە با ئێستا بکەومە ڕێ بۆ کاتی نانخواردن دەگەمە ناو شار.

براەرێکی قوتابی نازایان لەگەڵ ناردم، بە داخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە، بە لاڕێگادا ڕۆیشتین، کە گەیشتینە ناوشار چۆڵ و هۆڵ بوو، رێبواریش بە دەرەوە نەبوو. ئەوم ناردەوە بۆ جێگای خۆی و منیش چووم بۆ گەڕەکی کانی قولکە بۆ ماڵی خۆمان، کە لە ماڵی هاوڕێ سەید باقی دا بووین. رووداوی گرتنی وەڵەسمت و شەهیدکردن و بریندارکردن و گرتنی هاوڕێکانم بۆ دایکی گەلاوێژ و خەجیجە خانی ژنی سەیدباقی باسکرد، ئەوانیش تێر فرمێسکیان بۆ هاوڕێیان و حیزب هەڵڕشت.

دوای چەند ڕۆژێک نامەیەکم لە هاوڕێ ئیسماعیل خەسرەوەوە بۆ هات، نووسیبووی: (شەوێک پاش ڕۆیشتنی ئێوە بۆ هانەسوورە، هاوڕێ(مەلا..) هاتە لامان و وتی: وا هاوڕێکانی ئەوبەرم هێناوە،(عەلی رەش )یان لەگەڵدایە، بۆ

ئەوەی بچین بۆ وەڵەسمت، منیش ڕووداوی وەڵەسمتم بۆ باسکرد، ئینجا هەواڵی تۆی لێ پرسیم، باسی ئێوەشم بۆ کرد، مەلا وتی: برادەران لە دووری دێن ، برسییانە، خواردنی پێویستمان بۆ ناردن، لە پاشدا (مەلا..) وتی: بڕیارمان داوە هەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ئەوبەر تا ڕۆژ نەبووەتەوە، هەر ئەو شەوە کەوتنە ڕێ بۆ جێی خۆیان).

بەم هەواڵە زۆر ناڕەحەت بووم، دڵیشم کەوتە مەترسییەوە کە ئاخۆ بە سەلامەتی گەیشتوونەتە جێگای خۆیان.

دوای چەند ڕۆژێک (مەلا..) هاتەوە بۆ لامان ، بە درێژی باسی هاتنەکەیان و گەڕانەوەکەیانی بۆ کردین. بە ڕاستی هەر ئەو چەکدارە دلێرانەی حیزب بوون توانییان بەو هەموو ماندوو بوونەوە سەرکەوتووانە بێنە ناوچەی شێرەمەڕ و سەرکەوتووانە و بێ زیان بگەڕێنەوە.. ئەو ناڕەحەتی و ناخۆشییانەی تووشی ئەوان هاتبوو هەر باس ناکرێت، جگە لە ناخۆشی داگیرکردنی بنکەی وەڵەسمتیش ، گرتنی چوار شیوعی، کە دووانیان ئافرەت بوون و دانیان بە دەستی ڕژێمی بەعسەوە.

لەپاش لێدانی بنکەی وەڵەسمت، برادەرانی پارتی و پێشمەرگەکانیان، هەر بە جارێک پێیان لێ هەڵبڕی و کەوتنە گرتنی شیوعیەکان و پشکنینی ماڵەکانیان لە هەموو دێهاتەکاندا و دەستیان بەسەر زۆر چەکیشدا گرت. لە ناو شاریشدا چاودێرییان خستە سەر هەموو شیوعیە ناسراوەکان و دۆستەکانیان. لێدان و جنێودان و شەرفرۆشتنیش لەولاوە بوەستێ. گەلێ ڕووداوی ناهەموار ڕوویاندا ، بۆ نموونەدانەیەکیان تۆمار دەکەم: بڕیار بوو هاوڕێ(مەلا..) و هاوڕێیەکی تر کە ناوی محەمەد بوو، هەندێ کەلوپەل و نامەو شتی حیزبی ببەن بۆ کەژی(بالامبۆ) بۆ ئەو چەند هاوڕێ چەکدارەی بەمۆ و ناوچەی خۆمان کە لەوێدا دانرابوون. ، بۆ ئەوەی بەر دەستی چەکدارانی پارتی نەکەون. لەگەڵ هاوڕێ(مەلا) وا ڕێککەوتین کە هەرچیمان

هەبوو بۆ (بالآمبۆ) بینێرینە ماڵی (حەمە هاوڕێ) لە گەڕەکی(پیر مەحەمەد).

ڕۆژێک هاوڕێ مەلا ئاگاداری کردین کە لە شەودا دەڕۆن. کاتی ئێوارە بوو، کەسێکمان دەست نەکەوت کە شتەکان بیات بۆ ماڵی حەمە هاوڕێ، من لە ماڵێک بووم نزیک ماڵی شەهید(ناهیدە)، چووم بۆ لای و پێم وت:

- بەڵکە خوشکێ یان دووان پەیدا بکەیت ئەم شتانە هەر ئێستا ببات بۆ ماڵی حەمە هاوڕێ. ئەویش خێرا خوشکان(عەتێ و سەفێ) ی نارد.. ماوەیەکی زۆریان پێ چوو و نەگەڕانەوە، خوشکە ناهیدە دڵی نارەحەت بوو و هاتە لام و وتی:

- خوشکان دەمێکە ڕۆیشتوون و نەهاتنەوە، دڵم زۆر نارەحەتە بۆیان و دەمەوێ خۆشم بچم بزانم مەسەلە چییە؟ منیش وتم: ئەگەر شتێکی خراپ ڕوویدابێت بۆ تۆیش باش نییە

- کوڕی مامم لێپرسراوێکی پێشمەرگەی ناو شارە، ئەگەر نەشتوانم شتێک بکەم ترسی ئەوەم نییە، لەبەر ئەو ئازاری من نادەن و نامگرن. ڕۆیشت و پاش ماوەیەکی زۆر بە پرتاو هاتەوە و وتی:

- هەردوو خوشکەکە و حەمە هاوڕێ و هاوڕێ حەمەی فەرەج گیراون!

- چۆن؟ . وا دیار بوو خوشکان بە پەل ڕۆیشتوون و کات درەنگ بووە و وریاش نەبوون، پێشمەرگە شکیان لێ کردوون و دوایان کەوتوون تا ماڵی حەمە هاوڕێ، لەوێ پشکنیویانن و شتەکانیان پێ گرتوون و ئێستاش بڕیاریان داوە بیاندەن بە دەست پۆلیسی ڕژێمەوە. منیش زۆرم قسە لەگەڵ کردن بۆ ئەوەی بەرەڵایان بکەن. وەیان هیچ نەبێت نەیاندەن بە دەست پۆلیسەوە، با هەر لای خۆیان بیگرن کەچی لە دواییدا لێم تووڕە بوون و وتیان لەبەر کوڕی مامت نەبێ دەبوایە تۆش بگرین.

لەو گەڕەکەدا کە منی لێ بووم، جیا لە ماڵی شەهید ناهیدە، ماڵی ئەو دوو خوشکەش هەر لەو ناوە بوون، جیا لەمەش 6 - 7 هاوڕێی تری شاراوە هەر لەو ناوە بوون. وتمان ئەگەر گیراوەکان بدەن بە ڕژێم بێ شک ماڵەکانیشیان دەپشکنن، لەبەر

ئەوە چووم یەکە یەکە هاوڕێکانم ئاگادار کرد و ئەو گەڕەکەمان چۆڵ کرد، لە نیوەشەودا پۆلیس چوون بۆ پشکنینی ماڵی ئەو دوو خوشکە و چەند ماڵێکی تری نزیکیان. ئەو شەوە هەردوو هاوڕێکەیان زۆر ئازار دا، بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە هەر چواریان نێردران بۆ سلێمانی و لە پاشدا بۆ کەرکووک. پاش ماوەیەکی زۆر بە پارە و واستە و هەزار شەڕەشەق دوو خوشکەکە ئازاد کران. ئەم ڕووداوە، بە تایبەتی گرتنی ئافرەتەکان و دانیان بە دەستی ڕژێم بووە هۆی بێزاری زۆر کەس، بە تایبەتی زۆر کەسی سەر بە پارتی ناڕەزاییان دەردەبڕی و لۆمەی حیزبەکەی خۆیان دەکرد.

لەپاش گرتنی بنکەی وەلەسمت و گرتنی ئەو چوار هاوڕێیە و زیادبوونی زەبروزەنگی برادەرانی پارتی لە شار و دێهاتەکاندا لە دژی هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانی حیزب و هتد. کۆبوونەوەی کتوپڕی لیژنەی قەزا و لیژنەکانی خوار قەزامان کرد، بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی تازە و ڕێگادانان بۆ کارکردنی داهاتوو بە پێی ئەو بارودۆخە تازەیەی تێیداین و هتد.

هەرچەندە ئیشکردنمان زۆر سەخت و مەترسیدار و پڕ قوربانی و ناهەموار بوو، بەڵام هێشتا وورەی هاوڕێیان و جەماوەری دەوروبەری حیزب بەرز بوو، هەموان سوور بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانی دان و بڕوایان بە حیزب و سەرکەوتنی دوارۆژ هەبوو. ئێمەش بۆ زیاتر بەرزبوونەوەی وورەی هاوڕێیان، پەیتا پەیتا بە دەستنووس هەواڵی گرنگ و شتی بەکەڵکمان دەنووسییەوە، کە لەو کاتەدا پێویست بوون.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستاندا

زۆری نەبرد قسە و بۆچوونەکانی حیزبمان هاتەدی، ڕژێمی بەعس هێرشیان هێنایە سەر کوردستان، پێشمەرگە و کادر و ئیشکەرانی پارتی ناوشاریان چۆڵ کرد و بارەگاکانیان گواستەوە بۆ بیارە و تەوێڵە و جێگا دوور و سەختەکان. ڕێگای هاتوچۆ بە ئۆتۆمبێلی سلێمانی گیرا و شەڕ و پێکدادان و کوشتار و وێرانکاری دەستی

پێکردەوە و ، شار شڵەژا و زۆر ماڵ و خێزان باریان کرد بۆ دێهاتە دوورەکان، خەڵکی ئەوەی کار و فرمانی هەبووایە بە پێ دەچوون بۆ سلێمانی و دەهاتنەوە. پەیوەندیمان لەگەڵ (ملمس)دا پچڕا، ماوەیەک هەروا بێ ئاگا لە حیزب ماینەوە، بیرمان کردەوە کە یەکێک بنێرین بۆ سلێمانی، نامەمان ببات بۆ (ملمس)، دەبوو ئەو یەکە ئازا و شارەزا و پیر بوایە، بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتایە. بیرمان لە (سۆفی مەحموود) باوکی هاوڕێ ئیبراهیم کردەوە. شەوێک چوومە ماڵیان، پاش گۆڕینەوەی هەواڵ و هەندێ قسە وتم:

– سۆفی گیان، ئەزانی بۆچی هاتووم.

– ئەبەخوا.. دەستمان کرد بە پێکەنین و وتم:

– بۆ ئیشێکی گرنگی پڕ زەحمەتی حیزب هاتووم کە مەگەر لەم ڕۆژە ڕەشەماندا بە تۆ بکرێت. چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک وتی:

– حیزبەکەم ئیشی گرنگی بە منە، وەی بەسەر چاو، مردنیش بێت ئامادەم، پێشم بڵێ چییە؟

– ڕێگای ترومبیل بۆ سلێمانی گیراوە، زۆر کەس بە پێ هاتوچۆ دەکەن، پێویستە یەکێک بنێرین نامەیەکمان بۆ ببات و هەرچیش هەبوو بۆمان بهێنێ. پێکەنی و وتی:

– جا ئەمە کەی زەحمەتە، لێی ئاسانتر نیە، خوا یار بێ هەر سبەینێ دەکەومەڕێ، ناونیشانی یەک دوو ماڵم دایە بەڵام ئەگەر ئەو ماڵانە لەوێ نەبوون چی دەکەیت. وتی :

– زۆر ماڵ و دووکان دەزانم و زۆر هاوڕێ دەناسم، خەمت نەبێ لەژێر زەویش بێ دەیاندۆزمەوە و بە سەرکەوتوویش دێمەوە. وتم:

– با هەندێ پارەت بدەمێ بۆ ڕێگا و لێقەومان. ڕەنگی تێکچوو، خەریک بوو تووڕە بێت، وتی،

- بەپارە ئیش بۆ حیزبە کلۆلە لێدراوەکەم بکەم. زۆر تەریق بوومەوە و وتم:
- بڕوا بکە مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە ڕێگای سلێمانی دوورە و مەترسیدارە و ناشزانم بارودۆخی هاوڕێیان چۆنە و چەندت پێ دەچێت؟ پارە بۆ سەفەری وا زۆر پێویستە . وتی:
- بە پێ دەڕۆم، پارەی ناوێ. شیرین خانی هاوسەریشی هەڵی دایە و وتی:
- منیش نان و خورما و هێلکەی بۆ ئامادە دەکەم بۆ ڕێگا، ئیتر پارەی بۆچییە؟
سوپاسم کردن و وتم هەر بمێنن بۆ حیزب.
بۆ بەیانی زوو هەردوکمان لە ماڵ دەرچووین، ئەو بەرەو سلێمانی و منیش بۆ لای هاوڕێیانی (ملقە) و موژدەی سەفەری سۆفی مەحموودم دانێ.
لە پاش هەفتەیەک سۆفی هاتەوە، بە نامە و شتی حیزبەوە، بە ڕاستی یارمەتییەکی باشی داین و لە زۆر شتی تازە ئاگادار کراین، بە تایبەتی چوونە دەرەوەی هاوڕێیانی ملمس ، بۆ دێیەک لە ناوچەی شارباژێر، کە دێی خواڵێخۆش بوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر بوو. شێخ بە هەموو توانای یارمەتی هاوڕێیانی حیزبی دەدا لەو ڕۆژە دژوارەدا. دوای ئەمەش یەک دوو جار هەواڵ و نامەی هاوڕێیانی ملمس ـ مان بۆ هات و جارێکیش هاوڕێی نەمر شێخ سەعید لە (ملمس)ەوە نێردرایە لامان، نامەی بۆ هێناین و بە دەمیش هەندێ شتی پێ ڕاگەیاندین. جارێکیش شەهید ئەحمەد مەحموودی دەلاک سکرتێری مەحەلی سلێمانی خۆی هات بۆ لامان و قسەی زۆری بۆکردین. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە ڕادیۆی(دەنگی گەلی عێراق) لە هەندەران دامەزرا، کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی بۆ ملمس لە هەموو ڕوویەکەوە . ئیتر ئێمەش تەتەری تایبەتیمان دانا بۆ ناردنی نامە و ڕاپۆرت و شتەکانی خۆمان بۆ حیزب. وە لەژێر ڕۆشنایی ئامۆژگارییەکانی حیزب دەجولاینەوە و ئامۆژگاری ڕێکخراوەکان و هاوڕێیانمان دەکرد.

## بارکردنم بە ماڵەوە بۆ دێی سازان و گیرانم لە دێی باوەکوچەک لە لایەن پێشمەرگەوە

بەهۆی هێرش و پەلامارە یەک لەدوای یەکەکانی سوپاوە، لە سەید سادقەوە بۆ سەر شاری هەڵەبجە و گرتنی خەڵک و پشکنینی ماڵان و ئازاردانی دانیشتوان و .. هتد. زۆربەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە باریان کرد بۆ دێهاتە دوورەکان. هاوڕێ ناسراوەکانی خۆشمان هەموو بەیانییەک نان و چایان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و دەچوونە ناو باخەکانی(باوەکۆچەک) و شەو دەگەڕانەوە بۆ شار. ئێمە بە ناچاریی لەگەڵ ماڵی کاک عیزەتی کەشەنەدا چووین بۆ دێی سازان ، کە بەپێ سێ سەعاتێک لە هەڵەبجەوە دوور بوو. لێپرسراوی پارتی لە سازان خزمی کاک عیزەت بوو، منیش خۆم کرد بە میوان و خزمی عیزەت. بەهۆی ئەوانەوە ماوەیەکی باش لەوێ ماینەوە و هەموو هەفتەیەک دەهاتەوە بۆ ناو باخەکانی باوەکۆچەک و دێیەکە بۆ کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی هاوڕێیان.

لەو کاتەدا دوو کچم هەبوو، (گەلاوێژ و گەشاو)، گەشاو تەمەنی 7 - 8 مانگان بوو لە سازان لەپڕ نەخۆش کەوت و مرد، بەهۆی بێ شیریی و کەم خۆراکییەوە! هەرلەوێ ناشتمان، هەرچەندە منداڵ بوو، بەڵام لای دایک و باوک جگەرسوتان ئێش و ئازاری سەختە.

ڕۆژێک لێپرسراوی سازان ناردی بەدوامدا و وتی:

- برام، هەر وەک عیزەتی خزمم سەیرم کردووی، بەڵام لە حیزبەوە ئاگاداریان کردووم لێت بپرسم ئایا وەرەقەی حیزبت پێیە؟

- وەرەقەی لیژنەی ناوچەی سلێمانیم پێیە، هی پارتی.

- کوا بیدەرێ.

- لەهەڵەبجە، لە ماڵەوە شاردومەتەوە.

- دەتوانی بچیت بیهێنی؟

- بەسەرچاو. وەرەقەیەکی ساختەم پێ بوو، بە ئەنقەست وتم لە هەڵەبجەدایە ، بۆ

ئەوەی بڕۆم و نەگەڕێمەوە، چونکە دەمزانی مادەم شکیان لێ کردووم، هەر دەمگرن. پێم وت:

- سبەینێ زوو دەچم بۆ هەڵەبجە.

بەڵام من هەر ئەو ڕۆژە لە گەرمای نیوەڕۆ کەوتمە ڕێ بەرەو باوەکۆچەک. کە نزیک بوومەوە لەو دێیە بڕیارم دا بە پشتی دێدا بچم بۆ ناو باخەکان، بۆ لای هاوڕێیان. . لە پڕێکا، دایکی حەمە کوڵەباڵ لە یەکەم ماڵی نزیکمەوە هاتە دەرێ، پاش سڵاو و چاکی و چۆنی، پرسیم.

- ناو دێ پێشمەرگەی پارتی لێیە؟

- نەء ، چۆڵ و هۆڵە.

لە دڵی خۆمدا گوتم بۆ بچم بۆ ناو باخەکان بەم ماندوێتییەوە، خۆ شەو هەر دەبێ بێمەوە ناو دێ، یەکسەر بە ناو دێدا ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بچمە ماڵی ڕەشەی فاتە. پێش ئەوەی بگەمە ئەو ماڵە دوو پێشمەرگە کە یەکێکیان بە جانتا بچوکەکەی و دەمانچەکەیدا دیار بوو (کادر)ە، لە بنی دارتوویەکدا دانیشتبوون، کە منیان بینی داوای وەرەقەیان لێکردم، منیش وەرەقە ساختەکەم پیشاندان، لەو وەرەقەیە ناوم مەحەممەد بوو ، پاش تەماشاکردنێکی زۆر خەریک بوو بیداتەوە دەستم، لەناکاو دوو چەکدار بە سوارییی گەیشتنە لامان، یەکێکیان کۆنەهاوڕێی خۆمان بوو ، ببوە پارتی منی باش دەناسی، ئەو چرپاندی بە گوێی کادرەکەدا، ئەویش وەرەقەکەی نەدامەوە و وتی:

- نابێ بڕۆی. بوو بە مشت و مڕمان، لەو کاتەدا دایکی حەمە کوڵەباڵ بە لاماندا تێپەڕی و بەرەو ناو باخە ڕۆی، کە زانی گیراوم، پاش کەمێک حەمە کوڵەباڵ هات و لەوانی پرسی :

- ئەم هاوڕێیەی ئێمەتان بۆ گرتووە، ئەوانیش وتیان:

- وەرەقەکەی ساختەیە و دەبێ بینێرین بۆ بیارە بۆ لای هەڤاڵانی لیژنەی ناوچە.

حەمە کولەباڵ زۆر هەوڵی دا ڕزگارم بکەن، تەنانەت وتی:

– من بگرن لە جێگای ئەو. هەروەها وتی:

– ئێوە بەری بدەن من و ئەو پێکەوە دەچین بۆ بیارە. هەر بێ سوود بوو. هاوڕێ ڕەشەی فاتەش هات، ئەویش زۆری هەوڵ دا هەر بێ سوود بوو. ئێوارێ لە ماڵی هاوڕێ ڕەشە ئاغان خوارد و لە پاشدا بردیانم بۆ دێی بامۆک بۆ لای مامۆستا (مەلا لەتیف)، حەمە کولەباڵیش هاتبوو لەگەڵما، لەوێش زۆرمان هەوڵ دا هەر سوودی نەبوو، وتی:

– هەر دەبێ بیبەین بۆ بیارە. لەوێ پێشمەرگەی تری زۆر لێ بوو، گفتوگۆی زۆر کرا، یەکێک لە پێشمەرگەکان وتی:

– (هەرچی ئەندامی پارتی نەبێت کورد نیە)، وتم:

– مامۆستا لەتیف ئەم قسەیە ڕاستە؟

– نەوەڵلا.

هەر ئەو شەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا کە دەمانچەی پێ بوو بەرەو بیارە ڕۆیشتین، لەگەڵ هاوڕێ حەمە ڕێککەوتین، کە ئەگەر فرسەتم بۆ ڕێککەوت، لە ڕێگا ڕا بکەم و خۆم بگەیەنە یەکێک لە کەپرەکانی حەمەوغان، کە برادەران لەوناوە توتنیان دەکرد. بەڵام ئەو پێشمەرگەیە لەو هەموو ڕێگا سەختەدا فرسەتی نەدەدام، زۆر جار دەمووت ماندوو بووم و دادەنیشتین، هەر بۆ ئەوەی پاڵ کەوێ یان دوور کەوێتەوە بۆ ئاودست، یان لە ماڵێک لە دێهاتەکانی سەر ڕێگا لابدەین و ڕا بکەم، هیچی نەکرد و بە بست لێم جیانەبووەوە. بەرەبەیان گەیشتینە بارەگای پارتی لە بیارە. لە ژوورێکی چۆڵدا هەردوکمان لێی کەوتین تا ڕۆژ بووەوە، نان و چای بەیانیمان لەگەڵ سێ لێپرسراوی ناوچەدا خوارد، یەکێکیان ناوی (عەلی حەمە لەواش) بوو، ناوی ئەوانی ترم لە بیر نەماوە، بە دەم نان و چا خواردنەوە هەندێ گفتوگۆمان کرد، دەربارەی هەڵوێستی حیزبمان و ئەو شتانەی ڕوویداوە و ڕوودەدات. بە هیچ جۆرێک

دەربارەی وەرەقەکە قسەیان نەکرد، تەنها وتیان :

- وامان زانیبوو کە تۆ ئەحمەد مەحموودی دەلاکی. دیارە لە جێگای ئەو هاتووی؟

ڕێزیان زۆر لێ گرتم، قسەی ڕەق و خراپیان لە ڕوو نەکردم. نامەیەکیان نووسی و پێچایەوە و دایانە دەستی ئەو پێشمەرگەیەی کە لەگەڵما هاتبوو، وتیان:

- فەرموو بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە.

پێم وابوو ئازاد کراوم، بۆ دەمەو عەسر گەیشتینە دێی باوەکۆچەک. خەڵکی دێ و برادەران زانییان هاتووینەتەوە. هاوڕێ حەمە هات بۆ لامان و لە پێشمەرگەکەی پرسی:

- مەسەلە چییە؟

- دەبێ بچینە لای هەڤاڵ (عومەر). (عومەری بۆیاخچی کە لێپرسراوی لیژنەی شاری هەڵەبجە بوو.)

- بۆ؟

- ناوچەی هەڵەبجە بڕیاریان داوە کە ئەم هاوڕێیەتان بچێتە یەکێک لە دێهاتەکانی دەوروبەری (ئەوڕۆڵی)، بۆ ئەوەی لەوێ بژی. ئینجا زانیم بڕیانداوە دەستبەسەربم لە ناوچەیەکدا کە زۆربەیان دژی حیزبن. هاوڕێ حەمە خێرا ڕۆیشتەوە بۆ ناو باخەکە، هەواڵی هاوڕێ عومەرمان پرسی، وتیان وا لە دێی چاوگ، ئێمەش بەرەو ئەوێ کەوتینە ڕێ، چووینە لای کاک عومەر، کاتی نانخواردنی ئێوارە بوو، چەند کادرێکی تریشی لێ بوو، لە کاتی نان خواردندا، دوو برا، دوو ئەندامی دڵسۆزی حیزب (ئەوڕەحمان و محەمەدیحەمەئەمینی حاجی قادر) لە دوور دەرکەوتن. لەسەربانی ماڵێک نانیان دەخوارد، هێشتا دنیا ڕووناک بوو، یەکسەر هاتن بۆ لامان و لە دوورەوە هاوڕێ محەمەد وتی: کاک مەحەمەد ڕووی لەمن کرد و پرسی:

- ئەوە گیراوی؟ کاک عومەر پێش من وەڵامی دایەوە:

- گرتنی چی؟ لای براکانی خۆیەتی. زۆریان لێ کردن نان بخۆن، نانیان نەخوارد ،

وتیان:

– له ماڵی خۆمان نان دروست کراوه، هاتووین کاک محەممەد ببەینەوە بۆ ئەوێ.

کاک عومەر وتی:

– بەداخەوە، دەبێ بینێرین بۆ دێیەک لە ناوچەی تەورۆڵی. هەردوو هاورێ وتیان:

– شتی وا نابێ، ئەم خزمەی ئێمە لە دەست بەعس بە ماڵ و منداڵەوە هاتوون بۆ هەڵەبجە لە ماڵی ئێمە میوانن، چۆن دەبێ ئێوە کە دژی بەعسن بیگرن. کاک عومەر وتی:

– من ئاگام لە هیچ نیە، بڕیاری لیژنەی ناوچەیەی. وتیان:

– ئێمە ئەمە نازانین، ئەی کاک عومەر تۆ خزمی چیت کە لە ناهەق ئازاری خزمی خۆت بدەی؟ ئێمە دەبین بە کەفیل. مشت و مڕێکی زۆریان کرد، لە ئەنجامدا کاک عومەر وتی:

– بەخوا نە ناوی مەحەممەدە و نە مەحموودە کە ناوی خۆی ناوە مەحموود. وە نە خزمی ئێمەشە، بەڵام با خاتری خزمایەتی بێت، فەرموون لەگەڵ خۆتاندا بیبەنەوە.

لە ڕێگا بە هەردوو هاوڕێکەم وت:

– ناچینەوە باوەکوچەک چونکە لە سازان دەیانویست بمگرن.

یەکسەر چووینە هەڵەبجە بۆ ماڵی خۆیان، دایکی خوالێخۆشبوویان وەک یەکێک لە کوڕەکانی خۆی هات بە پیرمەوە. کاک عەلی براگەورەیان و خێزان و منداڵەکانیشی هاتن. ئەو شەوە تا درەنگ پێکەوە قسەی خۆشمان کرد، بۆ ڕۆژی دوای ئەوەش هاوڕێیەکمان نارد دایکی گەلاوێژ و گەلاوێژی هێنایەوە بۆ هەڵەبجە.

ناردنی دوو هاوڕێی لیژنەی مەحەلی سلێمانی بۆ هەڵەبجە:

پاش ئەوەی بە ماڵەوە، لە سازان گەڕاینەوە و بە هۆی ژێرزەمینەکانمانەوە لە ناو شاردا ئیش و کاری حیزبی خۆمانمان دەکرد. لە سلێمانییەوە ئەحمەد کەریم(نوری) و

حەسەن عەلی غالیب گەیشتنە لامان، یەکەم بۆ یارمەتی داغان، دووهەمیش بۆ پاراستنیان، چونکە نوری تازە لە حامیەی سلێمانی ئازاد کرابوو. وە حەسەن مەترسی گرتنی لەسەر بوو، هەروەها برادەرانی ملمس دەیانزانی کە ئێمە ژێرزەمینی و جێگای باشمان هەیە لەناو شاردا.

لەو کاتەدا دارایی حیزب زۆر خراپ بوو، لەبەر ئەمە مانگانەی کادرە موحتەریفەکان زۆر کەم کرایەوە، ئێمە 3 کەس بووین پێنج دینارمان بۆ ژیانی مانگێک وەردەگرت، دواییش هاوڕێ نوری هاتە مالی ئێمە، لەوێ دەژیا، دوو دیناریش بۆ ئەو خرایە سەر پارەکەی ئێمە، لە ڕاستیدا ئەو 7 دینارە هەر بەشی هەفتەیەکی دەکرد، لەبەر ئەمە مانگی جارێک دایکی گەلاوێژ دەچووەوە بۆ سلێمانی لە مالی خزمان زەخیرە و شتی دەهێنا بۆمان، بەوە دەژیاین. هات و چۆی ئەوساش بۆ سلێمانی دەبوو شەوێک یان زیاتر لەگەل قافلەی سەربازیدا بووایە، لەبەر شەڕ و هەرای ڕێگا جاری واش هەبوو شەوێک یان زیاتر قافلەکە لە سەیدسادق ئەمانەوە، جارێکیان خێزانەکەی حەسەن هات بۆ هەلەبجە، کاتی مندالبوونی بوونی کە گەڕایەوە، 6-5 شەو لە سەید سادق بە هۆی شەڕەوە مانەوە، هەر لە سەید سادق کوڕێکی بوو، ئێمەش بۆ نوکتە و پێکەنین، بە حەسەغان وت.

- پێویستە ناوی بنێن تۆپ، دۆشکە، یان ڕەشاش و شتی وەها... چونکە بەدەم تەقەو شریخەی ئەو شتانەوە هاتووەتە دنیاوە. بەلام ئەوان ناویان نا (هاوار).

ئەوسا ئێمە مالمان لە خانووی هاوڕێ سەید باقی بوو، بە خزمان و هاوڕێ (نووری)شەوە تەنها یەک ژووری بچوکمان هەبوو، دیارە لەبەر پاراستن و لە ناچارییدا بەو جۆرە دەژیاین.

لە ڕاستیدا لەو ڕۆژە ڕەشانەدا. خێزانی کادرەکانی حیزب و مندالەکانیشیان جێگای شانازی بوون، کە لە کادرەکان زیاتر بەرگەی ئەو ژیانە تال و پڕ مەترسی و ناخۆشەیان دەکرد. ئەگەر لەخۆبووردوویی و دلسۆزی و ئازایەتی ئەوان نەبووایە؟

هیچ کات کادرەکان نەیاندەتوانی سەرکەوتووانە ئیش و کارەکانیان بەڕێوە ببەن.
بەڵام زۆر بە داخەوە، تا ئێستاش زۆر کەس و زۆر لە کادرەکانیش هەست بەو ئەرکە گرنگەی ئەو ژن و خێزانانە ناکەن و دانی پێدا نانێن!! پێم وایە پێویستە ئەو ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوییەی ئەوان لە لایەن ئێمەوە لەیاد نەکرێن. ئەوان کە ژیان و کاتی خۆیان بۆ حیزب تەرخان کرد و ، لە تاڵی و سەختییەکاندا لەگەڵمان بوون، فەرامۆشکردنی ئەرکی ئەوان ناڕەوایە!
هەروەها ڕۆڵی کادرەکان و گرنگی ئەوان و دڵسۆزیان بە بێ داوای پاداشتکردن. ئەوان ئەگەر کاری تریان کردبا زۆر لەوەی حیزبیان زیاتر دەست دەکەوت، بەڵام دڵسۆزیان بۆ حیزب بەو ژیانەی قایل دەکردن و ماڵ و منداڵیشیان هەمیشە لە سەختی و ناستەنگیدا دەژیان. بە پێی ئەزموونی من(کادرە موحتەریفەکان) بێبەشترین هاوڕێیانی ئێمە بوون. بە پارەیەکی مەمرە و مەژی خێزانەکانیان بەڕێوە دەبرد ، سەرەڕای مەترسی و ناڕەحەتی لەسەر خۆیان و خێزانەکانیان. هەر ئەوانە ، لە لایەن شیوعیە بێ توانا و ناتەواوەکانەوە توانج و پلاریان تێ دەگیرا! بە یەک چاو تەماشای کادری موحتەریف و بە توانا و بە کەڵک و، هەروەها هی بێ توانا و بێ کەڵک و خراپ دەکرد. کە جێی سەرنج و پێداچوونەوەیە.

## دروستکردنی ژێرزەمینی نهێنی

بارودۆخی ئیشکردنمان لەناو شارو دێهاتەکانیشدا زۆر خراپ و پڕ مەترسی بوو، لەناو شار بەهۆی هێرشی کتوپڕی یەک لەدوای یەکی سوپا، کە لە سەید سادقەوە دەهاتن و زۆربوونی جاش و چڵکاوخۆرانی ڕژێم لەناو شاردا. لە دێهاتەکانیشدا ئەوە حاڵمان بوو کە پێشتر باسم کرد. بەم هۆیەوە، ملقە هەمیشە سەرقاڵی ئەوە بووین و بیرمان لەوە دەکردەوە کە دەبێ چی بکەین کە لە تێکۆشاندا بەردەوام بین و زیانمان کەمتر بێت. بۆ ئەمەش گەلێ هەنگاومان نا ، یەکێک لەوانە دروستکردنی

ژێرزەمینی تر بوو لەناو شاردا بۆ ئەوەی لە کاتی هێرش و پشکنینی سوپادا کادرەکانمان بپارێزین و ئیتر لەمەولا برادەران زۆر نەچنە ناو باخەکانی باوەکۆچەکەوە، نەکا پێشمەرگە بیانگرن. بۆ ئەمەش پەنامان بردەوە بۆ بەڕێز(سۆفی مەحموود)، چونکە لە چاڵهەڵکەندن و شتی وەهادا دەستێکی باڵای هەبوو، ئەویش خۆی ئاسایی دەستبەکار بوو، لە چوار گەڕەکدا پێنج ژێرزەمینی زۆر ڕێکوپێکی بۆ دروستکردین. لە هێرشەکاندا ئەو ژێرزەمینانە ژیانی دەیان هاوڕێی پاراست. زۆر جار، لە کاتی هێرشدا ژێرزەمینی وا هەبوو 8 - 9 هاوڕێ خۆی تێدا دەشاردەوە و ڕزگارمان دەبوو. شایانی شانازییە کە ئێستاش یەکێک لەو ژێرزەمینانە لە لای دوژمن ئاشکرا نەبوون و هەندێکیان تا ئەو دواییەش سوودیان لێ وەردەگیرا.

## تێکەڵبوونی خوێنی گەشی دوو برا
## دوو تێکۆشەری پارتی و شیوعی

لە ئەیلولی ساڵی 1963 دا هێزێکی گەورەی سوپا بە تانک و زرێپۆشەوە لە سەیدسادقەوە گەیشتە ناو شاری هەڵەبجە و چوار دەوری شاریان گرت و کەوتنە پشکنینی ماڵەکان، بە ڕێکەوت پێشمەرگەیەکی پارتی(مەلا عابید) بە چەکەوە دەگرن، دەیبەن بۆ لای سەرەک هێزەکەی سوپا لە مەیدانەکەی بەر سەرادا، هەر لەوێ شەهیدی دەکەن و لاشەکەی دەکەوێ. لە پشکنینەکەدا، بە یارمەتی جاشە جاسووسەکان دەچنە ماڵی هاوڕێ(ڕەئوف) ، برای مەلا عابید، کە هاوڕێیەکی ئازای حیزب و کادرێکی پێشکەوتووی یەکێتی قوتابیانی گشتی دەبێ، دەیناسنەوە کە برای مەلا عابیدە، دەیبەنە لای ئەفسەرەکە، ئەویش دەیباتە لای لاشەی براکەیەوە و لێی دەپرسێ :

- ئەمە کێیە؟

- برامە.

- تفێکی لێ بکە.

نایکات و وەڵامیش ناداتەوە، ئەمجارە بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە دەڵێ:

- تفی لێ بکە.

- ئاخر برامە چۆن تفی لێ بکەم.

بە هاوارێکی هیستیرییەوە دەڵێ:

- ئەوە دز و جەردە و ڕێگرە، تفی لێ نەکەیت دەتکوژم. هاوڕێکەشمان بە هاوارێکی پڕ شانازیەوە دەڵێت:

- ئەو دز و جەردە نەبوو، ئەو پێشمەرگەی کوردستان بوو. دەیەوێ قسەی تر بکات، ئەفسەرەکە ئەویش شەهید دەکات و لاشەکەی دەکەوێت بەسەر لاشەی براکەی. ئەو کارەساتە دڕندانە جەرگبڕە، وەک بروسکە لە هەموو هەڵەبجەدا دەنگی دایەوە. کەس نەبوو لەو شارەدا فرمێسک بۆ ئەو دوو برایە نەڕێژێ و ڕک و کینە بەرامبەر بە خوێنڕێژان دەرنەبڕێ.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، تا ماوەیەکی زۆر کاری کردە سەر سەرکردەکانی پارتی و پێشمەرگەکانیان، گیانی هاریکاری و برایەتی تیایاندا دروست کرد، چونکە بۆیان دەرکەوت کە خوێنڕێژان لە ڕۆڵەی کورد دەگەڕێن بیکوژن سەر بە هەرچ پارتێک بێت.

ئەو بەسەرهاتە پڕ لە قارەمانێتی و نەبەردییەم بە(پەخشانێک) نووسی و ناردم بۆ دەنگی گەلی عێراق، ئەوانیش بە دەنگێکی بەسۆز و هێزەوە چەند جارێک خوێندیانەوە. بەو هۆیەوە لە هەموو کوردستاندا دەنگی دایەوە، هەروەها لە لایەن نووسەر و شاعیرە لاوەکانەوە، گەلێ شیعر و نووسراو لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نووسرا.

## کۆبوونەوەی نیوەی لیژنەی مەحەلی سلێمانی

پێش کودەتا شومەکەی شوباتی(1963)، بە مانگ و نیوێک، دوو مانگ جارێک ئەندامانی لیژنەی مەحەلی بە ئاسانی دەچوونە شاری سلێمانی بۆ

کۆبوونەوەی لیژنەی مەحەلی و پاش یەک دوو ڕۆژ دەگەڕانەوە، بەلام لە پاش کودەتاکە ، ئەمە نەکرا، بەلکو بواری کۆبوونەوەش نەبوو، بۆیە تا مانگی یانزەی 1963/ کۆبوونەوە نەکرا.

لە ناوەڕاستی مانگی 1963/10 دا، نامەیەکمان لە سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی بۆ هات و تیا نووسرابوو کە لە سەرەتای مانگی1936/11 دا بگەینە دێی (ئەحمەد بڕنە) بۆ ئەوەی لەوێوە بگەینە لای (مەلا عەلی) بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی مەحەلی.

لەگەڵ نووری و حەسەن، هەرسێکمان کۆبووینەوە بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێ کردنی ئەو نامەیە. لە ئەنجامدا بڕیارماندا کە من و نووری بڕۆین بۆ کۆبوونەوەکە و حەسەن بۆ سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە بمێنێتەوە. هەروەها بڕیارمان دا تا (ئەحمەد بڕنە) ، هاوڕێ حەمە کوڵەباڵ لەگەڵماندا بێت، چونکە شارەزای ڕێگاکە بوو، ئازا و لێهاتووش بوو.

ڕۆژی 1963/11/1 لە گەرمەی نیوەڕۆدا کەوتینە ڕێ، چونکە بەیانیان زوو و شەویش لە چوار دەوری شار کەمینی جاش هەبوو، دەرچوونمان مەحاڵ بوو، دەبوو بە ڕێگای(حەسەن ئاوا)دا بڕۆیشتینایە، بەوەی باش بوو کە جەماعەتی(حاجی ڕەئوف) لەسەر ئەوڕێگایە ڕەبیەیان هەبوو، حاجی ڕەئوف لە ڕێگەی هاوڕێ حەمە کوڵەباڵەوە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ حیزبدا هەبوو، هەر لە شار دەرچووین، هاوڕێ حەمە وتی:

- سەیر کەن، حاجی ڕەئوف لەسەربانی ڕەبیەکانەوە، بە دووربین تەماشا دەکات.

کە زۆر نزیک بووینەوە لێیان ،حاجی هاتە پێشەوە، لەسەر گوێسەبانەی ڕەبیەکەوە هاواری کرد:

- حەمە دوانی چەورت لەگەڵە، بتانگرم.

حەمەش یەک دوو جنێوی خەستی پێدا و وتی:

- ڕقم هەڵسێ هەر بە جاشەکانی خۆت دەتگرم.
هەردوو لامان دەستمان کرد بە پێکەنین و چاکی وچۆنی. حاجی ڕەئوف وتی:
- یارمەتیتان ناوێ. سوپاسمان کرد و وتمان:
- نەخێر.
تا لە چاویان ون بووین ئاگایان لێمان بوو، بە هەموو لا ڕێگاکاندا ڕۆیشتین، لە ئاوی (تووەقووت) پەڕینەوە، لە ئێوارەیەکی درەنگدا گەیشتینە دێی (وا زۆڵ) چوینە ماڵی بەڕێز (عەلی وازۆڵی ، کە ئەوسا شیوعی بوو. خزمەتێکی زۆری کردین و ئەو شەوە نەیهێشت بڕۆین. تا نیوەشەومان بە قسەی خۆش و باسی سیاسەت بردە سەر. بۆ سبەینێ هاوڕێ حەمە گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و لەگەڵ کاک عەلی دا چووین بۆ دێی ئەحمەد برنە، بۆ ماڵی - چەتە - شێخ ئەحمەد.. چەتە هاوڕێیەکی ئازا و کۆڵنەدەر و ناسراوی ئەو ناوچەیە بوو، خێزانەکەی کۆچی دوایی کردبوو، دوو کچ و کوڕێکی هەبوو، ماڵەکەیان وەکو تەکیە وابوو، دۆست و دوژمن دەیانناسی. یەکەم جارمان بوو هاوڕێ چەتە ببینین، هەر کە دیمان دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:
- بە قوربانتان بم، لە هەڵەبجەوە بەناو ئەو هەموو سەگ و گورگەی ناوەوەو ڕێگا چۆن دەرباز بوون و گەیشتن؟ وتمان:
- لە ناوەوە بەهۆی جاشە باشەکانەوە و لە ڕێگاش بەهۆی لادانمان لە ڕێگاو وریاییەوە دەرباز بووین. مرقەیەکی پێکەنینی لێوە هات و وتی:
- کەی لەناو جاشا باش هەیە، دەستمان کرد بە پێکەنین و وتمان:
- هەیە.
ئەو ڕۆژەو شەوەکەیشمان بە خۆشی و پێکەنین بردە سەر، بۆ سبەینێ هاوڕێ چەتە مات دەهاتە بەر چاومان، لێمان پرسی:
- بۆچی ماتی؟ قسەی نەدەکرد و تەنها دەیوت:
- هیچ نیە. کە هەر وازمان لێ نەهێنا و زۆرمان بۆ هێنا وتی:

- باوەڕ بکەن مەبەستم خۆم نییە، مەبەستم حیزبی ئێوەیە.

- چییە؟ مەسەلە چییە؟

- خۆتان دەیزانن و حیزبیش دەیزانێ، کە من زۆر ناسراوم و ماڵەکەشمان بە بنکەی حیزب دەزانن.

- کێ؟

- قورمساغەکان.. پێشمەرگە، هەموو جارێک دێنە ئەم دێیە بەناوی میوانداریییەوە، سەر بە هەموو ژوورەکاندا دەکەن.

- باشە دەتەوێ چی بڵێی، بە ئاشکرا بیڵێ.

لەم ژووره نەبن، هەر لەم ماڵەدا جێگایەکی ترتان بۆ چاک دەکەم.

- جێگای ترت هەیە؟

سەری داخست و بێدەنگ بوو، دووبارە پرسیارەکەمان لێ کردەوە. ئینجا زۆر بە هێواشی و بە شەرمەوە وتی:

- نا هەیە.

- کوێیە؟ دیسان شەرم دایگرتەوە و بە منجەمنج وتی:

- ژووری بزنەکان. کە ناوی بزنەکانی هێنا خۆی زەردەخەنە گرتی و ئێمەش تەماشای یەکمان کرد. نوری وتی:

- بڵێ گەورەکە.. ئەگینا بزن جێگا و ژووری لەکوێ بوو.

- لایەکیم پاک کردۆتەوە، جێگاشم لێ داخستووە. بۆ ڕۆژ خراپ نییە و، بۆ شەویش وەرنەوە لای خۆمان. بە ناچارییەوە ڕازی بووین.

هەستاین چووینە خزمەت بزنەکان. لایەکی گەورەکە پاک کرابووەوە و بەڕە و شتی لێ ڕاخرابوو، چەند سەر بزنێکیش لەولاوە بوون، ئێمەش لێی دانیشتین و دەستمان کرد بە جگەرەکێشان، جاروباریش گاڵتەمان بە یەکتری دەکرد و پلارمان لە یەکتر دەگرت.

لە سەعات 12 ی نیوەڕۆدا بوو، لە گەرمەی گفتوگۆدا بووین و جگەرەمان دەکێشا، لە پڕ دەرگا کرایەوە و دوو زەلامی گەورە هەنگاویان هەڵێنا و ویستیان بێنە ژوورەوە، کە ئێمەیان لەناو بزنەکاندا بینی. لە پێشا سڵەمینەوە و کەمێک وەستان و پاشەوپاش گەڕانەوە و دەرگاکەیان پێوەدایەوە.. ئێمەش لە شەرما نەوەندەی نەمابوو بمرین. هەر کەس بێ لێمان نابڕنەوە و حەیامان دەبەن. خۆ ئەگەر پێشمەرگەش بێ ئەوە خراپتر. لە پاش چارەکێک چەتە هاتە ژوورەوە ، بەڵام مات و پەست بوو، سەری داخستبوو و هیچ تەماشای نەدەکردین، یەکسەر ووتی:

- هاوڕێیان داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، ئەو گەماڵ باوکانە جامبازی حەیوانن، هاتبوون بۆ بزن کڕین. منیش وتم:

- باشە چۆن هێشتت بێنە ژوورەوە.

- بەخوا هەر وەکو جاران یەکسەر هاتنە ئێرە و منیش پێم شەرم بوو ڕێگایان لێ بگرم. بە دەم قسەکردنەوە جاروبار لە ژێرەوە سەیری دەموچاوی دەکردین، بۆ ئەوەی بزانێ تووڕەین یان نا. ئێمەش وتمان:

- تازە ڕابوورد، پەستیی ناوێ، لە تێکۆشاندا دەیان شتی وا ڕوو دەدا. هەر کە زانی تووڕە نیین دایە قاقای پێکەنین، هەر نەیدەبڕییەوە، تا نووری لێی پەست بوو بە تووڕەییەوە وتی:

- سەریشمان دەتاشی و ئاوێنەشمان دەدەیتە دەست. ئینجا کۆتایی بە پێکەنینەکەی هێنا. لێمان پرسی:

- ئایا ئەو برادەرانە سەر بە پارتی نەبوون ؟ و مەترسییان لێ دەکرێ یان نا. چەتە وتی:

- بەخوا بڵێم چی.. لەوانەشە، چونکە ئەگەر ئەو جامبازانە سەر بەوان نەبن وا بە سەربەستی دێ بە دێ ناگەڕێن.

- کەواتە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ دەبێ لەم ماڵە بڕۆین.. ئەم دێیە وەک

دەڵێن هەر هەموویان سەر بە خۆمانن، ئایا ماڵێکی تری تیا نیە بچین. ئەختێ بێدەنگ بوو بیری دەکردەوە، وتی:

- ماڵی (کوێخا قادر)، بەڵام ئاخ.

- بۆچی ئاخ.

- ئەختێ ترسنۆکە.. بەڵام خراپیش نییە. (هەستا و وتی) وا دەچم بۆ لای و بزانم چی دەڵێ. پاش تۆزێ هاتەوە و وتی:

- هەرچەندە دەشترسا، بەڵام لە ترسی حیزب نەیتوانی ڕازی نەبێ.

لە دوای نانخواردنی نیوەڕۆ چوینە ماڵی کوێخا، زۆر بە گەرمی هاتن بە پیرمانەوە و بە ڕووخۆشییەوە قسەیان لەگەڵ کردین، هەستمان بە ترس و شتێ وا نەکرد لە دەموچاویاندا. شەویش چەتە هاتەوە بۆ لامان، تا نیوەشەو قسەی خۆشیان دەکردو دەگێڕایەوە، یەکێک لە قسە خۆشەکانیان چەتە وتی:

- ئەوە هاوینە، خەڵک هەمور لەسەربانە، منیش لەسەربان ڕادیۆیەکەم بە دەنگی بەرز کردۆتەوە (ناژم غەزالی) بە دەنگە گڕەکەی گۆرانی دەڵێ، ئا ئەو کوێخا قادرە ناموبارەکە هات و تێر گوێی گرت، کە لێبووەوە وتی:

- بەخوا دەنگێکی خۆشی پێوەیە، دیارە کەنیشکێکی عالە.

هەمرو دەستمان بە پێکەنین کرد، کوێخاش وتی:

- ماوەیەک لەمەوبەر، یەک دوو پەل پێشمەرگە هاتنە دێیەکەمانەوە و دەستیان بە جنێودان و گرتنی شیوعیەکان کرد، هاتنە ماڵی ئێمە و وتیان:

- کوێخا، تۆ کوێخای ئەم دێیەیت و هەمرو دەناسیت، کێ شیوعییە پێمان بڵێ.

منیش تەڵاقم خوارد کە لەم دێیەدا شیوعی نییە، سەرپەلەکەیان ڕۆیی و هاتەوە، ئەم چەتە ناموبارەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و لە چەتەی پرسی :

- تۆ چییت؟ ئەمیش ڕاست وتی:

- من شیوعیم. ئینجا سەرپەلەکە وتی:

- کوێخا ئێستا چی دەڵێیت، خۆ تەلاقەکەشت کەوت. منیش وتم:
- بەخوا من ئاگام لە شتی ژێربەژێر نییە.
تا بەم قسە خۆشانەوە شەومان درەنگ کرد، شەوی دوای ئەوە چەتە هاتەوە بە دواماندا، چووینەوە ماڵی ئەوان، ڕۆژێ دوای ئەوە لەئێواریدا زوو نانی بۆ هێناین ، وتم:
- چەتە گیان ئیمڕۆ بۆ زوو نانت بۆ هێناین؟
- ئێوارە زوو سەفەر دەکەین، لەو لایەوە برادەرێکی تر دێت دەتانبات.
- بۆ کوێ؟ پێکەنی و وتی:
- نازانم.
- چۆن نازانی؟
- بە هەرچی شێخ و مشایخە نازانم و تووشی هەڵەم مەکە، تاقەتی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتنم نییە. بۆ پێکەنین وتم:
- چەتە گیان خۆ ئەمەش نهێنی حیزبی نییە.
- بە قوربانت بم وازم لێ بێنە، هەموو جارێ لەسەر دەمە شڕەکەم ڕەخنەم لێ دەگرن.
کە دونیا تاریک بوو، خۆمان ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن، یەکێ چارۆکەیەک نان و خورما و شتی بۆ هێناین.وتمان:
- ئەمە چییە؟ پێکەنی و وتی:
- دیارە ئێوە شلەشارین و شاخ و ڕێگاوبانی دوورتان نەدیووە.. ئەم نانە بۆ ڕێگای مەترسیدار لە گوللە بە کەڵکترە.
لە ناو دێدا پێکەوە دەرچووین، کە لە دێیەکەش دەرچووین ئەو پێشکەوت و ئێمەش یەک لە دوای یەک کەوتینە ڕێ. بە دۆڵ و چاڵ و چۆڵی و هەورازدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە دێ سووتاوەکەی(سیارە) نزیک دەربەندیخان، لە پەنا دیواری یەکەم ماڵدا دانیشتین، چەتە وتی:

- جارێ نە قسە بکەن و نە جگەرە بکێشن.
چەتە سێ فیکەی بە هێواشی لەسەر یەک لێدا، پاش کەمێک هەر لە نزیکمانەوە، لە پەنا دیوارێکی سووتاودا، سێ فیکە لێدرایەوە، ئینجا زەلامێکی قەڵەوی باڵابەرز هات بۆ لامان و تەوقەی لەگەڵدا کرد، دوای پشوودانێکی باش و جگەرە کێشان، چەتە بەرەو ئەحمەد برنە و ئێمەش بەرەو شاخی دەربەندیخان کەوتینەڕێ. لە جادەی گشتی نێوان دەربەندیخان و سلێمانی زۆر بە وریایی و یەک یەک پەڕینەوە، تا بناری شاخەکە ڕانەوەستاین. لە بنی شاخەکەدا دانیشتین پشوویەکی باشمان دا. ئەو هاوڕێیەی هاتبوو بە دوامان‌دا ناوی (ئەولقادر) بوو، پاش ئەوەی بە باشی ماندوێتیمان حەسایەوە وتی:
- دەبێ بەسەر ئەم شاخە سەختەدا هەڵگەڕێین، جگەرەکێشان و قسەکردن قەدەغەیە، ناشبێ زۆر لە من دوور بکەونەوە، چوونکە تولەڕێی زۆرە، لەوانەیە هەڵە بکەن و بچنە ناو ڕەبیەکانی سووپا، لە سەرەوە هەموو ڕەبیەی سووپایە، ئەمەندەش ترسنۆکن، تەنانەت لە گڤەی ڕەشەباش تەقە دەکەن، دەبێ ئاگاشتان لەبەر پێتان بێت، تەنەکە و قووتووە شکاوی زۆر لێیە، پێتان بەری بکەوێ دەنگی زۆر دێ و تەقەمان لێ دەکەن، دەبێ زۆر بە وریاییەوە خێراش بچین بەو دیوودا بۆسەر ناوی (دیوانە).
دوای ئامۆژگارییەکانی هاوڕێی تەتەر کەوتینە ڕێ، خێرا دەڕۆیشتین تا لەو ون نەبین و هەڵە نەکەین، تاریکە شەوێکی سارد و ناخۆش بوو، زۆر نەڕۆیشتبووین قاچم بەر قووتوویەک کەوت، قووتووەکە بە تەقە تەق خل بووەوە، کاتێکمان زانی تەقە دەستی پێکرد، خۆمان پاڵخست تا دوای تەواوبوونی تەقەکان، دیسان کەوتینەوە ڕێ، زۆر ماندوو بووین، ناچار جارجار کەمێک پشوومان دەدا، بەڵام چونکە ئارەقمان کردبوو و کزەباکەشی سارد بوو، نەماندەتوانی زۆر بوەستین و خێرا دەکەوتینەوە ڕێ، هەرچۆنێک بوو گەیشتینە سەر ئاوەکەی (دیوانە).

پاش پشوودانێکی کەم، هاوڕێ تەتەر وتی

- خۆتان ڕووت کەنەوە. دەرپێکانیشتان داکەنن. نووری یەکسەر تووڕە بوو وتی:

- دەرپێ بۆ؟ برادەر پێکەنی و وتی:

- ئاوەکەی قووڵە و دەگاتە سەر ناوکتان چونکە ئێوە بالآتان بەرز نییە. منیش بە پێکەنینەوە وتم:

- نووری گیان شەوەکەی تاریکە و هیچ دیار نییە، دایکەنە و قسە مەکە. لەمنیش تووڕە بوو وتی:

- تۆ وەخت و ناوەختت بۆ نییە، لە قسە قۆڕەکانی خۆت ناکەوی.

ئاوەکە زۆر خوڕ و قووڵ و سارد بوو، ئەگەر هەرسێکمان دەستی یەکترمان نەگرتایە نەماندەتوانی بپەڕینەوە. لەبەر ساردی و لە ترسی خنکاندن، کەسمان ورتەمان لێوە نەهات تا پەڕینەوە ئەوبەر، کە پەڕینەوە زۆرمان سەرما بوو، زۆری جلەکانیشمان تەڕ بووبوون، هەوایەکی ساردیشی هەڵکرد، نووری ئیمانی لەسەردا نەمابوو، ویستی جگەرە دابگیرسێنێ، هاوڕێ ئەولقادر نەیهێشت و وتی.

- هاوڕێ گیان کاتی جگەرە نییە. با بڕۆین، هەرچەندە مەترسی ڕەبایە نییە، بەڵام مەترسی پێشمەرگەمان زۆر ماوە، دەبێ هەتاو نەکەوتێبگەینە دێی(گوڵانی حاجی مەحەمەد). بەو سەرماو ماندوێتییەوە کەوتینە ڕێ، تازە زەردە دابووی لە شاخەکانی گوڵان گەیشتینە ناو دێ و چووینە ماڵی هاوڕێ(حەمەڕەق) ، کە چووینە ژوورەوە، دیان(مەلاعەلی)دانیشتووە و نان و ماست و چا دەخوات، پاش تەوقە و ماچ و مووچ دانیشتین ئێمەش یەکسەر دەستمان بە نانخواردن کرد، زۆرمان برسی بوو.

کە تێر بووین و حەساینەوە، کە تەماشای مەلاعەلیمان کرد، ڕیشێکی درێژی ناشیرینی هێشتبووەوە پێکەنینمان دەهات، من و نووری هەر سەیری یەکترمان دەکرد و پێدەکەنین. مەلا عەلی خۆی بۆ ڕانەگیرا و وتی:

- عەیب نییە، ئەوە بەچی پێدەکەنن؟ ئێمە گوێمان نەدایە و هەر پێدەکەنین، ئینجا

تووڕە بوو وتی:
- ئاخر بە چی پێدەکەنن؟ منیش ناچار بۆ ئەوەی لێمان عاجز نەبێ وتم:
- بە بەسەرهاتەکەی خۆمان لەماڵی چەتە. بە تووڕەبوونەوە وتی:
- بەسەرهاتی چی؟ کە بۆم گێڕایەوە دەستی دایە قاقای پێکەنین و پێکەنیکەی لەسەر خۆی لابرد و کەوتە پلاری گەورە هاویشتن. ئەومان بیر چووەوە کەوتینە بەرگری کردن لە خۆمان. لە پاش ماوەیەک مەلا عەلی وتی:
- با سەر و بەتانیە هەڵگرین و بڕۆین. نووری وتی:
- دیسان ڕۆیشتن؟ بۆ کوێ؟ مەلا عەلی وتی:
- ئەم دێیە هەرچەندە هەموویان سەر بە حیزبن، بەڵام سەرەڕێی پێشمەرگەیە، ئەوانەی لە قەرەداغەوە دێن بچن وارماوا و شارەزوور لێرەوە تێپەڕ دەبن، لەم دێیە لادەدەن و نان دەخۆن، لەبەر ئەمە من بەڕۆژ دەچمە سەر شاخ، لەوێوە جێیەکی زۆر باشم دروست کردووە، تا ئێوارە لەوێ دەبم و شەو دێمەوە ناو دێ، ئەمڕۆش وا دەکەین.
لەگەڵ بۆڵەبۆڵی نووری و پلارە زل زلەکانی مەلا عەلیدا، بەسەر شاخە بەرزە سەختەکەی گوڵاندا سەرکەوتین. کە سەریش کەوتین بە دوای مەلاعەلیدا بەناو گەلێ چڕەدار و تاشەبەرددا پێچمان کردەوە تا گەیشتینە بەر تاشەبەردێکی زۆر گەورە وەک گومەزی لێ کرابوو، لوولەیەکی لاستیکیش وەک لوولەی سۆپا لەسەر تاشەبەردەکەوە سەری دەرهێنابوو. مەلا عەلی بێ ترس، بە دەنگی بەرز وتی:
- ئا ئامە جێگاکەمە، بزانن دەرگای دەدۆزنەوە. پێش ئەوەی ئێمە وەڵامی بدەینەوە و بڵێین:
- بەخوا جێگای چاکە. لەولامانەوە کۆخەیەک هات . کە سەیرمان کرد زەلامێک بە هێسترێکەوە ڕاوەستاوە، هەموو حەپەساین و سەیری یەکترمان کرد. مەلا عەلی لە ئێمە زیاتر ناڕەحەت بوو، لە کابرای پرسی:

– چ دەکەی لێرە؟
– دار دەکەم.
– خەڵکی کوێیت؟
– لە ئاوارەکانی ئەولام، لەو دێیەی پشتەوە دەژین. ئێمەش بە بیانووی ماندوو بوونەوە پاڵمان دا بە تاشەبەردەکەوە و سەرو جگەرەمان داگیرساند، خۆمان خەریک کرد تا کابرا دارەکەی بار کرد و ڕۆیشت، کە ئەو ڕۆیشت تێر گاڵتەمان بە مەلا عەلی کرد و پێکەنین و توورەمان دەکرد. هەرچەندە ترسی ئەوەمان هەبوو کە ئەو کابرایە پێشمەرگە ئاگادار بکات، بەڵام چارمان نەبوو بڕیارمان دا هەر بچینە ناو کونەکەوە.
مەلا عەلی چووە ئەودیووی تاشەبەردەکەوە و بەردێکی لادا کە بە گەڵا داپۆشرابوو، وتی:
– ئەمە دەرگاکەیەتی با بچینە ژوورەوە.
– چۆن بەم کونەوە دەچین؟
– من بەم گەورەییە پێوەی دەچم، ئێوە دەڵێی فروجن پێوەی ناچن؟.
مەلا عەلی بە دەمدا ڕاکشا و بە سنگە خشکێ چووە ژوورەوە، ئێمەش وامان کرد و بە ئاسانی چووینێ.لە ڕاستیدا ناو کونەکە گەورە و خۆش بوو، جێگای دانیشتن و ڕاکشان و چالێنانی هەبوو، لوولە سۆپایەکی لە ناوەوە دانابوو بۆ دوکەڵ و سۆندەیەکی پێوە بەستبوو، لە کونی سۆندەکەوە دووکەڵەکە دەچووە دەرەوە. زەخیرەی زۆر و خواردنی خۆش و کەلوپەلی چالێنانی لابوو. ئەو ڕۆژە بە خواردنی زۆر خۆش و بە نوکتە و فشقیاتەوە ڕۆژمان بردەسەر و نەمانزانی چۆن ئێوارە هات. پێش ئێوارە، وردە وردە گەڕاینەوە بۆ ناو دێ، هاوڕێ حەمەڕەق لەسەربانی ماڵی خۆیانەوە ئیشارەتی داینێ کە ناودێ پێشمەرگەی تێدا نیە، بە دەم قسەی خۆشەوە چووینەوە بۆ ماڵی حەمەڕەق.

ئەو شەوە چووینە ماڵی(حاجی مەحەمەد)، باوکی ئەسکەندەر و شەهید جەوهەر، حاجی لە مەلا عەلی زیاتر قسەی خۆشی دەکرد و جاروبار جنێویشی دەدا. مەلاعەلی زۆر لێی دەترسا. ئەو شەوەشمان بە قسەی خۆش و پێکەنین بردەسەر. کە ڕۆژبووەوە، نەچووین بۆ شاخ، بەڵکو خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتنی دێی(بەرکەل) لە بەری قەراخ. مەلا عەلی وتی:

- پێشمەرگە بە زۆری سەرلەبەیانیان لەم ڕێگایەوە هاتوچۆ دەکەن، لەبەر ئەمە لە گەرمەی نیوەڕۆدا دەکەوینە ڕێ.

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ کەوتینە ڕێ، هاوڕێیان ئەسکەندەر و جەوهەریش لەگەڵماندا هاتن. ئەوسا جەوهەرمنداڵ بوو، هەر 10-12 ساڵێک دەبوو، بەڵام زۆر ئازا و زرینگ بوو، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و زیرەک رەفتاری دەکرد، لە ڕۆیشتندا جەوهەر لە پێشەوە، دوای ئەو ئەسکەندەر، ئینجا نووری، ئینجا من، لە دواوەش مەلا عەلی. وا بڕیار بوو ئەگەر جەوهەر لە دوورەوە خەڵکی بەدی بکردایە زوو ئێمە ئاگادار بکات. ماوەیەک ڕۆیشتین لە پڕ ئەسکەندەر بە پەلە گەڕایەوە بۆ لامان، لێمان نزیک بووەوە، یەکسەر وتی:

- توخوا مەلا عەلی ئەوە ژنە من هەمە؟

- نەوەڵڵا.

ئیتر ئەسکەندەر بە ڕاکردن گەڕایەوە بۆ پێشەوە ، بۆ جێگای خۆی. من و نووری حەپەساین وتمان:

- مەلا عەلی ئەوە چی بوو؟

- هیچ. زۆرمان لێکرد، ئینجا وتی:

-ئەم برادەرە ئێوە نایناسن، ئەو ئێستا بە خەیاڵی خۆی لە ماڵی خۆیاندایە و لەگەڵ پیرەخانی هاوسەریدا شەڕیانە، هاتووە سکاڵای خۆی لای من بکات. ئەگەر ئەموتایە ئەوە ژن نییە، دەیکردە گفتوگۆ و نەیدەبڕییەوە!

ئەو ڕێگایە زۆر دوور و سەخت و پێچاوپێچ بوو، دەمەو ئێوارە گەیشتینە (بەرکەل).
ئێمە لە دۆڵێکدا لە نزیک دێ دانیشتین و جەوهەر بە تەنیا چووە ناو دێ بۆ ماڵی هاوڕێ (کاکەوڵلا) بۆ ئەوەی بزانێت لەناو دێدا پێشمەرگە هەیە یان نا!
پاش ماوەیەک هاوڕێ (کاکەوڵلا) خۆی هات بە دواماندا و چووینە ماڵی ئەوان، کە سەیرمان کرد (ئەحمەد مەحموود دەلاک) سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی لەوێیە و دانیشتووە. ئەو شەوەمان بە قسە و باسی گشتی و دەنگ و باس گێڕانەوە بەسەر برد، بۆ سبەینێ کاکەوڵلا لە گەوڕێکا جێگای بۆ چاک کردین، لەوێ کۆبوونەوەکەمان کرد. هەر بەیانی زوو مەلا عەلی پارەی دا بە کاکەوڵلاوتی:
- گیسکێ بکڕە و سەری ببڕە، بە برنجەوە بۆ نیوەڕۆ بۆمان لێ بنێ، دەمێکە گۆشت و برنجمان نەخواردووە.
پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوە بکەین، کە چووینە گەوڕەکە، ماڵی چەتە و ڕیشی مەلا عەلیمان هاتەوە یاد، دەستمان بە پێکەنین کرد، هاوڕێ ئەحمەد وتی:
- با من لە خۆمەوە لەگەڵ ئێوە پێنەکەنم، پێم بڵێن ئێوە بە چی پێدەکەنن، با منیش بەوە پێبکەنم. هەموو بەسەرهاتەکەمان بۆ گێڕایەوە و ئەویش تێر پێکەنی و وتی:
- خوا ڕەحم بە من بکات، ئەوەی لە ئێوە نزیک بێ بێ بەلا نابێ.
دەست بە کۆبوونەوە کرا، پێشەکی هاوڕێ ئەحمەد وتی.
- بەهۆی دووری ناوچەکانمانەوە لە یەکتر و مەترسی هاتوچۆی هاوڕێیان، ملمس بڕیاری دا کە کۆبوونەوەی مەحەلی بە دوو بەش بکرێت، پێنجوێن و هەڵەبجە و دەربەندیخان و قەرەداغ پێکەوە کە ئەمەیە، قەڵادزە، ڕانیە، چوار تا و ناوشاری سلێمانی پێکەوە کە لەولا کردمان. ئینجا بە درێژیی باسی باری سیاسی عێراق و کوردستان و پارێزگای سلێمانی کرا و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کرا.
لە سەعات 11ی پێش نیوەڕۆدا مەلا عەلی هاواری لێ هەڵسا و وتی:
- برسیمە. ئێمەش هەموومان وتمان:

- برسیمانە. مەلا عەلی بانگی کاکەوڵلای کرد و وتی:
- مردین لە برسا.
- ئەی بۆ قسە ناکەن دەمێکە نان ئامادەیە. لە خۆشی گۆشت و برنج کاغەز و شتمان پێچایەوە و وتمان:
- ئیتر سیاسەت بەسە، نۆرەی خواردنە.
تەماشامان کرد کاکەوڵلا بە نقە نق سینییەکی گەورەی هێنا، هەموومان چووین بۆ یارمەتی. دەبینین چوار قاپ دۆینەی بۆ هێناوین. مەلا عەلی هەر وشک بوو،وتی:
- هەتیو، ئەمە چییە؟ کوا گۆشت و برنجەکە. ئەویش بە هێواشی و لەسەر خۆ وتی:
- هەموو ئاو دێ گەڕام گیسکم دەست نەکەوت. مەلا عەلی وتی:
- ئەی بۆ زوو قسەت نەکرد؟ ئەویش پێکەنی و وتی :
- ئەگەر قسەم بکردایە کۆبوونەوەکەتان تێک دەدا. هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و دۆینە خواردن.
پاش دوو ڕۆژ کۆبوونەوەکەمان تەواوکرد و گەڕاینەوە بۆ گولان و شەوێک لەوێ ماینەوە، دوایی بەرەو ئاوی دیوانە و شاخی دەربەندیخان ڕۆیشتین تا دێی ئەحمەد برنە و دیسان مالی هاوڕێ چەتە. شەو زۆر درەنگ بوو گەیشتینە مالی هاوڕێ چەتە، زۆر ماندوو بووین، یەکسەر لێی ڕاکشاین و خەومان لێکەوت. لە دەنگی دەف لێدان خەبەرم بووەوە، چاوم کردەوە هەتاو کەوتبوو، سەیر دەکەم(سەید ئەحمەدی دائیرەی ئاوکارەبای سلێمانی) دەف لێدەدا و تەلقینی ئێمە دەخوێنێ.نووریش لەو دەنگە چاوی کردەوە . لەگەڵ سەید ئەحمەددا باوەشمان بە یەکدا کرد و وتی.
- لە کوێوە پەیدا بوون، چی هاوردوونی بۆ ئێرەڕ وتم:
- لە حیزبایەتی زیاتر چی هەیە؟ ئەی تۆ لێرە چی دەکەی؟
- لە پاش کودەتا چەند خۆپیشاندانێک لە سلێمانی کرا، پاشان وەک هاوڕێیانی ترخۆم شاردەوە و بووم بە زەحمەت بەسەر مالانەوە، منیش ناچار هاتمە ئەم دێیانە ،

کە زۆربەی خزمی نزیکمن، تا خوا ڕەحمێکمان پێ دەکات، هەرچەند نایکات.

شەو و ڕۆژێک بە قسە خۆش و قووتەکانی و بە دەف لێدانی سەید ئەحمەدیشەوە ڕامان بوارد و لە دواییدا، لەگەڵ برادەرێکی ئەو دێیەدا، ڕۆژی 1963/11/18 بەرەو هەڵەبجە کەوتینە ڕێ.

نزیکی سەعات دووی پاش نیوەڕۆ بوو لە ئاوەکەی تووەقووت پەڕیبووینەوە، گەیشتینە چەند دارودرەختێک، نووری وتی:

- با لێرە پشوویەک بدەین، جێگایەکی خۆشە و نزیک دەنگوباسی سەعاتی دووی بەغدایە.

دانیشتین و دەستمان کرد بە جگەرەکێشان، نووری ڕادیۆ بچوکەکەی دەرهێنا و گوێمان لە دەنگ و باس گرت. یەکەم خەبەر باسی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو لە لایەن (عەبدولسەلام)ەوە، هێندەمان پێخۆش بوو، هەستمان کرد کە حیزبمان بەعسی ڕووخاندووە، هەر هەڵساین و بە خێرایی و بە ڕێگای ڕاستدا بێ ترس کەوتینە ڕێ، بێ سڵەمینەوە خۆمان کرد بە ناو شاردا و یەکسەر بۆ ماڵی خۆمان، کە هەر لە ماڵی هاوڕێ سەید باقی بووین. کە چووینەوە ماڵێ حەسەنیش لەوێ بوو چاوەڕوانی دەکردین. پاش چا خواردنەوە و پشوودان، دایکی گەلاوێژ وتی:

- زۆر زۆرتان پێچوو. خەجیجە خانی هاوسەری سەید باقی، هەڵی دایەو وتی:

- بە 18 ڕۆژ کوودەتایەکیان کرد و هاتنەوە، بۆچی زۆرە.

هەموو دامانە قاقای پێکەنین وتمان:

- خاتوو خەجیجە تەعلیقی باشمان لێ دەدەی.

لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی نیوەی لیژنەی مەحەلی، کۆبوونەوەی قەزامان کرد و چووین بۆ ئیشرافی لیژنەکانی خوار لیژنەی قەزا، هەندێ شتی تازەمان پێ بوو، بۆ ئەو کۆبوونەوانە باش بوون.

## دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس

لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمە فاشیە درندە خوێناوییەکەی بەعس، نەک هەر گڕی تیرهاب و دیکتاتۆرییەت و داپڵۆسین دامرکایەوە و بەس، بەڵکو ئارامی کەوتە ناو وڵاتەوە و وردە وردە نیمچە سەربەستییەک هاتەگۆڕێ، حیزبیش فرسەتی لەم هەلە وەرگرت و کەوتە سارێژکردنی برینەکانی. برادەرانی مەلمس لە ناوچەی چوارتاوە گەڕانەوە بۆ ناو شاری سلێمانی. بەرە بەرە کادرەکان گەڕانەوە بۆ شار و شارۆچکە بۆ سەر کاروباری خۆیان، هاوڕێ و کادرە ڕاکردووەکان بۆ شارەکانی تر و ئەملاو ئەولا، گەڕانەوە بۆ جێگاکانی خۆیان. دەست کرا بە پێکهێنانەوەی شانە و لیژنەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە ڕووی ڕێکوپێکییەوە. زۆربەی گیراوەکان ئازادکران و گەڕانەوە بۆ ڕیزی تێکۆشان.

لە هەڵەبجەش، هاوڕێیان نووری و حەسەن، گەڕانەوە بۆ سلێمانی، گیراوەکانمان ئازاد کران و چوونەوە جێگای حیزبی خۆیان، لە هەموو ناوچەکەدا لیژنەو شانەکان پێک هاتنەوە و لیژنەکان فراوانتر کرانەوە و کەسایەتی ئازا و لێهاتوو و گەنج و خوێندەوار پێشخران بۆ لیژنەکان. زۆر لەوانەی ڕیزی حیزبیان بەجێهێشتبوو گەڕانەوە بۆ حیزب، وڕەی هاوڕێیان و جەماوەری سەر بە حیزب بەرز بووەوە، هەروەها زەبروزەنگی پێشمەرگەشمان لەسەر کەم بووەوە و لە هەندێ جێگادا نەما، ئەوەی مایەی شانازییە، بەهۆی ئازایەتی و دڵسۆزیی شیوعیەکان و یارمەتی و پشتگیریی لایەنگرەکانی حیزبەوە، لەو هەموو ڕاونان و زەبروزەنگ و قوربانی دانەدا حیزبمان ڕۆژێکیش لە تێکۆشانی خۆی نەکەوت و ئاڵای نە نەواند.

کە ڕێکخراوەکانی حیزب فراوان بوونەوە و کەوتنە جموجۆڵ، لە دێهاتەکاندا، وردە وردە پاڵەپەستۆ خرایە سەر برادەران لە لایەن پێشمەرگەوە. بەڵام زۆر کەمتر لە جاران. ساڵی 1965 بوو. کاک( عەبدولی سۆران) هات بۆ ناوچەی هەڵەبجە، بوو بە لێپرسراو. ئێمە ئەمەمان زۆر پێ خۆش بوو، چونکە لە پەنجاکانەوە پارتی

بوو، زۆربەی برادەرەکانی ئەوسای شیوعی بوون. هەمیشە لە یادەکانی حیزبدا و لە تێکۆشانە جەماوەریەکاندا بەشداری دەکرد و، گیرفانێکی بەیاناتی حیزبی شیوعی تیا بوو، گیرفانەکەی تری بەیاناتی پارتی. زۆرجار لەناو خۆپیشاندانەکان و لە زیندانەکاندا یەکترمان دەبینی و برادەرێان خۆش بوو. هەمیشە دژی دژایەتیکردنی شیوعی بوو، بە ڕەزامەندی ملقە نامەیەکم بە ناوی خۆمەوە بۆ نووسی، جەوهەری نامەکە ئەوە بوو کە خۆی ئاسایی هەوڵ بدات پاڵەپەستۆمان لەسەر لابچێ. وەڵامێکی زۆر جوانی داینەوە و بە کردەوەش هەوڵی تەواوی دا بۆ نەمانی خراپەکاری لەسەرمان. لە پاش ئەمەش کە بنکەی چەکداری حیزبمان لە ناوچەی دەربەندیخاندا دامەزرا، بە سەرۆکایەتی هاوڕێ(مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی) باوکی سەرباز، ئیتر بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکەمان گۆڕا، هاوکاری و تەبایی لەگەڵ پێشمەرگەی پارتیدا پەیدا بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر ورە و توانای هاوڕێیان و جەماوەری سەر بە حیزب بەرزبێتەوە.

لە پاشدا ئەو هێزە چەکدارەی ناوچەی وارماوای حیزب ناونرا لقی 10 و هاوڕێ مەلا عەلی کرا بە سەرلقی و لە هەموو ناوچەکانی سلێمانییەوە، پێشمەرگەی بۆ دەنێردرا. لە هەڵەبجەشەوە بەردەوام هاوڕێی ئازا و لێهاتوومان دەنارد بۆ ناو ئەو هێزە چەکدارەی حیزب.

هەر لەو کاتانەدا بوو کە شەڕی براکوژی نێوان پارتی و بەرزانی لەگەڵ مام جەلال و هێزەکەیدا ڕوویدا و کەوتنە کوشتن لە یەکتری، ئیتر ئەوان بوون بە دوو هێزی دژ بە یەک و لە یەکدابڕان. ناوچە دێهاتەکان هەموو کەوتە ژێر دەسەڵاتی پارتی و بارزانییەوە و پەیوەندی لەگەڵ حیزبماندا باشتر کرد و لە زۆر ناوچەی تری کوردستاندا بنکەی چەکداری حیزب دامەزرا و، حیزبمان بووە هێزێکی سیاسی و چەکداریی قوربانیدەر و بەتوانای حاشاهەڵنەگر. شان بە شانی هێزەکانی پارتی ڕۆڵێکی دیاریکراوی دەبینی، بە تایبەتی پاش سەرکەوتنە گەورە بەناوبانگەکەی

(هەندرێن) ساڵی 1966 کە حیزب قارەمانانە سەرکەوت بەسەر هێزە سوپاییە گەورەکەی ڕژێمدا.

## هەندێ ڕووداو و بەسەرهاتی پڕ سەیر و سەمەرە..! بۆ زاخاوی مێشك

*..*..*

## گەمەی بێچوە پشیلە

لە کۆتایی ساڵی 1962دا، لەبەر پاراستن، ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکی (کانی ئاشقان)، بۆ ماڵێکی سەربەخۆ. جا هەرچەندە ماڵی عەلی حەمەئەمین حاجی قادر دراوسێمان بوون و یارمەتییان دەداین و ئاگاداریان دەکردین و دراوسێکانی تریشمان باش و سەربەخۆمان بوون، لە ڕووی پاراستنەوە نەدەکرا لە ماڵێکی سەربەخۆدا بووینایە، بە تایبەتییش کە خۆمان خەڵکی هەڵەبجە نەبووین. لەبەر ئەمە هەر بۆ ئەوە ئێمە نەبینە خاوەن ماڵ و لە کاتی پشکنین و ڕوودا و شتی وادا (کە ئەو دەم ئەم شتانە زۆر ڕوویان دەدا) ماڵی هاوڕێ سەید عەلی کە لە (عەبابەیلێ)وە هاتنە ناو شاری هەڵەبجەوە، هاتنە ئەو ماڵەوە و بوون بە خاوەن ماڵ، ئەو دەمە، عەبدولکەریمی کوڕیان لەناو بێشکەدا بوو، تەمەنی چەند مانگێک بوو، بە ڕاستی ماڵێکی زۆر باش و ئازا و خزمەتگوزار و کەم وێنە بوون.

کات زستان بوو، زستانێکی سارد، لەبەر ئەمە لە دیووی دەرەوەی ژوورەکانماندا پەردەمان دابوو بە دەرگاکاندا. ژووری ئێمە و ماڵی هاوڕێ سەید لەسەر یەک هەیوان و بەرەوڕووی یەک بوون، شەوێک لە شیرین خەودا بووین، من و دایکی گەلاوێژ، لە دەنگی لێدانی دەرگای ژوورەکەمان ڕاپەڕین، پەیتا پەیتا لێدەدرا. وتم:

– سەید، سەید تۆی؟ .

هیچ دەنگ نەبوو، دووبارە و سێبارە لە دەرگا درایەوە، بە دەنگی بەرز وتم:

– کێیە ئەوە، قسە بکە؟ .

هیچ دەنگ نەبوو، ئینجا بە توندی دەمانچەکەم خستە سەرپێ و وتم:

- قسە بکە، کوژراوی.

هیچ دەنگ نەبوو، دەیان شتی خراپ هات بە مێشکماندا، پاش ماوەیەک کە دەرگا لێدان نەما، بە وریاییەوە چوومە هەیوانەکە و گڵۆپەکەم هەڵکرد. لە بێچووە پشیلەیەک زیاتر هیچمان نەدیت. ئینجا هاورێ سەیدم هەڵساند و ڕووداوەکەم بۆ باس کرد، بە حەوشە و ژوور و حەمامەکەدا گەڕاین هیچ نەبوو.. سەید وتی:

- دوور نیە پشیلەکە بووبێ.

چووینە ژوورەوە و لێی پاڵ کەوتینەوە، پاش ماوەیەک گرتم لێتبوو لە دەرگای ماڵی سەید درا، هەردوو لامان هاتینە دەرێ، کە ڕوانیمان بێچووە پشیلەکە بە نینۆکە تیژەکانی یاری بە پەردەی دەرگاکە دەکات. هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و چووینە ژووری خۆمان، بە چا خواردنەوە و مێوژ و گوێز خواردن و قسەی خۆش و پێکەنین ڕۆژمان کردەوە.

*..*..*

## پاسەوانێ نەناسراو

لە ناوەڕاستی ساڵی 1963 دا شەوێک لە ماڵی خۆمان، ماڵمان لە خانووی هاورێ سەید باقیدا بوو، (ملقە) کۆبووینەوە، ماڵەکە دیوارێکی حەوشەکەی بە قامیش گیرابوو، دایکی گەلاوێژ بێ ئەوەی بە ئێمە بڵێت چوو لەم دیوی قامیشەکانەوە راوەستا، بۆ چاودێری کۆڵان و جادە کە و بۆ پارێزگاری ئێمە، هاورێ مەلا ئەندامی ملقە، چووە بۆ ئاودەست. شەوێکی تاریک بوو. گوتی لە خشەخشی قامیشەکان دەبێ، کە ورد دەبێتەوە تارماییەک دەبینێ، بە دزە دەچێتە پشتییەوە و دەمانچەکەی ئەخاتە پەناگوێی و دەڵێت: زەلام کێیت؟ ئەویش دەڵێت مەلا منم. کە دەیناسێتەوە دەڵێت بەخوا باش بوو نەمکوشتیت. کە مەلا هاتەوە لامان ڕەنگی تێک چووبوو، پرسیاری هۆی ڕەنگ تێکچوونەکەیان کرد، بەسەرهاتەکەی بۆ

گێڕاینەوە. دایکی گەلەمان بانگ کرد و پێمان وت : بێ ئاگاداری ئێمە بۆ شتی وا دەکەیت. بە پێکەنینەوە وتی: دەیەها جار شتی وام کردووە و هیچ نەبووە، من بۆ سەلامەتی ئێوە ئەمەم کرد.

*..*..*

## هاتبوون لە سەلامەتیمان دڵنیابن

ساڵی 1964 ماڵمان لە خانووی هاوڕێ(مەحموود شەفە هەلاج) دا بوو، ئەو ماڵە زۆر گەورە بوو، ماڵی هەر سێ براکە و دایکیان لەو خانووەدا بوون. چوار دەرگای تێدا بوو، لەسەر دوو کۆڵانی ئەمدیو ئەودیو. شەوێک پێشمەرگە هاتنە ناو شارەوە و لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا پێکدادان دروست بوو، لە ڕەبیەکانەوە چەند هاوەنێکیان نا بەناو شارەوە، بە ڕێکەوت هاوەنێک بەر یەکێ لە دەرگاکان کەوت، کە نزیکی ژوورەکەی ئێمە بوو، دەرگاکەی کرون کرون کردین. بۆ سبەینێ، من هیچ گوێم نەدایە ئەو ڕووداوەی شەو، بۆ ئەوەی وریا بم و هیچ نەبێ لەماڵەوە نەبم. پاش نانخواردنی بەیانی، درەنگێ دایکی گەلاوێژ چوو بۆ بازاڕ بۆ شتکڕین. گەلاوێژی کچم کە دوو ساڵێک دەبوو، لای من مایەوە، منیش ڕاپۆرتی ناحیەکانم بە دەوری خۆمدا بڵاوکردبووەوە، بۆ ئەوەی وێکیان خەم و بیکەم بە ڕاپۆرتی لیژنەی قەزا. ڕادیۆکەشم بە هێواشی کردبووەوە و جگەرەشم داگیرساندبوو، لە پڕ گوێم لە دەنگەدەنگ بوو بە زمانی عەرەبی، کە لە درزی دەرگای ڕاڕەوەکەوە تەماشام کرد، کۆمەڵێ سەرباز و ئەفسەرم بینی بە چەکەوە، بە حەوشەکەدا دەهاتن و دەچوون. منیش هەر ئەوەندەم پێکرا ڕاپۆرتەکان کۆ بکەمەوە و بیانخەمە باخەڵمەوە و گەلە بگرمە باوەش و بە پێی پەتی و بە نیوەڕاکردن بە دەرگای ئەودیودا بچم بۆ کۆڵانی ئەودیوو؛ بۆ ماڵی نەنکی شۆڕشی مەلا عەلی کە دوو ماڵ لەولامانەوە بوون. نەفێ خانی نەنکی شۆڕش کە لە دوورەوە دیمی هات بەپیرمەوە، زانی شتێ ڕوویداوە، یەکسەر وتی:

- ئەی دایکی گەلە کوا؟

- چووه بۆ بازاڕ

- چی ڕوویداوه؟. بۆم گێڕایەوە، ڕاپۆرتەکانم دایە دەستی و وتم:

-جارێ خێرا ئەمانە بشارەوە. پاش نیو سەعات وتم :

- گەلە بگرە باوەشتەوە و بچۆ لە دەرگای سەرەوە، تەماشای ناو حەوشەکە بکە و بەڵکو شتێکت بۆ دەرکەوێ.

پاش کەمێ بە پێکەنین هاتەوە و وتی:

- بەهێ خانی خێزانی هاوڕێ مەحموودم بینی وتی ئەو ئەفسەر و سەربازانە بۆ ئەوە هاتبوون بزانن هاوەنەکەی شەو زیانی لێ نەداوین، وە سەریان بە هیچ ژوورێکدا نەکرد و ڕۆیشتن.

هەروەها وتبووی پاش ڕۆشتنی ئەوان یەکسەر چوومە ژوورەی ئەوان(یانی ئێمە) ، کە ئێمەی لێ نەبووبووین و ڕادیۆکە ئیشی کردووە و جگەرەکە داگیرساو بووە، زانیبووی ڕامان کردووە. پاش کەمێ چوومەوە ماڵەوە، بەهێ خان کە خوشکی شەهید ناهیدە نوری قەساب و ئافرەتێکی زۆر ڕێک و پێک و باش بوو، خزمەتی ئێمەو گشت هاوڕێیانی بە دڵسۆزییەوە دەکرد،؛ خێرا هاتە لام و وتی:

- ئەگەر بمزانیایە دەچنە ژوورەکانەوە، نەمدەهێشت و دەمکرد بە هەرا هەتا تۆ پێی بزانیت و لە ماڵ دەرچی.

هەر لەو ماڵەدا لە 1964/5/25دا هیوای کوڕم لەدایک بوو، کە لە ساڵی 1983 دا پێشمەرگە بوو، خۆی نەقڵی بەتالیۆتی حەوتی هاورامانی هەڵەبجە کرد، بە لێپرسراوی سیاسی پەل هەڵبژێردرا و هەر لەسەر خاکی پیرۆزی هەڵەبجەدا لەگەڵ خەبات و عەلی عەرەبدا لە نزیک دێی(قەینەجە)شەهید کران.

*..*..*

## سەردانی من و هاوڕێ حسێن مەرجان بۆ دێی گامێش تەپە

لە هاوینی 1964دا، هەواڵێکمان لە سەید سادقەوە پێ گەیشت، کە گوایە سوپای سەید سادق هێرشیان بردۆتە سەر دێی گامێش تەپە و دێیەکان سوتاندووە و خەڵکێکی زۆریشیان گرتووە و هەندێکیان گرتووە و بریندار کردووە. ئەم هەواڵە زۆر ئازاری داین، جگە لەو خەسارەتانە کە بە بێ تاوان لەو خەڵکە کەوتووە، سکرتێری لیژنەی سەید سادق (حەمەڕەشید حاجی مەحمود) و دوو ئەندامی مەکتەبی لیژنەی ناحیە خەڵکی ئەو دێیە بوون، برادەرانی تریشمان لەو دێیەدا زۆر بوو ، داوام لە ملقع کرد کە من بچم بۆ ئەو ناوە وهاوڕێیانی تر بدۆزمەوە و بزانین چی ڕوویداوە تا حیزب ئاگادار بکەین، ملقع ڕازی بوون و بڕیار درا کە هاوڕێ حسێن مەرجان بێت لە گەڵما ، یەکەم هاوڕێیەکی زۆر ئازا و کۆڵنەدەر بوو ، دووهەمیش شارەزای ئەو ڕێگا و بانە دوورە بوو ، هاوڕێ حسێن لەو سەردەمەدا زۆر جار دەگیرا لە لایەن برادەرانی پارتییەوە و ئازاری زۆریان دەدا و دەیانخستە ناو حەوزی ساردەوە، هەر کۆڵی نەدەدا و زیاتر تێدەکۆشا.

بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بڕۆین لە گەرمەی نیوەڕۆدا، بە پێ کەوتینە ڕێ، بە هەموو لاڕێدا و بە ناو زەلکاو و چەمدا ڕۆیشتین، لەم لای دێی (شیرەمەڕ)ەوە منداڵێکی شوان لەسەر گردێ بەدیار حەیوانەکانیەوە دانیشتبوو، کە ئێمەی بینی هەر لە دوورەوە هاواری کرد و وتی:

- وەرەقەی پارتیتان پێیە؟ هاوڕێ حسێن هاواری کرد:

- بەڵێ، بەڵێ پێمانە. پاش سەعاتێکی تر منداڵێکی تری شوان لەسەر ڕێگاماندا بوو ، وتی:

- وەرەقەی حیزبتان پێیە؟ هاوڕێ حسێن گوێچکەی گرت بایدا و خەریک بوو زللەی لێ بدا، من نەمهێشت و بە شوانەکەم وت:

- ڕۆڵە واز لەم بەزمە بهێنە و خۆت بە تێهەڵدان مەدە. وتی:
- ئاخر بڕیاری حیزبە. هاوڕێ حسێن جنێوێکی پێدا و پاڵێکی پێوەنا. لە تاریک و ڕوونی ئێوارەدا نزیک بووینەوە لە گامێش تەپە، سەیرمان کرد دوو کەڵی تێدایە و مەڕ و مالات و دانە دانە خەڵکمان بەدی کرد. دڵمان خۆش بوو وتمان:
- دیارە درۆیە، یان بەو جۆرە نییە. زۆر بە وریایی و لەسەر خۆ خۆمان بەناو دێدا کرد و چووینە مالی هاوڕێ حەمەڕەشید، خۆی لە ماڵ بوو، پاشان چۆن و چاکی کرد و بە سەرسامییەوە وتی:
- چۆن هاتوون. وتم:
- هەواڵێکی زۆر ناخۆشمان پێگەیشت بۆیە هاتین. وتی:
- ڕاستە سوپا هات و هەر لە دوورەوە تەقەیان کرد، خەڵکەکە هەموو ڕایان کرد تەنیا پیر و نەخۆش مانەوە، ئەوانیش یەک دوو مالیان سووتاند و چەند کەسێکیان گرت و پاش یەک دوو ڕۆژ بەرەڵلایان کردن. ئێستاش هەموو بەیانییەک زوو هەموو خەڵکەکە، بە مەڕ و مالاتەکانمانەوە، دەچین بۆ کەژ و ئێوارەدێینەوە. پێش ئێوە ئێمەش لە کەژ هاتینەوە.. وتمان:
- مادام خۆتان و خەڵکەکەش سەلامەتن .. گرنگ نییە.
هەر ئەو شەوە لەگەڵ مەکتەبی لیژنەی ناحیە و لە پاشدا لەگەڵ هەموو هاوڕێ و دۆستەکاندا کۆبوونەوەمان کرد و ئەوەی پێویست بوو کردمان و جێبەجێ کرا. ویستمان سەری دێیەکانی تر بدەین، هاوڕێ حەمەڕەشید وتی:
- هەموو دێهاتەکانی دەورو بەری سەید سادق وەک ئێمە لە مەترسیدان و بە ڕۆژ کەس لەناو دێ نامێنێتەوە، بەیانی زوو هەموو دێیەکەمان چۆڵ کرد، ئەوان بەرەو کەژ و ئێمەش بەرەو هەڵەبجە کەوتینەڕێ.
لەم سەرەوە دڵمان خۆش بوو، بە قسەی خۆش و پێکەنین گەڕاینەوە، هاوڕێ حسێن یەکسەر باسی ئەوەی کرد کە ژنی نەهێناوە و چاوەڕوانی حیزبە بۆی بهێنێ.

منیش وتم:

- یەکەم حیزب ژن بۆ کەس ناهێنێ و دووهەمیش کەی ئێستا کاتی ژن هێنانە.

تورە بوو وتی:

- ئەی تۆ و هاورێیانی تر بۆ ژنتان هەیە. بە پێکەنینەوە وتم:

- ئێمە زووتر ئەماندەزانی وامان بەسەردێ.. خۆمان و ژنە بەستەزمانەکانمان تووش کرد و ئەوانیشمان گیرۆدە کردووە. ئەویش دەیووت:

- خۆ من لە ئێوە زیاتر نیم.. تا گەیشتینەوە هەڵەبجە هەر گفتوگۆمان دەکرد و گلەیی لە حیزب دەکرد. تا ئێستاش کە 32 ساڵ تێپەڕیوە هێشتا ژنی نەهێناوە و هەر بە تەمای حیزبە.

*..*..*

## کۆبوونەوەی لیژنەی تەوێڵە

ساڵی 1965، کە برادەرانی پارتی و پێشمەرگە، لە تەوێڵە و ناوچەکەدا دەستەڵاتدار بوون ڕێکخراوی حیزبمان لە تەوێڵە و هەموو ناوچەکەدا بە نهێنی کاریان دەکرد، ئا لەو کاتەدا، ڕێکخراوی تەوێڵە زۆر بەهێز و فراوان بوو، لیژنەکەیان لە ئاستی ناحیەدا بوو، سکرتێری لیژنەکەیان ئەندامی لیژنەی قەزا بوو، چوار لیژنەی گەرگیان لەدواوە بوو. هەر لیژنەیەکیش زیاد لە 6-7 شانەی ئەندامی و پاڵێوراوی پێوە بەسترابوو. جگە لە ژمارەیەکی زۆریش لە دۆستەکانی حیزب، پەیوەندیشیان بەهەندێ دێهاتی دەوروبەری خۆشیانەوە هەبوو، کە شانە و هاورێ و دۆستێکی زۆریان هەبوو.

ئەندامانی لیژنەکە، هەموو لە کەسانی شارەزا و ئازا و بەجەرگ بوون، گیانی لێبووردن و قوربانیدانیان زۆر هەبوو، بەڵام لەسەر هەندێ شتی بچووک، لەناو خۆیاندا هەمیشە گیروگرفتیان هەبوو، نامەیەکیان نارد بۆ ملقە، دەربارەی ناڕێکی و گیروگرفتەکان. لە ملقە بڕیاردرا کە من بچم بۆ سەردانیان. هاورێ عارف وتی

منیش دێم چونکە دەبێ بە پێ و بە ڕێگای قاچاخدا بڕۆی من شارەزای ڕێگەکەم و دەمێکە هەر لە ماڵەوەم پێویستیم بە گەڕانە.
هەردوکمان شەو چووینە دێی(عەنەب)بۆ ماڵی هاوڕێ(عوسمانی سۆفی عەلی) ئەو شەوە لەوێ بووین و ڕۆژی دوایی زوو کەوتینە ڕێ.
ڕێگای قاچاخ زۆر دوور و سەخت و بەردەلانی و هەوراز بوو، ڕێگای تایبەتی قاچاخچیەکانی ئێران و عێراق بوو، بە هیچ دێیەکدا نەدەڕۆیشت. لە ئێوارەدا گەیشتینە تەوێڵە، کاتی نانخواردنی ئێوارە بوو، خۆمان کرد بە ماڵی عەلی قادر ئاغادا کە ئەودەم سکرتێری لیژنەی تەوێڵە بوو، لەپاش نانخواردن و پشوودان. لیژنەی کۆکردەوە و کۆبوونەوە دەستی پێکرد. لەبەر ئەوەی من دیالێکتی هەورامیم نەدەزانی بڕیار درا بە سۆرانی قسە بکەن، بەلام کە موناقەشە گەرم دەبوو، بێ ئەوەی پێی بزانن دەیانکردەوە بە هەورامی، چەند جارێک ڕاماندەوەستاندن، بەلام سوودی نەبوو، ناچار منیش بۆ پێکەنین وتم:
– کێ دەڵێ ئێوە بە هەورامی جنێو بە ئێمە نادەن. هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین و ئیتر نەگەڕانەوە سەر هەورامی.
لە نیوەشەودا گەیشتینە ئەنجامێکی باش و گیروگرفتەکان تا ڕادەیەک چارەسەر کرا.، لە کۆتای کۆبوونەوەکەدا کاک عەلی لێی پرسیم:
– ڕات چییە لەسەر لیژنەکان و ئیش و کارەکان و بیروبۆچوونمان؟
بە کورتی وەلامم دایەوە:
– هیچ گیروگرفتێکی سەرەکی و مامناوەندییش لە نێوانتاندا نییە، هەموو دڵسۆز و ئیشکەر و تێکۆشەرن. بەلام ئەو نەخۆشییەی کە سەدان ساڵە تووشی گەلی کورد بووە و ئێمەش کە کوردین، ئێمەشی گرتۆتەوە، ئەوەیە کە بە سەرکردایەتی خۆمان و لەناوخۆمان ڕازی نین، پێمان خۆشە بەڕێوە ببرێین نەک خۆمان بەڕێوە ببەین. بۆ نموونە: ئەگەر هاوڕێیەکی هەڵەبجەیی یان جێگایەکی تر سکرتێرتان بووایە بەشی

هەرە زۆری ئەم بەناو گیروگرفتانە ڕوویان نەدەدا.
لە کۆتاییدا هەموو پەیمانیان دا بۆ بەرژەوەندی حیزب و گەل تێبکۆشن و کاروبارەکانیان ڕاپەڕێنن. بۆ سبەینێ سەرلەبەیانی و دوای نیوەڕۆ لەگەڵ دوو لیژنەی گەڕەکدا کۆبووینەوە و لە شەویشدا لەگەڵ شانەیەکی ئەندام و ڕۆژێ دواتریش پێش ئەوەی زەردە لە کەل دەرکەوێ تەوێڵەمان بەجێهێشت.
لە چایخانەی سەر ڕێگای دێی(سوسەکان) نزیک بووینەوە، بۆنی سی و جگەر ئەو ناوەی پڕ کردبووەوە. وتم:
- هاورێ عارف ڕێگامان دوورەو سەختە، با تێر سیی و جگەر بخۆی ئینجا بڕۆین.
- بڕوا بکە من لە تۆ زیاتر حەزی لێ ئەکەم، تۆ قسەت نەکردبایە من دەمکرد، بەڵام ئەی ئەگەر پێشمەرگە یان کادری پارتی هاتن و ئێمەیان بینی؟
- زۆر زۆر دەمانگرن و دەمانبەن بۆ لای(عەبدولی سۆران) کە زۆر دەمێکە بەتەمام ببینم.
- هەر زانیم وا دەڵێیت، با بڕۆین بۆ جگەر خواردن.
هەر یەکەی بەشی دوو کەس جگەرمان بە پیازە سوورە خۆشەکەی هەورامانەوە خوارد و بە سەلامەتی کەوتینە ڕێ بۆ هەڵەبجە، ئەمسەر خۆش بوو، هەم تێر بووین وهەمیش ڕێگاکە لێژ بوو.

*..*..*

## سەردانی من و شەهید سەید تۆفیق بۆ ناوچەی سەید سادق

دوای سەفەرەکەی من و هاورێ عارف بۆ تەوێڵە، لەگەڵ شەهید سەی تۆفیق دا چووین بۆ ناوچەی سەید سادق، لە پێشا چووینە دێی دووگردان بۆ ماڵی هاورێ(حەمەی وەنەوش) ئەندامی لیژنەی ناحیەی سەید سادق، هاورێ(حەمەڕەشید) ، سکرتێری لیژنەی ناحیە و هەموو ئەندامانی لیژنەی ناحیەش هاتن بۆ ئەو دێیە، لەوێ کۆبوونەوەی لیژنەمان کرد. بۆ سبەینێکەی

برادەرانی لیژنە ڕۆیشتن و ئێمە ماینەوە، لە شەودا لەگەڵ هەموو هاوڕێیان و دۆستانی ئەو دێیەدا کۆبووینەوە، لەپاش ئەوێ چووین بۆ دێی تەپەڕەش بۆ ماڵی هاوڕێ عەلی ڕەش، ئەو هاوڕێیە جگە لەوەی شیوعییەکی ئازا و کۆڵنەدەر بوو، تا بڵێی لای خەڵکی ناوچەکە خۆشەویست بوو، هەروەها نوکتەچی و قسەزان و خۆش بوو، لە شەودا کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بە هاوڕێیانی ئەو دێیە و هەندێ دێی نزیکیان کرد، کە لێبووینەوە و هاوڕێیان ڕۆیشتن، عەلی ڕەش و چەند هاوڕێیەک بە قسەی خۆش و گێڕانەوەی بەسەرهاتی پڕ سەیر و سەمەرە تا بەرەبەیان نەیانهێشت بنوین، یەکێک لەو شتانەی عەلی ڕەش گێڕایەوە ئەمە بوو، وتی:

( لە هەڵەبجە نامەیەکی خێرام بۆ هات کە بیگەیەنمە هاوڕێ مەلا عارف لە دێی کانی مانگا. منیش کەسی وام دەست نەکەوت پێیدا نامەکە بنێرم، تەنیا خزمێکی خۆم هەبوو، بەڵام زۆر گێل و ساوێلکە بوو، نامەکەم دایە دەستی و ڕۆیشت. لە ڕێگا ، نزیک ئەو دێیە، کۆمەڵێ پێشمەرگە ناو ماشینەکە دەپشکنن، لەویش دەپرسن :

– بۆ کوێ دەچی؟ ئەویش دەشڵەژێ و دەڵێت:

– دەچم بۆ لای کانی مارف بۆ لای مەلا مانگا. هەرچی لەناو ماشێنەکەدا دەبێ و پێشمەرگەکانیش دەیدەنە قاقای پێکەنین، بەوەی باش دەبێ سەرکردەکەیان مرۆڤێکی باش دەبێ، دەشزانێ بۆ ئیشی حیزبی دەچێ بۆ لای، چونکە هاوڕێ مەلا عارف کەسێکی ناسراوی شیوعی بوو لە ناوچەکەدا. بە پێکەنینەوە دەڵێ فەرموو بچۆ بۆ لای مەلا مانگای هاوڕێت.)

بە کورتی ئەو شەوە هیچ کامێکمان لەبەر پێکەنین و قسەی خۆش خەومان لێ نەکەوت. بۆ سبەینێ چووینە دێی گامێش تەپە بۆ ماڵی هاوڕێ ئەولقادر کە ئەندامی مەکتەبی لیژنەی ناحیە بوو، هاوڕێ ئەولقادریش لە وێنەی عەلی ڕەش بوو، هەروەها دوو ژنیشی هەبوو، ژنەکانیشی وەکو خۆی قسە ئەستەق بوون.

لە سەعات 11 ی پێش نیوەڕۆدا، لە پڕ کۆمەڵێک پیاو و ژن و منداڵ هاتن بۆ ماڵیان. یەکێک لە ژنەکانی خێرا هات بۆ لامان و وتی:

– ئەم گەماڵ باوکانە خراپن و نیوەڕۆ لێرە نان سنگدان دەکەن. نابێ ئێوە ببینن، لە دیوی دەرەوە دەرگاکەی لەسەر قفڵدابن. بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان نەکەن بەو ژوورەدا.

لەگەڵ سەید پێکەوە دانیشتین و بە هێواشی و چرپە قسەمان دەکرد، پاش دوو سەعات شەهید سەید تۆفیق، زۆر تەنگەتاو بوو، میز زۆری بۆ هێنابوو، لە تاوا چاری نەما، مەسینەیەکی دەست شوشتنی لێ بوو، تاوەکەی ڕشت و پڕی کرد لە میز.

نزیک سەعات چوار میوانەکان ڕۆیشتن، ژنەکە بە پەلە و دۆعاکردن لە میوانەکان دەرگای کردەوە و هات وتی:

– بمرم، بەخوا لە برسا مردن.

پەلاماری مەسینەکەیدا و و تی:

– سەید وەرە دەستت بشۆ با زوو نانتان بی بهێنم.

ئێمە لەبەر پەلە پەلی ئەو ئافرەتە میزەکەمان لەبیر نەمابوو.کە نەختێکی بە دەستی سەیددا کرد بۆنی هات ئینجا هاتەوە بیری، ئەویش خێرا مەسینەکەی لە دەستی سەند و وتی:

– تۆ زوو برۆ نانەکەمان بۆ بهێنە ئێمە بە دەستی یەکتریدا دەکەین.

سەید خێرا مەسینەکەی بردە دەرێ و پاک شوشتی و دەستی شت و هاتەوە، لەبەر پێکەنین هۆشمان نەمابوو، هەر بەدەم پێکەنینەوە نانەکەمان خوارد. کە نزیک ئێواری هاوڕێ هاتەوە، ڕووداوەکەمان بۆ گێڕایەوە، دایە قاقای پێکەنین. ئینجا خۆی تووڕە کرد و هەردوو ژنەکەی بانگ کرد و ڕووداوەکەی گێڕایەوە و وتی:

– لەسەر سەید هەردووکتان تەڵاق دەدەم.

ژنە بەستەزمانەکان لە پێشدا بڕوایان کرد دەستیان کرد بە بەرگری کردن لە خۆیان و

داوای لێبووردن کردن.. لە پاشدا بوو بە بەزم و پێکەنین و تا چەند ساڵێکیش کە بچوینایەتە ئەو دێیە ئەو ڕووداوەیان تازە دەکردەوە.

*.. *..

## دەبابەیەک لە نزیکمانەوە ڕاوەستا

ناوەڕاستی ساڵی 1965 بوو، ماڵمان لە گەڕەکی(کانی قولگە)دا بوو لە ماڵی هاوڕێ(وەستا مەخسودی دارتاش)کاتی نیوەڕۆ بوو، خەریک بوو نان بخۆین، لە پڕ هاوڕێ حەمە کولەباڵ خۆی کرد بە ژووردا و وتی:

- سوپا گەیشتنە ناو شار.

خێرا هەڵسام و چووینە ماڵی شەهید سەید تۆفیق کە زۆر نزیک بوو لێمانەوە، کولەباڵ گەڕایەوە بۆ بازاڕ و من و سەید بەرەو عەبابەیلێ کەوتینەڕێ. هەر لە ماڵەکان دەرچووین و کەوتینە دەشتاییەکە، دەبابەیەک هات و لە نزیکمانەوە ڕاوەستا، لەو کاتەدا سێ کەسی تری خەڵکی عەبابەیلێ لەناو بازاڕاوە بە پەلە هاتبوون گەیشتنە لامان، ئێمە هەر بەردەوام دەڕۆیشتین و بە تەما بووین تەقەمان لێ بکەن یان بانگمان بکەن، بەو سێ کەسەمان وت خێرا مەڕۆن و ئاوڕ مەدەنەوە و مەشڵەژێن، ئێمەش سەرو جگەرەمان دەرهێنا و دامانگیرساند، دڵیشمان تەپە تەپ لێی دەدا. هیچ نەبوو، کە گەیشتینە ئەو جێگایەی کە دەبوو شۆڕ بینەوە بۆ چەمەکەی بەردەم دێی عەبابەیلێ بە خێرایی شۆڕ بووینەوە، کە لە چاویان وون بووین دەستمان کرد بە ڕاکردن، تا ئەو بەری چەمەکە ڕانەوەستاین، ئەوان یەکسەر چوونەوە بۆ ناو دێ و ئێمەش لە کن دارتووییەکدا دانیشتین. پێش ئێوارە لەوێوە بە قەراخ شاردا چووین بۆ دێی باوەکۆچەک، بۆ ئەوەی زوو هەواڵی هاتنەکەی سوپا و ڕووداوی ناو شار بزانین، چونکە دەمانزانی کولەباڵ و برادەرانی تر ئەوەی ترانیبێتی دەربچێ دەچنە باوەکۆچەک. چوینە ماڵی هاوڕێ ڕەشەی فاتە، چەند هاوڕێیەکی تری ناو شاریشی لێ بوو کە بەسەرهاتی خۆمان و دەبابەکەمان گێڕایەوە،

برادەرانی ناو شار دەستیان کرد بە پێکەنین و وتیان:
- ئەوە ئێوە بوون. ئێمەش سەرمان سوورِ ما و وتمان:
- ئێوە چوزانن؟
- بە ڕادیۆ جیهازی ئەفسەرەکانمان وەرگرت، ئەفسەری ناو ئەو دەبابەیە، بە سەرۆکەکەی خۆی وت کە 4 - 5 پیاوی دێهاتی لەناو شارەوە بەرەو عەبابەیلێ دەڕۆن و لێمان نزیکن، چییان لێ بکەین. سەرۆکەکە وتی: ئەگەر چەکیان پێ نییە وازیان لێ بێنن.
هاوڕێ ڕەشەی فاتە کە ڕووداوەکەی زانی هەڵسا مستێ چکلێتی هێنا و دابەشی کرد بەسەر هەمواندا وتی:
- ئەمە شیرینی ڕزگار بوونی ئەم دوو هاوڕێیەیە.
شایانی باسە، لەو هێرشانەی سوپای سەید سادق بۆ سەر هەڵەبجە، ئەگەر سەرکردەی هێزەکە پیاوخراپ بوایە زیانێکی زۆری بە خەڵک دەگەیاند. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر باش بوایە، نەک هەر زیانیان نەدەبوو، بەڵکو هەندێ جاریش چاویان دەپۆشی و نیشی چاکیان دەکرد.

*..*..*

## گرتنی هاوڕێ عارف لە ماڵی خۆیاندا

هەر لەو ماوەیەدا، هاوڕێ عارف لە دێی باوەکۆچەکەوە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام پەلەی کردبوو، لە جیاتی ئەوەی لە تاریک و ڕووندا بگەڕێتەوە، هێشتا زۆر زووتر بوو کەوتبووە ڕێ. وا دیار بوو جاشەکان بە دووربین دیتبوویان و تا ماڵی خۆیان چاودێرییان لەسەر دانابوو. کە چووبووە ماڵەوە کە ئەوسا لە ماڵی عەلی برایدا بوون لە (کانی ئاشقان)، پاش ماوەیەکی کەم کۆمەڵێک جاش بە سەرۆکایەتی شێخ حوسێن چووبوونە ماڵەوە و داوای کاک عارفیان کردبوو. شەهید ناهیدەی هاوسەری لێیان توورە بوو بوو و وتبووی کە ئەو لەو شارە نیە. شێخیش

سوێندی بە شەرەفی خواردبوو کە بە چاوی خۆی لە دێی باوەکۆچەکەوە هەتا ناو ماڵەکە دیتویەتی. ئەویش دەڵێ ماڵەکە بگەڕێن. ژوورەکانی ئەوان و ماڵی کاک عەلی برایشی دەگەڕێن نایدۆزنەوە. شێخ تووڕە دەبێ و دەڵێ:

- تەلاقم کەوتبێ لەم ماڵەدایە. ئەگەر خۆی دەرنەخا ماڵەکە دەسووتێنم. پەلاماری تەنەکەیە نەوت دەدا و دەیکا بە هەرا. هاوڕێ کە گوێی لەم قسانە دەبێ، لە ژێرزەمینە نهێنییەکەی دێتە دەرێ، شێخ پێدەکەنێ و دەڵێ:

- ناهی خان نەمووت لێرەیە. بە هەزار حاڵ و بە 70 دینار شێخ ڕازی دەکەن وازی لێ بێنێ و نەیبا بۆ سەرا. پێش ڕۆیشتنی شێخ بە هاوڕێ عارف دەڵێ :

- توخوا بەم قەڵەوییە لە کام کووندا بوویت. ئەویش دەڵێ:

- کەمت وەرنەگرتووە بەرۆکم بەردە.

*..*..*

## چووینە ماڵی جاشێکەوە!

هەر ساڵی 1965 ڕۆژێک لە ماڵی هاوڕێ عارف بووم، لە کانی ئاشقان، لە سەعات 2ی پاش نیوەڕۆدا هاوڕێ حەمە کوڵەباڵ کە دانرابوو لەناو شار هەر شتێ ڕوو بدا و سوپای سەید سادق بەرەو هەڵەبجە بێت ئاگادارمان بکاتەوە، چونکە زۆربەی جاشەکان ناسیاو و خزمی بوون، کەس نەیدەگرت و جێگەی بڕوای ئێمەش بوو، هات بۆ لامان و وتی:

- سوپا هات خێرا با دەرچین.

هەرسێکمان بەرەو باوەکۆچەک هەنگاومان نا. کە لە ماڵەکان دەرچووین بینیمان سەربازێکی زۆر بە تانک و شتی واوە سەر ڕێگاکەیان گرتووە. هاوڕێ حەمە وتی:

- گەڕەکی ماڵە جاشەکان نزیکە، چار نییە دەبێ بچین بۆ ئەوێ. پاش گفتوگۆیەکی پەلە بڕیارمان دا بچین. هەر لە دووری ماڵەکانەوە، جاشێک کە کۆنە هاوڕێمان بوو خێرا هات بە پیرمانەوە و بردینییە ماڵی خۆیان و خۆیشی وەک جاشەکانی تر چووە

سەربانی ماڵی خۆیان. تا نزیک ئێوارە ماینەوە، سوپاکە گەڕایەوە و نەهات بۆ ئەو گەڕەکە. لە ئێوارەدا بە دەیان کەسی ناو شار لە پارتی و شیوعی و خەڵکی تر لە ماڵە جاشەکانەوە هاتنە دەرەوە و چوونەوە بۆ ناو بازاڕ. ئەو جاشەی ئێمەی بردە ماڵی خۆیان ڕەخنەی لە حیزب دەگرت کە بۆچی متمانەیان پێ ناکەن و لە ڕۆژی وادا سودیان لێ وەرناگرن، وەکو خەڵکی تر. هەروەها وتی: ئێمە یارمەتی پارتی و پێشمەرگەش دەدەین ئیتر چۆن یارمەتی ئێوە نادەین کە ئێستاش خۆمان بە شیوعی دەزانین؟

*..*..*

## گیراین و ئازاد کراین!

یەک دوو مانگ دوای گرتنەکەی هاوڕێ عارف، شەوێک هاوڕێ عارف هاتە ماڵمان، کە ئەوسا ماڵمان لە ماڵی خوشکی عەلی حاجی ئیسماعیل بوو، بە تەنیشت ماڵی عەلی یەوە بوو. لەو گەڕەکەدا تەنیا دە، پانزە ماڵێک هەبوو، هەموویی دەشتایی بوو، ئەو ماڵانەش هەموویان خزم و ئاسیاوی یەکتر بوون. ماڵەکان زۆریان دیواری حەوشەیان نەبوو، بە گونیە و قامیش گیرابوون. بەیانییەکی زۆر زوو هەڵساین بڕۆین بۆ ماڵی شەهید سەید تۆفیق بۆ کۆبوونەوەی ملقە، هەر پێمان خستە ئەو دیو دەرگای حەوشە، دەنگێکی زل هاتە گوێ:

– نەجوڵێن کوژراون.

کۆمەڵێکی زۆریش کە خۆیان دابوو بە عەرزا هەستان و چوار دەوریان گرتین و لولەی تفەنگەکانیان ئاراستە کردین، یەکسەر (شێخ حوسێن)، سەرکردەی ئەو هێزە هاتە پێشەوە و وتی:

– کاک عارف چی دەکەی لەم ماڵە و ئەوە کێیە لەگەڵت؟

– کاک مەحمودە، خزمانە، لە سلێمانییەوە هاتووەو ئەمڕۆ دەڕواتەوە. لایتەکەی دایە ناو چاوم و قیژاندی و وتی:

– بە شەرەفم ناوی مەحمود نییە، ناسیاوی خۆمە، کە لە سجنی سلێمانی بووم، ئەم و عەلی حاجی عەبدوللا بۆسکێنی و ئەحمەدی مارف و عەلی فەوتا و برادەرانی تر زوو زوو ئەگیران و ئەهاتن بۆ سجن و من دۆستیان بووم و یارمەتیم دەدان.

دەستی خستە سەر شانم و وتی:

– مالیک گیان لە بیرت نییە لە سجن چەندم یارمەتی دان. منیش وتم:

– ئەی ئێستا بۆ دوژمنایەتیمان دەکەیت؟ تورە بوو وتی:

– من چۆن دوژمنایەتی ئێوە دەکەم، سەید کەریمی عازەبان کە کادرێکی بەرزی ئێوەیە خزمە. ژنبراکانی شێخ عەلی برام لە سلێمانی هەموو شیوعین. ئەو جارەش کە 70 دینارەکەم لە کاک عارف وەرگرت پارەم زۆر پێویست بوو، ئێستاش بۆ کوێ دەچن خۆم دەتانبەم و پارێزگاریتان لێ دەکەم. وتم:

– ئێوە برۆن، سوپاستان دەکەین ئێمە خۆمان دەرۆین. رۆیشتن و شێخ لە دوورەوە هاواری کرد:

– کاک عارف ئەمەشم بگەیەنە بە حیزبتان و بە کاکە سەید کەریم.. هاوڕێ عارف وتی:

– خەمت نەبێ چاکە ون نابێت.

لە ڕاستیدا شێخ حوسێن لە بنەماڵەیەکی باش بوو، زۆربەی خزمەکانی و براکەشی لەگەڵ حیزبدا بوون. خۆی لە زەمانی پاشایەتیدا لەسەر شتێ 3 ساڵ بە زیندان حوکم درا بوو، کە برادەران دەگیران ئەو خزمەتی دەکردن و یارمەتی دەدان، یەکێک بوو لەو زیندانیانەی کە سیاسی نەبوون و لایەنگری زیندانە سیاسیەکانی دەکرد، کە بووش بە جاش و سەرۆکی تاقمێ جاشی تایبەتی خۆی، زۆری ئیشەکان و کردەوەکانی چاکە بوو، هەرچەندە بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆیشی هەندێ شتی دەکرد.

*..*..*

## دۆزینەوەی ئەو کەسەی
## کە نهێنی حیزبی ئاشکرا کرد

دۆستێکی حیزبیمان هەبوو، عومەری وێنەگر، ئەم دۆستە زووتر شیوعی بوو، بەڵام بەرگەی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتنی نەگرت و وازی هێنا لە حیزب و هەر بە دۆستی مایەوە. برادەریتی لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیان و زۆر خۆش و بەهێز بوو، تا بڵێی قسەزان و نوکتەچی و قۆشمە بوو. ماوەیەک نهێنی حیزبی زۆر دەزانی و بەو نهێنییانەش هاوڕێیانی تووڕە دەکرد و دەیگووت:

- من لە ئێوە لەپێشترم لە حیزبداو لە ئێوەش زیاتر دەزانم.

زۆر لە هاوڕێیان کەوتنە نامە نووسین و ڕەخنەگرتن لە حیزب، بە ڕاستی سەری لە زۆر هاوڕێ شێواندبوو، وە گیروگرفتی ناخۆشی پەیدا کردبوو. لیژنەی شار و قەزاش بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان دەدا، نەیاندەتوانی ئەو کەسە بدۆزنەوە کە نهێنییەکان دەگەیەنێتە کاک عومەر. وای لێ هاتبوو شک خرابووە سەر زۆر لە هاوڕێیانی شار و قەزاش!

ڕۆژێک ملقە کۆبووینەوە و سکرتێری لیژنەی شاریشمان بانگ کرد، نەخشەیەکمان دانا و هەموو پەسەندیان کرد. نەخشەکەش ئەوە بوو ژمارەی ئەندامانی لیژنەی شار 6 هاوڕێ بوون، شەش نەوع هەواڵ و شتی حیزبیمان نوسی، هی ڕاست و هی درۆ لە شەش پارچە کاغەزدا نووسیمان و بە سکرتێری شارمان وت:

- هەر دانەیەک لەمانە کە هیچیان لە یەک ناچن بە دزی ئەوانی ترەوە بدە بە هاوڕێیەکی لیژنە و پێشی بڵێ کە ئەم هەواڵانە بە دەم بە برادەرانی خوارەوە بڵێ و پێی بڵێ زۆر لە شتەکان بە درێژی باس مەکە بۆ خوارەوە تایبەتمەندە بە خۆت.

هەروەها پێمان وت کە لای خۆی بینوسێ کە کام هەواڵەی داوە بە کام هاوڕێ.

ئەمەش دیارە بۆ ئەوە بوو، کە هەر نەوعێک لە هەواڵەکان گەیشتنە لای کاک عومەر مانای ئەوەیە لەو هاوڕێیەوە پێی دەگات. لە پاش ڕۆژێک یەکێک لە هەواڵەکان گەیشتە لای عومەر و بڵاو بووەوە، ئیتر زانرا کە ئەندامێکی لیژنەی

شار کە خزمی عومەر بوو ، مامۆستا (م) ئەو هەواڵەی وەرگرتبوو ، وە دابووی بە کاک عومەر. مامۆستا م کە زانی حیزب پێی زانیوە، وازی لە حیزب هێنا و خۆیشی نەقڵی سلێمانی کرد. دۆزینەوەی ئەو کەسە سوودی زۆری هەبوو بۆ ڕێکخراوەکان لە زۆر ڕووەوە. سنوورێکی باشی بۆ بەرەڵایی و شتی لەو جۆرە دانا.

*..*..*

## ژنهێنانی هاوڕێ تەهای شێخ عابد هەورامی

هاوڕێ تەها، ئەندامێکی چابووکی لیژنەی قەزا بوو، کرێکارێکی وریا و شیوعییەکی ئازا و دڵسۆز بوو. یەکێک بوو لە هاوڕێ هەورامییە پێشکەوتووەکانی ئەو کاتە. بەهۆی تێکۆشان و کۆڵنەدانەوە چەند جار تووشی گرتن و ئازاردان و دوورخستنەوە و خۆشاردنەوە بوو بوو.

تازە بەر بوو بوو، هاتبووەوە هەڵەبجە. ویستی ژن بهێنێ. ئافرەتێکیان بۆ دۆزییەوە، وابزانم لە خزمەکانی خۆی بوو. داواکردن و شەکراو خواردنەوە و مارە کردنی هەموو تەواو بوو، چەند ڕۆژێکی مابوو کە بیگوێزێتەوە. چەند هاوڕێ و برادەری خۆی پێیان وت:

– تەها گیان، زۆر هات و چۆ مەکە و لەناو بازاڕ خۆت دەرمەخە، با بە بێ گیروگرفت ژنەکەت بگوێزیتەوە، چونکە پیاوەکانی ڕژێم و کۆنەپەرستان زۆریان ڕق لێتە. ئەو دەیوت:

– باشە . بەڵام بە دڵ بڕوای بەم قسانە نەبوو ، هەر لە گەڕان و هاتوچۆی خۆی نەدەکەوت. ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو لە عەسردا ژنەکەی بۆ بگوێزنەوە، لە پاش نیوەڕۆدا پۆلیس گرتیان و بردیان بۆ سەرا. شایی تێکچوو، ژن گوێزانەوە دواخرا. ئەو هاوڕێیە تا دوو ساڵ بەرەڵا نەکرا، بەڵام چونکە ئافرەتەکە زۆر باش و ڕێکوپێک بوو، وە خێزانەکەشیان باش بوون، بەو گرتنە زۆر پەشیمان نەبوونەوە و هەر چاوەڕوانیان کرد تا ئازاد کرا. جا چاوەڕوانکردنی وەها هەر بە دەم ئاسانە بۆ هەر دوو لا. ئەو غەدرەی

لەوان کرا لەو سەردەمەدا لە کەم کەس کرابوو. بەڵام پاش ئازادبوونی لە بەندیخانە، بە کوێرایی چاوی دوژمنان و کۆنەپەرستان شاییەکی خۆشیان کرد و سەرکەوتن.

لەم یەک دوو ساڵەدا. لە هەڵەبجە، گەلێ ڕوودا و و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش و سەیر و سەمەرەمان بەسەرهات. بەڵام تا ئێرە بەسە، هیوادارم بۆ تێکۆشانی داهاتوو، تێکۆشەران دەرس لە هەڵە و ناتەواوی و سوود لە ئیشە باشەکانمان وەربگرن و ئەوەی لێرەدا تۆمارم کردووە جێی ڕەزامەندیتان بێت.

## گەڕانەوەم بە ماڵەوە بۆ سلێمانی و دیسان گەڕانەوەم بۆ هەڵەبجە

لە کۆتایی ساڵی 1965 و سەرەتای 1966دا، شاڵاوی گرتن و ڕاونانی ناو شار و زەبروزەنگی ناو دێهاتەکانمان لەسەر کەم بووەوە، وردە وردە ڕێکخراوەکان و هاوڕێیان و جەماوەری سەر بە حیزبیش حەسانەوە و پشوویان دا. لەو کاتەدا پارتی و پێشمەرگە، بە گەرمی سەرقاڵی شەڕی براکوژی ناوخۆیان بوون، بوونە دوو هێزی جیاوازی دژ بە یەک. بەهۆی ئەو بارودۆخە تازەیە و بەهۆی ئەوەی حیزبمان لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بنکەی چەکداری دامەزراندبوو ، وە بوو بوە هێزێکی سیاسی و چەکداری بە توانا و دلێر لە کوردستاندا. لەم کاتەدا حیزب بڕیاری دا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و هاوڕێیەکی تری لیژنەی مەحەلی نارد بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە. منیش بووم بە ئەندامی ملمس و دوو ڕێکخراوی ناو شاری سلێمانیم پێ سپێردرا،(لیژنەی کرێکاران) و (لیژنەی ئافرەتان). جا بەهۆی ئەوەی ئەندامی ملمس بووم جاروبار سەرم لە هەڵەبجە دەدا و بە هەفتە دەمامەوە.

لە ئەیلولی 1967دا کە جوڵانەوە کەرتکارییەکەی کۆمەڵی عەزیز ئەلحاج ڕوویدا، گەلێ ڕێکخراوی ناو شار و ناوچەی تریان دواکەوت، بەڵام ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە لەگەڵ حیزبدا مانەوە، تەنیا چەند کەسێکیان دواکەوت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران.

## جوڵانەوە کەرتکارییەکەی کۆمەڵەکەی عزیز الحاج

ماوەی ساڵێک بوو ڕێگا بۆ ئەو کەرتکارییە فراوانە خۆش دەکرا، واتە لە ساڵی 1966ەوە ، ئەوانەی لەگەڵ ئەو کەرتکارییە بوون لە بەغدا و سلێمانی و جێگاکانی تردا جموجۆڵیان لە دژی سەرکردەکانی حیزب دەکرد. بە داخەوە نە لە بەغدا و نە لە سلێمانیش حیزب بە جیدی بەرەنگاری ئەو جوڵانەوە ئاشکرایە

ڕانەوستا، چونکە لە ڕاستیدا زۆربەی کادرەکانی حیزب لە حیزبیش نارازی بوون.
کە لە شاری سلێمانیدا کەرتکاری دەستی پێ کرد، زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوی شاری سلێمانی بە سکرتێر و مەکتەبەکەشیانەوە، لەگەڵیان ڕۆیشتن، تەنیا هاوڕێ ئەحمەد حامید کە ئەندامی لیژنەی(تابعە)یەک بوو، لەگەڵ لیژنەکەدا، لەگەڵ حیزبدا مانەوە و چەند هاوڕێیەکی تریشیان لەملا و لەولاوە کۆکردەوە و کەوتنە ڕیسواکردنی کەرتکاران و پارێزگاری کردن لە حیزب. لیژنەی کرێکاران، کە شەهید ئەحمەد مارف سکرتێریان بوو خۆی و یەک دوو هاوڕێی لیژنەکە و چەند برادەرێکی تر لەگەڵ حیزبدا مانەوە، ئیتر هەر هەموویان دوای کەرتکاران کەوتن. لیژنەی ئافرەتان کە هاوڕێ مەلا حەسەن سکرتێریان بوو، جگە لە یەک دوو خوشک کە دوای کەرتکاران کەوتن، ئیتر هەموویان لەگەڵ حیزبدا مانەوە.
لیژنەی(قەزای مەرکەز) کە من سکرتێریان بووم، ژمارەیەکی کەم دوای کەرتکاران کەوتن، ئەوانیش لە ناوچەی قەرەداغ بوون، ئەودواییان لەگەڵ حیزبدا مانەوە.
سکرتێری لیژنەی مەحەلی، نە لەگەڵ کەرتکاران بوو، نە دژیان بوو، لەبەر ئەوە لە لایەن هاوڕێیانی هەرێمی کوردستانەوە بانگ کرا و نەیانهێشت بگەڕێتەوە. جێگرەکەشی هاوڕێ (شێخ حەسەن)کە ئەویش ئەندامی هەرێم بوو، لەگەڵ کەرتکاراندا ڕۆیی، هەروەها سکرتێری لیژنەی شاری سلێمانی کە پاڵێوراوی هەرێم بوو،ئەویش دیسان لەگەڵ کەرتکاراندا بوو.
لە (ملمس) تەنیا هاوڕێ مەلا حەسەن و من ماینەوە، بەڵام ئەندامانی لیژنەی مەحەلی زۆر بوون کە لەگەڵ ئێمەدا لەگەڵ حیزب مانەوە.ئەو سەردەمە، چاپخانەکەی حیزب لای من بوو، خێرا جێگاکەیم گۆڕی، هەروەها خەتی مراسلات و هەندێ شتی گرنگ و نهێنی لای من بوون. پاراستمن و بە ناوی ملمسەوە نامەم بۆ مەکتەبی لیژنەی قەزاکان: هەڵەبجە، قەڵادزە، ڕانیە، چوارتا و پێنجوێن نووسی، لەبارەی کەرتکاران شتم زۆر بۆ ڕوون کردنەوە و داوام لێ کردن ئاگایان لە ڕێکخراوەکان بێت

دوای کەرتکاران نەکەون. چەند هاوڕێیەکی کەم نەبێت، ئیتر هەموو ڕێکخراو و هاوڕێیانی هەموو قەزاکان لەگەڵ حیزبدا مانەوە.

پاش ماوەیەکی کەم بۆ یارمەتی ڕێکخراوەکانی سلێمانی هاوڕێیان لە بەغداوە، دوو هاوڕێ ی ئازا و دڵسۆز و لێهاتوویان ناردە سلێمانی کە ئەندامی لیژنەی مەحەلی بوون، ئەوانیش هاوڕێ (ئیبراهیم سۆفی مەحموود(باوکی تارا) و ، ئەورەحمان زەنگەنە بوون کە بە ڕاستی ئەو دوو هاوڕێیە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی بۆ گەڕانەوەی زۆر لەو هاوڕێیانەی بە هەڵە دوای کەرتکاران کەوتبوون، هەروەها لەو ماوەیەشدا کە هاوڕێ جەلال دەباخ کە ئەندامی مەحەلی بوو تازە لە دەرەوەی وڵات گەڕابووەوە ڕۆڵێکی باشی بینی.

زۆری نەبرد زۆربەی برادەران گەڕانەوە ڕیزی حیزب و لیژنە و شانە تێکچووەکان دامەزرانەوە، ئیش و کار سروشتی بووەوە، هەرچەندە زیانێکی گەورە لە ڕێکخراوەکانمان کەوت و زۆر هاوڕێ و دۆست حیزبیان بەجێهێشت.

پاش چەند مانگێک هاوڕێ(باوکی سەرباز) ئەندامی مەکتەبی هەرێمی کوردستان، هات بۆ ئیشرافی سلێمانی، بڕیاری لیژنەی هەرێمی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە لیژنەی مەحەلی کۆبکەینەوە و لەناو خۆماندا سکرتێر هەڵبژێرین، چونکە سکرتێری پێشوو نەدەگەڕایەوە.

لیژنەی مەحەلی کە 11 هاوڕێ بووین، بە ئیشراف هاوڕێ (باوکی سەرباز) کۆ بووینەوە، من و هاوڕێیەکی تر خۆمان هەڵبژارد بۆ سکرتێریی، لە ئەنجامی دەنگداندا بە زۆربەی دەنگ من دەرچووم و بووم بە سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی.

پاش ماوەیەک، هاوڕێ شێخ حەسەن کەرتکارانی بەجێهێشت و هاتەوە بۆ لیژنەی مەحەلی. وە هاوڕێیان باوکی تارا و ئەورەحمان زەنگەنە گەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان، چونکە بۆ ماوەیەک بە کاتیی بۆ یارمەتی ڕێکخراوەکە هاتبوون.

دوای چەند مانگێک ، هاوڕێ باوکی سەرباز، هات بوو بە سکرتێری لیژنەی مەحەلی و من و هاوڕێ جەلال دەباخ و مەلا حەسەن بووینە ئەندامی ملمس. لە ناوەڕاستی ساڵی 1968دا نێردرامەوە بۆ هەڵەبجەو پاش ساڵێک دیسان گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

## کۆنفرانسی دووەمی حیزب

هەر چەند مانگێک پاش جولانەوە کەرتکارییەکەی کۆمەڵی عەزیز ئەلحاج ، حیزب خێرا هەڵسا بە بەستنی کۆنفرانسی دووەم. لە ڕاستیدا ئەو کۆنفرانسە وەک کۆنگرە ڕۆڵی بینی بە تایبەتی کە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی حیزبدا و هەندێ شتی گرنگی تر، وەک هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازە.

لە سلێمانیش لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب لیژنەی مەحەلی کۆبوونەوەی تایبەتی کرد بۆ هەڵبژاردنی دوو نوێنەر لە ناوخۆیاندا بۆ کۆنفرانسەکە، لە ئەنجامدا بە زۆربەی دەنگ ئەورەحمان زەنگەنە و من هەڵبژێردراین و ڕۆیشتین بۆ دێی (داربەسەر) لە ناوچەی کۆیە، لە مانگێک زیاترمان پێچوو. لە ناوەڕاستی مانگی 1967/11دا ڕۆیشتین تا سەرەتای مانگی 1968/1 گەڕاینەوە.

کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لە 1967/12/27 کوڕێکمان بوو بوو، ناومان نا هاوڕێ، لە پاش دوو مانگ لەسەر داوای ملمس و ڕەزامەندی مەکتەبی هەرێم، دووبارە گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە. بەلام ئەمجارەیان، هەر خۆم ڕۆیشتم، ژن و منداڵەکانم نەبرد.

ئەمجارە بایەخێکی زۆرمان بە دێهاتەکان دا، کۆمەڵێک ڕێکخەری لیژنە و شانە هەبوون کە توانای سەرکردایەتی ئیشەکانیان نەبوو، بەلام خۆیان دانیان بەوەدا نەدەنا و هەر لە جێگای خۆیان چەقیبوون. هەندێ هاوڕێی تریش هەبوون، هەرچەندە ئازا و دڵسۆز بوون، بەلام نەخوێندەوار و کەم شارەزا بوون. هاوڕێیەکمان هەبوو لە

دێی (زەمەتی) ، سێ چوار ساڵێک بوو شیوعی بوو، بەڵام لە دێیەکەی خۆیاندا نەک شیوعی یەک دۆستی حیزبیش نەبوو. هەرچەند داوای لێ دەکرا کە دۆست بۆ حیزب پەیدا بکات، دەیووت لە دێیەکەی ئێمەدا کەسی باشی تێدا نیە، هەمووی خراپن!

بەڵام هاورێیانی ناو شار و قوتابیان، توانییان لەو دێیەدا چوار لاو بکەن بە دۆست لە رێی دوکاندارەکان و قوتابخانەکانەوە. پاش ماوەیەک هەموویان پاڵێوران بۆ حیزب و رەوانەی رێکخراوی ناحیەی مەرکەز کران. برادەرێک لە دێیەکی تر کرا بە رێکخەریان.

شەوێک کۆبوونەوەیان هەبوو، رێکخەری لیژنەی ناحیەش چوو بوو بۆ ئیشرافیان، ئەو برادەرە کۆنەش بانگ کرابوو، کە برادەرەکە ئەو چوار لاوەی دێیەکەی خۆیانی بینی و کە زانی ئێستا لە شانەی حیزبدان ئارەقەی کرد و نەیدەزانی بڵێ چی؟

لە هەموو ناوچەکاندا لەم جۆرە کەسانەمان زۆر هەبوون، کە خۆیان هیچیان لە بارا نەبوو، رێگەشیان بە خەڵکی تر نەدەدا پێشکەون. بوو بوون بە کۆسپ لە رێی پێشخستنی رێکخراوەکاندا.. وردە وردە توانرا ئەو جۆرە کەسانە لە لیژنەکان دوور بخرێنەوە و لاو و خوێندەوار و ئیشکەر پێشبخرێن بۆ لیژنەکانی حیزب. هەروەها نەخۆشییەکی تریش لەناوهاورێ جوتیارەکاندا هەبوو، کە زۆر سەیر بوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەموو هاورێ و دۆستەکانیشمان، بە دەوڵەمەندەکانیشەوە کە دەچووینە ماڵەکانیان باشترین خزمەتیان دەکردین و خەرجێکی زۆریان دەکرد، بەڵام کە داوای 50 فلس ئابوونەمان دەکرد پێیان ناخۆش بوو، دەیان بروبیانوویان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی نەیدەن. هەندێ جار برادەراغان بە گیر دەهانی و دەمانووت:

– نامانەوێ نان و چێشتی باشمان بدەنێ و مریشک و گۆشتمان دەرخوارد بدەن، بەڵام ئابوونەی حیزب بدەن.

ئەوانیش بە ئاشکرا دەیانووت کە لە رووی داب و نەریتی کوردەوارییەوە زۆر عەیبە

ئەگەر وا بکەین، بەڵام حیزب فەقیرە و زوو لێمان خۆش دەبێ. دەستیان دەکرد بە پێکەنین و خۆیان دەرباز دەکرد.
هەروەها بەهۆی ئەوەی زۆربەی جوتیارەکان یەک دیوەخانیان هەبوو بۆ میوان لە کاتی کۆبوونەوەی حیزبیشدا بە بیانووی چالێنان و خزمەتەوە خێزانەکانیان ئامادە دەبوون، زۆر جاریش لە کۆبوونەوەکاندا هەڵیان دەدایە ، هەرچەندەمان دەکرد ئەمەمان بە تەواوەتی بۆ چارەسەر نەدەکرا. تەنانەت ئەو خێزانە شیوعییانەش کە هاتبوونە ناو شارەوە، هەر بەو جۆرە بوون و لایان ئاسایی بوو.
جارێکیان لە ماڵی هاوڕێیەکی پێشکەوتوو و ناسراوی جوتیاردا کۆبوونەوەمان هەبوو، خاوەن ماڵ هەندێ قسەی درۆی کرد، ژنەکەی کە ئاگاداری ئەو شتانە بوو، خێرا هەڵی دایە و مێردەکەی بە درۆ خستەوە، ئەویش زۆر تەریق بووەوە، تەڵاقی خوارد کە جارێکی تر لە کۆبوونەوەدا ئامادە نەبێ.
هەر لەو ساڵەدا ، لەگەڵ بایەخدانمان بە جوتیاران، بایەخێکی تایبەتیشمان دا بە هەورامییەکان. بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناویانەوە و ڕایان بکێشین بۆ ڕیزی تێکۆشان و بۆ ناو حیزب. چونکە لە ڕاستیدا، هەورامییەکان بەشێکی چەوساوە و گرنگی کۆمەڵگای کوردەوارین. ئەو هاوڕێ و دۆستە هەورامییانەی هەمانبوو ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێکۆشانی حیزبدا دەبینی و کەسایەتی ژیر و زانا و نیشکەر و ئازایان تیادا هەڵکەوتبوو. بۆ نموونە، ماوەیەکی زۆر سکرتێری لیژنەی شاری هەڵەبجە هاوڕێیەکی هەورامی بوو، کە زۆر بە باشی ڕۆڵی خۆی دەبینی و سەرەڕای هەڕەشە و تەقەلێکردنی کۆنەپەرستان کۆڵی نەدەدا. نەک هەر ئەمەش بەڵکو هاوسەرەکەشی شیوعییەکی تێکۆشەر و خوێندەوار و کۆڵنەدەر بوو. زۆر هاوڕێی هەورامی ئاوا تێکۆشەرمان هەبوو، نەک لە هەڵەبجە بەڵکو لە سلێمانی و کەرکوک و جێگاکانی تریشدا هەبوون.
هەروەها لە ڕووی چەکداریشەوە گەلێ ڕۆڵەی قارەمانیان تێدا هەڵکەوت و

گەلێکیشیان لێ شەهید کرا. بۆ نمونە (نەسرەدین عابد) لە تەمەنی چواردەساڵییەوە بۆ ماوەی 25 ساڵ چەکی پێشمەرگایەتی و شانازی لە شاندا بوو تا شەهید کرا. بە دەیان ڕۆڵەی تری وەک ئەو ئێستاش چەکی پێشمەرگایەتییان لە شاندایە. من پێم وایە هەردەم بایەخ بەو جەماوەرە دڵسۆزە بدرێ و هەرگیز فەرامۆش نەکرێن.

هەروەها وەک هەمیشە بایەخی تەواومان بە ئافرەتان دەدا، لە شار و لە دێهاتەکاندا. چونکە بڕوای تەواومان هەبووە و هەیە کە هیچ تێکۆشانێک بۆ بەرژەوەندی گەلی چەوساوە بە بێ هاوبەشی تەواوی ئافرەتان بە ئەنجام ناگا. بە پێویستی دەزانم ئا لێرەدا کەمێک لە ڕۆڵی ئافرەتان لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجەدا تۆمار بکەم.

*..*..*

## ڕۆڵی ئافرەتان
## لە تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبدا لە هەڵەبجە

لە پەنجاکانەوە. ڕۆڵی ئافرەتان لە تێکۆشان و قوربانیدانی ڕێکخراوەکاندا ڕوون و ئاشکرایە. لە هەموو تێکۆشانەکانی حیزبدا، هەر لە پەنجە مۆر کردنەوە تا وەفد ناردن و خۆپیشاندانەکانەوە، تا گرتن و ئەشکەنجەدان و شەهیدبوونیش.

ئەم هاوبەشییە فراوانە گرنگە لە کەم ڕێکخراوی تری حیزبدا لە کوردستاندا بەرچاو کەوتووە، بە بۆچوونی من هۆی سەرەکی ئەم هاوبەشییە ئەمانەن:

1- حیزبی شیوعیمان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە هەڵەبجە، بە تایبەتی لە پەنجاکان بە دواوە، دروشم و ئامانجەکانی خۆی بەرامبەر بە چەوساندنەوەی ئافرەتان و دانانی بە مافی ڕەوای ئافرەتاندا کە وەک مرۆڤی نیوەی کۆمەڵ تەماشا بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و .. هتد. بە باشی و فراوانی لەناو جەماوەری چەوساوەدا بە ئافرەتانیشەوە بڵاوکردۆتەوە و بە کردەوەش تێکۆشانی بێ برانەوەی سەختی بۆکردووە.

2- ڕێکخراوەکانی حیزب لە هەڵەبجە توانییان بە باشی و فراوانییەوە بچنە ناو جەماوەری ئافرەتانەوە و وتیان بگەیەنن و ڕاپێچی تێکۆشانیان بکەن و هتد.
3- لە مەیدانی ئەم تێکۆشانەشدا گەلێ ئافرەتی لێهاتووی شیوعی وەکو شەهید ناهیدە نووری قەساب و فاتیمەی مەلا ئەمین و ئامین تەیارەی شیرەمەڕ و دەیانی تری وەک ئەمانەیان تێدا هەڵکەوێت و ڕۆڵی قارەمانێتییان نواندووە لە تێکۆشاندا. دەیانی وەک خوشکە شیرین(لەیلا عەلی) کە نەک هەر لە تێکۆشانی سیاسیدا ڕۆڵی هەبوو، بەڵکە ساڵەهای ساڵیش چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت و لەگەڵ هاوڕێکانیان بە شاخەوە بوون، کە دوو برای پێشمەرگەشی (عومەر و هێرش)، لە پێناوی حیزبدا شەهید کران.
شتێکی تری گرنگ و پیرۆزی ئافرەتانی هەڵەبجە هەیە، کە بە پێویستی دەزانم ئا لێرەدا باسی بکەم ، ئەویش ئەوەیە:
ئافرەتانی هەڵەبجە، هی شار و هی لادێکان بە گشتی حەز دەکەن و کۆششیشی بۆ دەکەن کە مێرد و کوڕ و براکانیان ببن بە شیوعی و لایەنگری حیزبی شیوعی. پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیاندا دەرکەوت کە هۆکانی ئەمانەن:
1- هەر لە کۆنەوە بەهۆی دەرەبەگە گەورەکانەوە، عارەق خواردنەوە و قومارکردن و خراپەکاری لە هەڵەبجەدا زۆر بڵاوبووبووەوە، وای لێ هاتبوو زۆربەی لاوەکان بەو کارە خراپانەوە سەرقاڵ بووبوون.
2- لە پەنجاکاندا، کە ڕێکخراوی حیزب فراوان بوون و پەرەیان سەند، بە ئاشکرا و بە جیدیی کەوتنە ڕیسواکردنی ئەو ڕەفتارانە و دوورخستنەوەی لاوان لەو ئاکارە خراپانە.
3- دیارە هەموو ئافرەتێکی شاریی یان لادێیی ، هەژار یان دەوڵەمەند، حەز ناکات مێرد و کوڕ و براکانیان شەو درەنگ بە سەرخۆشی بێنەوە و ژن و خوشکەکانیان بەرشەق بدەن و بە ڕۆژیش کاروکاسبی نەکەن و هەر خەریکی

خراپەکاری بن. بۆیە حەزیان دەکرد مێرد و کوڕ و براکانیان ببنە شیوعی و لەو ژیانە ناهەموارە ڕزگاریان بێت.
بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە. لەو ماوە دوور و درێژەی لە هەڵەبجە بووم تا چەند ساڵێکی دوای ئەوەش کە هەر ئاگاداری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە بووم. یەک ڕووداوم نەدی و نەبیست کە برادەرێک واز لە حیزب بهێنێ لەبەر پاڵەپەستۆی خێزان و دایک و خوشکی، وەک لە جێگاکانی تری کوردستاندا زۆر شتی وا ڕووی دەدا. بە پێچەوانەشەوە هەمیشە ئەوان هانی مێرد و برا و کوڕەکانیان دەدا بۆ تێکۆشان و خزمەتکردنی حیزب.
شایانی باسە، ساڵی 1974، کە ڕژێمی بەعس، قەزا و ناحیەکانی سلێمانی چۆڵ کرد لە ترسی پێشمەرگە، هێزە چەکدارەکەی حیزب و گشت هاوڕێ و دۆستە ناسراوەکان ناچار بوون هەڵەبجە چۆڵ بکەن. بەڵام بەهۆی خوشکێکی سلێمانی کە لە هەڵەبجە بوو، لەگەڵ شەهید ناهیدەی نووری قەساب و لەیلا عەلی و چەند خوشکێکی ترەوە ئیش و کاری حیزبی لە هەڵەبجە ڕانەوەستا. ئەو چەند خوشکە سەرکردایەتی هەموو ڕێکخراوەکانی قەزاکەیان دەکرد و بە سەرکەوتوویشەوە. بەڵام لە هەندێ قەزا و ناحیەی تردا کە ڕێکخراوی ئافرەتانی تێدا نەبوو، یان بێ هێز بون، وەک پێنجوێن و چوارتا، لە ڕووداوی وادا ڕێکخراوەکان دەپچڕان و پەرش و بڵاو دەبوونەوە.
لەبەر ئەمە،بە بڕوای من زۆر پێویستە هەردەم بایەخ بە توانا و تێکۆشانی ئافرەت بدرێت لە هەموو جێگایەکدا، و ڕێز لە چالکیان بگیرێت و کەم تەرخەمی لە باسکرنیان نەکرێت.

## هەندێ لەو هەڵوێست و هاوڕێیانەی قەت لەبیر ناچنەوە

### شەهید بوونی عوسمانی حاجی حەمەئەمین

هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە ئەم هاوڕێیە و چەند هاوڕێیەکی تری وەکو خۆی ئازا و دلێر، بوو بوونە قەڵایەکی پۆڵایین بۆ حیزب و هاوڕێیان لەناو شاردا. لە هەر جێگایەکدا دوژمنانی حیزب شەڕیان بە هاوڕێیەک بفرۆشتایە، یان جنێویان بە حیزب بدایە، ئەمانە شێرانە فریایان دەکەوتن و تۆڵەیان دەسەندن، وای لێ هاتبوو ئەگەر ئەو هاوڕێیانە دیار بونایە کەس نەیدەوێرا جنێو بە حیزب و هاوڕێیان بدەن. ئەو ڕۆڵانەی حیزب، ئەو گیان فیدایانە نەیاندەهێشت (ڕووداوە خوێناوییەکانی سلێمانی)کە لە سالی 1962-1964 بەردەوام بوو لە هەڵەبجە دووبارە بێتەوە.ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژ نەبوو شیوعیەک یان زیاتر شەهید و بریندار نەکرێ، جیا لە جنێودان و سوکایەتی کردن.

شەهید عوسمان ببووە چقڵی چاوی دوژمنانی حیزب و هەموو کۆنەپەرستان، بۆیە هەمیشە خەریکی سازکردنی پیلان بوون لە دژی ، چەند جار پەلاماریان دا و ویستیان بیکوژن، بەڵام بەهۆی ئازایی و چاونەترسی خۆیەوە پیلانەکانیان پوچەڵ دەبونەوە، لێیان دەهاتە دەست و سەری پێ شۆڕ دەکردن. ئەو جارەی لە ناوەڕاستی بازاڕی هەڵەبجەدا کە لە (مەولوود ڕەسوڵ)یان دا سکرتێری ئەوسای لیژنەی قەزای هەڵەبجەی حیزبمان، هاوڕێ عوسمان و هاوڕێکانی خێرا بە زیادیشەوە تۆڵەیان سەندەوە. بەڵام زۆر بە داخەوە، لە فرسەتێکی ناپیاوانەدا لەسەربان و لە دەرگای حەوشەوە هێرشێکی دڕندانەیان بردە سەر ماڵەکەیان. ئەویش خێرا و وەک هەموو کات پەلاماری دەمانچەکەی دا بۆ بەرگریی لە خۆی، بەڵام دایکی یان باوکی پێشتر یەدەکی دەمانچەکەیان شاردبووەوە، بۆ ئەوەی کەس نەکوژێ، ئەویش دەگەڕا بە دوای

یەدەکـــەیدا، لەو فـــرســـەتەدا لەبەر چاوی دایک و باوک و خـــوشک و ژن و منالەکانیدا زۆر نامەردانە و دڕندانە شەهیدیان کرد، دوو خوشکی و منداڵێکشیان بریندار کرد! هەر لەو ڕۆژە ش و لە هەمان کاتدا پەلاماری هاوڕێی نەمر(بورهانی خواجە حسێن هەوڕامی)یان دا کە شیوعییەکی دلێر و قوتابییەکی پێشکەوتووی یەکێتی قوتابیان بوو، ئەویشیان بەو جۆرە شەهید کرد و بۆی دەرباز بوون.

شەهید بوونی ئەو دوو قارەمانە زیانێکی گەورە بوو بۆ حیزب. ژانی ئەو شەهیدانە کەوتە دڵی هەموو شیوعیی و لایەنگرانی حیزبەوە لە هەڵەبجە و لە پارێزگای سلێمانیدا. بەڵام نە شەهید بوونی عوسمان وشەهیدانی پێش و پاش عوسمانیش هەرگــیــز نەیانتــوانیــوە و ناتوانن ڕەوڕەوەی تێکۆشـانی پڕ شـەرەف و شـانازی حیزبەکەمان ڕابوەستێنن.

## دایکە ئامینە

## ئامین تەیارەی شیرەمەڕ

بە پێـویـسـتی دەزانم لەم هەلەدا کـەمـێک باسی ئەو دایکە ئازا و دڵسـۆزەی دێی شیرەمەڕ بکەم، کە خۆی و بنەماڵەکەی قەلایەکی سەخت بوون بۆ حیزب لە ناوچەی خورماڵدا.

هاوڕێ ئامینە خاوەنی کوڕ و کچ و زاوا و کچەزایەکی زۆر بوو. عەبدوڵلای کوڕی و زاواکانی شیوعی بوون. خۆیشی ئەندامێکی چاپووک و ئازای حیزب بوو. بەهۆی ئەم خێزانە فراوانەوە، زۆربەی زۆری دانیشتوانی دێی شیرەمەڕ ئەندام و دۆستی ڕاستی و دڵسـۆزی حیزب بوون. کەسانی سەر بە هیچ لایەنێکی تر لەو دێیەدا نەبوو.

کۆنەپەرستانی ناوچەکە، بە هەموو توانایانەوە، کۆششی ناپیرۆزانەیان لە دژی ئەو خێزانە و هەموو دێیەکەدا دەکرد، بۆ ئەوەی لە تێکۆشان و لە حیزبی شیوعییان دوور بخەنەوە و هتد. بەڵام کۆششەکەیان بە فیڕۆ دەچوو. کاتێکیش کەسانی پیاوخراپ و

دەست و پێوەندەکانی دەرەبەگەکان بە پشتیوانی هەندێ کاربەدەستی ناو شۆڕش بوونە لێپرسراوی ناوچەکە.. بە هەموو شێوەیەک نازاری ئەو خێزانە و دۆستانی تری ئەو ناوچەیان دەدا. بەڵام دایکە ئامینە تا دەهات گەرمتر و نازایانەتر بەرەنگاری دەستدرێژکەران دەبووەو پارێزگاری لە حیزب و هاوڕێیان دەکرد و بە دار و بەرد دەچوو بە گژ شەڕ فرۆشاندا و کۆڵی نەدەدا. تا وای لێ هات هیچ کەسێک لەبەر دەمی دایکە ئامینە نەیدەوێرا قسە بە حیزب و هاوڕێیان بڵێ. ئەوە بوو لە ئاوا ناویان نا (ئامین تەیارە).

شایانی باسە، لە کاتی ئیشکردنی نهێنی حیزبدا، ساڵەکانی شەست و حەفتاکان ماڵی دایکە ئامینە بنکەی حیزب و جێگای کۆبوونەوەی حیزبی و فراوانی هەموو ناوچەکە بوو. ئیش و کاری حیزبی بە زۆری بەهۆی کۆششی ئەو خێزانەوە لە هەموو خورماڵدا بە جوانی دەچوو بەرێوە.

لەپاش وەفاتی دایکە ئامینەش کوڕ و کچ و زاوا و کچەزاکانی ڕێگای دایکە ئامینەیان بەر نەدا. لە ساڵەکانی هەشتادا حیزبمان کەوتە تێکۆشانی چەکدارییەوە و بنکەی چەکداری لە ناوچەی خورماڵدا دامەزرا، زۆربەی ئەو خێزانە پشت و پەنا و یارمەتیدەری حیزب بوون لە هەموو ڕوویەکەوە.

ساڵەکانی 1982-1985 کە من لە بنکەکانی هەزارئەستوون و بانی شار و کەڕەجاڵ بووم، زۆر جار سەری ئەو دێ تێکۆشەرە قوربانی دەرمم دەدا و دەچوومە لای هاوڕێ و دۆستە دێرینەکانی حیزب و دەچوومە لای کچ و کچەزاکانی دایکە ئامینە. ئەو دەمیش زیاتر لە جاران یارمەتی حیزب و هاوڕێیانیان دەدا و لە هەموو ئیش و کارە حیزبی و چەکدارییەکاندا، زۆربەی ئیش و کارە حیزبییەکان بۆ شاری سلێمانی و هەڵەبجە و هتد. لە ڕێگای ئەو خێزانە بەشەرەفەوە ئەنجام دەدرا.

جێگای داخە کە زۆربەی ئەو خێزانە تێکۆشەرە کۆڵنەدەرە لە بۆردومانە کیمیاییەکەی هەڵەبجەدا ساڵی 1988 شەهید بوون و بوونە قوربانی ئەو

کارەساتە جەرگبڕە. درود بۆ گیانی پاکی دایکە ئامینەی ئەمر و ئەوە دلێرەکانی.

## تەقەکردن لە هاوڕێ عارف

لە بەهاری سـاڵی 1965دا بوو من و هاوڕێ عـارف چاوپێکەوتنمـان هەبوو، بڕیارماندا لە دەشت بێ، لە سەعات 2ی دوای نیوەڕۆ لە دەشتەکەی پشت سەرا یەکمان بینی، ماوەیەکی زۆر قسەمان کرد، گەلێ شتمان هەبوو لێی دواوین. پاش ئەوەش گەڕانێکی زۆرمان بەناو سەوزەگیا و خەرتەلە و چاوبازە کرد، ئینجا زۆر لەسەر خۆ و بە هێمنی وتی:

- دەزانی ئەمشەو تەقەیان لێ کردم و خەریک بوو شەهید کرێم. سەیرێکم کرد و وتم:

- چۆن؟ کەی:

- شەو درەنگ لەسەر قەرەوێڵەکەم نووستبووم، ئەو ژوورە و قەرەوێڵەکەش ڕێک بەرامبەری دەرگای حەوشەمانە، لە کوونی سەر دەرگاکەوە زیاد لە 6 گوللەیان پێوەنام. هەمووی دای لە ژوور سەرم و نزیک لەشم، باش بوو هەڵنەستام و جوڵەم نەکرد نەگینا گوللەکان دەیانپێکام

- ئەی باشە نزیکی دوو سەعاتە پێکەوەین بۆ باست نەکرد، یان هەر ئەمڕۆ بەیانی زوو بۆ ئاگادارت نەکردین؟

- دەمزانی یەکتر دەبینین و شتێکە ڕوویداوە و چاوەڕوانکراوە و هەر من نیم، ئیتر پەلەی بۆچییە؟

- چۆن زانیویانە تۆ لەو جێگایە دەنووی؟

- من باش دەزانم کە پیلانی دەرەبەگ و کۆنەپەرستانە و یەکێک لە خزمەکانم کە شارەزای ماڵەکەمانە و لەوانیشەوە نزیکە ، ئەو پێی وتوون!

بە ڕاستی ئەم هەڵوێستە پڕ لە ئازایەتی و خۆڕاگرتنەی هاوڕێ عارفم لە ساڵی 1974 دا لە هاوڕێ(ئەحمەد حامید) بینی. ئەو ساڵە کە بارەگای حیزبمان لە

سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان بوو، ڕۆژێک لە دایەرەی تەربیەی سلێمانییەوە تەلەفۆنیان بۆ هاوڕێ ئەحمەد حامید کرد، کە بچێ بۆ ئەوێ، گوایە مامەلەیەکی هەبوو بۆی بکەن. (دیار بوو پیلان بوو) ئەویش هەر بە تەنیا بە جادە گشتییەکەی کانێسکاندا دەڕوات بۆ تەربیە، کە لە نزیک مزگەوتی گەورە بوو. لەوسەر کە دەگەڕێتەوە بۆ بارەگا. لەبەر قوتابخانەی کانێسکاندا تەیدەنە بەر گوللە. کە هاتەوە بۆ بارەگا هاتە لای من، لەبەر دەما ڕاوەستابوو باسی مامەلەکەی دەکرد لە تەربیە، کە سەیرم کرد هەردوو سەرشانی و هەر دوو کەلەکەی لەسەر و گیرفانەکانیەوە، کوون کوون بوو بوون و وەکو سووتابن وابوو، لێم پرسی:

– ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

– گوللەیان پێوەناوم.

– کەی؟

– هەر ئێستا کە هاتمەوە. لەبەر قوتابخانەکەدا بووم، لەسەر بانەکان و کۆڵانەکانیشەوە دایانە بەر گوللە، منیش هەر ئەوەندەم پێکرا ڕا بکەم. گوللەکان هەموو بەر جلەکانم کەوتوون و گۆشتیان نەگرتووە.

– ئەی بۆ زووتر قسەت نەکرد.

– ئاساییە، بڵێم چی؟

ئا ئەم دوو هەڵوێستە پڕ لە ئازایەتی و لێبووردنانە شایانی شانازین، لەناو هاوڕێیانی شیوعیدا چەندان هەڵوێستی لەو جۆرە هەبوون.

*..*..*

## کۆنفرانسی یەکەمی قەزای هەڵەبجە و
## گەڕانەوەم بە یەکجاری بۆ سلێمانی

لە کۆتایی 1968دا لە هەموو ڕێکخراوەکاندا هەڵبژاردن دەستی پێکرد، بۆ هەڵبژاردنی ڕێکخەری لیژنە و شانەکان و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنفرانسی قەزا. ئەو شتانەی ئامادەکرابوون دیراسەت کران و بڕیاری لەسەر درا. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب و دابی ڕێکوپێکی ئەوسا، کۆنفرانسێکی ڕێک و پێک و دیموکراتییانە بەسترا. نزیکەی 27 هاوڕێ ئامادە بوون کە 6 یان ئافرەت بوون، ئەو هاوڕێیەی کە لە سلێمانییەوە حیزب ناردبووی بۆ جێگەی من، ئەویش لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوو. من بە شێوەی سەرپەرشت(مشرف) بەشداریم کرد. پاش لێکۆڵینەوەی تەواو لەو ڕاپۆرتانەی ئامادەکرابوون بڕیاری لەسەر درا، ئینجا بە پێی شێوەی ئیشکردنی ئەوسا کە باو بوو، لیستەی حیزب بۆ لیژنەی قەزا پێشکەش کرا و چەند هاوڕێیەکی تریش، جیا لە لیستەی حیزب خۆیان هەڵبژارد، لە ئەنجامی دەنگدانی نهێنیدا لیستەی حیزب سەرکەوت و لەپاشدا لیژنەی قەزا ئەو هاوڕێیەی کە لە سلێمانییەوە نێردرابوو، هەڵبژێردرا بە سکرتێری لیژنەی قەزا و سێ هاوڕێی تریشیان بە ئەندامی ملقە هەڵبژارد.

لەپاش هەڵبژاردن، ئەو هاوڕێیانەی کە خۆیان هەڵبژاردبوو جیا لە لیستەی حیزب و کە دەرنەچوون، کردیان بە هەرا و ڕەخنەگرتن لە شێوەی هەڵبژاردن، بە تایبەتی ڕەخنەیان لەوە گرت کە بۆچی دەبێ حیزب لیستە بدات.

هەرچەند وەڵام درانەوە، کە دەبوو پێش هەڵبژاردن ئەو ڕەخنەیەیان بگرتایە، نەک دوای هەڵبژاردن. بەڵام ئەوان هەر ناڕازی بوون لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، هاوڕێیانی لیژنەی تازە و چەند هاوڕێیەکی تر، کە پەیوەندییان زۆر خۆش بوو لەگەڵیاندا، پاش چەند ڕۆژێک سەیرانێکی بچووکیان ڕێکخست بە بۆنەی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی و ڕۆیشتنم لە لایان.

جا بە هۆی ئەوەی کە ئەندامی ملمس بووم و لە پاشیشدا بوومە سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی، تا ساڵی 1983 بەردەوام لە نزیکەوە ئاگام لە ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە و تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکانی بوو. وە زۆر جار دەچوومە سەردانیان و چەند ڕۆژێک لە لایان دەمامەوە. هەروەها کە ساڵی 1983 و 1984 لە بنکەی چەکداری حیزب بووم لە (کەرەجاڵ) لە لای هاوڕێیانی بەتالیۆنی 7 ی هەورامانی هەڵەبجە دەژیام، کە زۆربەی زۆریان هەڵەبجەیی بوون.

ئێستاش کە چەند ساڵێکە نەک لە هەڵەبجە، بەڵکە لە کوردستانی ئازیزیش بە ناچاریی دوور کەوتوومەتەوە. دڵم هەر لای شیوعییەکان و لایەنگران و هەموو خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدە. بە ئاواتەوەم، پێش مردنم، سەرێک بدەمەوە لە هەڵەبجە و بە دیداری خەڵکە بە شەرەفەکەی شاد ببمەوە و تێر بە کەژ و دەشت و دۆڵ و چەم و دێهاتەکانی ناوچەی هەڵەبجەدا بگەڕێم و یادی کۆن بکەمەوە.

## کە لە هەڵەبجە گەڕامەوە!

ساڵی 1969 کە بە یەکجاری لە هەڵەبجە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لە ملمس دا کارم دەکرد و هەندێ وردە ئیشی حیزبیان پێ سپاردم، چونکە هەڵیانبژاردبووم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی ساڵێک، لەبەر ئەوە کاروباری تریان پێ نەسپاردم.

ئەو کاتە شەهیدی ئەمر شێخ عەلی بەرزەنجی سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی بوو، شەهید هاوڕێیەکی بەتوانا و هەڵکەوتوو بوو، هەرچەندە بەهۆی ئەوەوە کە زۆر جیدی و توندو تۆڵ و مەبدەئی بوو لە ئیشو کاری حیزبیدا، وا دیار بوو کە گوایە زەبروزەنگی حیزبی هەیە و لە مامەڵەدا وشکە لەگەڵ هاوڕێیاندا، بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو، بەڵکو هاوڕێیەکی کراوە و دیمۆکراتی و قسەخۆش و نوکتەچی بوو، ئەوەی زۆر لێیەوە نزیک بوایە هەستی بەمە دەکرد.

هاوڕێ شێخ عەلی زۆری کەیفی بە قسە و کردەوەکانی شیوعی ئەمر دکتۆر فارس دەهات، هەمیشە حەزی دەکرد بیجولێنێ تا قسەی خۆش بکات، ئا لێرەدا بۆ یادی ئەو دوو شیوعیە ئەمرە، پێم خۆشە هەندێ شتی خۆش و بەسەرهاتی سەیر بگێڕمەوە:

* لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی مەحەلیدا، دکتۆر حەڤدە خاڵی ڕەخنەگرتنی لەسەر هاوڕێ مەلا عەلی نووسی، هاوڕێی شەهید وتی:

ـ دکتۆر گیان حەڤدە خاڵ زۆرە لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر مەلا عەلی باس بکەیت، کەمی بکەرەوە.

ـ بە شەرەفم خاتریشم گرتووە ئەگینا زیاترە.

هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد و ڕێگا درا بە دکتۆر قسەکانی خۆی بکات.

دکتۆر هەرچی دەووت، مەلا عەلی زیرەکانە بەرپەرچی دەدایەوە و خۆی دەرباز دەکرد، هەموو خاڵەکانی باس کرد و مەلا یەک خاڵیشی لەسەر ئیسپات نەبوو، لە دواییدا دکتۆر وتی:

ـ من سەعاتێکە چەنە دەدەم هیچیشم دەست نەکەوت. مەلا عەلیش وتی:

ـ نا نا ئینجا نۆرەی منە. من شتم لەسەر تۆ هەیە.

ڕێگا درا بە مەلا عەلی قسە بکات، لەسەر هەندێ شت یەک دوو ڕەخنەی لێ گرت، دکتۆر نەیتوانی حاشای لێ بکات، دەمی تەتەڵەی دەکرد، وەزعی لێ تێکچوو، شەهید شێخ عەلی ڕووی لە مەلا عەلی کرد و وتی:

ـ عەبە گیان بیکە بۆ خاتری خوا و ئەم کۆبوونەوەیە بیبڕەوە و وازی بێنە. مەلا عەلیش بە فیزێکەوە وتی:

ـ شتم زۆر ماوە با خاتری ئێوە بێت.

ئینجا شەهید ڕووی کردە دکتۆر و وتی:

ـ دکتۆر بۆ ڕیش چووی سمێڵیشت نایە بانی.

ـ هاوڕێ گیان وا نییه، بەڵام ئەم مەلاعەلییە(یەک دوو جنێوی دا) لە سروشتی سەگدایە، هەر زمانی بگاتە برینەکەی چاکی دەکاتەوە.
هەموومان دەستمان کردە پێکەنین و کۆتاییمان بە رەخنەگرتن هێنا.

* هەر لەو ماوەیەدا، باجی ئایشێ ی دایکی هاوڕێ (جەلال ئەبوشوارب)مان نارد بۆ یەکێک لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، بۆ هێنانی هەندێ شت و دەمانچەیەک. باجی ئایشێ ڕۆیشت و سەرکەوتووانە هاتەوە و هەواڵی بۆ ناردین کە شتەکانی هێناوە. ئێمەش (پ) کە کچە شیرعییەکی لاوی ئازا بوو ناردمان بۆ ماڵی باجی ئایشێ بۆ شتەکان.
ئەو برادەرەی دەمانچەکەی لە لا بوو بوو، یەک گوللەی خستبووە سەر پێ و زامنەکەشی دانەخستبوو، باجی ئایشێ دەمانچەکەو شتەکان دەداتە دەست(پ) ئەویش نازانێ لەسەر پێیە و قەتیش دەمانچەی بە دەستەوە نەگرتبوو، بۆ خۆشی و پێکەنین لوولەی دەمانچەکە دەخاتە سەر سنگی باجی ئایشێ و دەڵێ بتکوژم، پەنجە دەنێ بە پەلەپیتکەکەیدا و زرمە هەڵدەستێ و باجی ئایشێ بریندار دەبێ و ئەو ناوە پ دەبێت لە خوێن و هاوار هاوار پەیدا دەبێت، خوشکە توبای کچی باجی ئایشێ و بوکەکانی دەچن بە هاواریانەوە و خێرا خەبەر بۆ ئێمە دەنێرن، دیارە نابێ ببرێ بۆ خەستەخانە، بە پەلە هاوڕێ دکتۆر فارسمان نارد بۆ لایان، جا هەر چەندە ئەو برین پێچ بوو، بەڵام بە قەدەر دکتۆرێک شارەزایی هەبوو. خۆی ئاسایی فریایی دەکەوێت و تیماری دەکات، گوللەکە لە پشتییەوە دەرچووبوو دەلاقەیەکی تێکردبوو، دکتۆر بۆ چاودێری هەر لایان دەمێنێتەوە، لە ئێوارەدا کە مام کەریمی هاوسەری باجی ئایشێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و بە ڕووداوەکە دەزانێ، دەست دەکات بە جنێودان و بۆڵەبۆڵ، دکتۆریش دەڵێ:
ـ مام کەریم هیچ خەم مەخۆ، ئەگەر ژنەکەت نیشانەڵلا مرد پاش دوو ڕۆژ ژنێکی

زۆر گەنجتر و جوانترت بۆ دەهێنین. هەرچی لەوماڵەدا دەبێ بە باجی ئایشێشەوە دەست دەکەن بە پێکەنین و لە جیاتی خەم و مەراق و ناخۆشی پێکەنینی بە هەموویان بەخشی.
شایانی باسە ماڵی باجی ئایشێ و کچ و کوڕەکانیشی زۆر یارمەتی حیزبیان دەدا و ئەرکی زۆر لەسەر خۆیان و ماڵەکەیان بوو، ئەوانە خێزانێکن کە خزمەتکردنیان و دڵسۆزییان بۆ حیزب لە ژمارە نایەت و هەمیشە شایانی شانازی کردنن.

* ساڵی 1969 لیژنەی مەحەلی و هەموو ناوچەی کوردستان سەرقاڵی بەستنی کۆنفرانس بوون، بۆ هاوبەشی لە کۆنگرەی یەکەمی هەرێمی کوردستاندا لە هەموو پارێزگادا کۆنفرانسەکان کۆتای پێ هات و هەموو شت ئامادە کرا بۆ کۆنگرە. منیش یەکێک بووم لە نوێنەرەکانی سلێمانی و چووین بۆ کۆنگرە.
دوو ڕۆژ پێش بەستنی کۆنگرە دوو ئەندامی مەکتەبی هەرێم(باوکی سەرباز و شەهید شێخ عەلی بەرزنجی) لەگەڵ من کۆبوونەوە و وتیان:
- لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی وا باشیت و هەڵوێستت بە تایبەتی لە جوڵانەوە کەرتکارییەکەی عەزیزئەلحاجدا زۆر شیوعیانە بوو، دەبوو زۆر پێش ئێستا پێش بخرایتایە بۆ لیژنەی هەرێم. جا لەبەر ئەمە لیژنەی هەرێم بڕیاری دا تۆ بخرێتە لیستەی حیزبەوە، بۆ هەڵبژاردنت بۆ لیژنەی هەرێم. بەڵام بۆ ئەندامێتی هەرێم. نەک وەک پیشە، بۆ پاڵێوراوی، چونکە ئەوسا وا باو بوو، هەر کەسێک بۆ لیژنەی مەحەلی و هەرێم و کۆمیتەی ناوەندی پێش بخرایە، یەکەم جار، بە پاڵێوراو پێش دەخرا. لە کاتی هەڵبژاردندا لیستەی حیزب دەرچوو، منیش بووم بە ئەندامی لیژنەی هەرێم لە پاش ماوەیەکی زۆر کەم ئاگادار کرام کە خۆم ئامادە بکەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا بچین بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی یەک ساڵ، هەرچی ئیش و کارێکم لە لا بوو لێم وەرگیرایەوە و هیچم لە لا نەما.

ئەوسا گەلاوێژی کچم حەوت ساڵێک دەبوو، پاش بوو گەورە بوو بوو، هیوا ش تەمەنی چوار ساڵ بوو هەر باشتر بوو، بەڵام هاوڕێ دوو ساڵ بوو خووی زۆر دابوومێ، کە بەجێم هێشتن هەموویان بە تایبەتی هاوڕێ زۆر نارەحەت بوون.
لە سلێمانییەوە من و هاوڕێ کەریم عەبدوڵڵا چنگیانی کە ئەندامی مەحەلی بوو، دانراین بڕۆین.
بەیانییەک، لە ئۆتۆمۆبیلێکدا دوو جێگای گرت و هات بە دوامدا، پێکەوە سوار بووین بۆ کەرکووک، لەوێشەوە چووین بۆ هەولێر و پەیوەندیمان بە حیزبەوە کرد. شەو چووینە میوانخانەیەکی سەر بە حیزب و هاوڕێ ئەحمەد کەریم(نوری)یش هات بۆ لامان و ڕۆژی دوایی هەرسێکمان چووین بۆ موسڵ. لەوێش پەیوەندیمان بە حیزبەوە کرد و ڕۆژی دوایی لەگەڵ برادەرێکی موسڵاویدا چووین بۆ (بەحزانی) بۆ ماڵی هاوڕێ(ابو عمشە) کە یەکێک بوو لە هاوڕێ یەزیدییە تێکۆشەرە ناسراوەکان. بە ڕاستی خزمەتێکی زۆریان کردین، نزیکی هەفتەیەک لەوێ ماینەوە، تێر و پڕ لە شتە خۆشەکەی کە خۆیان دروستیان دەکرد خواردەوە، لە دوای ئەوێ لەگەڵ هاوڕێیەکدا بە قاچاخەرێ چووین بۆ بنکەی چەکداری حیزب لە (پیرمووس) هاوڕێ ئەبو جوزێف(تۆما تۆماس) کە هاوڕێیەکی بەناوبانگ و تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر بوو، مەسئولی عەسکەری ئەو هێزە چەکدارەی موسڵ بوو ئەندامی هەرێمی کوردستان بوو. پاش نزیکەی هەفتەیەک ئەویش هات لە گەڵمان و هەر چوارمان بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی سەر بە حیزب بەرەو(فیشخابوور) مەرزی نێوان عێراق و سوریا کەوتینە ڕێ، لەو ڕێگایە چەکدارانی سەر بە ڕژێم هەبوون، زۆریان ڕق لە ئەبو جوزێف بوو، ئەگەر بیان دیتبایە دەیانکوشت. شۆفێرەکە سەر بە حیزب و شارەزای ڕێگا بوو، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین، ئۆتۆمبیلەکە پیکاب بوو، هاوڕێیان ئەبو جوزێف و نوری لە پێشەوە سوار بوون و من و هاوڕێ کەریمیش لە دواوە، دەموچاومان هێندە تۆزاوی بوو بوو کەس نەیدەناسینەوە، لە نیوەی ڕێگا لە ناو

هەندێ چڕەدار و گوێ ئاوێکدا دابەزین، دەموچاومان شت و ناومان خواردەوە و جگەرەمان کێشا، سوار بووینەوە و یەک دەقیقەی نەبرد پیکابێک پڕ لەو چەکدارانە بەرەو رووومان هاتن، شۆفێرەکەمان زۆر بە خێرایی لێی دەخوڕی، ئەوان دەستیان لێ راگرتین، تا راوەستا زۆر لە یەکتر دوور کەوتینەوە، چەکدارێک لەوان دابەزی و بە راکردن بەرەوە رووومان هات، هێشتا زۆری مابوو بگاتە لامان، هەر لە دوورەوە لە شۆفێرەکەی ئێمەی پرسی:

ـ ئایا برادەرانی ئێمەتان پێ نەگەیی؟

شۆفێرەکەش هەر لە خۆیەوە وتی:

ـ ئەوەتان لەو دێیەی پێشتانەوە.

ئەویش بە راکردن گەڕایەوە و ڕۆیشتن، شۆفێرەکەی ئێمەش بە ناو ئەو هەموو بەرد و رێگا خەراپەدا لەسەر 120 لێی دەخوری تا گەیشتینە (فیشخابوور). کە بنکەیەکی بچوکی چەکداری برادەرانی پارتی دیموکراتی لێ بوو. ئیتر ترسمان نەما. ئەگەر چەکدارەکانی ناو پیکابەکە دەقیقەیەک پێشتر بهاتنایە و ئێمەیان لەناو چڕەدار و سەرئاوەکە بدیبایە تووشی کێشە دەبووین و مەحاڵ بوو ڕزگاربین. دوو شەو لای برادەرانی پارتی میوان بووین، تا لە ئاوەکە پەڕینەوە و چووینە خاکی سووریاوە، بەهۆی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی سووریاوە بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە قامیشلی لەوێش بردیانینە ماڵی هاوڕێیەکی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی، کە چووین هاوڕێیان جاسم حلوانی(ابو شروق) و مام قادر و نەجمەدین مامۆ و حاجی مەلا و چەند هاوڕێیەکی تریش لەوێ بوون. تا هەفتەیەک لەوێ ماینەوە تا شتومەکی هاتوچۆیان بۆ جێبەجێ کردین.

کە هەموو شت جێبەجێ کرا چووین بۆ گەراج بۆ ئەوەی بەرەو شام بکەوینەڕێ، کوڕی گەورەی ئەو ماڵەش لەگەڵمان هات بۆ ئەوەی لە شام بمانگەیەنێت بە هاوڕێیانی حیزب. یانزە کەس بووین ، سواری ئۆتۆمبێلێکی گەورە بووین، شۆفێرەکە ویستی

فیتلمان لێ بکات و پارەی زیادمان لێ بستێنێ، ئێمەش کەللەڕەق بووین و ڕقمان هەلسا و دابەزین و وتمان لەگەڵ ئەم کابرایە ناڕۆین، هەر کە ئێمە دابەزین کۆمەڵێ خەلکی تر سوار بوون و ئەوان ڕۆیشتن، ئێمەش لە پاش نیو سەعاتێک ئۆتۆمبێلێکی ترمان گرت و ڕۆیشتین، کاتێ ئێوارە بوو، لە نیوەشەودا گەیشتین بە ڕووداوی لە یەکدانی دوو ئۆتۆمبێل، کەسانی نێو یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان هەموویان مردبوون، تەنها یەک کەس ساغ بوو هەر هاوار هاواری بوو، نیوەی ئەو ئۆتۆمبیلە چووبووە ژێر لۆرییەکەوە و پان ببووبوەوە، کە چووینە نزیکیانەوە زانیمان کە ئەو ئۆتۆمبێلەی کە خەلکەکەی ناوی مردبوون ئەوە بوو کە ئێمە لە قامیشلی لە خاوەنەکەی دلگران بووین و دابەزین، ئێمەش بە یەکترمان دەوت ئەگەر ئەو کەللەرەقیە نەبوایە ئێستا هەموومان مردبووین.

لە بەرەبەیاندا گەیشتینە شام، لەوێش هەموومان لای هاوڕێیانی حیزبی شیوعی میوان بووین، بە ڕۆژ بێ کار بووین و هەر بە ناو شاردا دەگەڕاین و دەچووینە شوێنە خۆشەکان.

لەوێش چەند هاوڕێیەکی تر کە پێش ئێمە گەیشتبوون کە ئەمانە بوون: هاوڕێیان(باوکی سەرباز، هاوڕێی ئەمر عادل سلیم، خورشید عەزیز کەرکوکی، مەحەمەد ئەحمەد و چەند برادەرێکی تریش، پاش دوو هەفتە هەر هەموومان پێکەوە سواری فرۆکەیەک بووین و ڕۆیشتین بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی و لای حیزبێکی شیوعی گەورە سالێکی ڕێک میوان بووین، لەو وڵاتە تووشی نەخۆشیەکی(گەدە) بووم و دوو مانگ لە خەستەخانە کەوتم، دکتۆرەکان هێندە دلسۆز بوون بە بێ نووشگەری هەر بە دەرمان و دەرزی و حەب و شێلان چارەسەریان کردم، ئەو دکتۆر و برینپێچانەی نەخۆشخانەکە هێندە مرۆڤانە رەفتاریان دەکرد کە وەکو کەسوکاری دلسۆزی خۆم هەستم بە سۆزیان دەکرد، هەرگیز چاکە و دلسۆزی ئەوانم بیر ناچێتەوە.

لە پاش ئەو ساڵە هەموومان بە هەمان ڕێگادا گەڕاینەوە تا شاری هەولێر، لەوێ نێردراینەماڵێکی حیزبی و پێیان وتین نابێ بچنەوە بۆ ماڵەکانی خۆتان، بەڵکو دەڕۆن بۆ دەرگەڵە بۆ هاوبەشی لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی شیوعی عێراق، چونکە بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، هەموو ئەندامانی لیژنەی هەرێمی کوردستان، بە بێ هەڵبژاردن بوون بە ئەندامی کۆنگرە، ئەوانەی ئەندامی هەرێم بووین لەو ماڵە دوو ڕۆژ ماینەوە، لە پاشدا نێردراین بۆ دەرگەڵە.

هاوڕێ کەریم چنگیانی گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بەودا هەواڵم نارد بۆ ماڵی خۆمان کە گەڕاومەتەوە و بەڵام جارێ کاری حیزبیم هەیە و ناتوانم بێمەوە. دایکی گەلاوێژ و گەلاوێژیش زۆر دڵگران بوو بوون، بڕوایان نەدەکرد کە ئەو قسەیە ڕاستە و پێیان وابوو کە شتێکم بەسەر هاتووە، تا پاش مانگێک گەڕامەوە و ئەوسا بڕوایان کرد.

کە چووین بۆ دەرگەڵە بینیمان هەموو سەرکردەکانی حیزب لەوێ بوون، تازە بەیاننامەی ئازاری 1970 مۆر کرابوو، بارودۆخی سیاسی کوردستان ئارام بوو، نیمچە دیموکراتیەک لە ئارادا بوو. هێرشی گرتن و داپڵۆسین لەسەر حیزب بۆ ماوەیەک نەمابوو. لە پاش یەک مانگی تەواو گەڕاینەوە، لە دەرگەڵەوە بۆ هەولێر، شەهید شێخ عەلی و باوکی سەرباز و هاوڕێ مام قادر و باوکی حیکمەت و من پێکەوە بە ئۆتۆمبیلێک گەڕاینەوە بۆ هەولێر ، تا هەولێر هەر قسەی خۆش و پێکەنینمان کرد، زۆر قسەی خۆش لە نێوان من و مام قادردا ڕووی دا، کە ئێستاش دێتەوە یادمان پێدەکەنین(لێرەدا ئەو قسانە نانوسم چونکە هاوڕێ باوکی سەرباز لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا تۆماری کردوون و بڵاویان دەکاتەوە).

لە پاش ساڵێک و دوو مانگی تەواو ، هەر لەو ڕۆژەوەی کە لەماڵ دەرچووم و تا ئەو کاتەی گەڕامەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم، پاش چوار ڕۆژ لە گەڕانەوەم دەستم کردەوە بە کاروباری حیزبی .( لێرەدا ئەم باسە ماویەتی و پاشماوەی ئەم باسە و زۆر باسی تر بۆ بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکان بمێنێتەوە).

## ڕۆڵی ئافرەتە شیوعیەکانی سلێمانی
## لە تێکۆشانی حیزبدا

هەر وەک ئاشکرایە، لەو کاتەوەی ڕێکخراوی حیزبی شیوعی لە سلێمانیدا دامەزراوە و کەوتۆتە تێکۆشانەوە، چ بە ناوی (تحرر)ەوە و چ بە ناوی حیزب خۆیەوە ئافرەتان هاوبەشی ئەو تێکۆشانە بوون. هەروەها لە ڕێپێوانەکانی (وثبە)ی کانوونی ساڵی 1948 دا کە حیزب سەرکردایەتی دەکرد، ئافرەتانی سلێمانی بە تایبەتی قوتابیان و مامۆستایان ڕۆڵی کاریگەریان بینی.

لە سەرەتای پەنجاکانەوە، خۆم لە شانەی حیزبیدا هاوبەش بووم و لە چالاکییەکانی حیزبدا هاوبەشیم دەکرد، ئافرەتی زۆرم بینی و ناسی لە تێکۆشاندا، بە تایبەتی لە ڕێپێوانەکان و وەفد ناردن بۆ سەر کاربەدەستان و پەنجەمۆر کۆکردنەوە و کاری تەتەریی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی حیزب و زۆر کاری تر. بە زۆری ئەم خوشکانە لەو ساڵانەدا ڕۆڵی دیاری کراویان هەبوو: زەکیە فەرەج، مەلیحە زوهدی، منیرە ساڵح، زەکیە بابان، منیرە ڕەشید، فاتمەی ساڵحی خلە، بەهاو، نەجیبە (هاوسەری شەهید سەعید فەرەج)، فاتمە شەریف، عایشە شەریف، توبا کەریم و دەیان دایک و خوشکی دڵسۆزی تر، کە هەمیشە نمونەی ئافرەتی بەشەرەف و خەباتگێڕ بوون و لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و نەمانی چەوساندنەوە و بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا درێغییان لە خەبات و تێکۆشان نەکردووە.

سەرەڕای ئەوەی کە لەو سەردەمەدا، کۆمەڵگای کوردەواری و عێراقیش بە نیسبەت ئێستاوە دواکەوتوو بوون و زەبروزەنگی ناڕەوا لە سەر ئافرەتان بوو.

لەو سەردەمەدا ئەگەر ئافرەتێک زۆر هاتوچۆی دەرەوەی بکردایە و لەگەڵ پیاوان هەڵسوکەوتی کردبا، قسەی خراپ و ناشیرینیان شوێن دەخست و لە ماڵەوەش لە

لایەن کەس و کار و خزمانیەوە ڕێگای چوونەدەرەوەی لێ دەگیرا و لۆمەو تانەو توانجی دەهاتەسەر. بەڵام هەموو ئەو ئافرەتە تێکۆشەرانە ئەو کۆتەیان شکاند و گوێیان نەدەدایە تانە و تەشەری خەڵک و زەبروزەنگی کۆمەڵگە و خێزان لە خەبات و تێکۆشانی دوور نەخستنەوە. لەو ساڵانەدا کە حیزب تازە خۆی گرتبووەوە، پاش لێدانەکانی ساڵی 1949 و هێرش و داپڵۆسین و ڕاونانی شیوعیەکان بەردەوام بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا ژنە تێکۆشەرەکان بە هەموو شێوەیەک یارمەتی حیزبیان دەدا لە گواستنەوەی هاوڕێی شاراوە و پاراستنیان و لە هێنان و بردنی نامە و شتی مەترسیدار دا، بۆ نمونە ساڵەکانی 1951 و 1952 و 1953 کە ئێمە چەند جارێک زیندان کراین، خوشکە مونیرە ساڵح هەر بە ڕێگای زیندانەوە بوو بۆ لای گیراوەکانو نامە و بەیانەکانی حیزبی پێ دەگەیاندین.

هەروەها لە ڕۆژە ڕەشەکانی حیزبدا 1963 و 1971 و هتد ژنە شیوعیەکان و لایەنگران ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە تێکۆشانی حیزبدا لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەگەر تێکۆشان و لە خۆبووردوویی دەیان ئافرەتی شیوعی نەبووایە زیانی حیزب لەو ڕۆژگارانەدا زۆر زیاتر دەبوو ، بە دەیان خێزانی بەشەرەف بە خۆیان وماڵ و منداڵیانەوە لە خزمەتی بەرژەوەندی حیزبدا بوون و کادرەکانی حیزبیان پەنا دەدا و دەپاراست، جگە لە سەرکردایەتی هەندێ ڕێکخراو کە لەو سەردەمەدا بە پیاو نەدەکرا.

لێرەدا ناکرێ ناوی ئەو هەموو خوشک و خێزانانە بنوسم کە لەو ساڵانەدا ڕۆڵی قارەمانێتییان بووە، یەکەم لەبەر پاراستن و دووهەمیش لەبەر زۆری، بۆیە تەنها یەک دوانێکیان دەستنیشان دەکەم.

خوشکە مونیرەی مەلا فەرەج(باجی): هەموو ئەو هاوڕێیانەی خوشکە مونیرەیان دەناسی لەبەر خۆشەویستیو ڕێزلێگرتن پێیان دەوت باجی. باجی شیوعییەکی ئازا و دڵسۆز بوو ، هەرچەندە هاوسەرەکەی شیوعی نەبوو، بەڵام پیاوێکی زۆر باش بوو

حیزبی خۆش دەویست لەبر خاتری باجی. ئەویش دڵسۆزانە خزمەتی حیزب و هاوڕێیانی دەکرد. کچ و کوڕەکانیان شیوعی و سەر بە حیزب بوون، کوڕێکی جەسووری( عومەری خەیات) لە پێناوی حیزبدا لەو سەردەمەدا شەهید کرا.

لە 1966 ەوە تا 1970 ماڵی باجی بنکەی مەکتەب و لیژنەی مەحەلی سلێمانی بوو، زۆربەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی مەحەلی سلێمانی(ملمس) و لیژنەی مەحەلی لەوماڵەدا دەکرا، چەند کۆنفرانسێکی پارێزگای سلێمانی حیزب لەوێ بەسترا، بێجگە لە هەندێ وردە کار و فەرمانی حیزبی تر کە هەر لەو ماڵەدا ئەنجام دەدران. جاروباریش باجی بە ئیش و کاری حیزبی دەنێردرا بەم لا و بەولادا.

ساڵی 1966 هات بۆ هەڵەبجە بە شوێن مندا بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی مەحەلی کە لە ماڵی خۆیاندا سازکرا، ئەوسا من ماڵیانم نەدەزانی و لە سلێمانیش نهێنی بووم، ئەو هات بۆ هەڵەبجە، لەگەڵ ئۆتۆمبیلی هاوڕێیەکی سەر بە خۆمان گەڕاینەوە سلێمانی، لە جێگای کۆنترۆڵی پۆلیسدا باجی دوعای(ئایەتولکورسی) دەخوێندەوە و لە خوا دەپاڕایەوە کە نەگیرێم. باجی بە گەلێ فەرمانی تر هەڵدەستاو خۆی دەخستە مەترسییەوە بۆ بەرژەوەندی حیزب، هاوڕێیان بە چەندان ڕۆژ میوانیان دەبوون و ئەو ماڵە بە ئارامی و خزمەتگوزارییەوە میوانداریان دەکردن. وێنەی ئەو خێزانە لەو سەردەمەدا کەم بوو، جێی شانازین.

زۆر بە داخەوە، بە شێوەی پێویست نەتوانرا سوود لە توانای ئەو شێرەژنە وەربگیردرێ، کاری زۆری پێ دەکرا و وەکو تەتەر بەیان و نامەی حیزبی زۆری پێ دەسپێردرا. لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا کە بۆ بەغدا نامە و بەیاناتی پێ سپێردرابوو، بە کۆمەڵێ شتەوە گیرا و تووشی گرتن و سزا و دەردەسەری زۆر کرا. باجی ئێستاش دەژی و لەگەڵ ئەوەشدا کە دلگرانە لە هاوڕێیان کە فەرامۆشیان کردووە، بەڵام بە دڵ و بە گیان هەمیشە سەرکەوتنی حیزب بە ئاوات دەخوازێ.

هەروەها خێزان و ماڵ و منداڵی شیوعی ئەمر(عوسمان دانش) زۆریان بۆ حیزب

کرد، ئەوانیش بە وێنەی ماڵی باجی هەمیشە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە خزمەتی حیزب و هاوڕێیاندا بوون و دڵسۆزانە کاریان رادەپەڕاند.
بە بێ گومان حیزبمان هەمیشە و لە هەموو کات و سەردەمێکدا، پێویستی بەو جۆرە خوشک و خێزانانە هەیە کە قەڵای قایمی حیزبن و هێزی لەبن نەهاتووی گەل و نیشتیمانن. گومانیش لەوە ناکرێ کە هیچ شۆڕشێکی راستەقینە و سۆسیالیستی بێ بەکارهێنانی تەواوی وزەی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە بە ئەنجام ناگا. ژن و رۆڵی ژن ، و وزەو توانای ژن نابێ هەرگیز فەرامۆش بکرێ و دەبێ بە بەرنامەوە لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر بکرێ.
لەو بڕوایەدام کە ئەگەر ئافرەتان لە بواری سیاسیدا وەک پێویست پەروەردە بکرێن کادری پێشکەوتووی وایان تیا هەڵ دەکەوێ کە رۆڵیان لە هی پیاو کەمتر نابێ، ئەو ئیمکانیەتە سیاسییەی لە خزمەتی پیاودایە ، گەر بۆ ژنیش هەبێ هێزێکی سیاسی مەزنیان لێ پێک دێ.
لێرەدا ناچار دەبم باز بدەم بەسەر باسەکەدا و کەمێک باس لە هەڵوێستی جیا بەرامبەر بە ئافرەتان و بایەخ پێدانیان لە ساڵانی 1973 تا 1976.
ساڵی 1958 پاش شۆڕشی 14ی تەمووز، خەڵکی بە لێشاو دەهاتنە ناو حیزبەوە، بە تایبەتی ئافرەتان ، لیژنەی ئافرەتانی حیزب لە سلێمانی لە چەند ئافرەتێکی ناودار و زانا و تێکۆشەر پێکهاتبوو، کە بە سەدان ئافرەتیان لەگەڵدا بوو، هەروەها لەناو سەرکردەکانی (کۆمەڵی پاراستنی مافی ئافرەتان) و ( یەکێتی گشتی قوتابیان) و (نەقابەی مامۆستایان) دا گەلێک خوشکی لێهاتوو هەبوون کە بە باشی لە ژێر سەرپەرشتی حیزبدا رێکخراوەکانیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام چونکە لیژنەی مەحەلی سلێمانی بە باشی بایەخی بە ژنان نەدەدا لەو ساڵانەدا یەک ئافرەت بۆ لیژنەی مەحەلی پێش نەخرا.
بەڵام لە ساڵی 1973ەوە تا 1976، چونکە مەکتەب و لیژنەی مەحەلی سلێمانی

بە باشی وسەرکەوتوانە و بە پێی بەرنامەی تایبەتی بایەخی بە ئافرەتان دەدا، لەو ماوەیەدا چوار خوشک یەک لە دوای یەک بۆ لیژنەی مەحەلی سلێمانی پێشخران، کە یەکێکیان هاوڕێ(پەخشان زەنگەنە) بوو، پاش ماوەیەکی کەم بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستانیش پێشخرا و لە پاش راپەڕینی گەلی کوردستانی 1991 هەڵبژێردرا بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان.

ئەو چوار خوشکە شان بە شانی براکانیان لەناو لیژنەی مەحەلی دا خەباتیان دەکرد و سەرکردایەتی رێکخراویان دەکرد و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵدەستان، بۆ نمونە: خوشکە(ئافتاو) کە یەکێک بوو لەو چوارە، کە پێشخرا بۆ لیژنەی مەحەلی، سکرتێری لیژنەی ئافرەتان بوو، لە هەمان کاتیشدا موچەخۆری میریی بوو، لە عەسران لە دایەرە دەهاتەوە، دەچووە بارەگای حیزب و دەرسی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) بە کۆمەڵێک ئافرەتی شیوعی نەخوێندەوار دەوتەوە. جگە لە ئەرکی ناوماڵی خۆی و هەندێ وردەکاری تری حیزب.

ئەو خوشکانە لە رووی تواناو کاروباریانەوە هیچیان لە هاوڕێ پیاوەکانیان کەمتر نەبوو، بە هاوبەشی ئەوان پایەی لیژنەی مەحەلی و رێکخراوەکانی تری حیزب قایمتر بوو. هەرچەندە نەک هەر دوژمنان یان کەسانی ساویلکە و دواکەوتوو بەڵکە هەندێ بەناو شیوعی و کەسانی گوایە پێشکەوتووش قسەی ناشیرینیان دەکرد و هەندێکیان لۆمەی منیان دەکرد کە سکرتێری لیژنەی مەحەلی بووم کە گوایە زیاد لە پێویست بایەخ بە ئافرەتان دەدەم و .. هتد.

چەند کەسێکیش کە خۆیان ناتەواو و دڵ و دەروون پیس بوون، دژی هەندێ لەو خوشکانەی کە دڵسۆزی حیزب بوون و خزمەتی هاوڕێیانیان دەکرد لە ماڵەکانی خۆیاندا قسەی پڕ و پووچ و ناشەریفانەیان بڵاودەکردەوە. بەڵام ژنانی خەباتگێڕ گوێیان نەدادایە ئەو قسانەو بەردەوامییان بە تێکۆشانی خۆیان دەدا .

لە کۆتاییدا دەڵێم هەر رێکخراوێکی حیزب بە شێوەیەکی فراوان و بە باشی ئافرەتان

پەروەردەی سیاسی نەکەن و لە هەموو کاروبارێکی رامیاریدا هاوبەشیان نەکەن و لە لیژنەکان و لە سەرکردایەتییدا ڕۆڵیان لەگەڵ نەبێت ئەوا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کەمو کوڕییان تێدایە و بەرەو پێشەوە ناچن.

## تاوانبارکردنی ناڕەوا

گومان لەوەدا نیە کە حیزبی شیوعیش وەکو حیزب و ڕێکخراوەکانی تر لە جەماوەری میللەتەکەمان پێک هاتووە و ، ئاشکراشە کە حیزب و ڕێکخراو زۆر جاری وا دەبێ کەسانی دڵناپەسەند و خراپەکاریش خۆیانی تیا دەخزێنن، ئەو کەسانەشن کە زۆربەی جار پڕوپاگەندەی نابەجێ دژی ئەم یان ئەو ئەندام بڵاودەکەنەوە و مقۆمقۆ لەناو ریزی ڕێکخراوەکان دروست دەکەن و ماوەیەکی باشی دەوێ کە ئەو ناڕەواییە و ئەو پڕوپاگەندە و درۆیە ئاشکرا بکرێ و ڕاستی خۆی بسەپێنێ، دیسانیشەوە ماوەیەکی زۆری دەوێ کە ئەو ڕاستییە بڵاو ببێتەوە و بکەوێتە بەر گوێی ئەو کەسانەی کە هەڵە و پڕوپاگەندەکەیان بیستووە.

زۆر لەم بابەتە بۆ ئەندامانی پێشکەوتووی حیزبی شیوعیش ڕووی داوە، دیارە من زۆربەیانم بۆ بەشی دووەمی بیرەوەرییەکان هەڵگرتووە، چونکە زۆربەیان دەکەونە ناو ساڵانی حەفتاکان بە دوواوە، بەڵام یەک دوو نمونەی لەم بابەتە کە ڕووبەڕووی من بووبوونەوە دەخەمە ڕوو.

یەکەمیان.. خوشکە فاتمە شەریف کە ئەندامێکی ئازا و دڵسۆزی حیزب بوو لە شاری سلێمانی ، ئەم هاوڕێیە بەهۆی ئازایەتی و دڵسۆزییەوە کرا بوو بە تەتەری تایبەتی نێوان سلێمانی و کەرکووک. سەرکەوتووانە ئەم کارەی ئەنجام دەدا و جێی متمانەی حیزب بوو. بەڵام بەهۆی ئەکرەمی کوڕییەوە تووشی قەرزدارییەکی زۆر زۆر بوو ، شایانی باسە کە ئەکرەم لە پێناوی حیزبدا لە سێدارە درا و شەهید بوو. خاوەن قەرزاکان زۆریان بۆ هێنا و کردیان بە هەڵا و دەماودەم ئەم قسانە گەورە کرانەوە و بڵاوکرانەوە. لە زۆر لاشەوە زۆریان بۆ حیزب هێنا ، بە تایبەتی لە لایەن خوشکانەوە، وایان دەرخست کە گوایە شوورەییە بۆ حیزب کە ئەندامێکی ئەوەندە قەرزار بێت و شێوەی قەرزکردنەکەش ڕێک و پێک نەبووە. ئەم شتە گەیشتە ملمس

ئەوسا هاوڕێ باوکی سەرباز سکرتێری لیژنەی مەحەلی سلێمانی بوو. لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە ملمس دا بە زۆربەی دەنگ بڕیار درا کە ئەو خوشکە لە نیشی تەتەری لا ببرێ، بەلام هەر ئەندامی حیزب بێت، تەنیا من دژی ئەو بڕیارە بووم، رام وابوو کە لە تەتەریش لا نەبرێت و پارمەتیش بدرێت کە لەو قەرزارییە رزگاری بێت، بەلام بە زۆربەی دەنگ ئەو بڕیارە درا. جا لەبەر ئەوەی پەیوەندی حیزبی لەگەڵ مندا بوو دەبوایە من ئاگاداری بکەم. جا بۆ ئەوەی زۆر دڵگران نەبێت پێم ووت ئێستا ئەم نیشەی تۆ گۆڕدراوە لە جێگایەکی ترەوە جێبەجێ دەکرێت، تا ماوەیەکی تر تۆ بچۆرەوە ناو شانە حیزبییەکەت لەوێ گورجوگۆڵی بنوێنە، بەلام ئەو دەستی کرد بە گریان و وتی: دەزانم سزا دراوم، زۆر هاتم بە سەریا و دڵیم دایەوە.
بەلام بە داخەوە ئەو خوشکە لەبەردەم هێرشی خاوەن قەرزەکان و خەڵکیدا خۆی نەگرت و خۆی سووتاند و کۆچی دوایی کرد. کەچی پاش ماوەیەک لە ناو خزمەکانیدا وا بلاو بووەوە کە گوایە نایب ئەوی لەسەر قەرزاری لە حیزب دەرکردووە بۆیە خۆی سووتاندووە! ئەوسا حیزب لە باروودۆخێکی نهێنی و پڕ زەبروزەنگدا کاری دەکرد، نەدەکرا بە ئاشکرا راستی رووداوەکە باس بکەم، وەک ئێستا روونی کەمەوە، ماوەیەک ئەو هانی هانیەم لەسەر بوو.
دووەمیان.. هاوڕێ دکتۆر تایەر بابان، ئەم هاوڕێ تێکۆشەرە، زۆر هێمن و زانا بوو، کەسایەتی ناودار و خۆشەویستی بە تایبەتی چەوساوەکانی سلێمانی بوو، چونکە ماوەیەکی زۆر خۆی و هاوسەرە دڵسۆزە نیشتیمان پەروەرەکەی خزمەتێکی زۆری خەڵکی سلێمانی و دێهاتەکانی دەوروبەری دەکرد . هەروەها تێکۆشەرێکی جوڵانەوەی ئاشتیخوازانی عێراق بوو، جیا لەمانەش ئەندامێکی چاپوکی لیژنەی مەحەلی سلێمانی بوو، ماوەیەکی زۆر خۆی و خێزان و ماڵەکەشیان لە خزمەتی حیزب و هاوڕێیاندا تەرخان کرابوون.
لە یەکێک لە کۆنفرانسەکانی حیزبدا لە پارێزگای سلێمانی،(نەک من) هاوڕێیەکی

تر بە ئاسایی ناوی هاوڕێ دکتۆری لە کۆتایی ئەو ناوانەوە نووسیبوو کە لە لیستەی حیزبدا نووسرابوون، بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی مەحەلی تازە لەو کۆنفرانسەدا، وە بە ڕێکەوت هاوڕێ دکتۆر لە هەڵبژاردنەکەدا دەرنەچوو، چونکە ژمارەی ئەوانەی لە لیستەکەدا بوون، زیاتر بوون لە ژمارەی ئەوانەی کە دەبوو هەڵبژێردرێن. من زۆرم پێ ناخۆش بوو کە هاوڕێ دکتۆر دەرنەچوو، چونکە بە راستی مافی ئەوەی هەبوو کە دەربچێت، بەڵام ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بووبێ دەرنەچوو، کەچی هاوڕێ دکتۆر چووبووە بەغدا و لای هاوڕێ عەزیز محەممەد گلەیی و رەخنەی لێ گرتبووم، کە گوایە من بە دەستی ئەنقەست ناوی ئەوم لە دوای هەموو ناوەکانەوە نووسیوە بۆ ئەوەی ئەو دەرنەچێت. هەرچەندە خۆشم لە دواییدا قسەم لەگەڵ کرد و بۆم روون کردەوە کە خەتای من نەبووە، بەڵام دیار بوو هەر باوەڕی نەکردبوو. هەتا ئێستا نەمزانیوە ئایا ئەو بۆچوونەی دکتۆر لێکدانەوەی خۆی بوو یان کەسانی هەلپەرست وایان تێگەیاندبوو؟ کە هیوادارم ئەوەی دوایی بێت.

بێگومان ئەوەی تووشی من بووە لە ماوەی تێکۆشاندا تووشی زۆری تریش بووە لە ئەندامانی حیزب، باسکردنیان لێرەدا، تەنها بۆ ئەوەیە کە تێکۆشەران زۆر وریا بن و سەربەخۆ و بێ لێکۆڵینەوە و دوور بە دوور کەس تاوانبار نەکەن، هەروەها جیاوازی لە نێوان تاوانبارکردن بە دەستی ئەنقەست و لە نەزانینەوە بکەن و ئاشکرای کەن، تا تێکۆشەرە دڵسۆزەکان بە نارەوا تووشی ئازار نەبن.

# پێڕست


| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە | 3 |
| وێنەی هیوای جگەر گۆشەم | 4 |
| شەهید وا مەزانە(سرود) | 5 |
| پێشەکی | 7 |
| کورتەیەک دەربارەی سەرەتای ژیان و تێکۆشانم | 9 |
| یەکەم زەنگی خەبات | 15 |
| چالاکیم لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراقدا | 16 |
| شەرەفی ئەندامێتی حیزب | 21 |
| ڕێبازی تازەی حیزب | 26 |
| بەرەو با چووم بۆ بۆنی گوڵ | 35 |
| ژیان لە مەنفای چبایش | 39 |
| دیسان بەندیخانە | 53 |
| شۆڕشی 14ی تەمووز و بەندیخانەی باقوبە | 59 |
| پێشوازی خەڵکی سلێمانی | 63 |
| شۆڕشی 14ی تەمووز و دەستپێکردنی ژیان و تێکۆشانی تازەم | 64 |
| کورتەیەک لە سەرەتاکانی تێکۆشانی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی | 66 |
| سەرەتایەکی پێویست | 67 |
| ڕۆڵی حیزبمان لە مانگرتنی کرێکاراندا | 70 |
| چۆنێتی پێکهێنانی نەقابە و یەکێتییە نهێنییەکان | 72 |
| مەرجەکانی وەرگرتن لە نەقابەدا | 73 |

چۆنێتی ڕێکوپێکی نەقابە و یەکێتییەکان 74
بەرنامەی نەقابە و یەکێتیەکان 74
گیانی یەکێتی و هاریکاری لە ناو یەکێتییەکاندا 76
نەقابەی بەرگدرووەکان 78
نەقابەی نانەواکان 81
نەقابەی شۆفێر و یاریدەدەرەکانیان 83
یەکێتی قسابەکان 84
یەکێتی بەقاڵەکان 86
نەقابە گشتییەکان 87
مانگرتنی کرێکارانی مەلاریا 88
ڕۆڵی نەقابە و یەکێتیە نهێنیەکان لە ڕووی سیاسیەوە 89
نەقابە و یەکێتییە نهێنیەکان و شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 93
کوردستانی فیدراڵ و بزوتنەوەی نەقابەی کرێکاران 99
بەرەو دامەزراندنی نەقابەکانی کرێکاران دوور لە حیزبایەتی تەسک 100
گیرانم لە دەربەندیخان 104
تێکۆشانم لە هەڵەبجە(1961-1968) 108
یەکەم سەردانم بۆ هەڵەبجە 113
دووەم سەردانم بۆ هەڵەبجە 113
سێیەم سەردانم بۆ هەڵەبجە 114
چوارەم سەردانم بۆ هەڵەبجە بە ماڵەوە 122
جەژنی نەورۆزی 1962 125
پەرەسەندنی شەڕی کوردستان و باری فیکری ڕێکخراوەکان 126
دروشمی چارەسەری کێشەی گەل بە ئاشتی 127

بەهارێکی هەڵە 130
چۆن هەندێ کەس بوون بە جاش 132
کودەتای 8 ی شوباتی 1963ی شووم 132
جەژنی نەورۆزی ساڵی 1963 135
دامەزراندنی بنکەی چەکداریی حیزب لە وڵەسمت 138
دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستاندا 147
بارکردنمان بەماڵەوە بۆ دێی سارِان 150
تێکەڵ بوونی خوێنی گەشی دوو برا 157
دوای روخاندنی رژێمی بەعس 173
هەندێ رووداو و بەسەرهاتی پڕ سەیر و سەمەرە 175
گەمەی بێچووە پشیلە 175
پاسەوانی نەناسراو 176
هاتبوون لە سەلامەتیمان دڵنیابن 177
سەردانی من و هاوڕێ حسێن بۆ دێی گامێش تەپە 179
کۆبوونەوەی لیژنەی تەوێڵە 181
سەردانی من و شەهید سەی تۆفیق بۆ ناوچەی سەید سادق 183
دەبابەیەک لە نزیکمانەوە ژاوەستا 186
گرتنی هاوڕێ عارف لە ماڵی خۆیاندا 187
چوونە ماڵی جاشێکەوە 188
گیراین و ئازادکراین 189
دۆزینەوەی ئەو کەسەی کە نهێنی حیزبی درکاند 191
ژنهێنانی هاوڕێ تەهای شێخ عابد هەورامی 192
گەڕانەوەم بە ماڵەوە بۆ سلێمانی 195

کۆنفرانسی دووەمی حیزب 198
رۆڵی ئافرەتان لە تێکۆشانی حیزبدا لە هەڵەبجە 201
هەندێ لەو هەڵوێست و هاوڕێیانەی قەت بیر ناچنەوە 204
شەهید بوونی عوسمانی حاجی حەمەمین 204
دایکە ئامینە (ئامین تەیارەی شیرەمەڕ) 205
تەقەکردن لە هاوێن عارف 207
کۆنفرانسی یەکەمی قەزای هەڵەبجە 209
کە لە هەڵەبجە گەڕامەوە 210
رۆڵی ئافرەتە شیوعیەکانی سلێمانی 218
تاوانبارکردنی نارەوا 224
پێـــرست 227

ئەم کتێبە بەشێکە لە بیرەوەریەکانی تێکۆشەرێکی کوردی ئازادیخواز کە لە پێناوی بەدیهێنانی برێک لە مافەکانی مرۆڤ لەسەر خاکەکەی خۆیدا تووشی گەلێک هەڵاتن و گرتن و سزادان هاتووە. نرخی ئازادی گرانە و مرۆڤی ئازادیخوازیش هەمیشە ئامادە بووە ئەو نرخە بدات، بۆیە لەو وڵاتانەدا زیندانەکان هەمیشە پڕن لەو کەسانەی کە ژیانیان بە ئازادییەکەیەوە ویستووە و لە پێناوی ئەو ئازادیەدا ئازادییان لێ بڕیوون و لە کونجی زیندانەکانیان ئاخنیون. بیرەوەری مرۆڤی کوردی ئازادیخوازیش پڕە لە شوێنەواری ئەو زام و زەبروزەنگانەی کە ئازادیکوژان لەسەر جەستە و لە بیرو دەروونی بەجێیان هێشتووە. نووسینی بیرەوەریش دەبێتە ماتریالێکی گرنگ بۆ کۆمەڵناسان و مێژوونووسان لە داهاتوودا.

*..*..*

# Bireweri 21 Sali Tekosan
# Naib Abdolla

1996